حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن

# کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی

(توێژینەوەیەکی وەسفی بەراوردکارییە لەنێوان ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و( ئاوێنە )

نامەیەکە خوێندکار
( سومەییە فاضل عابد )

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە،
وەك بەشێك لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندندا.

سەرپەرشت

پ.ی.د. فؤاد علی احمد

٢٧١٧ کوردی

٢٠١٧ زاینی

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (سومەیە فاضل عابد) بەناونیشانی (کاریگەریێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نویێ لەسەر سازندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نویێ و ئاوێنە)دا، بەچاودێری من لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لەزانستی ڕاگەیاندندا، پێشنیازدەکەم پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ

سەرپەرشتیار: د. فؤاد علی احمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: / / ٢٠١٧

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ

ناو: پ. ی. د. سەلام نصرالدین

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

بەروار: / / ٢٠١٧

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەی خوێندکار (سومەیە فاضل عابد) مان بە ناونیشانی (کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە)دا، خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا کە بە پلەی (               ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی ڕاگەیاندندا پێبدرێت.

واژۆ
ناو: د. رضوان خضر علی
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
بەروار: ١٧ / ٥ / ٢٠١٧

واژۆ
ناو: د. عمر احمد رمضان
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار: ١٧ / ٥ / ٢٠١٧

واژۆ
ناو: د. باقر داود حسێن
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام
بەروار: ١٧ / ٥ / ٢٠١٧

واژۆ
ناو: د. فؤاد علی احمد
پلەی زانستی: پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار: ١٧ / ٥ / ٢٠١٧

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا

واژۆ
ناو: پ. ی. د. ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەوەکالەت

# قورئانی پیرۆز

# پێشکەشە

* بەو ژنەی کە بە ئەزموونەکانی، ژیانم جوانتر دەکات (دایک)ی ئازیزم.

* بەو پیاوەی کە نزاکانی مایەی هاتنەدی ئاواتەکانمن (باوک)ی خۆشەویستم.

* بەمیهرەبانترین مرۆڤی زەوی (ڕێباز)، کە ڕێبازی ژینم گوڵڕێژ دەکات.

* ڕووناکی ژیانم (خوشک و براکانم).

# سوپاس و پێزانین بۆ

★ خوای گەورە کە توانا و هێز و لێنەبڕانی پێبەخشیم تاوەکو بتوانم ئەم توێژینەوەیە تەواوبکەم.
★ هاورێ و مامۆستای دڵسۆزم بەرێز (پ. ی. د. فؤاد علی) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ، سەرەڕای هاوکاری و تێبینی و پێشنیازە بەپێزەکانی هاوکات هاندەر و پاڵپشتییەکی زۆری کردووم.
★ هاوڕێی و مامۆستای زۆر بەڕێزم (پ. ی. د. هێمن مەجید) کە هەمیشە هاوکار و ڕێنیشاندەرم بووە.
★ زۆر بەرێز (م. محمد حسن ) لەبەشی توێژینەوەی دانیشتوان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بۆ بەخشینی کاتی کە لەبواری ئاماردا هاوکاری زۆری کردووم تەمەن و زانستی بەبەرەکەت بێت.
★ زۆر بەرێزان (د. صادق حمەغریب سەرگەتی)،(م.عادل شاسواری)،( م. ئەرکان رەئوف) کە لە پێدانی سەرچاوەی زانستیدا هاوکارییەکی زۆریان کردووم.
★ مامۆستایانی بەشی راگەیاندن بەتایبەت هەریەك لە بەڕێزان (پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر، پ. ی. د. ابراهیم سعید فتح الله، د. ڕێبەر مصطفی گۆران، پ. ی. د. سەلام نصرالدین ، د. عمر احمد رمضان، د. لانە قادر پ. ی. د. نەزاکەت حسین حمەسعید، پ.ی.د. هێرش رەسوڵ مراد پ.ی.د. هێمن مەجید حسن.) هەروەها بەڕێز (پ.ی. د. حکیم عثمان حمید،)کە سەرجەمیان ئەرکی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی راپرسی توێژینەوەکەمیان لە ئەستۆگرت بەتێبینی و پێشنیازەکانیان بەپێزتریان کرد.
★ ستافی ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ و ئاوێنە) کە لەکاری مەیدانی توێژینەوەکەمدا زۆر هاوکارم بوون، بەتایبەت کاك (ئاوات کۆکەیی) و (شۆرش ئەحمەد).
★ (م. سۆران لقمان) کە لەکاری وەرگێڕاندا هاوکاری زۆری کردووم.
★ (م. نەوشیروان فرج) پوختەی توێژینەوەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.
★ (م. ڕێبین عبدالوهاب ، م. زانا ناجی) پوختەی توێژینەوەکەیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی.
★ (م. محمد سعددین) لە دروستکردنی خشتەی توێژینەوەکەدا هاوکارم بووە.
★ هاوژینی خۆشەویستم (ڕێباز) کەماندوترین کەسە لە پشت هەموو کارێکمەوە.
★ خێزانەکەم کە هەمیشە هاوکارمن، بەتایبەتی برای خۆشەویستم (د. هیوا).
★ (م. ئاسۆ عباس)، (م. ئازاد عباس) لە دەستخستنی سەرچاوەی زانستیدا هاوکارم بوون.
★ کارمەندانی کتێبخانەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی و هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە وشەیەکیش بێت هاوکارییان کردووم.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوەکە

بابەتی ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەبابەتە گرنگ و جێ بایەخەکان کە بەناونیشانی(کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی کوردستانی نوێ و ئاوێنە) دا کەباس لە دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕۆڵی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ دەکات لەسەر قۆناغەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانی، لەڕێی وەرگرتن و تاوتوێکردنی ڕاوبۆچوونی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) سەبارەت بەو ڕۆڵ و کاریگەرێتییەی کە ئامرازەکان دەیگێڕن لە ئاسانکردن و خێراکردنی پرۆسەی سازاندندا، ئەمەش لە دووتوێی(١٦٣) لاپەڕە و لە چوارچێوەی دوو لایەنی سەرەکیدا دەبێت کە لایەنی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەکەیە، بەجۆرێك کە لایەنی تیۆری پوختەی توێژینەوە و پێشەکی و سێ بەش لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم میتۆدنامەی توێژینەوەکەیە، و بەشی دووەم تایبەتە بە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ، و بەشی سێیەمیش باس لە سازاندنی ڕۆژنامەوانی دەکات، لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەش کە بەشی چوارەمە تایبەتە بەخستنەڕووی ئەنجامەکانی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی و سەلماندنی گریمانەکان ئەمە جگە لە چەندین خشتە و ئەنجام و سەرچاوە و پاشکۆی توێژینەوەکە.

هەروەها توێژەر تیۆری هەریەتی تەکنەلۆژیای مارشاڵ ماکلۆهانی پەیوەستکردووە بە واقعی توێژینەوەکە و گریمانەکانی سەلماندووە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، هەروەها زانینی گرنگیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لەبەشی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا و دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی، بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجانەش توێژەر پشتی بە توێژینەوەی وەسفی بەستووە بە بەکارهێنانی شێوازی ڕووپێوی و بەراوردکاری سامپڵی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)ی وەرگرتووە بەشێوەی (ڕووماڵکردنی گشتگیر- مسح الشامل)، کە بەڕێگای هەڵبژاردنی مەبەستدار بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان دیاریکراون، توێژەر ئامرازەکانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و(دەستەی تایبەت-فۆکەس گروپ) و ئامرازی ئاماری و ڕێژەی سەدی بەمەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامێکی تەواو پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

توێژەر لەکۆتایدا بەکۆمەڵێك ئەنجام گەیشتووە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆی گشتی سامپڵی توێژینەوەکە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەشێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کەسازێنەرانی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) ڕۆژانە بۆ سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیان پێویستییان بەتەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هەیە.

٢. ئامرازی کۆمپیوتەر زۆرترین بەکارهێنانی لەنێو ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکاندا هەیە، بەشێوەیەکی بەردەوام لەلای سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردسانی نوێ) و (ئاوێنە) بەکاردێت، زۆرینەشیان بۆ گەیشتن بەسەرچاوەکانی هەواڵ و ئەمبارکردنی دەق و گێڕانەوەی بۆ نوسینی دەقەکان و سازاندنیان بەکاریدەهێنن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کۆمپیوتەر پێویستییەکی سەرەکی کاری سازاندنە.

٣. سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە (پلەیەکی زۆر) ئینتەرنێت بۆ گەڕان لەنێو پێگەکان و وەرگرتنی زانیاری و وێنە لێیانەوە بەکاردەهێنن لەبەرئەوەی تۆڕی ئینتەرنێت لەخێراترین هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندیکردنە کە لەکاتێکی کەمدا ڕێگە بەئاڵوگۆڕکرنی زانیارییەکان دەدات لەتەواوی جیهاندا.

٤. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ ڕۆڵێکی کاراو گرنگی هەیە لەسەرجەم هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەدا بەگشتی و هەنگاوەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی هەرلە کۆکردنەوە و چارەسەرکردن و بەرهەمهێنان و گێڕانەوە و گواستنەوە و پیشاندانی زانیارییەکان و سازاندنی ئەلیکترۆنی تادەگاتە پۆلێنکردنی مادده ڕۆژنامەوانییەکان و دەرهێنانیان.

٥. بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەرەوە کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەکارێکی میکانیکی دەستییەوە بووەتە کارێکی ئەلیکترۆنی.

٦. هەمیشە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان دەبێتەهۆی باشترکردن و خێراترکرنی کاری سازاندن و کەمکردنەوەی تێچوون و کات لە ڕۆژنامەدا، هەروەها پێکەوەبەستنی ستافی ڕۆژنامەکە و ئالوگۆڕکردنی خێرای زانیارییەکان لەکاتی سازاندنی پەیامە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٧. سازێنەرانی ڕۆژنامە سوودیان لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وەرگرتووە بۆ ئاسانی و خێرایی لە دەستکەوتن و بەکارهێنان و پێشکەشکردن و گواستنەوەی زانیارییەکاندا و کەمکردنەوەی تێچوون و زیادبوونی بەرهەم.

بایەخی ئەم توێژینەوەیش لەوەدایە کە بۆ یەکەمجارە توێژینەوەیەکی فراوانی لەمجۆرە دەستدەبات بۆ پەیوەندی نێوان ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستاندا، بەمەبەستی دەرخستنی کاریگەرێتیی ئەو ئامرازانە، لەهەنگاوەکانی سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

لەهەمانکاتدا، گرنگی و بایەخی سازاندنی ڕۆژنامەوانیش وەك یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەی بەهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی لایەنێکی دیکەی بایەخی توێژینەوەکەیە کە توێژەر مەبەستی بووە توێژینەوەی لەبارەوە بکات.

لەکۆتایدا توێژەر بەم پێشنیازانە کۆتایی بە توێژینەوەکەی هێناوە:

١. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ بەرێوەچوونی کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەشێوەی سیستەمی تۆڕی بێت، کەتێیدا سەرجەم سازێنەران بەهۆی تۆڕێکی ناوەندییەوە ببەبەسترێنەوە بە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە، چونکە بەڕێوەبردنی کاری سازاندن بەم شێوەیە بڕێکی زۆر لە نەرمی و خێرایی و لێهاتوویی تێدایە.

٢. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)، سوود لە ئەزمونی ڕۆژنامە عەرەبی و بیانییەکان لە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان لەکاری سازاندندا وەربگرن.

٣. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کە سوود لە توانا و ئەزموون و لێهاتوویی سازێنەرە دێرینەکان وەربگیرێت.

٤. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوەکانی بواری تەکنەلۆژیا بکەن بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازە تەکنەلۆژییانەی کە گونجاون لەگەڵ سروشتی کارکردنی سازێنەراندا لە کوردستاندا، وەك جێگیرکردنی زمانی کوردی هاوشێوەی زمانەکانی دیکەی نێو کۆمپیوتەر تا سازێنەران سوودمەدبن لە بەرنامە تایبەتمەندەکان بەبواری سازاندن وەك بەرنامەی (سیبویە) و هاوشێوەکانی.

٥. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ سازێنەران لەپێناو سوودمەندبوونی زۆرتر لە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەنێو دەزگاکەیاندا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیارییەکان بەخێراییەکی زیاتر و گواستنەوەیان بۆ دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان.

٦. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بۆ ناردنی سازێنەران بۆ خولی تایبەتی بۆ بەهێزکردنی توانایان لەبواری سازاندن و بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان.

# پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| ٢ | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | ب |
| ٣ | قورئانی پیرۆز | ت |
| ٤ | پێشکەشە | ث |
| ٥ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٦ | پوختەی توێژینەوە | ح - خ |
| ٧ | پێڕستی توێژینەوە | د- ذ |
| ٨ | پێڕستی خشتەکان | ذ - ز |
| ٩ | پێڕستی شێوە | ز |
| ١٠ | پێڕستی پاشکۆکان | ز |
| ١١ | پێشەکی | ١ - ٢ |
| ١٢ | **بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە** | ٣ |
| ١٣ | کێشەی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٤ | گرنگی توێژینەوەکە | ٤ |
| ١٥ | ئامانجی توێژینەوەکە | ٥-٤ |
| ١٦ | گریمانەی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١٧ | جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە | ٥ |
| ١٨ | شێواز و ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٦-٥ |
| ١٩ | سنوری توێژینەوە | ٧ |
| ٢٠ | هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە | ٧ |
| ٢١ | کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە | ٨-٧ |
| ٢٢ | ئاستەنگەکانی توێژینەوە | ٩-٨ |
| ٢٣ | بیردۆزی توێژینەوەکە | ١١-١٠ |
| ٢٤ | ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە | ١٣-١٢ |
| ٢٥ | ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە | ١٣ |
| ٢٦ | توێژینەوەکانی پێشوو | ٢٤-١٤ |
| ٢٧ | چەمکەکانی توێژینەوە | ٢٤ |
| ٢٨ | **بەشی دووەم: تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ** | ٢٥ |
| ٢٩ | پاری یەکەم: چەمك و پێناسەی تەکنەلۆژیا | ٣٣-٢٦ |
| ٣٠ | پاری دووەم: تایبەتمەندیی و ئەرك و کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن و پەیوەندیکرد | ٤٠-٣٣ |
| ٣١ | پاری سێیەم: ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ | ٥٠-٤٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٢ | **بەشی سێیەم: سازاندنی ڕۆژنامەنوسی** | ٥١ |
| ٣٣ | پاری یەکەم: چەمك و پێناسە و گرنگی و تایبەتمەندی و هەنگا و پێوەرە کارتێکەر و جیاوازی و سەرچاوە و کەسایەتییەکانی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی | ٥٢-٦٨ |
| ٣٤ | پاری دووەم: تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سازاندنی ڕۆژنامەنووسی | ٦٨-٨٩ |
| ٣٥ | پاری سێیەم: تیۆری (مارشاڵ ماکلۆهان) ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەك درێژەپێدەری هەستەوەرەکانی مرۆڤ | ٨٩-٩٦ |
| ٣٦ | **بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**<br>**ئەنجامەکانی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی** | ٩٧ |
| ٣٧ | پاری یەکەم: بایۆگرافیای ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) | ٩٨-١٠١ |
| ٣٨ | پاری دووەم: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا | ١٠٢-١٤٢ |
| ٣٩ | پاری سێیەم: جێبەجێکردنی تیۆری هەریەتی تەکنەلۆژیا (الحتمية التكنلوجية)ی (مارشال ماکلۆهان) | ١٤٣-١٤٦ |
| ٤٠ | پاری چوارەم: سەلماندنی گریمانە و خستنەڕووی ئەنجامەکانی پێوانەی ئاماری (المقاييس الاحصائية) | ١٤٧-١٥٠ |
| ٤١ | ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان | ١٥١ |
| ٤٢ | ئەنجام | ١٥٢-١٥٤ |
| ٤٣ | پێشنیازەکان | ١٥٤-١٥٥ |
| ٤٤ | ڕاسپاردەکان | ١٥٥ |
| ٤٥ | سەرچاوەکان | ١٥٦ |
| ٤٦ | لیستی سەرچاوەکان | ١٥٧-١٦٣ |
| ٤٧ | پاشکۆکان | Y-A |
| ٤٨ | پوختەی توێژینەوە بەزمانی عەرەبی | I-II |
| ٤٩ | پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی | V-III |


## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | خاسیەتی دیمۆگرافی و تایبەتمەندی کەسی | ٩ |
| ٢ | ڕاستی ڕواڵەتی بۆ برگەکان بەگوێرەی ڕای پسپۆڕان | ١٣ |
| ٣ | ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباغ بۆ جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی | ١٣ |
| ٤ | تایبەتمەندیی ئاماری وەسفی بۆ پلەی سامپڵی توێژینەوەکە ژمارەیان (٢٤) کەسە | ١٤ |
| ٥ | بەراورد لە نێوان شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و کلاسیکدا | ٨٨ |
| ٦ | بەراورد لە نێوان (تێڕوانیینەکانی ماکلۆهان دەربارەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان) و | ٩٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | (کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەسەر پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی) | |
| ٧ | خاسیەتی دیمۆگرافی و تایبەتمەندی کەسی | ١٠٢ |
| ٨ | بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نویێ | ١٠٤ |
| ٩ | رادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١٠٦ |
| ١٠ | پلەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا | ١٠٨ |
| ١١ | پلەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١١٠ |
| ١٢ | هۆکارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەنووسیدا | ١١٢ |
| ١٣ | بەکارهێنانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەنووسیدا | ١١٤ |
| ١٤ | ڕیزبەندکردنی ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن بەپێی بەکارهێنانیان لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١١٦ |
| ١٥ | پلەی سوودوەرگرتن لە مۆبایلی زیرەك لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١١٨ |
| ١٦ | ڕێگاکانی هاوبەشیکردنی تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا | ١٢٠ |
| ١٧ | بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١٢٢ |
| ١٨ | بەکارهێنانی ئامراز وسەرچاوەکان لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١٢٤ |
| ١٩ | بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە قۆناغی گواستنەوەی ماددەی ڕۆژنامەوانی بۆ هۆڵی سازاندن | ١٢٦ |
| ٢٠ | بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە قۆناغی ئەمبارکردن و بلاوکردنەوە و خستنەڕووی بابەتی ڕۆژنامەوانیدا | ١٢٨ |
| ٢١ | بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١٣٠ |
| ٢٢ | سوودەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١٣٢ |
| ٢٣ | سوودوەرگرتن لە ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن لە ئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا | ١٣٥ |
| ٢٤ | سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکندا | ١٣٧ |
| ٢٥ | زیادبوونی بەرپرسیارێتی کارگێڕی و پیشەیی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەئەنجامی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ (بەڵێ) | ١٣٨ |
| ٢٦ | زیادنەبوونی بەرپرسیارێتی کارگێڕی و پیشەیی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەئەنجامی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ (نەخێر) | ١٤٠ |
| ٢٧ | ڕیزبەندکردنی لایەنە نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | ١٤٢ |
| ٢٨ | ڕیزبەندکردنی پێشنیازەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە | ١٤٥-١٤٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | بەرەوپێشچوونی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا | |
| ٢٩ | تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنان و کارییگەرێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) | ١٤٨ |
| ٣٠ | ئەنجامی پێوەری کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی | ١٥٠ |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | ناونیشانی شێوە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | وێنەی دابەشبوونی پلەی کەسایەتی سامپڵ لە پێوانەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی کە ژمارەیان (٢٤) کەسە | ١٤ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژ | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆرمی سەرەتایی زانیاری کۆکردنەوە (الاستطلاعی) | B-C |
| ٢ | فۆرمی ڕاپرسی پێش ناردنی بۆ شارەزایان | D-H |
| ٣ | فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی کۆتایی | I- V |
| ٤ | ناوی سازێنەران لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە بەشێوەی (فۆکەس گرووپ) | W |
| ٥ | هاوکاری زانستی بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ | X |
| ٦ | هاوکاری زانستی بۆ ڕۆژنامەی ئاوێنە | Y |

# پێشەکی

# پێشەکی

ڕاگەیاندن بەیەکێك لەبوارە گرنگەکان دادەنرێت کە بەشێوەیەکی زۆر سوودی لە پێشکەوتن و شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانستی هاوچەرخ وەرگرتووە لەپیشەسازی ڕاگەیاندندا بەهۆی ئامرازە جۆراوجۆرەکانیەوە، لەپێش هەموشیانەوە ڕۆژنامە، چونکە ڕووکاری کاری ڕاگەیاندن دەنوێنێت و ڕەگەزێکی سەرەکییە لێی، ئەم سوودوەرگرتنەش لەجۆریەتی و ناوەڕۆك و سروشتی ڕۆژنامە و شێوەی کۆتایدا ڕەنگ دەداتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی دەرچواندنی ڕۆژنامەدا، و کاریگەرێتیشی لەسەر پلە و ئاستی سەرکەوتنی سازاندنی ڕۆژنامەوانی هەیە، لەمرۆدا ئەم گرنگییەی زیاتر دەبێت بەڕوانین لەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە گرنگەی کە ڕۆژنامە ئێستا شایەتی بۆ دەدات، و دەبێتە هەڵگری ئەو تێڕوانینە جوانانەی کە لەداهاتوودا کاریگەرێتیی درێژخایەنیان دەبێت.

بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و جۆراوجۆربوونی ئامرازەکانییەوە، لە ئەمڕۆدا تەکنەلۆژیا ڕۆچووەتە نێو سەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندنەوە لەنێویشیاندا پیشەسازی ڕاگەیاندن و دواجار کاریگەرێتیی دروستکردووە بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر، بوونی ئەم کاریگەرێتییەش وای لە توێژەر کرد "کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی" بکاتە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەی، تاکو لە میانی بەش و باس و ڕێوشوێنی مەیدانی پێویست دا، بگاتە وەڵامی زانستی بۆی، هەروەها توێژەر دەیەوێت ئەوە بزانێت کە ئایا ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە) توانیویانە سوود لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وەربگرن، چونکە توێژەر پێی وایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسە بەهۆی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بایەخێکی گرنگی دەبێت بۆ توێژەرانی دیکە و کتێبخانەی کوردی، بەهۆی نەبوونی هاوشێوەی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکە بەسەر چوار بەشدا دابەشکراوە: بەشی یەکەم لەچەند تەوەرێك پێکهاتووە، وەك کێشە و گرنگی و ئامانجی توێژینەوە و ئامراز و ڕێگا زانستییەکان کە گیراونەتەبەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکارکردنیان، سەرباری گرتنەبەری ڕێگای دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و وردی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سنوری کات و شوێن و مرۆیی بۆ توێژینەوەکە، لەکۆتایشدا خستنەڕووی گرنگترین ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەستن بەم توێژینەوەیە و باسکردن لە گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەو توێژینەوانە.

لەبەشی دووەمیشدا، لەچوارچێوەی سێ پاردا، باس لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کراوە، بەجۆرێك لەپاری یەکەمدا باس لە چەمك و پێناسەی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کراوە، لەپاری دووەمدا تایبەتمەندی و کاریگەرێتیی و ئەرکەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ خراوەتەڕوو، لە پاری سێیەمیشدا باس لە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کراوە.

لەبەشی سێیەمیشدا کە تایبەتە بە سازاندنی ڕۆژنامەوانی و لەسێ پار پێکهاتووە، لە پاری یەکەمدا باس لە چەمك و پێناسە و گرنگی و تایبەتمەندی و هەنگاو و پێوەرە کارتێکەر و جیاوازی و سەرچاوە و کەسایەتییەکانی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی کراوە، لە پاری دووەمیشدا باس لە پەیوەندیی نێوان تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سازاندنی ڕۆژنامەنووسی کراوە، پاری سێیەم تایبەتە بە خستنەڕووی تیۆری (مارشاڵ ماکلۆهان) کە باس لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات، وەك درێژەپێدەری هەستەوەرەکانی مرۆڤ.

بەشی چوارەم کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە، لەژێر ناونیشانی ئەنجامەکانی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانیدایە و لە چوار پار پێکهاتووە: پاری یەکەم بایۆگرافیای ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)، لە پاری دووەمدا باس لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا کراوە، هەرچی پاری سێیەمە جێبەجێکردنی تیۆری هەریەتی تەکنەلۆژیا (الحتمية

التكنلوجية)ی (مارشال ماكلۆهان)دەگرێتەخۆ و كۆتا پاریش كە پاری چوارەمە سەلماندنی گریمانە و خستنەڕووی ئەنجامەكانی پێوانەی ئاماری (المقایس الاحصائیة)ی لەخۆگرتووە.

لە كۆتایدا سەرەڕای بڕگەكانی پێشوو لەسەر توێژینەوەی **"كاریگەرێتیی تەكنەلۆجیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی"**، چەندین بابەت و داتا و ئامار و شرۆڤە و شیكردنەوە و ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردە لەخۆدەگرێت، ئەمە سەرەڕای بەكارهێنانی چەندین سەرچاوە و توێژینەوەی ڕابردوو و پاشكۆكان.

# بەشی یەکەم

## ( میتۆدنامەی توێژینەوەکە )

توێژەر لەم بەشەدا هەوڵدەدات شوناسی توێژینەوەکەی بخاتەڕوو لەچوارچێوەی چەند خاڵێکدا کە بریتین لە :

یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە :

دووەم : گرنگی توێژینەوەکە :

سێیەم : ئاما نجی توێژینەوەکە :

چوارەم : جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە :

پێنجەم : شێواز و ئامرازەکانی توێژینەوەکە :

شەشەم : سنوری توێژینەوە

حەوتەم : هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە :

هەشتەم : کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوە

نۆیەم : ئاستەنگەکانی توێژینەوە

دەیەم : بیردۆزی توێژینەوەکە :

یازدەیەم : ڕاستی و جێگیریی توێژینەوەکە :

دوازدەیەم : ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە :

سیازدەیەم : توێژینەوەکانی پێشوو

چواردەیەم : چەمکەکانی توێژینەوە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:**

یەکەمین هەنگاوی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بریتییە لە دیاریکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە، چونکە هەستکردنی توێژەر بە بوونی بابەتی شیاو بۆ توێژینەوە، یان پەیبردن بە بوونی کێشەیەك کە پێویستی بە وەسف و لێکدانەوە و چارەسەرکردن هەبێت، سەرەتایەکی لۆژیکییە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وردی زانستی، لەو سۆنگەیەوە توێژەر (کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی) کردە ناونیشانی توێژینەوەکەی، تاکو لە میانی بەش و باس و ڕێوشوێنی مەیدانی پێویست دا، بگاتە وەڵامی زانستی بۆ ئەم پرسانەی خوارەوە:

١. کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ چییە لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی؟

٢. ئایا سازاندن لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا توانیویەتی لەگەڵ تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێدا هەنگاو بنێت؟

٣. تاچەند ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) سوودیان لە تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ وەرگرتووە لەسازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا؟

**دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگی و بایەخی توێژینەوە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاخۆ ئەو باسە چەند کاریگەرێتیی لەسەر کۆمەڵ و تاکەکانی هەیە؟ چونکە بەبێ توێژینەوەی زانستی ناتوانرێت لەکێشەکانی کۆمەڵ و بەرەوپێشچوونی و هۆکارەکانی دواکەوتوویی هیچ قسەیەکی زانستی بکرێت، بۆیە لەو چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لە دەرخستنی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت، هەربۆیە بایەخدار دەبێت بۆ کۆمەڵ لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەم توێژینەوەیە مشتێك دەخاتە سەرخەرمانی زانست و زانیاری لە هەرێمی کوردستاندا و گەشەی ئاستی زانستی بەرەو هەڵکشان دەبات، هەروەها بایەخدار دەبێت بۆ بواری ڕاگەیاندن بەگشتی و بوار ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی، دواجار توێژینەوەیەکی دیکەش دەبێت بۆ کتێبخانەی میدیای کوردی بەتایبەت بۆ توێژینەوەی زانستی لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بۆیە توێژەر هیوا دەخوازێت، لەو ڕووەوە سوودی بۆ خوێندکاران و توێژەران هەبێت.

ئەم توێژینەوەیە بە هەوڵە یەکەمینەکان دادەنرێت دەربارەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەی کوردیدا بەگشتی و ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بەتایبەتی بە زمانی کوردی.

لەو چوارچێوەیەشدا دەتوانرێت گرنگیی زانستی و ئەکادیمی و میدیایی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە:

١. زانینی چەمکی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ، و ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای نوێ، و تایبەتمەندییەکانی تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن.

٢. زانینی ئەو کاریگەرێتییانەی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێدا بەجێدەمێنن، بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر لەبواری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا کە یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی کە کاریگەرە بەم تەکنەلۆجیایە.

٣. نەبوونی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستاندا.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی، ئامانجە لاوەکییەکانیش لەم چەند خاڵەی خوارەوە دیاریدەکرێن:

١. گرنگیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لەبەشی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا.

٢. کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی، پەیوەست بەمەش ئاستی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییە چاپکراوەکاندا.

٣. دەرخستنی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا.

٤. زانینی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر خودی سازێنەرانی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە).

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە:**

گریمانەش بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتە لەخەملاندنی ژیرانە و لێکدانەوەی ئەگەری، لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنی هۆ و هۆکار وەکو لێکدانەوەی کاتی بۆ کێشە یان دیاردەی لێکۆڵراوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو پرسیارانەی سەرەوە، توێژەر گریمانەی توێژینەوەکەی لەچەند خاڵێکدا دەخاتەڕوو:

١. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی هەیە.

٢. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) هەیە.

**پێنجەم: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

**أ. جۆری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەیەکی وەسفییە کە ئامانجی وەسفکردن و شیکردنەوەی دیاردەکان و پۆلێنکردنی داتا و ژمارە و ئامارەکانە پاش کۆکردنەوە و تۆمارکردن و شرۆڤە و شیکردنەوە بۆیان، بۆ هەڵسەنگاندنی دەرەنجامە ئامارییەکان و دەرهێنانیان و گونجاندنیان لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا لەو چوارچێوەیەشدا وەسفی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشت و بوارەکانی بەکارهێنان و کاریگەرێتیی هەریەکەیان لەسەر کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا دەکات لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە گونجاوە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە و ئەو گریمانانەی کە دانراون بۆ توێژینەوەکە.

**ب. ڕێبازی توێژینەوە: لەچوارچێوەی توێژینەوی وەسفیدا توێژەر ئەم ڕێبازانەی بەکارهێناوە:**

١. **ڕێبازی ڕووپێوی (مسحی-survey):** توێژەر ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهێناوە لەبەرئەوەی ڕێگا و شێوازێکی زانستییە بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان و پۆلێنکردنیان، لەو چوارچێوەیەشدا توێژەر شێوازی ڕووپێوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بەکارهێناوە بۆ ناسینی تایبەتمەندی ئامرازەکانی گەیاندن و شێوازەکانی سوودوەرگرتن لێیان لە کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە ڕێگە بەڕووپێوی تەواو بۆ تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لەبواری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا دەدات کەخۆی لە (کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، مۆبایل، فاکس مەیل، تیلیتێکست،...) دەبینێتەوە.

٢. **ڕێبازی توێژینەوەی بەراوردکاری:** توێژەر ئەم ڕێبازەی بۆ بەراوردکردن لەنێوان ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەکارهێناوە، هەروەها بۆ بەراوردکردن لەنێوان وەڵامی سازێنەران و کاریگەر بوونیان بە ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان و بەکارهێنانیان و ڕادەی شارەزایی و پسپۆڕبوون تێیاندا.

**شەشەم: شێواز و ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر پشتی بە کۆمەڵێك ئامراز و شێواز بەستووە بەمەستی هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی وەکو:

**١. فۆڕمی سەرەتایی زانیاری کۆکردنەوە:** توێژەر بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری بۆ دروستکردن و داڕشتنی پرسیارەکانی فۆڕمی راپرسییەکەی ئەم فۆڕمەی لە چوارچێوەی ٥ پرسیاردا ئامادەکرد، بەوەرگرتنی تەنها ٥٠٪ رای سازێنەرانی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) توانی چەند زانیارییەك بەدەستبهێنبێت کە ببنە بنەمایەك بۆ داڕشتنی پرسیارەکانی فۆڕمی راپرسییەکەی، بڕوانە پاشکۆی (١).

**٢. فۆڕمی ڕاپرسی:** یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، بۆ ئەوەی ڕای سازێنەرانی بەشی سازاندنی ڕۆژنامەکان وەربگیرێت لەسەر کاریگەرێتیی تەکنەلۆجیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندن ئەوا لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری و بە ڕێگای فۆڕمی ڕاپرسی دەبێت، دروستکردنی ئەو فۆڕمی ڕاپرسییەش لەژێر تیشکی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەدا دەبێت، کە لەسێ تەوەری سەرەکی پێکهاتبوو، تەوەری یەکەم لە شەش پرسیاردا زانیاری گشتی سەبارەت بە بەرتوێژان لەخۆگرتبوو، لەتەوەری دووەمدا کە(٢٢)  پرسیاری لەخۆگرتبوو دەربارەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاتی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەبەر توێژان، هەروەها لەتەوەری سێیەمیشدا لەدووتوێی (١٨) پرسیاردا سەبارەت بە ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنان و کاریگەرێتییان، زانیاری لەبەر توێژان وەرگیراوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بیردۆزی (هەریەتی تەکنەلۆژیا)ی مارشاڵ ماکلۆهان.

**٣. (دەستەی تایبەت-فۆکەس گرووپ):** بریتییە لە کۆمەڵەکەسێك کە ژمارەیان لەنێوان (٥-١٠) یان (١٠-١٢) کەسدایە کەتوێژەر دەستنیشانیان دەکات بۆگفتوگۆکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و ئەزموونی کەسییان و خستنەڕووی بیروبۆچوون و گوزارشتکردن لە هەست و ئاڕاستەکانیان لەماوەی کاتێکی دیاریکراودا لەنێوان (١-٢) کاتژمێردا دەبێت، ئەم کۆمەڵەیەش بەوە دەناسرێنەوە کە کۆمەڵەیەکی هەڵبژێرراون لە تاکەکان کە توێژەر کۆیان دەکاتەوە بۆ گفتوگۆکردن و سەرنجدان لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کە بابەتی توێژینەوەکەیانە.

هەروەها کۆبوونەوە و گفتوگۆکردنێکی ڕێکخراوە بەژمارەیەکی پرسیاری دیارکراوەوە کە جەخت لەسەر کۆمەڵێك بابەت دەکرێت، کە ئامانج لێی بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی چڕە بۆ تێڕوانینی بەشداربووان و ئەزمونەکانیان، هەروەها ڕێگایەکی مەنهەجیە لە ڕێگاکانی شێوازی چۆنیەتی لە توێژینەوەی زانستیدا، بەئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریی چۆنایەتی دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو لەنێوان کۆمەڵێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت کە گرنگییەکی هاوبەش لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵێك وێناکردن، و درککردن کۆیان دەکاتەوە دەربارەی بابەتێك یان کێشەیەکی دیاریکراو لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ کێشەکە[1].

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر چاوپێکەوتنی بەشێوەی (دەستەی تایبەت - فۆکەس گروپ) لەگەڵ ئەندامانی دەستەی نووسەران و سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا ئەنجامداوە کە ژمارەیان (١٤) کەسە لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا، توێژەر پاش ئاڕاستەکردنی چەند پرسیارێکی هاوشێوە لە سەرجەم سازێنەران وەڵامەکانیانی تۆمارکردووە دواتر سوودی لەم وەڵامانە وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان و لێکدانەوەیان.

**٤. چاوپێکەوتن:** توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنی کەسیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرنووسەر و سکرتێری نووسین لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) ئەنجامداوە.

---

(١) بڕوانە: (أ) حسین فرحان رمزون، قراءات في اساليب البحث العلمي، (عمان: مكتبة الفلاح للنشر و التوزيع، ١٩٩٥)، ص٧٦.

(ب) ابو عبد الشريف ،https://hrdiscussion.com/hr٤٨٤٦٥.htm ، (کاتی سەردان:٢٠١٧/١/١١).

**حەوتەم: سنوری توێژینەوەکە:**

**أ- بواری کات:** ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە کە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان پێکهاتبوو، هەروەها دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و وەرگرتنەوەی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، لەنێوان (٢٠١٦/٨/١٦) بۆ (٢٠١٦/١٢/٢٠) خایاندووە.

**ب- بواری شوێن:** شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتییە لە هەرێمی کوردستان/ شاری سلێمانی، ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە).

**ت- بواری مرۆیی:** پێکهاتووە لە سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کە ژمارەیان تەنها (٢٤) سازێنەرە.

**پ- بواری بابەت:** ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنن کە لەبواری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەکاردەهێنرێن بۆ زانینی ڕادە و ئاستی کاریگەرێتییان لەسەر سازاندن و سازێنەران.

**هەشتەم: هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:**

ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە ئەمانەن:

١. گرنگیی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەنێو ژیانی مرۆڤدا بەگشتی و لەنێو کایەی ڕۆژنامەگەریدا بەتایبەتی.

٢. گرنگیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٣. گرنگیی سازاندن وەك پرۆسەیەك لەبواری ڕۆژنامەوانیدا بەجۆرێك بەبێ ئەم پرۆسەیە ناتوانرێت ڕووداو و زانیارییەکان لە چوارچێوەی بابەت و ژانرێکی دیاریکراودا گوزارشتییان لێبکرێت.

٢. گرنگیدانی دەزگا و ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکان بە بوونی بەشی تایبەت بە سازاندن و کارمەندی تایبەت لەو بوارەدا.

**نۆیەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:**

**أ- کۆمەڵی توێژینەوە:** کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە لە سازێنەرانی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە و ڕۆژنامەیەکی هەفتانە لە شاری سلێمانیدا کە ئەوانیش ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و ڕۆژنامەی (ئاوێنە)یە، کە (٢٤) سازێنەرن.

توێژەر هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو دوو ڕۆژنامەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ:

١. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ تاکە ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە بەشێوەیەکی بەردەوام دەردەچێت، بەهەمان شێوەش ڕۆژنامەی ئاوێنە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە و لەساڵی (٢٠٠٦)ەوە بەبەردەوامی دەردەچێت.

٢. توێژەر بەپێویستی زانیوە کە دوو ڕۆژنامەکە جیاوازبن لەڕووی (ماوەی دەرچوون، شێواز و ئامانجی کارکردنەوە) تابتوانێت بەراورد بکات لەنێوانیاندا.

٣. هەردوو ڕۆژنامەکە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا بەکاردەهێنن، بڕوانە خشتەی (٧).

٤. هەبوونی توانای ماددی و مرۆیی توێژەرلە هەردوو ڕۆژنامەکەدا ڕێگەی بەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دا.

**ب. سامپڵی توێژینەوە:** ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکە تەنها (٢٤) سازێنەر بوون کە (١٨)یان لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (٦) سازێنەریش لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بوون، توێژەر لەبەر کەمی سامپڵی توێژینەوەکەی هەموو کۆمەڵی توێژینەوەکەی وەك سامپڵ وەرگرتووە، واتە بەڕێگەی ڕووپێوی گشتگیر (المسح شامل او الحصر الشامل- comprehensive inventory)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەڵبژاردنی سامپڵ بەم ڕێگایە لەباشترین

جۆرەکانی سامپڵە بۆ ئەم مەبەستەش لەکۆی ئەو (٢٤) فۆڕمەی کە بەسەر سازێنەراندا دابەشکراوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بە کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی سەرجەم فۆڕمەکانی بەدەست گەیشتۆتەوە بەهۆی بەدواداچوون و جەختکردنەوەی بەردەوامی توێژەر لەپێناو وەرگرتنەوەی تەواوی فۆڕمەکان بەدروستی لەبەر کەمی ژمارەیان تاوەکو کەمبوونەوەی ژمارەی سامپڵ کار لە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان نەکات.

**تایبەتمەندییەکانی سامپڵی توێژینەوە:** خاسیەتی دیمۆگرافی یاخود زانیارییە گشتییەکان لە پێوەرە سەرەکییەکانی توێژینەوەی مەیدانین، لەم توێژینەوەیەدا و پەیوەست بە سامپڵی توێژینەوەکە زانیارییەکانی (توخم، تەمەن، ئاستی زانستی، ساڵانی خزمەت، پۆڵێنی پیشەیی) دەخرێنەڕوو، وەك خشتەی (١).

١. **بەشێوەیەکی گشتی:** بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی مایەی سەرنجە لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا زۆری ڕێژەی (نێر)ە بەراورد بە ڕێژەی (مێ) بەجۆرێك کە ڕێژەی جیاوازی نێوانیان (٦٧٪)ە، هەروەها لەڕووی تەمەنەوە (٧٠،٨٪) سازێنەرانی ڕۆژنامەکە تەمەنیان لەسەروو (٣٣)ساڵەوەیە، بەڕێژەی (٥٤،٢٪)ی سازێنەرانی ڕۆژنامەکە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆسن و ئەزمونی کارکردنی ئەو سازێنەرانەی کە (١٥) ساڵ زیاترە بەڕێژەی (٥٠٪)یە، توێژەر هۆکارەکەی بۆ بەردەوامی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دەگەڕێنێتەوە بەو پێیەی زۆرینەی تەمەنی کارکردنی سازێنەران بۆ خودی ئەو دوو دەزگا ڕۆژنامەوانییە دەگەڕێتەوە، بەڕێژەی (٥٨،٣٪) بەرپرسی لاپەڕەن.

٢. **ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:** سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بەزۆرینە لە ڕەگەزی (نێر)ن بەرێژەی (٨٨،٩٪)، تەنها بەرێژەی (١١،١) لە ڕەگەزی (مێ)ن، سازێنەرانی ڕۆژنامەکە هیچ هۆکارێك دەستنیشان ناکەن کە بووبێتە مایەی ڕوودانی ئەو ڕێژە کەمە پاساویشیان ئەوەیە کە لەهەندێ کاتدا ڕێژەکە پێچەوانە بووە، واتە هۆکارەکە زیاتر ڕێکەوتە نەك هۆکارێکی دیاریکراو، تەمەنی زۆرینەشیان بەڕێژەی (٧٧،٨٪) لەسەروو (٣٣) ساڵەوەیە، بەڕێژەی (٥٥،٦٪)یان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆسن، واتە ئاستی ڕۆشنبیرییان لەسەروو مامناوەندەوەیە و خاوەنی ئەزموونێکی زۆرن لەبواری کارکردندا، بەجۆرێك بەڕێژەی (٥٥،٦٪)یان خاوەنی ئەزموونی زیاتر لە ١٥ ساڵ و ڕێژەی (٥٥،٦٪)یان بەرپرسی لاپەڕەکانن.

٣. **ڕۆژنامەی ئاوێنە:** ڕێژەی (نێر) لە ڕۆژنامەکەدا دوو هێندەی ڕێژەی (مێ)یە، بەڕێژەی (٥٠٪)ی سازێنەرانی ڕۆژنامەکە تەمەنیان لە سەروو (٣٠) ساڵەوەیە و هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆسن، بەڕێژەی (٦٦،٧٪)یان بەرپرسی لاپەڕەکانن.

٤. **خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە:** لەڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا سازێنەرێك خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتییە، بەڵام سازێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خاوەن بڕوانامەی بنەڕەتی تێدانییە، سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرای تێدانییە، لەکاتێکدا لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا یەکێك لە سازێنەرەکان هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) خاوەنی (سکرتێری سازاندن)ە، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی (ئاوێنە) خاوەنی (بەرپرسی سازاندن)ە، لە تەواوی بڕگەکانی دیکەشدا هەردوو ڕۆژنامەکە هاوبەشن.

**دەیەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە**

ئەنجامدانی هەرتوێژینەوەیەکی زانستی بەدەر نییە لەکۆمەڵێك ئاستەنگ و ڕێگری کە زۆرجار ئەگەر توێژەر بەوریاییەوە مامەڵە نەکات کاریگەرێتییان لەسەر توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی دەبێت، ئەم توێژینەوەیەش بەدەر نەبووە لەو ئاستەنگانە لەوانەش:

١. کەمبوونەوەی ژمارەی ڕۆژنامەنوسان لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا بەگشتی و سازێنەرانی ڕۆژنامە بەتایبەتی، ئەمەش بەهۆی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنەوە کە دەستی کاری کەمکردۆتەوە بەگشتی.

٢. سەرقاڵبوونی سازێنەران بەئەنجامدانی کارەکانیان لەنێو دەزگاکانیاندا ئاستەنگێکی دیکەبوو بۆ توێژەر بۆ وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.

٣. نەبوونی ڕۆژنامەی ڕۆژانە و هەفتانەی دیکە کە هاوشێوەی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە) بەبەردەوامی لەشاری سلێمانی دەربچن، بەجۆرێك کە هەندێکیان بەهۆی قەیرانی داراییەوە لەدەرچوون وەستابوون، ئەمەش ئاستەنگێکی دیکە بوو بۆ توێژەر کە نەتوانێت ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەی زیاد بکات.

٤. نەبوونی توێژینەوەی دیکەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە کە بەزمانی کوردی نوسرابێت، سەرەڕای هەژاری کتێبخانەی کوردی بەسەرچاوەی پەیوەندیدار بەباتەکەوە بەگشتی و بەزمانی کوردییەوە بەتایبەتی.

خشتەی (١)

خاسیەتی دیمۆگرافی و تایبەتمەندیی کەسی

| تایبەتمەندی بەرتوێژان | بڕگە پێشنیارکراوەکان | کوردستانی نوێ | | ئاوێنە | | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | ٪ | د | ٪ | | |
| توخم | نێر | ١٦ | ٨٨,٩ | ٤ | ٦٦,٧ | ٢٠ | ٨٣,٣ |
| | مێ | ٢ | ١١,١ | ٢ | ٣٣,٣ | ٤ | ١٦,٧ |
| تەمەن | ١٨-٢٢ ساڵ | ١ | ٥,٦ | ١ | ١٦,٧ | ٢ | ٨,٣ |
| | ٢٣ -٢٧ساڵ | ١ | ٥,٦ | ١ | ١٦,٧ | ٢ | ٨,٣ |
| | ٢٨-٣٢ ساڵ | ٢ | ١١,١ | ١ | ١٦,٧ | ٣ | ١٢,٥ |
| | ٣٣ ساڵ و زیاتر | ١٤ | ٧٧,٨ | ٣ | ٥٠ | ١٧ | ٧٠,٨ |
| ئاستی زانستی | هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتی | ٠ | ٠ | ١ | ١٦,٧ | ١ | ٤,٢ |
| | هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی | ٨ | ٤٤,٤ | ١ | ١٦,٧ | ٩ | ٣٧,٥ |
| | هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس | ١٠ | ٥٥,٦ | ٣ | ٥٠ | ١٣ | ٥٤,٢ |
| | هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا یان ماستەر یان دکتۆرا | ٠ | ٠ | ١ | ١٦,٧ | ١ | ٤,٢ |
| ژمارەی ساڵانی خزمەت | کەمتر لە ٥ ساڵ | ٢ | ١١,١ | ١ | ١٦,٧ | ٣ | ١٢,٥ |
| | لە ٥ ساڵ بۆ کەمتر لە ١٠ ساڵ | ٢ | ١١,١ | ٢ | ٣٣,٣ | ٤ | ١٦,٧ |
| | لە ١٠ ساڵ بۆ کەمتر لە ١٥ ساڵ | ٤ | ٢٢,٢ | ١ | ١٦,٧ | ٥ | ٢٠,٨ |
| | ١٥ساڵ و زیاتر | ١٠ | ٥٥,٦ | ٢ | ٣٣,٣ | ١٢ | ٥٠,٠ |
| پۆلێنی پیشەیی | سازێنەر | ٧ | ٣٨,٩ | ١ | ١٦,٧ | ٨ | ٣٣,٣ |
| | بەرپرسی لاپەڕە | ١٠ | ٥٥,٦ | ٤ | ٦٦,٧ | ١٤ | ٥٨,٣ |
| | بەرپرسی سازاندن | ٠ | ٠ | ١ | ١٦,٧ | ١ | ٤,٢ |
| | بەڕێوەبەری سازاندن | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | سکرتێری سازاندن | ١ | ٥,٦ | ٠ | ٠ | ١ | ٤,٢ |

**یازدەیەم: بیردۆزی توێژینەوەکە:**

**توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی جێبەجێکردنی بیردۆزی هەریەتی تەکنەلۆژیا (الحتمیة التكنولوجیة)ی مارشاڵ ماکلۆهان دەدات، چونکە یەکێکە لەبیردۆزەکانی پەیوەندیکردن کە باس لە کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش تەوەری سێیەمی فۆرمی ڕاپرسییەکەی تەرخانکردووە بەم بیردۆزییەوە تا لەمیانەی بڕگەکانییەوە وەڵامی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بزانێت، توێژەر بەپێویستی دەزانێت کورتەی بیردۆزەکە لەم بەشەدا بخاتە ڕوو.**

**بیردۆزی هەریەتی تەکنەلۆژیای (مارشاڵ ماکلۆهان)**

**ئەم بیردۆزە بەیەکێك لە بیردۆزە نوێکان دادەنرێت کە باس لە ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سروشتی کاریگەرێتیی لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان دەکات، "مارشال ماکلۆهان* " بە دامەزرێنەری بیردۆزەکە دادەنرێت و وایدەبینێ تایبەتمەندیی بنەڕەتی بۆ ئامرازێکی بەکارهێنراو، لە کاتێکی دیاریکراودا، کاریگەرێتیی دەبێت لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە زیاتر لە ناوەڕۆکی پەیامەکانی ڕاگەیاندن، و هەر گۆڕانکارییەکیش لە تەکنەلۆژیای گەیاندندا گۆڕانکاری دەبێت لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا درێژکراوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤن وەك (کامێرا درێژکراوەی هەستی بینینە، مایکرۆفۆن درێژکراوەی هەستی بیستنە، کۆمپیوتەر درێژکراوەی مێشکی مرۆڤە..)[(١)].**

**ماکلۆهان چوار قۆناغی خستەڕوو کە بەپێی بیروباوەڕی ئەو مێژووی مرۆڤایەتی دەردەخەن ئەوانیش[(٢)]:**

**یەکەم: قۆناغی زارەکی: واتە قۆناغی پێش فێربوون یان خێڵەکی.**

**دووەم: قۆناغی نوسینەوە: لە یۆنانی کۆنەوە دەستی پێکرد و ٢٠٠٠ ساڵی خایاند.**

**سێیەم: قۆناغی چاپ: ئەم قۆناغە ٤٠٠ ساڵ درێژەی کێشا لە ١٥٠٠ بۆ ١٩٠٠.**

**چوارەم: قۆناغی ئامرازەکانی میدیای ئەلیکترۆنیی: ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٠٠ وە دەستیپێکرد و تائێستاش بەردەوامە.**

---

(*) مارشال ماکلۆهان: لە (٢١) ی یۆلیۆ (١٩١١) لە شاری (ئاد مونتن بالبرنا) لە کەنەدا هاتۆتە دونیاوە، دایکی ئەکتەرو باوکی بازرگان بووە، سەرەتا کە چۆتە زانکۆی مانیتوبا ویستویەتی ئەندازیاری بخوێنێ، بەڵام دواتر ئەدەبی ئینگلیزی هەڵبژاردووە، ساڵی (١٩٣٤) ماستەر و ساڵی (١٩٤٣) دکتۆرای بەدەستهێناوە لە زانکۆی کامبردج، لە کۆمەڵە زانکۆیەکی ئەمریکی وانەی وتۆتەوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٤٣) وە لە زانکۆی تۆرینتۆ جێگیربووە. لە(٣١)ی دیسەمبەری ساڵی (١٩٨٠) دونیای جێهێشت. پرۆفیسۆر مارشاڵ ماکۆلۆهان بۆخۆی زانای بواری کۆمۆنیکەیشن و میدیا نییە، ئەو لە زانکۆی تۆرینتۆی کەنەدا مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی بووە، بەناوبانگترین ڕۆشنبیری نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمە، وەك مارکس و ئەنگڵس، هەمیشە نێوی هارۆڵد ئەنیس لەگەڵ نێوی ماکلۆهان دێت، ئەو مامۆستای ماکلۆهانە و پێیوایە کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشن لەهەر کۆمەڵگەیەك ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی. ماکلۆهان خاوەنی سەدان وتارە لە گۆڤارەکاندا و خاوەنی چەند کتێبێکە لەوانە: (العروس المیكانیكیة (١٩٥١م)، عالم جوتنبرج (١٩٦٢)، معرفة وسائل الاعلام (١٩٦٤)، الحرب و السلم في القریة الكونیة ١٩٦٨، الوسیلة هي الرسالة (١٩٦٧). بڕوانە: نبذة عن ماكلوهان https://ar.wikipedia.org/wiki/% ، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٧/٣).

(١) صالح خليل ابو اصبع، الاتصال الجماهيری، (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع،١٩٩٩)، ص٢٣٢.

(٢) محمد جاسم فلحي الموسوي، تكنولوجية وسائل الإعلام و تأثيرها على المجتمعات، http:// masscomm.kenanaonline.net (کاتی سەردان: ٣٠/ ٥/ ٢٠١٦).

**بیردۆزەکەی مارشاڵ گوزارشتە لە تێروانین بۆ گەشەسەندنی ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشن و کاریگەرێتییەکانی بەسەر کۆمەڵگەی نوێوە، ئەم بیردۆزە لەسەر سێ گریمانە بیناکراوە[١]:**

**أ. ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشن درێژکراوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤن:** ماکلۆهان بڕوای بە هەریەتی (حەتمیەت)ی تەکنەلۆژیا هەیە و پێیوایە، هەر داهێنانێکی تەکنەلۆژی کاردەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان، هەروەها دەڵێ گۆڕانی بنەڕەتی لە تەکنەلۆژیای کۆمۆنیکەیشن گۆڕانی گەورەتری دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنی، نەك تەنها لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە هەستەوەرەکانی مرۆڤیشدا، هەر ئامرازێك کە درێژکراوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤە کاردەکاتە سەر شێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری، تەلەفزیۆن درێژکراوەی هەستی بینینە (چاو)، مایکرۆفۆن درێژکراوەی هەستی بیستنە (گوێ)، کۆمپیوتەر درێژکراوەی عەقڵی مرۆڤە و ماکلۆهان پێیوایە هەر سەردەمێکی مرۆڤایەتیی، ڕەنگدانەوەی ئەو ئامرازە میدیاییە بەردەستەیە کە لەو ڕۆژگارەدا هەیە.

**ب. ئامراز پەیامە:** ماکلۆهان وایدەبینێت کە ئامراز بریتییە لە پەیام، واتە ناتوانرێت سەیری ناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیاندن بکرێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە تەکنیك و بابەت و ئەو خوێنەرەی کە پەیامەکەی ئاڕاستە دەکرێت ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمانە کاریگەرێتییان هەیە لەسەر ئەوەی کە لە پەیامەکەدا هاتووە، واتە سروشتی هەر ئامرازێك نەك ناوەڕۆکەکەی دەبێتە هۆو بنەما بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگەکان، ماکلۆهان دەریخست کە هەر هۆکارێك دادەنرێت بە درێژکراوەی هەستەکانی مرۆڤ و بارودۆخێك دەخولقێنێت کە کاریگەرێتیی دەبێت لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەی کە مرۆڤەکان پێی بیر دەکەنەوە و زانیاری لێوەردەگرن[٢].

ماکلۆهان بیروبۆچوونی ڕەخنەگرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕەتدەکاتەوە کە وایدەبینن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نوێ خۆیان باش نین و بێزراون، بەڵکو پێی وایە ئەو ڕێگایانەی کە ئەم هۆکارانە بەکاریدەهێنن سوود و زیانی دەردەخەن، کەواتە ئامراز خۆی پەیامە، واتە ئەوەی کە گرنگە ئامرازەکەیە نەك خودی پەیامەکە هەرئەمەشە ڕادەی گرنگی و بایەخی پەیام دەردەخات ئەمەش (هارۆڵد ئەنیس*) لە کتێبی (تحيز الاتصال) دا بۆچوونەکەی پشتڕاست دەکاتەوە و وایدەبینێت ئەوەی لە تەلەفزیۆندا دەبینرێت ڕەنگدانەوەی دەوروبەر نییە بەڵام سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، ئەوەی لە کتێبدا دەخوێنرێتەوە تەنها پڕکردنەوەی مێشکە و توانای قسەکردن بە مرۆڤ نابەخشێت[٣].

**ت. ئامرازی گەرم و سارد:** لەڕێی بیردۆزەکەیەوە ماکلۆهان دوو زاراوەی دیکەی داهێنا، دەوترێت کلیلی سەرەکی بیردۆزەکەیەتیی ئەوانیش زاراوەی"گەرم و سارد"ن، بۆ وەسفکردنی پێکهاتەی هەر ئامرازێکی کۆمۆنیکەیشن یان ئەو ئەزموونەی دەیگوازێتەوە، ماکلۆهان وایدەبینێت کە ئامرازی گەرم ئەو ئامرازەیە کە هاوسەنگی لە بەکارهێنانی هەستەکاندا ناپارێزێت واتە (تەنها یەك هەستەوەر بەکاردەهێنرێت) یان ئەو ئامرازەیە کە واتایەکی دروستکراو و تاڕادەیەك ئامادە پێشکەش دەکات و تاکەکان پێویستیان بە خەیاڵێکی کەمتر هەیە بۆئەوەی وێنەیەکی واقیعی لە پەیوەندییەکان پێشکەش بکرێت، واتە توانای بەشداری تێیدا یان تەواوکردنی جەماوەر تیایدا کەمە، بەڵام ئامرازی

---

(١) بڕوانە: محمد جاسم فلحي الموسوي، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

(٢) عبد الحافظ عواجي صلوي، نظريات التاثير الاعلامية، كتابة غير منشورة، ٢٠١٢، ص[٢٠].

(*) هارۆلد ئەنیس: پرۆفیسۆرێکی کەنەدییە لە بواری سیاسەتی ئابووریدا لە زانکۆی تۆرنتۆ، لە دایك بووی (١٨٩٤/١١/٥) لەشاری ئۆترڤیل–ئۆنتاریۆی کەنەدی، نوسەری کۆمەڵێك کتێبە لەبوارەکانی میدیا، بیردۆزی پەیوەندیکردن، مێژووی ئابووری کەنەدا، سەرەڕای ئەمانەش یەکێك بووە لە بیرمەندە ڕەسەنەکانی کەنەدا، لە (١٩٥٢/١١/٨) لەتەمەنی (٥٨)ساڵیدا کۆچی دوایکردووە.

(٣) بڕوانە: ( أ) توانی نورالدين، ماكلوهان مارشال.. قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، **مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد العاشر/ مارس ٢٠١٣**، ص[١٨٤].

(ب) منال هلال مزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ل[٧٧].

سارد ئەو ئامرازەیە کە پارێزگاری لە هاوسەنگی هەستەوەرەکان دەکات (واتە زیاتر لە هەستەوەرێك بەکاردەهێنرێت) و پێویستی بەبڕێکی زۆر لە خەیاڵ هەیە[١].

ئامرازی گەرم پلەی ڕوونیەکەی بەرزە یان زۆر نزیکە لە سروشتییەوە لە پلەیەکی بڵندی تاکیەتیدایە و بڕێکی زۆر لە زانیاری داواکراوی تێدایە و پێویستی بە هاوکارییەکی زۆری لایەنی بەرامبەر نییە، بەڵام ئامرازی سارد پلەی ڕوونی نزمە و ئەو زانیارییانەی کە دەیانگوازێتەوە نزمن و هاوکارییەکی زۆر لەجەماوەر داوا دەکات بۆ تەواوکردنی ئەزمونەکە[٢].

## دوازدەیەم: ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە:

**١- ڕاستیی ڕواڵەتیی Face validity** توێژەر ڕاستیی ڕواڵەتیی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستیی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی بەکاریهێناوە بۆ دیاریکردنی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، بەرلەوەی ئەو فۆڕمە بکرێتە بنەمای کارکردن پیشانی چەند پسپۆر و شارەزاییەکی بواری ڕاگەیاندن دراوە[٣].

فۆڕمەکە کە تایبەتە بە کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی، دوای ڕێکخستنی بڕگەکان کە زیاتر پشت دەبەستێت بەو تەوەر و بابەتانەی کە لەبەشی تیۆری توێژینەوەکەدا باسیان لێوەکراوە، هەروەها چەند بڕگەیەکی دیکەش کە توێژەر بە تێگەیشتنی بۆ بابەتەکەی و بەسوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو ئامادەیکردووە.

ئەو پسپۆڕو شارەزایانەی فۆڕمەکەیان بینیوە چەند تێبینییەکییان بۆ فۆڕمەکە زیادکردووە کەزیاتر جەختیان لە کورتکردنەوەی بڕگەکان و لابردنی ژمارەیەکی کەمی ئەو بڕگانە کردۆتەوە و پاشان بڕگەکان ڕێکخراون و فۆڕمەکە لەشێوەی کۆتاییدا ئامادەکراوە کە ئەنجامی ڕاستی فۆڕمەکە(*) دەکاتە (٩٢،١٪ ) یە و ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز و زانستییە و بەوشێوەیەی کە لەپاشکۆکانی (٢) و (٣) دا خراوەتەڕوو.

---

(١) بڕوانە: (أ) بودربالة الطيب، سيمائية وسائل الاعلام مارشال ماكلوهان نموذجا، http://www.lab.univ/bouderbaala.pdf٢biskra.dz/lla/images/pdf/sem (کاتی سەردان:٢٠١٦/٥/٣٠)

(ب) محمد جاسم فلحي الموسوي، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

(ت) توانی نوردین، سەرچاوەی پێشوو،ص١٨٥.

(٢) مارشال ماكلوهان، كيف نفهم وسائل الاتصال، ت: د.خليل صابات، د.السيد محمد الحسين، د.محمد محمود الجوهري، د.سعد لبيب، (القاهرة: المصيفة العربية الحديثة، ١٩٧٥)، ص٣٣.

(٣) ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر بە گوێرەی ڕیزبەندی(ئەبجەدی):

١. پ. ی. د. ابتسام اسماعيل قادر، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن– کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی .
٢. پ. ی. د. ابراهيم سعيد فتح الله، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن– کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی
٣. پ. ی.د. حكيم عثمان حميد، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٤. د. ڕێبەر مصطفى گۆران، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن– کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
٥. پ. ی. د. سەلام نصرالدين، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن– کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
٦. پ. ی. د. عمر احمد رمضان، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن– کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
٧. د. لانە قادر، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن– کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
٨. پ.ی.د. نەزاکەت حسين حەمەسعيد، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن–کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
٩. پ. ی. د. هێرش ڕەسوڵ مراد، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
١٠. پ. ی. د. هێمن مەجيد حسن، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

(*) ڕاستی فۆڕمەکە= کۆی بڕگە گونجاوەکان–بڕگە نەگونجاوەکان÷ کۆی گشتی بڕگەگونجاوەکان×١٠٠

خشتەی (٢)

ڕاستیی ڕواڵەتیی بۆ بڕگەکان بەگوێرەی ڕای پسپۆڕان

| ژمارەی بڕگەکان | پسپۆڕەکان | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| | پەسەندکراوەکان | پەسەندنەکراوەکان | |
| ٢٢٨ | ٢١٠ | ١٨ | |
| کۆی گشتی | ٪٩٢,١ | ٪٧,٩ | ١٠٠ |

**٢. جێگیریی توێژینەوەکە Reliability Statistics**: توێژەر جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی بەڕێگەی ڕێکی ناوەکی (الاتساق الداخلي Internal Consistency) بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباغ-Cronbach's alpha) دەرهێناوە بەو شێوەیەی کە لە خشتەی (١) دا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٣)

ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباغ بۆ جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسی

| بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | پێوانە و ڕادەی جێگیریيان |
|---|---|---|
| بڕگەکانی تەوەری دووەم | ١٥٨ | ٠,٩٤ |
| بڕگەکانی تەوەری سێیەم | ١٨ | ٠,٧٧٢ |
| بڕگەکانی تەوەری دووەم و سێیەم | ١٧٦ | ٠,٩٤٧ |

ئەنجامەکانی خشتەی (١) ئەوە دەردەخەن کە بەهای هاوکێشەی (ئەلفاکرونباغ) بەرزە بۆ بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە کە لەنێوان (٠,٧٧٢-٠,٩٤٧).

**سیازدەیەم: ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە:**

پاش کۆکردنەوەی فۆرمەکان لەلایەن توێژەرەوە لە بەرتوێژان، توێژەر هەستاوە بە بەتاڵکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی ئاماری (spss) Statistical Package for the social sciences) بەکارهێناوە بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك ئامراز و یاسا و هاوکێشە کە لە بەرنامەکەدا بەردەستن کە ئەوانیش:

١. ئامرازە وەسفییەکان (Descriptive): دووبارەبووەکان، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، ناوەندی گریمانەیی.

٢. ئامرازە ئیستدلالییەکان (constructive): ئاستی دەلالی، ناوەندی گریمانەیی، بەهای ئەگەری، نمرەی ئازادی، هاوکێشەی سامپڵە سەربەخۆکان (Independent Samples T Test) بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان کۆمەڵە جیوازەکان.

٣. هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ ( Cronbach's alpha)) بۆ جێگیریی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی.

**خشتەی(٤)**

**تایبەتمەندیی ئاماری وەسفی بۆ پلەی سامپڵی توێژینەوەکە ژمارەیان (٢٤) کەسە**

| ت | تایبەتمەندیی ئاماری وەسفی | بەهاکانیان | |
|---|---|---|---|
| | | کوردستانی نوێ | ئاوێنە |
| ١ | ناوەند Mean | ٣٧,٣٩ | ٤٠,٠٠ |
| ٢ | لادانی پێوەری (Standard Devation) | ٥,٣٧ | ٥,٠٦ |
| ٣ | هەڵەی پێوەریStandard Error | ١,٢٦٥ | ٢,٠٦٥ |

**شێوەی (١)**

**وێنەی دابەشبوونی سامپڵ لە پێوانەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی کە ژمارەیان (٢٤) کەسە**




**چواردەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەر توێژینەوەکانی ڕابردووی بە پێی نوێترین توێژینەوە بەمشێوەیە ڕیزبەندکردووە:

**١. ئەرکان ڕؤوف عزیز، (٢٠١٥) استخدام تكنولوجيا الأتصال الحديثة في إنتاج النشرات الإخبارية التلفزيونية، النشرات الإخبارية في قناة (NRT) الفضائية إنموذجا[(١)].**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە لە بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی (NRT) کە لە (٥) بەش پێکهاتووە، جۆری توێژینەوەکە وەسفیە و ڕێبازی ڕووپێوی تیابەکارهاتووە، کە تێیدا سامپڵی ڕاگەیاندنکارانی کەناڵی ئاسمانی (NRT) وەرگیراوە کە ژمارەیان (٦٤) کەسە بەرێگەی هەڵبژاردنی مەبەستدار دیاریکراون توێژەر پشتی بە ئامرازەکانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بەستووە بە ئامانجی گەیشتن بە دەرەنجامێکی تەواو پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکەی، ئامانجی توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەی بریتییە لە:

---

(١) اركان رؤوف عزيز، **استخدام تكنولوجيا الأتصال الحديثة في إنتاج النشرات الإخبارية التلفزيونية، النشرات الإخبارية في قناة (NRT) الفضائية إنموذجاً)** ، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم الأعلام، ٢٠١٥).

١. خستنەڕووی وێنەیەك لەسەر واقعی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاری بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکاندا.

٢. دیاریکردنی ڕەگەزەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ (ئامراز و بەرنامەکان) کەلەپرۆسەی بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانی (NRT) بەکاردەهێرێن.

٣. دۆزینەوەی سروشتی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی نێرەران دەبێتەوە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا.

٤. پەیوەندی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەبەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکان لەکەناڵی ئاسمانی (NTR)دا.

٥. دیاریکردنی ڕادەی سوودوەرگرتن لەم پێشکەوتن تەکنەلۆژییە لە باشترکردنی توانا ڕاگەیاندنییەکان.

لەکۆتاییدا توێژەر بەم ئەنجامانە گەشتووە:

١. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر زیاتر لە تەکنەلۆژیاکانی دیکە لەلایەن نێرەرانەوە.

٢. دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکان گرنگیان بە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ داوە بۆ نێرەران لەکارەکانی ڕۆژانەیاندا.

٣. کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکاندا، لەڕوانگەی بەکارهێنانی بۆ مەبەستی کارپێکردنی ئینتەرنێت و پەیوەندیکردن بە بنکەی زانیارییەکان یان ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن.

٤. ئینتەرنێت زۆرترین تەکنەلۆژیایە کە بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکانی ئاسانکردووە بەراورد بە ئامرازەکانی دیکە.

٥. هاوبەشیکردنی تۆڕی ئینتەرنێتی بێتەل باشترین و ئاسانترین ڕێگەیە لەلای سامپڵی توێژینەوە لە بەدەستهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

٦. بەکارهێنانی ئینتەرنێت زیاتر بۆ گەڕانە لەنێو پێگەکان و دەستکەوتنی زانیارییەکان.

٧. ئامێری کۆمپیوتەر لەپێشەوەی ئەو ئامرازانەوە دێت کە زۆرترین پێداویستییە لەبەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکاندا لەکەناڵی ئاسمانی(NRT)دا.

**٢. محمد اسماعیل یاسین (٢٠١٥) استخدامات تكنولوجيا الاتصال فى تطوير شكل و مضمون الصحف الفلسطينية اليومية، دراسة ميدانية[١].**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە لە گەشەپێدان و پێشخستنی شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە ڕۆژانەییە فەلەستینییەکان، بەپەیڕەوکردن و سەرنجدان لەسەر گرنگترین ئامرازە تەکنەلۆژییە بەکارهێنراوەکان لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژنامەکانەوە بەوەستان لەسەر بوارەکانی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و زانینی لایەنە نەرێنییەکان و ئاستەنگەکانی بەکارهێنان و تێڕوانینی نێرەران لەپێناو باشتر بەکارهێنانیاندا ئەمەش لەچوارچێوەی (٤) بەشدا بە بەکارهێنانی توێژینەوەی وەسفی و ڕێبازەکانی ڕووپێوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی ئاڵوگۆڕپێکراو لەو چوارچێوەیەشدا توێژینەوەی هۆکاری بەراوردکاری بەکارهاتووە و ئامرازەکانی (ڕاپرسی و چاوپێکەوتن) زانیارییەکان بەدەستهاتوون، توێژەر ڕۆژنامەکانی (الأيام، فلسطين)ی وەك کۆمەڵی توێژینەوەکەی بەکارهێناوە و سامپڵی ڕووپێوی گشتگیری بۆ ڕۆژنامەنوسان کە ژمارەیان (١٠٥) ڕۆژنامەنوسە بەکارهێناوە.

---

(١) محمد اسماعيل ياسين، (**استخدامات تكنولوجيا الاتصال فى تطوير شكل و مضمون الصحف الفلسطينية اليومية**)، رسالة ماجستير غير منشورة، (غزة: جامعة الإسلامية – غزة، كلية الآداب، قسم الصحافة، ٢٠١٥).

ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی زانینی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە پەرەپێدانی شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی فەلەستینی ڕۆژانەدایە، لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵێك ئامانجی لاوەکی دیکەی هەیە کە بریتین لە:

١. دیاریکردنی گرنگترین تەکنیکە تەکنەلۆژییەکان، دواتر وەستان لەسەر توانای ڕۆژنامە ڕۆژانە فەلەستینییەکان بۆ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا.

٢. دەرخستنی گرنگترین تەکنیك و ئامرازە تەکنەلۆژییە بەکارنەهاتوەکان لەڕۆژنامە ڕۆژانەییە ڕۆژانەکاندا و زانینی هۆکاری بەکارنەهێنانیان کە بوارێك دەکاتەوە لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەم هۆکارانە و گەیشتن بە باشترکردنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بۆ پەرەسەندنی شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە فەلەستینییە ڕۆژانەییەکان.

٣. زانینی ئاستی بەدواداچوونی ڕۆژنامەنوسان لە ڕۆژنامەکاندا بۆ دوایین نوێگەرییەکان لەبواری تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا، و توانایان بۆ ڕاهاتن لەسەر ئامێر و تەکنیکەکانی سەردەم و ڕاهێنانیان لەبەرژەوەندی پەرەسەندی شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە فەلەستینییەکان.

٤. دیاریکردنی لایەنە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ئامێر و تەکنیکەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم لەکاری ڕۆژنامەوانی کە بواردەکاتەوە بۆ هێشتنەوەیان لە ئاستێکی پێشکەوتوودا لەکاری پیشەیی لە ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکاندا.

٥. زانینی تێڕوانینی ڕۆژنامەنوسان بۆ باشتر سوودوەرگرتن لە تەکنیك و ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێکان بۆ پەرەسەندنی شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە ڕۆژانەییە سەردەمییەکان.

٦. زانینی ئاستی بوونی جیاوازییەکی دیاری ژمێرراو لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بۆ پەرەپێدانی شێوە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامە فەلەستینییەکان.

**لەکۆتایدا توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە:**

١. هەریەك لە ئامرازەکانی مۆبایلی زیرەك و لاپتۆب بەشێوەیەکی بەردەوام لەکاری ڕۆژنامەوانیدا بەکاردەهێنرێن، لەبەرامبەردا کۆمپیوتەری جۆری دیسکتۆب کەمتر بەکاردێت.

٢. تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووك) پێش تۆڕەکانی دیکە کەوتووە لە بەکارهێناندا بەجۆرێك بەشێوەیەکی بەردەوام بەکاردێت بەدوای ئەویشدا تۆڕی (یوتیوب).

٣. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هاوکار بووە لە ئاسانکردن و خێراکردنی کاری ڕۆژنامەوانیدا، هەروەك توانای ڕۆژنامەنوسانی زیاترکردووە بۆ گرنگیدان بە ئارەزووەکانی جەماوەر، هەروەها جۆراوجۆری سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان لەپێشەوەی بوارەکانی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ دێت.

٤. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ یارمەتیدەربووە لە دەستپێشخەری ڕۆژنامەوانی و زانیاری پێویستیش دابیندەکات بۆ ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان، هەروەها بواریکردۆتەوە بۆ بەزاندنی سنوور لەئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٥. بڵاوبوونەوەی دیاردەی دزینی پیشەیی و دەستگرتن بەسەر بەرهەمی ڕۆژنامەوانی لە پێشەنگی لایەنە خراپەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەمە لەبواری ڕۆژنامەوانیدا، دوابەدوای ئەمەش تەمەڵی ڕۆژنامەنوسەکان و خۆماندونەکردنی پێویست لەکارەکانیاندا و بڵاوبوونەوەی هەواڵی نادروست لەئەنجامی گواستنەوە لەسەرچاوەیەکەوە کە پیشەیی و جێی بڕوا نین، ماندوکردنی چاو و پشت لە ئەنجامی ڕوانین بۆ شاشەی کۆمپیوتەر و دانیشتنی درێژ لەبەردەمیدا.

٦. ئامێری کۆمپیوتەر لە پێشەوەی ئامرازەکانەوە دێت لەڕووی گرنگییەوە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، پاشان تۆڕی ئینتەرنێت و مۆبایلی زیرەك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کامێرای وێنەگرتن و ئامرازەکانی گواستنەوەی فایلەکان وەك فلاش و لەکۆتایشدا ئامێری سکانەر.

٧. بەرنامەی (ئەدۆب ڕیدەر) لەگرنگترین بەرنامەکانە کە بۆ خوێندنەوەی فایلەکان بەشێوەی (PDF) پاشان بەرنامەی (ئیندیزاین) بۆ دەرهێنان و بەرنامەی (فۆتۆشۆب) لەکاتێکدا بەرنامەی (مای پەپلیشەر) بەکارنایەت لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی ڕۆژنامەی توێژینەوەوە.

٨. زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسان وایدەبینن کە زۆری تێچوونی تەکنیکەکان هۆکاری یەکەمە لەکەمی بەکارهێنانی هەندێك لە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان، هۆکاری دووەمیش کەمی بەردەست بوونی تەکنیکەکانە، نەبوونی زانیاری دەربارەی بەکارهێنانی تەکنیکەکە و ئالۆزییان و کەمی پێویستی پێیان هۆکاری سێیەمە.

**٣. ئاسیا ابراهیم احمد عبده (٢٠١٤) دور تكنولوجيا الاتصال في تطوير إنتاج البرامج الإخبارية للراديو دراسة تطبيقية على الإذاعة السودانية)**[(١)].

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندنە لە برەوپێدانی بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکانی ڕادیۆی کۆماری سودان، توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوییە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لەهەریەکە لە گوێگرانی ڕادیۆی سودان و ڕۆژنامەوانانی نێو ڕادیۆکە کەبەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێرراون توێژەر بەسوودوەرگرتن لە ئامرازەکانی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن، توێژینەوەکەی لە چوارچێوەی (٥) بەشدا نووسیوە و ئامانجی توێژینەوەکەشی بریتییە لە:

١. ناساندنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و ڕادەی بەکارهێنانی لە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکاندا.

٢. جێبەجێکردنی ڕێبازێکی زانستی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندندا.

٣. وەستان لەسەر ڕادەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و سوودوەرگرتن لێی لە ڕادیۆی سودان‌دا.

٤. زانینی ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکان.

٥. وەستان لەسەر بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکان لە ستۆدیۆکانی ڕادیۆدا.

٦. زانینی پەیوەست بوونی نێرەرانی هەواڵ بە پێوەر و بەها هەواڵییەکان.

**ئەنجامەکانی توێژینەوە:**

١. پەیوەندیی نێوان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کاری ڕادیۆیی پەیوەندییەکی ئەرێنییە، بەجۆرێك پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووەتە هۆی زیادبوونی پێشکەوتنی ئەدای ڕادیۆ.

٢. ڕادیۆی سودان سوودی لە تەکنەلۆژیای گەیاندن وەرگرتووە بۆ زیادبوونی چالاکی ئەدای هەواڵی و فراوانبوونی بازنەی ڕوماڵ بۆ هەواڵەکان و زیادبوونی خێرای بڵاوبوونەوە.

٣. تەکنیکە نوێیەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی کاری ڕادیۆدا.

٣. ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە بەرهەمهێنەران و سازێنەرانی ڕادیۆ پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە.

٤. ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەکان پێویستی بە ڕاهێنان و شیاندنی کارمەندان و سوودوەرگرتن لە ئامێر و ئامرازی نوێ هەیە بۆ باشتر بەرهەمهێنانی هەواڵ.

٥. توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە پێویستە ئامادەکاران و سازێنەرانی هەواڵ لەڕادیۆی سودان‌دا مەرجی کارکردنیان تێدابێت.

---

(١) ئاسيا ابراهيم احمد عبدة، **(دور تكنولوجيا الاتصال في تطوير إنتاج البرامج الإخبارية للراديو دراسة تطبيقية على الإذاعة السودانية)**، اطروحة دکتۆراه غير منشورة، (خرطوم: جامعة السودان للعلوم و التكنولوجيا، كلية علوم الإتصال– قسم الإذاعة، ٢٠١٤).

**٤. حكيم عثمان حميد (٢٠١١) دور تكنولوجيا الاتصال فى تطوير العمل الأعلامى في الوسائل الاعلام الكوردستاني[1].**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندنە لە گەشەکردنی کاری ڕاگەیاندن لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کورستاندا، تۆژینەوەیەکی وەسفیی ڕووپێوی شیکارییە و توێژەر لێکۆڵینەوەی لە بارودۆخی کەناڵەکانی (کوردستانی نوێ، ڕادیۆی نەوا، KNN) کردووە وەك کۆمەڵی توێژینەوەکەی، سامپڵەکەشی بریتییە لەوەرگرتنی (١٣٥) ڕاگەیاندنکار لەپێناو زانینی بارودۆخی ئێستای هەریەکەیان، هەروەها ئامرازەکانی چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی و تێبینیکرنی بەکارهێناوە لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکەی بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی کە بریتین لە:

١. دەستنیشانکردنی سروشتی ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر نێرەرانی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن (نوسراو، بینراو، خوێنراو)ی کوردیی لە مومارەسەکردنی ڕاگەیاندن و کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە دەزگاکاندا، سەرەڕای هەوڵدان بۆ زانینی بیروڕای ڕاگەیاندنکارانی کورد لەم بوارەدا.

٢. دیاریکردنی ڕادەی هۆشیاری نێرەرانی ڕۆژنامەوانی لەکاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا لەکاری ڕۆژنامەوانیدا، لە بوارەکانی کارگێڕی و ڕاگەیاندن و پیشەیی و تەکنیکییەوە.

٣. زانینی هۆکارە کارتێکەرەکان لەکاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا لەلای ڕۆژنامەنوسان لەبوارە پیشەیی و کۆمەڵایەتی و فێرکاری و ڕاهێنان و کارگێڕییەکاندا،

٤. دەستنیشانکردنی واقیعی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەهەریەك لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕادەی سوودوەرگرتن لێی و کاریگەرێتیی لەسەر نێرەرانی ڕۆژنامەوانی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا لەهەرێمی کوردستانی عێراق و توانای نێرەران بۆ سوودوەرگرتن و لەسەر بەکارهێنانی ئەم کەرەستە نوێیانە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەشداری لە زیادکردنی توانای ڕۆژنامەنوسان دەکات لە زنجیرە جیاوازەکانی کاری ڕاگەیاندندا لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا ( بینراو و بیستراو خوێنراو).

٢. جیاوازییەکی ڕوون و دیار هەیە لەنێوان ئەو ڕاگەیاندنکارانەی کە تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن لەگەڵ ئەوانەی کە بەکاری ناهێنن.

٣. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ ڕۆڵی لەئاسانکردنی پرۆسەی گەیشتن بە زانیارییەکان و پۆلێنکردنیان هەیە لەکاری ڕاگەیاندندا، هەروەها یارمەتیدەرە لەجێبەجێکردنی هونەری ڕاگەیاندن و گەشەپێدانی بەشێوەیەکی باشتر.

٤. لەکارکەوتنی تەکنیکەکان کارەکان گرانتر دەکات و ڕێگرییەکی چاوەڕوانکراو لەکاری ڕاگەیاندندا دەکات.

**٥. تسعديت قدوار (٢٠١١)اثر اكنولوجيات الاتصال على الإذاعة و جمهورها[2].**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەسەر ڕادیۆ و جەماوەرەکەی، توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوییە لەپێناو زانینی ئاراستە و تایبەتمەندییەکانی جەماوەر، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ئامرازەکانی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردنی بەکارهێناوە بۆ (٢٠٠) گەنج کە بەرکەوتنیان بۆ بەرنامەکانی ڕادیۆی

---

(١) حكيم عثمان حميد، **(دور تكنولوجيا الاتصال فى تطوير العمل الأعلامى في الوسائل الاعلام الكوردستاني)**، اطروحة دكتوراه منشورة، (سليمانية: جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية قسم الإعلام، ٢٠١١).

(٢) تسعديت قدوار، **(اثر اكنولوجيات الاتصال على الإذاعة و جمهورها)**، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسة و الإعلام، قسم علوم الإعلام و الإتصال، ٢٠١١).

نیشتیمانی جەزائیر هەیە لە ویلایەتی (تیزی وزو) بەشێوەیەکی نا ئەگەری، ئامانجی توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە:

١. دەرخستنی ڕادەی بەرکەوتنی گەنجی جەزائیری بۆ ڕادیۆ، بەتایبەتی بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری تەکنەلۆژیای گەیاندن بەکارهێنانیان لەلایەن گەنجانەوە، ئەمەش لەمیانەی هەوڵدان بۆ ئەنجامێك لەسەر بناغەیەکی زانستی.

٢. دەرخستنی پەیوەندیی نێوان بەرکەوتنی گەنجان بۆ ڕادیۆ و گۆڕاوەکانی وەك ڕەگەز، ئاستی زانستی، ئاستی پیشەیی، تایبەتمەندییە گشتیی و تایبەتەکانی جەماوەری ڕادیۆ لە نێو گەنجاندا.

٣. زانینی ئەو ئامرازە گەیاندنەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەلای گەنجان.

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

١. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نویێ ئامرازی جۆراوجۆر پێشکەش بە جەماوەر دەکات لەپێناو گەیشتن بە نێرەر هەروەك ڕەخساندنی توانای جۆراوجۆر بۆ بەشداری و کارلێك و گفتوگۆ لەسەر کێشە و بابەتەکان کە پێشتر نەیانزانیوە وەك بەکارهێنانی مۆبایل.

٢. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نویێ بەشێکی زۆری چالاکییەکانی گەنجان داگیردەکات.

٣. بەکارهێنانی پچڕپچڕی ئامرازەکان دەبێتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی گەنجان بۆ ئامرازەکانی گەیاندن.

٤. ڕێژەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەئاستێکی نزمدایە و لەلایەن توێژێکی کەمی گەنجانەوە بەکاردێت وەك (خوێندکاران و فەرمانبەران).

**٦. ادیب احمد الشاطري (٢٠١٠) تأثیر تكنولوجیا الاتصال في الأنواع الصحفیة للصحافة الإلكترونية** [١].

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی کاریگەریێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنە لەسەر جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، توێژەر ڕێبازی (بەراوردکاری) بۆ بەراوردکردنی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان لە ڕۆژنامەی کاغەزی و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا بەکارهێناوە، هەروەها بۆ بەراوردکردنی لایەنە ئەرێنییەکانی هەریەکەیان، ڕێبازی (وەسفی) بۆ گەیشتن بە زانیاری ورد و تێرو تەسەل لەسەر ڕەگەزەکانی دیاردەی پەیوەست بە توێژینەوەکەوە بەکارهێناوە، هەروەها وەسفکردنی سامپڵەکانی توێژینەوە و زانینی پەیوەندیی نێوانیان و نێوان گۆڕاوەکان ئەوانەی کە پەیوەستن پێوەی، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر سامپڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانی (سبتمبر نت، التغییر نت، الأیام نت) وەرگرتووە.

**ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:**

١. زانینی ئەو کاریگەرێتییانەی کە تەکنەلۆژیای گەیاندن بەجێیدەهێڵێت لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا.

٢. زانینی ڕووی جیاواز و لەیەکچوو، جیاکاری لەنێوان جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی.

٣. دەرچوون و جیاوازبوون لەو ئەنجامە بەدەستهاتووانەی کە باس لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەکەن.

٤. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی ڕاگەیاندن بە بابەتی پەیوەست بە کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش:**

١. کەمی گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکان بەهۆی بێبەشبوونی سازێنەران لێیان.

---

(١) ادیب احمد الشاطري، **(تأثیر تكنولوجیا الاتصال في الأنواع الصحفیة للصحافة الإلكترونية)**، رسالة ماجستیر غیر منشورة، (الجزائر: جامعة الجزائر"بن یوسف بن خده"،كلیة علوم السیاسة و الإعلام، قسم علوم الإعلام و الاتصال، ٢٠١٠).

٢. گرنگیدانی سامپڵی توێژینەوە بە وێنەی ڕۆژنامەوانی زیاتر لە جۆرەکانی دیکە.
٣. کەمی ئاستی پێداویستییە ڕۆژنامەوانییە دابینکراوەکان لەڕۆژنامەی سامپڵدا.
٤. گرنگیدانی ڕۆژنامەی سامپڵ بە هەواڵی ناوخۆیی تا ببێتە پێناسێك بۆی لەجیهاندا.

**٧. فريد بن زايد، (٢٠١٠)واقع استخدام التكنولوجيات الحديثة للاعلام و الاتصال في الصحافة المكتوبة بالجزائر**(١).

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی واقعی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە لەڕۆژنامەی چاپکراوی جەزائیردا لەپیناو دەرخستنی ئەو گۆڕانکارییە گرنگ و مەزن و چاوەڕواننەکراوانەی کە لەئەنجامی هاتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا ڕوویانداوە، توێژەر سەرجەم ڕۆژنامەنوسانی ولایەتی (قسنطينة)ی بەشێوەی (المسح الشامل) وەرگرتووە کە ژمارەیان (١٠٢) ڕۆژنامەنوس بووە، بەگرتنەبەری جۆری توێژینەوەی وەسفی و ڕێبازی ڕووپێوی شیکاریی و بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن توێژەر لەهەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانەدابووە:

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:**

١. تیشك خستنەسەر دیاردەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم و دۆزینەوی دوا کاریگەرێتییەکان لەسەر دامەزراوە پیشەیی و بەرهەمهێنەرەکانی ڕۆژنامەنووسانی جەزائیری و ئاستەکانی ئەم بەکارهێنانە.
٢. زانینی ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی جەزائیرییەوە ئەمەش لەڕێگەی هەوڵدان بۆ دیاریکردنی سروشتی کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم لەسەر کارەکانی ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسان.
٣. دەرخستنی سروشتی ئەم بەکاربردنە سەردەمییانە و توانا نوێیانەی کەبەردەستن لەسەر ئاستی زانستی و کرداری و دواجار چۆنیەتی وەلأمدانەوەی ڕۆژنامەنوسانی بەکارهێنەر و دۆزینەوەی ئەوەی کە چی هەیە و چی نییە و کاریگەرێتییان لەسەر تاك و کۆمەڵ.

**توێژەر لەکۆتایدا بەم ئامانجانە گەیشتووە:**

١. کڕین و بەکاربردنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر ئاستی ڕۆژنامە و ماڵ، بەجۆرێك لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە کە ڕۆژنامەنوسە بەرتوێژەکان تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیان لەبەردەستدایە لە ڕۆژنامە و لە ماڵەوە بەجۆرێك کە ڕێژەی هەبوونی کۆمپیوتەر لە شوێنی کارکردن و لە ماڵەوە دەگاتە (٨٨,٧٣٪ ) بەهەمان شێوەش بۆ خزمەتگوزاری بەریدی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت کە بەڕێژەی (٧٧,٩٤) و (٨٤,٣١٪) بەدوای یەکدا ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کەتوانایەکی ماددی بۆ تەکنەلۆژیای سەردەم هەیە ئەمەش لەگرنگترین مەرجەکانی بەدەستهێنانیەتی.
٢. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ گوزارشتە لە گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کەلەدەرەوەی کردەوەکانی مرۆڤەوە بەدینایەت، بەڵکو لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا دەبێت و دیاردەی بەکارهێنان و هەبوونی تەکنەلۆژیا لەنێو کۆمەڵگەدا گەشە دەکات.
٣. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە حاڵەتێکی تێکەڵاوبوون هەیە لەنێوان تەکنەلۆژیای نوێ و کۆندا وەکو فاکس بەجۆرێك هیچ کامیان ئەوی تر ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو یەکتر تەواو دەکەن لەژێر یەك ناودا کۆدەبنەوە کە تەکنەلۆژیای تێکەڵە یان تەکنەلۆژیای نوێ بە تەکنەلۆژیای کۆن.
٤. دروستکردنی ڕێگایەکی نوێ بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە بەجۆرێك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی تۆڕەکانی گەیاندن و کۆمەڵگە گریمانەییەکانەوە دەبێت.

---

(١) فريد بن زايد، **واقع استخدام التكنولوجيات الحديثة للاعلام و الاتصال في الصحافة المكتوبة بالجزائر**، رسالة ماجستير غير منشورة، (الجزائر: جامعة منتوری– قسنطينة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علوم الاعلام و الاتصال، ٢٠١٠).

**٨. لبنى عبداللة عناوين (٢٠٠٩) تكنولوجيا الاتصال و علاقتها بأداء المؤسسات الإعلامية مؤسسة الإذاعة و التلفزيون الأردنية أنموذجاً[١].**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی تەکنەلۆژیای گەیاندن و پەیوەندیی بە ئەدای دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان دەزگای تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ئەردەن وەك نموونە وەرگیراوە، توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، بە بەکارهێنانی سامپڵی هەڕەمەکی چینایەتی بەشێوەی گونجاندن ڕێژەی (٢٥٪)ی ڕۆژنامەنوسانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ئەردەنی وەرگیراوە

**ئامانجی توێژەر لەئەنجامدانی ئەم توێژنەوەیە بریتی بووەلە:**

١. کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەسەر ئەدای دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

٢. ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە برەوپێدانی ئەدای ناو دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

٣. گرنگی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە بەرزکردنەوەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە کێبەرکێی ناوخۆییدا.

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

١. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاری بەشداری لەپەرەپێدانی ئەدای دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەردەنی دەکات پەیوەست بە (پلاندانان و ڕێکخستن و چاودێری و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و بواری مرۆیی و بەرهەمهێنان و لێهاتوویی لە ئەداکردندا).

٢. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەردەندا بەشێوەیەکی زۆر بەشدارە لە گەشەپێدانی بواری ڕێکخستنی چالاکی و کارەکانی دامەزراوەکەدا، بەجۆرێك بەهای هاوکێشەی (BETA) دەگاتە (٠،٤٦٢) زۆری گرنگی دانی کارگێڕی دەزگاکە لە ئەردەندا، بەگۆڕاوی تەکنەلۆژیای گەیاندن بەبڕی لادانی پێوەری یەك و بەرزبوونەوەی بەئاستێکی ڕێکخراو بەبڕی (٤٦،٢٪) لە دامەزراوەی ناوبراودا.

٣. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەشێوەیەکی زۆر بەشدارە لە پەرەپێدانی توانای کارکەرانی نێو دەزگاکە و زیادکردنی توانایان لەبواری ڕاگەیاندندا، بەجۆرێك بەهای هاوکێشەی (BETA) دەگاتە (٠،٤٨٥)، زۆری گرنگیپێدانی دامەزراوەکە لە ئەردەندا، بەگۆڕاوی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەبڕی یەك لادانی پێوەری، بەرزبوونەوەی ئاستی توانای ئەداکردنی بەبەهای (٤٨،٥٪) لە دەزگای ناوبراودا. ئەو ئەنجامانەش ئەوە دەردەخەن کە تەکنەلۆژیای گەیاندن کاریگەرێتیی هەیە لە ئەدای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەردەنیدا.

**٩. امل محمد خطاب (٢٠٠٧)، تكنولوجيا الإتصال الحديثة و دوروها فى تطوير الأداء الصحفى، دراسة تطبيقية على عينة من الصحف القومية و الحزبية المصرية[٢].**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندنە لەسەر برەوپێدانی ئەدای ڕۆژنامەوانی، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر ڕۆژنامە نەتەوەیی و حیزبییەکانی میسر ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژەر پێوانی کاریگەرێتیی و ڕۆڵی تەکنەلۆژیایە بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بە تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی لە برەوپێدانی ئەدای ڕۆژنامەوانی میسری، ئەمەش لەمیانەی بەکارهێنانی ڕێبازی ڕووپێوی و بەراوردکاری بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك ئامرازی توێژینەوەی وەك (چاوپێکەوتن و تێبینیکردن و فۆڕمی ڕاپرسی).

---

(١) لبنى عبداللة عناوين، (**تكنولوجيا الاتصال و علاقتها بأداء المؤسسات الإعلامية، مؤسسة الإذاعة و التلفزيون الأردنية أنموذجاً**)، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا، كلبة الآداب، قسم الإعلام، ٢٠٠٩).

(٢) امل محمد خطاب، **تكنولوجيا الإتصال الحديثة و دوروها فى تطوير الأداء الصحفى، دراسة تطبيقية على عينة من الصحف القومية و الحزبية المصرية**، اطروحة دكتوراه منشورة، (القاهرة: جامعة بنها، كلية الآداب – قسم الإعلام، ٢٠٠٧).

**توێژەر لەکۆتاییدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتوە گرنگترینیان:**

١. گرنگترین تەکنیکە بەکارهێنراوەکان لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکاندا لەقۆناغی کۆکردنەوەی مادەی ڕۆژنامەوانی گواستنەوە و گەیشتنی بۆ بارەگای ڕۆژنامە و قۆناغی سازاندنی بریتین لە: (ئاژانسەکانی هەواڵ، ئەرشیفی ئەلیکترۆنی، ئامێری گوێگرتنی سیاسی، سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو: ڤیدیۆ تێکست، تیلیتێکست، تۆڕی ئینتەرنێت).

٢. ڕۆژنامەی (الأهرام) لەساڵی (١٩٩٣) تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەهۆڵی سازاندنی ڕۆژنامەوانی و لەدەرەوەیدا بەکاردەهێنێت، بەڵام ڕۆژنامەی (الأخبار) لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی (الوفد) لەساڵی (٢٠٠٢)ەوە کۆمپیوتەر بەکاردەهێنێت، ئەمە لەکاتێکدا ڕۆژنامەی (الأحرار) ئامێری کۆمپیوتەری بەکارنەهێناوە و ئیدارەی ڕۆژنامەکە لەهەوڵی ئەوەدان دووبارە کۆمپیوتەر لەکاری جێبەجێکردن و بەهەمهێنان و سازاندندا بەکاربهێننەوە.

٣. توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە جیاوازییەکی ڕوون هەیە لەنێوان خاوەندارێتی ڕۆژنامە نەتەوەییەکان بۆ تەکنیکەکانی چاپی ڕۆژنامەکە لەڕوی ژمارە و جۆر و تایبەتمەندییەکانی ئەم تەکنیکانەوە.

٤. گرنگترین تەکنەلۆژیا بەکارهێنراوەکان لەقۆناغی گواستنەوەی مادەی ڕۆژنامەوانیدا بۆ بارەگای ڕۆژنامە بریتین لە تەکنیکەکانی (گەیاندنی تەلدار و بێتەل وەك: مۆبایل و تلکس و فاکس مەیل و تیلی فۆتۆ و کۆمپیوتەر).

٥. بەرنامەکانی قۆناغی چارەسەرکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بریتین لە (سیستەمی بلاْوکراوەی مەکتەبی و بەرنامەی سازاندنی بەردەست بۆ ئەم سیستەمە).

٦. تەکنەلۆژیای گەیاندن کاریگەرێتیی لەسەر بەر توێژانی توێژینەوەکە لە ڕۆژنامە نەتەوەیی و حیزبیەکاندا هەبووە و کاریگرێتییەکەشی بەپلەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەکانی (الأحرار، الأخبار، الوفد) بووە، بەجۆرێك کە وایدەبینن کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەکاری ڕۆژنامەوانیدا هاوکاربووە لە ئاسانی و وردی و خێرایی لەدەستکەوتن و وەرگرتن و ناردنی مادەی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕۆژنامەکە، هەروەها لە هەڵگرتن و گەڕاندنەوەی زانیارییەکان و داتا ڕۆژنامەوانییەکاندا لەئاسانی گەیشتن بە جەماوەر.

**١٠. عبدالباسط محمد عبدالوهاب الحطامي (٢٠٠٣)، استخدام تكنولوجيا الاتصالات في الإنتاج الإذاعي و التلفزيوني اليمني/ دراسة تطبيقية[١].**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنە لە کاری بەرهەمهێنانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی یەمەندا، توێژینەوەیەکی وەسفییە و ڕێبازی ڕووپێوی و (دراسە حالە) (لێکۆڵینەوە لەحاڵەت) و بەراوردکاری بەکارهاتووە، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە تەلەفزیۆنی ئاسمانیی یەمەن و بەرنامە گشتییەکانی ڕادیۆ کە لە ساڵانی (٢٠٠١-٢٠٠٢) ئەنجامدراون، توێژەر ئامرازەکانی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێناوە.

**ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

١. زانینی ئاڕاستەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاری ڕاگەیاندندا.

٢. زانینی هۆکارە پیشەیی و کۆمەڵایەتی و فێرکاری و کارگێڕییە کارتێکەرەکان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا.

٣. زانینی واقیعی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا و ڕادەی سوودوەرگرتن لێی.

٤. زانینی مێژووی بەکارهێنانی ئەم ئامرازە نوێیانە و سوود و زیانەکانیان.

---

(١) عبدالباسط محمد عبدالوهاب الحطامي، **(استخدام تكنولوجيا الإتصالات في الإنتاج الإذاعي و التلفزيوني اليمني/ دراسة تطبيقية)**، رسالة دكتوراه منشورة، (القاهرة: جامعة الأزهر، ٢٠٠٣).

**ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە:**

١. ڕێژەی ئەوانەی كە پێیان وایە تەكنیكە نوێیەكان لەكاری بەرهەمهێنان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بەكاردەهێنرێن زیاترە لەوانەی كەپێیان وایە تەكنیكە نوێكان بەكارناهێنرێن.

٢. ئەم تەكنیكانە لە هەموو گروپەكاندا بەگوێرەی جۆری تەكنیك و خزمەتگوزارییەكان كە لەبواری ڕاگەیاندندا بەكاردێن بەدوای یەكدا پلەی یەكەم و دووەمیان بەدەستهێناوە، ئەوانیش:

ا. گروپی دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران: ئامێری كۆمپیوتەر، بەدوایدا كامێرا.

ب. گروپی ئامادەكاران و سازێنەران: ئامێری كۆمپیوتەر، بەدوایدا ئینتەرنێت.

ت. گروپی پێشكەشكاران و بێژەران: ئامێری كۆمپیوتەر، بەدوایدا خزمەتگوزاری ئینتەرنێت.

پ. گروپی كارگێڕی: ئامێری كۆمپیوتەر، بەدوایدا تەلەفۆن.

ئەو ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن كە ئامێری كۆمپیوتەر پلەی یەكەمی هەیە و دواتریش خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەپلەی دووەمدا دێت لە گروپی ئامادەكار و پێشكەشكاران.

٣. ئەنجامەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە جیاوازی هەیە لە گروپی ئامادەكاران و سازێنەران لە بواری: ئامادەكردنی بەرنامەی ڕۆشنبیری، بەرنامەی منالان، ئاستی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای گەیاندن ئەمەش بەئاستی (٠,٠٥)، هێزی ئەم پەیوەندییەش بەڕێژەی (٣٣٪) كە مامناوەندە، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە جیاوازی نییە لەم گروپانەی خوارەوە:

دەرهێنەر و بەرهەمهێن و پێشكەشكار و بێژەر، و كارگێڕان كەتەكنەلۆژیا بەكارناهێنن بەهۆی كەمی دووبارەبوونەوەیان، لەسەر ئەو بنەمایەش بۆ گریمانەی هەبوونی پەیوەندی و پەیوەستی جیاوازی لەنێوان كاری ڕاگەیاندن "جۆری پیشە" لە گروپی ئامادەكار و بێژەر و كارگێڕەكاندا لەبواری كاری ڕاگەیاندندا و ئاستی بەكارهێنانیان بۆ تەكنەلۆژیای گەیاندن لەبەرامبەردا هیچ پەیوەندییەك یان جیاوازییەك لەنێوان كاری ڕاگەیاندن و ئاستی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیادا نییە.

**★ چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە توێژینەوەكانی پێشوو:**

١. بۆ بەشی تیۆریی توێژینەوەكە.

٢. بۆ دیزاینكردنی فۆڕمی ڕاپرسی و داڕشتنی پرسیارەكان.

٣. زانینی گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەكانی ئەو توێژینەوانە و سوودلێوەرگرتنیان لەم توێژینەوەیەدا.

٤. وەك سەرچاوەیەكی زانیاری.

٥. بۆ بەراوردكردنی توێژینەوەكەی توێژەر و توێژینەوەكانی پێشوو.

**★ گفتوگۆی توێژینەوەكانی پێشوو:**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی كاریگەرێتیی تەكنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی توێژەر هەوڵیداوە ئەو بابەتە هەڵبژێرێت كە توێژینەوەكانی دیكە گرنگییان پێنەداوە كە ئەویش سازاندنی ڕۆژنامەوانییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێ ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەكانی دیكەدا خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەبێت بەجۆرێك:

١- ئەم توێژینەوەیە هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەكانی (محمد ٢٠١٥، ادیب ٢٠١٠، فرید ٢٠١٠، امل ٢٠٠٧) كە دەربارەی پەیوەندی نێوان تەكنەلۆژیای گەیاندن و ڕۆژنامەن بەشێوەیەكی گشتی.

٢- لەگەڵ سەرجەم توێژینەوەكانی دیكەدا ڕێبازی (وەسفی) بۆ وەسفكردنی بابەتەكان بەكارهاتووە.

٣- ئامانجی زانینی کاریگەرێتیی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانە لەسەر ڕەگەزەکانی (پەیام و ئامراز) لێرەشەوە هاوبەش دەبێت لەگەڵ سەرجەم توێژینەوەکانی دیکەدا، بەدەر لە توێژینەوەکەی (تسعدیت، ٢٠١١)، کە ئامانجی زانینی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژییایە لەسەر ڕەگەزەکانی (ئامراز و جەماوەر).

٤- ئەم توێژینەوە یە لە ڕووی سامپڵ و کۆمەڵی توێژینەوەوە جیاوازە لەتوێژینەوەکانی دیکە، بەڵام لەشێوازی وەرگرتنی سامپڵدا لەگەڵ توێژینەوەکانی (محمد ٢٠١٥، فريد ٢٠١٠)دا هاوبەشە کەبەشێوەی ڕووماڵکردنی گشتییە (المسح الشامل)ە.

٥- ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازە بەهۆی جیاوازی ئامانجیانەوە کە دەگونجێ هاوبەش یان جیاواز بن لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا.

٦- هەندێك لەتوێژینەوەکانی پێشوو کە توێژەر بەکاریهێناوە ڕاستی و جێگیرییان بۆ نەکراوە لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لێیان کە جێگیری بۆ دەرهێنراوە بەڕێگای ڕێکی ناوەکی و بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباغ).

٧- ئەم توێژینەوەیەی توێژەر بە جیاواز لە توێژینەوە بەکارهێنراوەکانی پێشوو، بیردۆزی پەیوەست بە تەکنەلۆژیای بەکارهێناوە کە ئەویش (بیردۆزی هەریەتی تەکنەلۆژی مارشاڵ ماکلۆهان)ە، کە لە توێژینەوەکانی پێشووی بەکارهێنراو بەکارنەهێنراوە.

**پازدەیەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر بەپێویستی دەزانێت لە تێڕوانینی زانستی و گۆشەنیگای بۆ توێژینەوەکەی چەمکەکانی توێژینەوەکەی پێناسە بکات بۆ بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنی زیاتر و بە پێویستیشی نەزانیوە دووبارە پێناسەی بیردۆزی چەمکەکان لێرەدا دووبارە بکاتەوە، بەڵکو تەنها پێناسەی ئیجرائی چەمکەکانی کردووە کە پەیوەندیی بە واقعی توێژینەوەکەوە هەیە بەم شێوەیە:

**کاریگەرێتیی:** مەبەست کارکردنی بگۆڕێکی سەربەخۆیە (المغيرالمستقل) لەسەر بەگۆڕێکی وابەستە (المتغير التابع) بەهۆی هۆکارێکی دیاریکراوەوە، جا ئەو هۆکارە دیار بێت یان نادیار، ماددی بێت یان مەعنەوی، بەهێز بێت یان لاواز، لەپێناو دەرکەوتنی کاریگەرێتییەکەی، ئەرێنی بێت یان نەرێنی، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامێکی دیاریکراو لەسەر بابەتێك یان دیاردەیەك.

توێژەر پێی وایە کاریگەرێتیی لە زانستی ڕاگەیاندندا بریتییە لەهەر ئەنجامێك کە لەئەنجامی کاری ئامرازێکی گەیاندنی جەماوەرییەوە بەجێدەمێنێت جا مەبەستدار بێت یان بێ مەبەست.

**تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ:** مەبەست لەو کەرەستە و ئامێرە تەکنەلۆژییە نوێیانەیە کە لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بڵاوبوونەتەوە و سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) لەسەرجەم قۆناغەکانی سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا ڕۆژانە و بەردەوام بەکاریان دەهێنن وەك (کۆمپیوتەر، تۆڕەکانی بەیەکەوەبەستن، مۆبایلی زیرەك...) سەرەنجام بوونەتە هۆی خێراکردن و ئاسانکردنی پرۆسەی سازاندن و ئاگاداربوون لە گۆڕانکارییە نوێیەکان لەکاتی ڕوودانیاندا

**سازاندنی ڕۆژنامەوانی:** هەنگاوێکە لەهەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی کە مەبەست لێی دارِشتن و ڕێکخستنەوە و سازاندنەوەی مادده بەدەستهاتووە کۆکراوەکانە کە لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە وەرگیراون، پاش ئەوەی کە پێداچوونەوەی کۆتاییان بۆدەکرێت و ناونیشان و وێنەی گونجاویان بۆ دادەنرێت لەشێوە و بۆتەی جیاوازدا ڕێکدەخرێنەوە و دواجار وەك پەیامێکی ڕۆژنامەوانی ئاڕاستەی وەرگران دەکرێت.

# بەشی دووەم
# تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

پاری یەکەم: چەمك و پێناسەی تەکنەلۆژیا

پاری دووەم: تایبەتمەندیی و ئەرك و کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

پاری سێیەم: ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

**دەستپێك**

بوونی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە هەموو بوارەکاندا لایەنێکی گرنگە و شایەنی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیە، لەبەرئەوەی لایەنێکی زیندو و جولاّوی پرۆسەی گەیاندنە بەشێوەیەکی گشتی چ لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای گەیاندنی چاپکراوەوە بێت (هەروەك لە ڕۆژنامە و چاپکراوەکان)دا، یان لەڕێگەی تەکنەلۆژیای گەیاندنی بیستراوەوە بێت (هەروەك لە ڕادیۆ و تۆمارکەرەکان)، یان تەکنەلۆژیای گەیاندنی بیستراو و بینراو (هەروەك لە تەلەفزیۆن و سینەما و وێنەی جووڵاو) یان لە ڕێگەی گەیاندنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

پێکهاتە و هێز و توانستی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە هەر کۆمەڵگایەکدا لایەنێکی زیندو و پێکهاتەیەکی کاریگەرە لە پێکهاتەکانی سیستەمی گەیاندنی نیشتیمانی، هەروەك چۆن ڕەهەندی تەکنەلۆژیای گەیاندن ڕەهەندێکی گرنگی سیاسەتی گەیاندنی نیشتیمانییە، ئەمەش بەرێژەیەك داخوازی سیاسەتی ڕۆشنبیری نیشتیمانییە[١].

تەکنەلۆژیا بە ئامراز و تەکنیکە جیاوازەکانیەوە بەگرنگترین سیماکانی سەردەمی نوێ دادەنرێت، هەروەها ئاماژەیەکە کەڕادەی پێشکەوتن و شارستانیەتی دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە[٢]، تەکنەلۆژیا ناودەبرێت بە نوێترین کەرەستەکان بۆ دامەزراوە کارگێڕییەکان تەنانەت بۆ حکومەتەکانیش، چەمکەکەشی پەیوەستە بە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان، ئەمەش ناودەبرێت بەو کەرەستانەی کە زۆرترین بەشداریدەکات بەرێگەیەکی ڕاستەوخۆ لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێ بە ئامراز و تەکنیکە نوێیەکانیەوە[٣].

هاتنەکایەی تەکنەلۆژیا بۆ نێو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بووەهۆی گۆڕینی پیشەسازی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی، و ڕۆژنامە بەشێوەیەکی تایبەتی لە سیستەمێکی کرداری کلاسیکی بۆ سیستەمێکی کراوەی بێکۆتوبەند و بێسنور، بەجۆرێك کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشی سەرجەم تاکەکان بکات لەهەر کات و شوێنێکدا، لەڕێگەی تۆڕەکان و کەناڵەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیارییەکانەوە[٤].

## پاری یەکەم: چەمك و پێناسەی تەکنەلۆژیا

### ١. چەمکی تەکنەلۆژیا لە زمانەوانیدا:

بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە[٥]، هەرچەندە بەتێپەڕبوونی مێژوو گۆڕانکاری بەسەر چەمکی تەکنەلۆژیادا هاتووە و گەشەی کردووە بەپێی پێداویستی کۆمەڵگاکان و بەکارهێنانەکانی ڕۆژانەیان، هەروەها ڕاڤە و پێناسەی جۆراوجۆریان بۆکردووە، بەڵام زۆر جیاواز نەبوون لەو ڕاڤانەی کە بیرمەند (گالبریت Galbreith) بۆ ئەم چەمکەی کردووە و پێی وابووە "تەکنەلۆژیا ڕێگایەکە بۆ بیرکردنەوە و ڕێبازێکە بۆ کارکردن، و شێوازێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە پشت دەبەستێت بە دەرەنجامی توێژینەوەکان لە هەموو بنەما سروشتی و مرۆییەکان تا بگاتە ئامانجەکانی بە بەرزترین توانا و کەمترین تێچوون"[٦].

---

(١) حسن عماد مكاوى و محمود سليمان علم الدين، تكنولوجيا المعلومات و الإتصال، (بدون مكان طبع، ٢٠٠٠)، ص٧٢.

(٢) محمد اسماعيل ياسين، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٤.

(٣) بوعلي فريدة و فوضيل حكيمة، دور تكنولوجيا المعلومات و الإتصال في تحسين الإتصال الداخلي بالمؤسسة، دراسة حالة اتصالات الجزائر"المديرية العملياتية للاتصالات-البويرة"، رسالة ماجستير غير منشورة، (جزائر: جامعة أكلي محند أوحاج- البويرة، كلية العلوم الإقتصادية و التجارية و علوم التسيير- ٢٠١٤)، ص٣.

(٤) امل محمد خطاب، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧.

(٥) محمد اسماعيل ياسين، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٥.

(٦) فريد بن زايد، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ص٤١.

وشەی تەکنەلۆژیا لە وشەی یۆنانی (Technelogos) وەرگیراوە، (Techno) بەواتای پیشە یان لێهاتوویی دێت[١]، یان ڕێگا و هۆ و ئامراز[٢]، وشەی (Logos) بەواتای زانست یان لێکۆڵینەوە یان گەشەپێدان دێت، بەم جۆرەش وشەی تەکنەلۆژیا بەواتای زانستی لێهاتوویی، یان هونەر دێت، کە بەشێوەیەکی لۆژیکی لە لێهاتوویی دەکۆڵێتەوە بۆ بەجێهێنانی پیشەیەکی دیاریکراو[٣].

پاش دەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی چەمکی تەکنەلۆژیا لە کلتوری یۆنانییەوە چووە نێو زمانی ئینگلیزیەوە و شێوەیەکی نوێی وەرگرت کە زۆر جیاواز نەبوو لە شێوە بنچینەییەکەی، لەزمانی ئینگلیزیدا پاش یەکگرتنی هەردوو وشەکەی پێشوو یەك وشەیان پێکهێنا کە ئەویش (Technology)یە و بەگۆڕینی بنەماکەشی واتاکەشی گۆڕانی بەسەردا هات و بوو بە " هەر داهێنانێك یان شێوازێکی لۆژیکیی بۆ ئەو ڕووداوانەی کە کاریگەرێتییەکی ڕێکخراویان هەیە و دەکرێ دووبارە بکرێنەوە"، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو وشەکە پێکەوە لە پاشخانی یۆنانی دا بەواتای (توێژینەوەی لێهاتوویی یان پیشەیی یان زانستی لێهاتوویی، یان گەشەپێدانی لێهاتوویی و پیشەیی ) دێت[٤].

ئەم چەمکە بە ڕاستە ڕێگایەکدا دەڕوات و تێر دەبێت لە پێدراوەکانی شۆڕشی پیشەسازی تاوەکو سەدەی بیستەم[٥]، پاشان دەچێتە نێو زمانەکانی ترەوە و وەردەگێڕرێتە سەر زمانی عەرەبی و دەبێتە ( تقنیه، تقنیات، تقانه، تقانات)، بەواتای " زانستی جێبەجێکردن، یان ڕێگەیەکی هونەری بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵێك ئامرازی بەکارهێنراوە بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ ژیانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی"،[٦] بەلاّم بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە زۆربەی کتێبە ئەدەبییەکانی زمانی عەرەبیدا باو بووە، ئەمەش ئاسانتر و باشتر بووە بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی وەك وشەیەکی جیهانی کە هەموو زمانەکان لێی تێبگەن و بەکاریبهێنن وەك ئەوەی کە لەزمانی کوردیدا هەیە لەگەڵ گۆڕینی پیتی (ج) بە پیتی (ژ) و بە (تەکنەلۆژیا) دەنووسرێت[٧].

بەشی یەکەم (Techno) بە تێپەڕبوونی سەدەکان وەك خۆی ماوەتەوە، بەلاّم بەشی دووەمی وشەکە (Logos) گۆڕاوە بۆ(Logy) کەبوەتە پاشکۆی ناوی زانستە جیاوازەکان کە بەواتای زانست دێت و بۆ هەر بوارێك زیاددەکرێت، پاش ئەوەی زانستە جیاوازەکان چەمکەکەیان بە واتا ئینگلیزییەکەی وەرگرت و لە بوارەکانی (پیشەسازی، کشتوکاڵ، پزیشکی، ئەندازیاری، دەرمانسازی) دا بەکاریان هێنا و هەریەکەیان تەکنەلۆژیای تایبەت بە خۆی هەبوو[٨].

**٢. چەمکی تەکنەلۆژیا لە زاراوەدا:**

تەکنەلۆژیا کۆمەڵێکە لە سیستەم و ڕێسای کرداری و شێوازی کارکردن کە بڕیار بۆ جێبەجێکردنی پێدراوە نوێیەکان دەدات بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی داهێنەرانە لەبوارەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و جێبەجێکردنێکی ڕێکخراو پێکدێنێت بۆ زانین و شارەزای بەدەستهاتوو کە لە کۆمەڵێك هۆ و ئامرازی هونەری

---

(١) ابراهیم عبدالفتاح یونس، التعلیم بین الفکر و الواقع، (القاهرة: دار قباء، ٢٠٠٣)، ص٣٢.

(٢) عبدالباسط محمد عبدالوهاب، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٣.

(٣) حکیم عثمان حمید، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧.

(٤) فرید بن زاید، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠–٤١.

(٥) فرید بن زاید، سەرچاوەی پێشوو، ص٤١.

(٦) نسرین محمد عبدة، اثر التطور التکنولوجي علی فن التحریر الصحفي، (http://www.alukah.com)، (کاتی سەردان: ٢٠١٥/١٢/١٥).

(٧) حکیم عثمان حمید، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧.

(٨) فرید بن زاید، سەرچاوەی پێشوو، ص٤١.

پێکدێت کە مرۆڤ لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی زانستیدا بەکاریاندەهێنێت، هەروەها تێکەڵەیەکە لە ڕێساو یاسا و زانینی مرۆڤایەتی[١].

تەکنەلۆژیا[*] چەندین پێناسە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە بە جۆرێك هەندێك بە زانیاری یان ئامرازی مرۆیی دەیناسێنن" ئامرازی مرۆییە بە بەکارهێنانی زانین بۆ زیادکردنی توانا زانستییەکانی"، هەروەها بەکارهێنانی زانیاری زانستی کردارییە بۆ دیاریکردنی شێوازی کارکردنی شتێك و دەتوانرێت دووبارەبکرێتەوە[٢].

تەکنەلۆژیا پێناسە دەکرێت بەوەی کە: " کۆمەڵێکە لە زانیاری و شارەزایی کەڵەکەبوو، کەرەستە و ئامرازی ماددی و ڕێکخراو و ئیداری (کارگێڕی) کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ ئەنجامدانی کار و پیشەیەك لەژیانی ڕۆژانەیدا بۆ تێرکردنی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵدا[٣].

تەکنەلۆژیا" لێکۆڵینەوەی زانستییە بۆ هونەرە زانستییەکان یان پیشەییەکان کە بە لایەنی کرداری زانست دادەنرێت"[٤].

لەماوەی تێڕوانینی توێژەر بۆ پێناسەی زانایان و توێژەرانی هاوچەرخ بۆ چەمکی تەکنەلۆژیا، توێژەر ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چەمکی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە بۆ سێ واتا[٥]:

١. وەبەرهینانی ناسین (المعرفة): لە تیۆری و دەرەنجامی توێژینەوەکان و جێبەجێکردنیان دەستدەکەوێت، لەبەرئەوە تەکنەلۆژیا پێناسەدەکرێت بە "پۆلێنی زانیاری زانستیی بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی کۆمەڵگا".

٢. دۆزینەوە و داهێنانەکان: ئەمەش پێکدێت لە ئامێر و کەرەستە و کەلوپەل و پێشنیارەکان و هەموو ئامرازە بەرهەمهاتووەکان لە جێبەجێکردنی کرداری زانیاری زانستی بەمەش تەکنەلۆژیا پێناسەدەکرێت بەوەی کە" جۆرە جیاوازەکانی ئامرازە کە بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییە گرنگەکان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ و بەردەوام بوونی.

٣. بەکارهێنانە کردارییەکانی ئەنجامی وەبەرهێنانی زانین: مەبەست لێی کۆمەڵێك زانیاری و لێهاتوویی پێویستە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئامێر و کەرەستە بەرهەمهاتووەکان لە وەبەرهێنانی زانینی زانستیدا تابتوانێت بگات بەو

---

(١) خالد منصر، علاقة استخدام تكنولوجيا االإعلام و الإتصال الحديثة باغتراب الشباب الجامعي دراسة ميدانية على عينة من طلاب جامعة باتنة، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الحاج لخضر- باتنة، قسم العلوم الإنسانية، شعبة علوم االإعلام و الإتصال، ٢٠١٢)، ص٤٨ .

(*) چەمکی تەکنیك لەگەڵ تەکنەلۆژیا تێکەڵن بەتایبەتی لە زمانی فەرەنسیدا تەکنیك (Technique) کۆنە و تەکنەلۆژیاش (Technologie) بەرێژەیەك نوێیە، هەروەها تەکنیك بریتییە لە شێواز یان ڕێگایەك کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ ئەنجامدانی کارێك، هەروەها تەکنیك پێناسە دەکرێت بەوەی هونەری بەکارهێنانی دەرامەتە سروشتیەکانە لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددییەکانی مرۆڤ، بەڵام تەکنەلۆژیا واتای بنچینەیی بریتییە لە (زانست و هونەر و پیشە) توێژینەوە لە تایبەتمەندی ئەو بابەتانە دەکات کە ئامێر و کانزایان لێ دروستدەکرێت، و بەکارهێنانی زاراوەی تەکنەلۆژیا لەسەردەمی نوێدا دەرکەوت بەتایبەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی، لەکاتێکدا ئامێرەکان گرنگیان زیاتر بوو و شوێنیشییان بەرزتر و دیارتر بوو لە بواری بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

(أ) محمود علم الدين، تكنولوجيا المعلومات و صناعة الإتصال الجماهيري، (بدون مكان النشر: العربى للنشر و التوزيع، ١٩٩٠)، ص١٦ .

(ب) منال هلال المزاهرة، تكنولوجيا الاتصال و المعلومات، ط١، (عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، ٢٠١٤)، ص ٥١-٧١.

(٢) مجد الهاشمي، تكنولوجيا وسائل الإتصال الجماهيري، : مدخل الى الاتصال و تقنياته الحديثة، ط١ ( عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤)، ص٤٥ .

(٣) محمود علم الدين، تكنولوجيا المعلومات و صناعة الإتصال الجماهيري، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥ .

(٤) مجد الهاشمي، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٤ .

(٥) نسرين محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص٩ .

ئامانجانەی کە لە پشتەوە دانراون، لێرەدا پێناسەی تەکنەلۆژیا کراوە بەوەی" هەموو ڕێگایەکە کە خەڵکی بەکاریدەهێنن لە پێشنیار و دۆزینەوەکانیان بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکان و تێرکردنی ئارەزووەکانیان".

د. زاهر احمد پێی وایە زاراوەی تەکنەلۆژیا لە سێ چەمکی سەرەکی پێکهاتووە(١):

یەکەم: تەکنەلۆژیا وەك کردار: ئەو جێبەجێکردنە ڕێکخراوەیە بۆ ناوەڕۆکێکی زانستی یان زانیاری بەمەبەستی ئەداکردنێکی دیاریکراو کە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو.

دووەم: تەکنەلۆجیا وەك بەرهەم: بەرهەمی جێبەجێکردنی ئامرازە زانستییەکانە کە هاوکار دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی ئامێرە سەرەتاییەکان، وەکو فیلم وەك ماددەیەکی سەرەتایی و ئامێری پیشاندانەکەی کە هەردووکیان ئەنجامی جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیان بەچەمك و ئامرازە زانستییەکان.

سێیەم: تەکنەلۆژیا وەك تێکەڵەیەك بۆ شێواز و بەرهەم: لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پرۆسەی داهێنان هاوتای پرۆسەی بەرهەمهێنانە و هەروەها ناتوانرێت وەك شێوازێك تەکنەلۆژیا لێی جیابکرێتەوە وەکو بەرهەم و ڕۆشنکەرەوە، نموونەی ئەمەش کۆمپیوتەرە کە هەمان ئامێر هەمیشە لەگەشەکردندایە لە بەرهەم و بەرنامەدا.

بە تێبینیکردنی توێژەر بۆ ئەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە تەکنەلۆژیا لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت کە تەواوکەری یەکترین(٢):

١. ڕەگەزی ماددی: بریتە لە ئامێر و ئامادەکراوەکان و ویستراوە ئەندازەیی و هونەرییەکان.
٢. ڕەگەزی فکری: بریتیە لە زانینی بنەما و تەکنیك و پرۆگرامەکان کە لە پشت بەرهەمهێنانی یەکە ماددییەکانن.

لەکۆتایدا توێژەر دەتوانێت بڵێت تەکنەلۆژیا ئامرازێکی ماددییە، لەئەنجامی خستنەگەڕی توانا و شارەزایی و زانین (المعرفە) ی کەڵەکەبووی مرۆڤایەتی بەرهەمهێنراوە بەئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ، بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و بەربەستەکانی ژیانی رۆژانەیدا.

**گەیاندن و پەیوەندیکردن:**

پرۆسەی پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی جێگیر نییە، بەڵکو بەدرێژایی مێژوو شایەنی گۆڕان و گەشەکردن بووە، هەربۆیە ناساندنی پەیوەندیکردن جیاوازە بە جیاوازی کەس و کات و شوێنەکان، وشەی پەیوەندیکردن (Communication) لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و لە بنچینەی لاتینی (Communis) بەواتای هاوبەش، کاتێك هەڵدەستین بە پرۆسەی پەیوەندیکردن، هەوڵدەدەین لەمیانی (پەیامێکی هاوبەشدا) (Commonness) لەگەڵ کەس یان کۆمەڵێکی تر، بەشداربین لە زانیاری و بیروڕا و هەڵوێستێکی دیاریکراودا(٣).

(ادوین امری) وایدەبینێت کە پەیوەندیکردن"هونەری ناردنی زانیاری و بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر"(٤).

---

(١) زاهر احمد، وەرگیراوە لە:حدید یوسف و براهمة نصیرة، تكنولوجيا الإتصال و اختراق الخصوصية الثقافية للأسرة الحضرية الجزائرية، **مجلة العلوم الأنسانية و الأجتماعية، العدد١٧، ديسمبر٢٠١٤**، ص ٢٦١ .

(٢) حسنين شفيق، الإعلام التفاعلي، (بدون مكان النشر: دار فكر وفن للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠١٠)، ص١٤.

(٣) فؤاد علي احمد، الإتصال السياسي في الأحزاب الكوردية الإتحاد الوطني الكوردستاني إنموذجا، رسالة ماجستير منشورة، (السليمانية: مكتب الفكر و الوعي في الاتحاد الوطنى الكردستانى، بدون سنة طبع)، ل٣٣. وەرگیراوە لە: هالة منصور، الاتصال الفعال، مفاهيمه و اساليبه و مهاراته، (الاسكندرية: المكتبة الجامعية، ٢٠٠٠)، ص١١.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٥ وەرگیراوە لە: ادوين امري و اخرون، الاتصال الجماهيري، ترجمة: ابراهيم سلامة (القاهرة: المجلس الاعلى للثقافة، ٢٠٠٠) ص١٧.

پەیوەندیکردن بریتیە لە پرۆسەیەك کە کەسێك هەڵدەستێت بە گواستنەوەی پەیامێك کە هەڵگری زانیاریی یان بیروبۆچوون یان ئاراستەکان و هەست و سۆزە بۆ ئەوانی تر، بەهەر ئامانجێك، لە هەرهەلۆیستێکدا، لەڕێگەی هێماکانەوە، بە تێڕوانینێکی بەمەبەست و پیشاندانی دوور لە تەشویش[١].

پەیوەندیکردن بریتیە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون و زانیارییەکان کە وشە و وێنە و هێما جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، تەوەری شارەزایی مرۆڤایەتییە، کۆمەڵگەی ڕێکخراو پشت دەبەستێت بە پەیوەندیکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە، و لەگەڵ گەشەکردنی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان و بەکارهێنانیان لە چارەسەرکردنی زانیارییەکان دیاردەی پەیوەندیکردن گرنگی و کاریگەرێتیی بەهێزتری دەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵی نوێ و پێشکەوتوو[٢].

پەیوەندیکردن بریتییە ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوون و زانیاری و بیروڕا لەنێوان دوو لایەن یان زیاتردا لەڕێگەی شێواز و ئامراز و هۆکاری جیاوازەوە وەکو ئاماژەبۆکردن، قسەکردن، خوێندنەوە و نووسین[٣].

توێژەر پێی وایە پەیوەندیکردن بریتیە لە هونەری گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بیروبۆچوونەکان لەڕێگای هێما هاوبەشەکان بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەرێتیی و تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان گەیەنەر و وەرگردا.

**تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ**

بەرلەوەی توێژەر پێناسەی تەکنەلۆژیای گەیاندن بکات، پێویستە باس لە چەمکی "شۆڕشی گەیاندن" بکرێت کە مەبەست لێی (ئەو گەشەکردنە تەکنەلۆژیانەیە لەبواری گەیاندندا کە لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕوویانداوە و بەخێرایی بلاوبوونەوە و بەکاریگەرێتیی درێژخایەن لە پەیامەوە بۆ ئامراز دەناسرێتەوە، بۆ جەماوەری ناو کۆمەڵگەیەك یان چەند کۆمەڵگەیەك)، پێکدێت لە سێ بوار[٤]:

أ. شۆڕشی زانیاری یان شالاوی زانیاری، بڕێکی زۆر لە زانین لەخۆدەگرێت.
ب. شۆڕشی ئامرازەکانی گەیاندن کە بریتیە لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ، بە گەیاندنی تەلدار و بێتەل دەستپێدەکات، و بە مانگی دەستکردو (گورزە کێبڵی بینین) کۆتایی دێت.
ت. شۆڕشی کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی کە تێکەڵ بەئامرازەکانی گەیاندن بووە و یەکیگرتووە لەگەڵیاندا ئینتەرنێتیش باشترین نموونەیە بۆ ئەم شۆڕشە.

سەرەڕای ئاماژەدان بەو چەند خاڵەی سەرەوە، بەلاَم بەر لەوەی باس لە تەکنەلۆژیای نوێی گەیاندن و پەیوەندیکردن بکرێت پێویستە ئاماژە بە دوو تێبینی گرنگ بدرێت:

یەکەم: ناتوانرێت وەسفێکی یەکلاکەرەوە بۆ چەمکی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بکرێت، چونکە لایەن و کۆمەڵە زانستییەکان هاوڕانین لەسەر یەك چەمکی تەواو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تارادەیەك کەمی تەمەنی دیاردەکە و دواکەوتنی گەشەکردنی ئامرازە ماددی و زانینییەکانی[٥].

دووەم: بەئەندازەی ژمارەی توێژەرەوان و چارەسەرکەرانی بابەتی تەکنەلۆژیای نوێ چەمك و پێناسەکانیشی جۆراوجۆر دەبن، هەریەکێکیان گرنگی پێدانی لەسەر یەك لایەن یان ئەنجامێکی دیاریکراو چڕدەکاتەوە، بۆنموونە "ماکلۆهان" لە شیکردنەوەکەیدا بۆ دیاردەی تەکنەلۆژیا جەخت لە پێشکەوتنی ئامرازەکان دەکاتەوە، لێرەدا پشت

---

(١) فؤاد علي احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦، وەرگیراوە لە: صالح خليل ابو اصبع، العلاقات العامة و الاتصال الانساني (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع، ١٩٩٨)، ص١٣.

(٢) حسن عماد مكاوی و محمود سليمان علم الدين، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٩

(٣) حديد يوسف و براهمة نصيرة، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦١ .

(٤) ربحي مصطفى العليان، إدارة المعرفة، ( عمان: دار صفاء للنشر و التوزيع، ٢٠٠٥)، ص ٣٠٠.

(٥) مي عبدالله سنو، الإتصال في عصر العولمة، الدور و التحديات الجديدة، ط٢، (بيروت: دار النهضة العربية،٢٠٠١)، ص ٩٠.

**بەلایەنی زانستی مێشکە وێنە (صورة ذهنية)ی نەگۆڕ دەبەستێت ، هەروەها کەسێك کاتێك توێژینەوە بکات لە کاریگەرێتییەکان و ئەو شوێنەوارانەی کە بەجێیدەهێڵێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا لەکاتێکی دیاریکراودا[١].**

**دەتوانرێت تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەوە پێناسە بکرێت کە کۆکراوەی زانین و شارەزایی کەڵەکەبووە، ئامراز و هۆکاری ماددی و ڕێکخراو و کارگێڕی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و چارەسەرکردنیان، هەروەها بەرهەمهێنان و هەڵگرتن و گێڕانەوە و بلاّوکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردن و گەیاندنیان بە تاك و کۆمەڵگاکان[٢].**

**هەروەك چۆن توێژەر (محمود علم الدين) پێی وایە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بریتیە لە زاراوەیەك کە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی ئامێرەکانی پەیوەندیی (تەلدار و بێتەل) کە دەتوانرێت بگەینە زانیارییەکان و سوودیان لێوەرگرین وەکو، (فاکس مەیل و کۆنگرە دوورەکان)[٣].**

**لێرەدا دەکرێت بوترێت مەبەست لەتەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هەموو ئەو ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیانەن کەلە دواچارەکی سەدەی بیستەمدا بلاّوبوونەتەوە و بەئامانجی خێراترکردنی پرۆسەی گەیاندن و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێن.**

**تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندیی و زانیاری**

**کاتێك کە پێناسەی تەکنەلۆژیای پەیوەندیی دەکرێت پێویستە هەڵوێستە بکرێت لەسەر چەمکی جێگرەوەی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن (Communication Technology) کە ئەویش تەکنەلۆژیای زانیارییە (Information Technology) کە هەتاوەکو ئێستاش جێگای بایەخە، لەکاتێکدا زۆرێك لە توێژەران تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن بە یەکێك لە چاوگەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری دادەنێن، بەو واتایەی کە ئەڵقەیەکی بەیەکەوە بەستنی بەکارهێنراوە لە گواستنەوە و بەیەکداچوونی زانیاری و بیروڕاکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، هەندێك لە توێژەران هەردوو زاراوەی تەکنەلۆژیای پەیوەندیی و تەکنەلۆژیای زانیاری لەبری یەکتری بەکار دەهێنن، لەکاتێکدا هەندێکی تریان جیاوازی دەکەن لە نێوان پێناسەکردنی ئەم دوو چەمکەدا[٤]، (د. حسن عیماد مکاوی) وایدەبینێت کە تەکنەلۆژیای پەیوەندیی گوزارشتە لە هەر کەرەستە و ئامێرێك یان هۆکارێکی تەکنیکی کە بتوانرێت بەکاربهێنرێت لە بەرهەمهێنان، پێشوازیکردن، هەڵگرتن، دابەشکردن و پەخش و بلاّوکردنەوی داتاکان[٥]ئەمەش لە مەودایەکی فراوان لە تەکنیك و سیستەمی ژمارەیی دەبێت لەنێویشیاندا سیستەمی پەیوەندیی نوێ( ئینتەرنێت) و سیستەمی پێشوازیکردن لە پەیامی مانگە دەستکردەکان و پەیوەندیکردنی دوور مەودا، (چینەکانی وەرگرتن و تەلەفۆن) و ئامێری تۆمارکردنی نوێ، وەکو (ئامێری فاکس و ڕووکارە تیشکییەکان)، هەروەها پێکدێت لە تەکنیکەکانی تری وەکو تۆمارکەری ڤیدیۆ و کاسێت و کامێرا[٦]. یان پێناسەدەکرێت بە کۆمەڵێك زانین و شارەزایی و لێهاتوویی کەڵەکەبوو و ئامراز و هۆکاری ماددی و ڕێکخراو و کارگێڕییە کە مرۆڤ بۆ دەستکەوتنی زانیاری وتراو و بلاّوکردنەوە و خەزنکردنی بەکاریدەهێنێت بەمەبەستی ئاسانکاری لەدەستکەوتنی زانیارییەکان و ئاڵوگۆڕکردن و گەیشتنیان بە هەمووان[٧]. هەندێکی تر پێیان وایە تەکنەلۆژیای زانیاری هاوشێوەی**

---

(١) فريد بن زايد، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٥، وەرگیراوە لە: زهير احدادن، مدخل لعلوم االإعلام و الإتصال، (الجزائر: ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٢)، ص٧٦-٧٧ .

(٢) محمود علم الدين، تكنولوجيا الاتصال في الوطن العربي، **( مجلة عالم الفكر المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب، المجلد ٢٣، العدد ١ يونيو/ النوفمبر، اكويت،١٩٩٤)** ص٩٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، ص٩٥ .

(٤) منال هلال المزاهرة، تكنولوجيا الإتصال و المعلومات، ط١، (عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة، ٢٠١٤)، ص٤٣ .

(٥) حسن عماد مكاوى و محمود سليمان علم الدين، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣ .

(٦) منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣ .

(٧) محمد تيمور عبد الحسيب، الحاسبات الالكترونية و تكنولوجيا الإتصال، (القاهرة: دار الشروق، بدون سنة نشر)، ص١٢٩ .

تەکنەلۆژیای پەیوەندیی هەڵگری پێناسەی تایبەت بە خۆیەتی هەروەکو شارەزای سیستەمی زانیارییەکان (د.علاء السالمی) پێناسەی دەکات بەوەی کە "هەموو تەکنیکێکی پێشکەوتووە کە بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینی زانیاری و داتاکان بەشێوە جیاوازەکانیانەوە بۆ زانیارییەکان بەجۆرە جیاوازەکانیەوە کە لەلایەن سوودمەندبوانەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاردەهێنرێت "بەو شێوەیە تەکنەلۆژیایی نوێی پەیوەندیی و زانیاری هەموو جۆرە تەکنەلۆژیایەکی بەکارهێنراوە لە کارپێکردن و گواستنەوە و هەڵگرتنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، وەك کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی گەیاندن و تۆڕەکانی بەیەکەوە بەستن و ئامێری فاکس و ئەو کەرەستانەی کە زۆر بەکاردەهێنرێن لە پەیوەندیکردندا [١].

بەڵام ئەمە لە ڕاستی زانستیدا کارێکی ئەستەمە جیاوازی لەنێوان ڕۆڵی ئەم دوو چەمکەدا بکرێت، بەهۆی ئەوەی پێناسەی تەکنەلۆژیای زانیاری بنیاتنراوە لەسەر تەکنەلۆژیای پەیوەندیی لەبەرئەوەی لەخۆگرتن و کۆکردنەوە و ئامادەکردنی زانیاری لە وێنە و شێوەی بڵاوکردنەوەی جیاوازدا پێویستی بە ئامادەکردنی کۆمەڵێك ژمێرەی ئەلیکترۆنی و ئامێری پەیوەندیکردنی دوور مەودا هەیە، لە ئەنجامدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێی سەردەمەوە یەکگرتن و نزیك بوونەوە ڕویداوە لەنێوان تەکنەلۆژیای زانیاری و تەکنەلۆژیای پەیوەندیدا [٢].

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لە توێژەر هەن ئەم چەمکانە بەیەکەوە کۆدەکەنەوە بەناوی تەکنەلۆژیای پەیوەندیی و زانیاری {Information & Communication Technology (ITCs)} پێناسەی دەکەن بەوەی کە ڕێکخراوە لە پێکەوەبەستنی نێوان تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای (تەلدار و بێتەل) و ئامێری ئەلیکترۆنیاتی ورد و نێوەند و جۆراوجۆر لەسەر شێوەی تەکنەلۆژیای نوێ کە خاوەنی توانایەکی زۆرن لە بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە، هەڵگرتن، چارەسەرکردن، بڵاوکردنەوە، گێڕانەوەی زانیارییەکان بەشێوازێکی بێ پێشینەی نوێ کە پشت دەبەستێت بە دەق، دەنگ، وێنە، جوڵە، ڕەنگ... لە کاریگەرێتیی پەیوەندیی کارلێکی جەماوەری و کەسی لەگەڵ یەکتردا [٣].

هەروەها (روجر کارترroger carter) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەکنەلۆژیای زانیاری سیستەمێك و کەرەستەیەکی بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن، هەڵگرتن، شیکردنەوەی زانیاری بە هەموو شێوەکانییەوە، جێبەجێکردنیان لە هەموو بوارێکی ژیاندا [٤].

**قۆناغەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ**

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گوزارشتە لە کۆمەڵێك داهێنان و ڕێگای تەکنەلۆژی یان خزمەتگوزاری و نموونەی نوێ کە لە بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێن.

تەکنەلۆژیای گەیاندن و پەیوەندیکردن بەکۆمەڵێك قۆناغی مێژوویدا تێپەڕیووە کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی پێنج قۆناغی سەرەکیدا ئاماژەیان پێبدرێت:

قۆناغی یەکەم: ئەم قۆناغە بە قۆناغی زارەکی ناودەبرێت یاخود قۆناغی پێش فێربوون و پشتبەستن بە وشە گۆکراوەکان، کاتێك کە مرۆڤ هێما دەنگییەکانی داهێنا و بەهۆیانەوە پەیوەندیی بە دەوروبەرییەوە کرد، دەرکەوتنی

(١) علاء سالمي، تكنولوجيا المعلومات، طبعة الاولى(عمان: دار مناهج للنشر و التوزيع، ٢٠١٠)، ص١٩.

(٢) بدون اسم كاتب، الإنترنت وسائل الإتصال جديدة، (دبي: مركز دراسات الأقتصاد الرقمى (مدار)، متاح على موقع العراق اليوم، www.Iraq.net، کاتی سەردان: (٢٠١٥/١٢/١٦).

(٣) منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٣.

(٤) حكيم عثمان حميد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥، وەرگیراوە لە: محمود علم الدين، تكنولوجيات المعلومات و الاتصال و مستقبل صناعة الصحف، (القاهرة: دار السحاب للنشر و التوزيع، ٢٠٠٥)، ص١٠٦.

کۆبوونەوە مرۆڤایەتییەکان دەرەنجامی پرۆسەیەکی تێگەیشتنی مرۆڤایەتی سەرەتایی بوو بە بەکارهێنانی ئاماژەکان، ئەم گەشەکردنەش گرنگیپێدرا و سەرکەوت کاتێك کە مرۆڤ دەستی بە بەکارهێنانی زمان کرد.

قۆناغی دووەم: بریتییە لە نووسین، کەتێیدا مرۆڤ فێری زمانی نووسین بوو، کاتێك کە سۆمەرییەکان پێشکەوتوترین ڕێگایان بۆ نووسین داهێنا لە جیهاندا کە ڕێگای سۆمەرییە.

قۆناغی سێیەم: بەداهێنانی ئامێری چاپ لەنیوەی سەدەی پازدە لەسەردەستی زانای ئەڵمانی (گۆتەنبەرگ) لەساڵی (١٤٣٦) دەستپێدەکات و بەجێگیر بوون و بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری و قۆناغەکانی (گەیاندنی تەلدار و بێتەل) یان (شۆڕشی گەیاندن) یان (دەرپەڕینی زانیارییەکان) کۆتایی دێت[١].

قۆناغی چوارەم: لە نیوەی سەدەی نۆزدە دەستپێکردووە لەکاتی دۆزینەوەی کارەبا و شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان و تەلەگراف و تەلەفۆن و وێنە تیشکییەکان و سینەما، پاشان دەرکەوتنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.

قۆناغی پێنجەم: لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا تەکنەلۆژیا ڕێگەی پێدا کاتێك دیاردەی لێشاوی زانیارییەکان و پێشکەوتن و جۆراوجۆربوونی هۆ و ئامرازەکانی گەیاندن ئاوێتەی یەکتر بوون[٢]. دیارترین سیماکانی دیاردەی لێشاوی زانیارییەکانیش بریتیی بوو لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ هەڵگرتن و گەڕاندنەوەی کۆی بەرهەمەکانی بیری مرۆڤایەتی لە جێگەیەکی بچووکدا و بەخێراییەکی بێسنوور، یەکێکی تر لە سیماکانی ئەم قۆناغە بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان و تۆڕی ئینتەرنێتە بۆ گواستنەوەی زانیاری و وێنە و دەنگ بەدرێژای دەوڵەت و کیشوەرەکان بەشێوازێکی خێرا[٣]. واتە تەکنەلۆژیای گەیاندن بەچەند قۆناغێکی گەشەسەندندا تێپەڕیووە تاگەیشتۆتە قۆناغی کارلێککاری ئەوانیش (زارەکی، نووسن، چاپ، پاشان قۆناغی ئەلیکترۆنی، قۆناغی دیجیتاڵی و کارلێککارییە).

## پاری دووەم: تایبەتمەندیی و ئەرك و کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەچەندین تایبەتمەندیدا هاوشێوەی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای کۆنن، لەهەمان کاتدا لەکۆمەڵێك تایبەتمەندی دیکەشدا جیاوازن بەڕادەیەك کە شێوازی هەڵسوکەوتکردن و هەروەها ڕادەی کاریگەرێتیی چاوەڕوانکراو لێیان لەگەڵیاندا دەگۆڕێت، لەزۆربەی لایەنەکانی ژیاندا دەبێت ئەم تەکنەلۆژیایە کاریگەرێتیی گەورەتر بکات لە گەیاندنی مرۆڤی[٤].

لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ:

١. کارلێککاری: بریتییە لە توانای ئاڵوگۆڕی ڕۆڵەکان لەنێوان گەیەنەر و وەرگردا، یان ڕۆڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە لە پرۆسەی گەیاندندا کە ڕێگە دەدات بەجۆرێك لە کارلێککاری.

٢. پابەندنەبوون بەکات: بە واتای توانای ناردنی زانیارییەکان لەنێوان لایەنەکانی پرۆسەی گەیاندندا (گەیەنەر و وەرگر) بەبێ ڕووبەڕوو بوونەوەی مەرجی کات لە ناردنی پەیامەکاندا، واتە وەرگرتنەوەی لە ئامێرەکەدا و پشکنینی و بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدا.

---

(١) حسن عماد مکاوی و محمود سلیمان علم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٩،٧٩.

(٢) نسرین محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

(٣) ارکان رؤوف عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢.

(٤) محمد شومان، عولمة الإعلام و مستقبل النظام االإعلامي العربي، (الکویت: مجلة عالم الفکر، المجلد(٢٨)، العدد(٢)، اوکتوبر–دیسمبر١٩٩٩، ص١٦١.

٣. توانای گواستنەوە: توانای گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ ناوەندەکانی دیکە بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆکردنەوە و گواستنەوە، وەکو تەکنیکەکانی گواستنەوەی پەیامی بیستراو بۆ پەیامی چاپکراو یان خوێنراو.

٤. توانای بزواندن و جوڵان: توانای بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و پێشوازیکردنیان لەهەر شوێنێکەوە بێت بۆ شوێنی تر لە میانەی جوڵەی گەیەنەر و وەرگر.

٥. باوبوون و بڵاوبوونەوە: توانای فراوانبوونی زیاترە بۆ ئامرازەکانی گەیاندن لەجیهان و لەنێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا.

٦. بەجیهانیبوون: توانای گواستنەوەی زانیارییەکان لەنێوان سوودمەندبووان لەنێو دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا بەبێ ڕێگری و کۆسپی شوێن و گواستنەوەی بەنێو سنوری دەوڵەتەکاندا[١].

٧. بە جەماوەری نەبوون (نا جەماوەری): واتە پەیامەکانی گەیاندن ڕووبەڕووی کۆمەڵێك لە تاکەکانی جەماوەر دەبنەوە یان ڕووبەڕووی تاکێکی دیاریکراو دەبێتەوە، ئامرازە نوێیەکان ڕێگە بە تاك دەدەن پێشوازی لە کۆمەڵێك پەیام بکەن کە بەدوایدا دەچن، نموونەی ئەمەش وێستگەکانی بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆن لە شارە پێشکەوتووەکاندا کە بەرنامەی جۆراوجۆر بەپێی داواکاری بەشداربووان و ئارەزووەکانیان پێشکەشی دەکەن[٢].

٨. نەگەڕانەوە بۆ ناوەند: بریتییە لەو تایبەتمەندییەی کە مۆڵەت دەدات بە جێگیربوونی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاری، بۆ نموونە ئینتەرنێت بە بەردەوامی لە هەموو بارودۆخێکدا کاردەکات، هیچ شتێك ناتوانێت لەسەر ئاستی جیهان پەکیبخات[٣].

٩. جۆراوجۆری ئامراز: شۆڕشی گەیاندنی نوێ بووەهۆی یەکگرتنی ئامرازەکانی گەیاندن، چونکە پێش ئەم شۆڕشە مرۆڤ گوێی لە ڕادیۆ دەگرت، سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری دەخوێندەوە، و تەلەفۆنی بەکاردەهێنا بۆ پەیوەندیکردن بەوانی دیکەوە، پاشان کە کۆمپیوتەر هاتە ئاراوە مرۆڤ توانی پێی بنووسێت و زانیارییەکانی هەڵبگرێت، و گەڕاندنەوەیان لەهەر کاتێکدا کە بیەوێت، شۆڕشی گەیاندنی نوێ توانی هەموو ئەمانە لەخۆبگرێت بە بەکارهێنانی یەك هۆکار و ئامراز.

١٠. گشتگیری گەیاندن: شۆڕشی گەیاندن گۆڕانکارییەکی قووڵی لە ژینگەی پەیوەندیکردن و گەیاندندا هێنایە کایەوە، بەم شێوەیەش بنەمای نموونەیی پەیوەندیی نوێی زیادکرد و زیاتر ئاڵۆز و بە بەهادارتری کرد، لەکاتێکدا "کریس لافام" وایدەبینێت کە شۆڕشی پەیوەندیی نموونەیەکی نوێی سەپاند کە ئەویش گەیاندنە لە جەماوەرەوە بۆ جەماوەر یان لەزۆرەوە بۆ زۆر، ئەگەر توانی تاکەکانی جەماوەر بگۆڕێ بە بەرهەمهێنی پەیامەکان، و بەکارهێنانیان لەهەمان کاتدا[٤].

١١. قووڵبوونەوە: هانی کەمبوونەوەی تێچوونی گەیاندن دەدات بەهۆی زۆربوونی ئامرازەکان و بڵاوبوونەوەیان، هەروەها پێشکەوتنی بەرنامەکانی زانیاری و سیستەمی گەیاندن، قووڵبوونەوە لەم

---

(١) بشير كاوجة، دور تكنولوجيا المعلومات و الإتصال في تحسين الإتصال الداخلي في المؤسسات الاستشفائية العمومية الجزائرية، رسالة ماجستير غير منشورة، (الجزائر: جامعة ورقلة، كلية الحقوق و العلوم الاقتصادية، تخصص نظم المعلومات و مراقبة التسيير، ٢٠١٢–٢٠١٣)، ص٢٣.

(٢) محمد شطاح، قضايا االإعلام في زمن العولمة بين التكنولوجيا و الإيدولوجيا، (الجزائر: دار الندي، ٢٠٠٦ )، ص٢٦.

(٣) موراد رايس، تكنولوجية المعلومات على الموارد البشرية في المؤسسة، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الجزائر: علوم التسيير، فرع ادارة الأعمال، ٢٠٠٥–٢٠٠٦)، ص٢٩.

(٤) محمد اسماعيل ياسين، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٢.

بەرنامانە بەئامانجی فێربوون بۆ کاتێکی دوور و درێژ لە چوارچێوەی تاکەکەسیدا، هەروەکو پێشکەوتنی بەرنامەکانی دەق و زۆری ئامێرەکان یارمەتیدەرن بۆ درێژکردنەوەی ماوەی گەڕان لەنێوان زانیاری و بیروڕاکان کە دەیگرنە خۆیان بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری یان ئاسانکاری، ماوەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرنامەکان لە زۆر کاتدا سەرکەوتن بەسەر ئەو ماوەیەی کە تاك بەسەریدەبات بۆ خوێندنەوە یان سەیرکرن یان گوێگرتن بە تایبەتی دوای ئەوەی کە تۆڕی ئینتەرنێت بووە سەرچاوەیەك بۆ نیشاندانی بابەتەکانی ڕاگەیاندن کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەڕێگەی ئەم تۆڕەوە لەسەر پێگەکانیان پێشکەشیدەکەن[1].

بەکورتی توێژەر دەتوانێت بڵێت کە تەکنەلۆژیای گەیاندن بە سیفەت و تایبەتمەندییە نوێیەکانییەوە، لەم سەردەمەدا بنەمایەکی سەرەکی پێکدەهێنن و گرنگییەکەشی بە تێپەڕبوونی کات زیاددەکات، بە تێڕوانین بۆ بەردەوامی گەشەکردنی لەلایەك و تێکەڵبوونی لەگەڵ وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ لەلایەکی ترەوە، ئەمەش ئاسۆیەك دەکاتەوە لەبەردەم زۆربوونی خزمەتگوزارییەکان کە پێویستییەکانی مرۆڤ تێردەکات لە سایەی ئاڵۆزییەکانی ژیانی سەردەمدا.

**ئەرکەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەبواری ڕۆژنامەوانیدا**

دەتوانرێت سوود لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وەربگیرێت لەبواری ڕاگەیاندندا بەگشتی و بواری ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی بۆ بەجێهێنانی چەند ئەرکێکی گرنگ کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرێتییان هەیە لەخێراترکردنی پرۆسەی گەیاندن گرنگترین ئەو ئەرکانەش بریتین لە:

١. ئەرکی بەرهەمهێنانی ماددەی ڕۆژنامەوانی و کۆکردنەوەی بە ئەلیکترۆنی، و لەو ئامرازانەش: کۆمپیوتەر و تۆڕی زانیاری جیهانی، وێنەگرتنی ئەلیکترۆنی، مانگە دەستکردەکان و گەیاندنی تەلدار...هیتر.

٢. ئەرکی چارەسەرکردنی زانیاری ڕۆژنامەوانی دیجیتاڵی لەنێویشیاندا: کۆمپیوتەر و بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی، جا ئەگەر ئەم زانیارییانە نووسراو یان وێنەکراو بن، لێرەشدا ژمارەیەکی زۆر بەرنامە هەیە بۆ ئەم جۆرە لە زانیاری و چارەسەرکردنیان.

٣. ئەرکی خەزنکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکان و گێڕانەوەیان[2]، هەڵدەستێ بە خەرجی زانیاری و تۆڕەکان و ناوەندەکانی زانیاری ڕۆژنامەیی بە بەکارهێنانی سیدی پێکەوەبەستن لە بەهێزکردن و ئەرشیفکردن و بە دۆکیۆمێنتکردنیاندا ئەمەش یارمەتی دەدات لە گەڕان بۆ زانیارییەکان و گەڕاندنەوەیان بەشێوەیەکی خێرا و گونجاو.

٤. ئەرکی گواستنەوەی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنیان، وەکو: (ئامێری فاکس) و مانگە دەستکردەکان و گەیاندنی تەلدار و بێتەل ...هیتر[3].

٥. ئەرکی پیشاندانی مادە ڕۆژنامەوانییەکان لەنێویشیاندا: ئامێری کۆمپیوتەر و ئامێری ژمێرەیی کەسی.

٦. ئەرکی سازاندنی ئەلیکترۆنی، کە خۆی لە بەرنامەی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە کە یارمەتیدەرن لە پرۆسەی نووسین و چارەسەرکردن و سازاندنی ئەلیکترۆنی و بەرنامەی پشکنینی شێواز و شیکردنەوەی ڕێنووسی بە بوونی بەرنامەی تایبەت بۆ نووسینی چیرۆکی هەواڵی بە بەکارهێنانی ڕێگاکانی پێدانی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان، ئەمەش لە بوارە جۆراوجۆرەکانی، وەك ئابوری و بیرکاری و کەرەستە ڕۆژنامەوانییەکان کە سەرژمێری لە خۆدەگرن، وەکو: نرخی پشکەکان و ئاشکراکردنەکان.

---

(١) محمد عبدالحميد، نظريات االإعلام و اتجاهات التأثير، (القاهرة: عالم الكتب، ٢٠٠٤)، ص١١٥.

(٢) جمال عسكر مضحي، تكنولوجيا الأتصال الحديثة و دورها في تطور الصحافة، (**مجلة آداب الفراهيدي العدد(٤) أيلول ٢٠١٠)**، ص٤١٥.

(٣) السيد بخيت، الإنترنت: كوسيلة اتصال جديدة، ط٢، (دولة الإمارات العربية المتحدة: دار كتاب الجامعي، ٢٠١٢)، ص٢١٢-٢١٣.

٧. ئەركی پۆلێنكردنی مادده ڕۆژنامەوانییەكان و دەرهێنانیان ئەمەش شۆڕشێكی گەورە بوو لە بواری بەرنامەی تایبەت بە دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەوانیی و چارەسەركردنی وێنە و گرافیك[١].

**كاریگەرێتییەكانی تەكنەلۆژیای گەیاندنی نوێ**

تەكنەلۆژیای گەیاندن و زانیاری نوێ پەیوەندییەكی گەورەی بە گۆڕانكارییە ڕیشەییەكانی سروشتی كاركردن هەیە لە كۆمەڵگای هاوچەرخدا، نوێترین هەڵگەڕانەوە بوو لەسەر ئاستی چەمكی ڕاگەیاندن، هەروەها پەیوەندیی نوێ ئەنجامدرا كە پێشتر بوونی نەبووە، هەروەكو فەرهەنگی ڕاگەیاندن كاریگەر بوو بە كۆمەڵێك چەمك و زاراوەی نوێ وەكو "گریمانەیی، هاوڵاتی ڕۆژنامەنووس، تۆماركراوەكان، ڕۆژنامەنووسی ئەلیكترۆنی، جەماوەرێك كە چالاكییەكانیان كارلێك دەكەن"، بەشێوەیەكی كرداری سنووری نێوان گەیەنەر و وەرگر نەما، هەموو جەماوەری ئینتەرنێت بوونە بەرهەمهێنەری كەرەستە و بابەتی ڕاگەیاندنی پێشكەوتوو، ئەوەش كە شارەزایان و زانایانی گەیاندن پێی دەڵێن دیاردەی "هاوڵاتی ڕۆژنامەنووس، یان دیاردەی ڕاگەیاندنی هاوڕێیەتی"[٢].

هەروەكو تەكنەلۆژیای گەیاندنی نوێ تەكنیكی جۆراوجۆر دەگرێتەوە كە بەستراوەتەوە بە بەكارهێنانی كۆمپیوتەر لە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن ئەوەی كە پەیوەندیدار بێت بە گواستنەوەی زانیارییەكان یان گواستنەوە و گەڕاندنەوەیان، یان سازاندنی ئەلیكترۆنی بۆ ڕۆژنامە، یان توانای خوێندنەوەی ڕۆژنامە بۆ ماوەیەكی دوور لەسەر شاشەی كۆمپیتەر لە ڕێگای تۆڕەكانی زانیاریەوە، سەرەڕای بەكارهێنانی مانگە دەستكردەكان بۆ گواستنەوەی ماددەی ڕۆژنامەوانی و چاپكردنی لە شوێنە جیاوازەكاندا لە هەمان كاتدا، هەروەها سیمایەكی دیاری شاڵاوی زانیارییەكان كە چارەسەرێكی ئامێری بۆ زانیارییەكان دەگرێتەوە، كە تەواو پاڵپشتی دەكرێت بە كۆمپیوتەر لە هەڵگرتن و گەڕاندنەوەی كە پوختەی بەرهەمی بیری مرۆڤە، لە كەمترین شوێنی ڕێگەپێدراو بە خێراترین كاتی گونجاو، بەڵام شۆڕشی گەیاندن لە چارەسەركردنی زانیاری لە دوورەوە بەرجەستە دەبێت، بە بەكارهێنانی مانگە دەستكردەكانی گەیاندن دەتوانێت بە ملیۆنان زانیاری و هەواڵ و داتا پەخش و بڵاوبكاتەوە بەنێو كیشوەر و وڵاتەكاندا بە دەنگ و ڕەنگ و نووسراو[٣].

گریمانەی بەربەستەكانی ئێستا و داهاتوو لە بواری ڕاگەیاندن پێوستییەكی پێكهاتەكانی ڕۆژنامەیە بۆ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا، و سوودوەرگرتن لە سەردەمی زانیارییەكان و گەیاندن بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی ڕۆژنامە و چاپكراوەكانی دیكە لەڕێگەی دووبارە پلاندانانی گرنگ و لێپرسراوێتی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، كە گونجاوبێت لەگەڵ سەردەمدا، ڕووبەڕووی كێبەركێی نێوان ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن ببێتەوە، بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی ئابووری لەنێوان تێچوون و بەرهەمهێنان[٤].

ڕۆژنامە لەو ئامرازانەیە كە لەدوای تەلەفزیۆن زۆرترین سوودی لەم پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای گەیاندنە وەرگرتووە، كاریگەریگەرێتییەكەشی بەجۆرێكە كە خەریكە دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوە تەقلیدییەكەی[٥]، لە ئەمڕۆدا سازێنەرانی ڕۆژنامە ئامرازە تەكنەلۆژییە نوێكان بەكاردەهێنن لە مامەڵكردن لەگەڵ پەیامنێرەكانیان، و داوایان لێدەكەن بەشارەزایی و ڕێگای جیاوازەوە مامەڵە لەگەڵ تەكنەلۆژیای نوێدا بكەن، دوای ئەوەی كە (فاكس) ئامێرێكی تەكنەلۆژیای بنەڕەتی بوو كە پەیامنێران بەكاریان دەهێنا بۆ ناردنی بابەتە نووسراوەكانیان بۆ ڕۆژنامە[٦].

(١) ادیب احمد الشاطر، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٣-٤٤.

(٢) محمد اسماعیل یاسین، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣.

(٣) تیسیر ابو عرجة، الإعلام و قضایا المجتمع، ط١، (عمان: دار مجدلاوي للنشر و التوزیع، ٢٠٠٠)، ص٢٧٧،٢٧٨.

(٤) عبدالأمیر فیصل، الصحافة الإلكترونیة في وطن العربي، ط١، (القاهرة: دار شروق للنشر و التوزیع، ٢٠٠٦)، ص٣٣.

(٥) فرید بن زاید، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٣.

(٦) محمد اسماعیل یاسین، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٤.

تەکنەلۆژیای نوێ کاریگەریێتیی جۆراوجۆر لەسەر پیشەسازی ڕاگەیاندن دروست دەکات لەوانەش[(١)]:

١. خێرایی: یەکێکە لە سوودە سەرەکی و دیارەکان لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا، بەجۆرێك ئەم خێراییە لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە جیاواز دەبێت.

٢. وردی: واتە کۆمپیوتەر هەمیشە زانیارییەکی ورد بەبێ کەموکورتی بەرهەمدەهێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا هەڵەی کۆمپیوتەر زۆر کەمترن بە بەراوردکردن لەگەڵ گەورەیی قەبارەی ئەو داتا و زانیارییانەی کە چارەسەریان دەکات، ئەمەش زۆربەی دەرەنجامی هەڵەی مرۆییە لە بەکارهێنانی ئەم ئامێرەدا.

٣. دەرکەوتنی کۆمپیوتەری کەسی (لاپتۆپ) و فراوانی بەکارهێنانی، ئەم لاپتۆپە لیستێکی گەورە لە خزمەتگوزاری و زانیاری لەخۆدەگرێت بۆ بەکارهێنانی کەسی بێت یان بۆ سوودوەرگرتن بێت لەو زانیاریانەی کە تۆڕەکانی پەیوەندیی پێشکەشی دەکەن، هەروەك برێکی زۆر زانیاری لەخۆیدەگرێت کە دەتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بە خێراییەکی زۆر، وەکو بلاّوکردنەوەی ڕۆژنامەوانی و فاکس مەیل و پۆستەی ئەلیکترۆنی.

٤. پشتبەستن بەوردی: کۆمپیوتەری نوێ بەشێوەیەکی ورد و ڕێك کاردەکات بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ ڕوودانی کێشە یان وەستانێك، بازنە ئەلیکترۆنییەکان بە خاوەنی پشتبەستنێکی بەرز دادەنرێن و تایبەتمەندی گەڕانەوەی خودیان هەیە کە دیاریکردنێکی ورد و ئامێری بۆ حاڵەتەکانی هەڵە و کەموکورتییەکان لە خۆدەگرن.

٥. ئابووری: لە ڕووی ئابوورییەوە چارەسەری ئەلیکترۆنیی پەسەندترە لە چارەسەرکردنی دەستی بۆ زانیارییەکان، ئەم تایبەتمەندییە بەردەوام بوو لە تێچوون لەگەڵ زیادبوون و جێگیر بوونی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەردا کە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی تێچوون بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا.

تێکەڵبوون لەنێوان تەکنەلۆژیای زانیاری و ناوەندە ڕۆژنامەوانییەکان و گەیاندندا زانین و زانیاری و توانایەکی بێسنووری پێبەخشیون، پێویستە بەرهەمەکانی ئەم شۆڕشە بەکاربهێنرێن توێژەر بە پێویستی دەزانێت ئەنجامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن بخاتە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

### أ. لایەنە ئەرێنییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ پێویستی بە زیرەکی بەکارهێنەرەکانی هەیە لەبری هێزی بازوویان بەجۆرێك پشتگیری مرۆڤ دەکات لەڕێگەی زۆرکردنی تواناکانی و ئاسانکاری بۆ کردنی لە هەڵگرتنی زانیارییەکان و کۆکردنەوە و گواستنەوەیاندا، دەتوانین لایەنە باشەکانی لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە[(٢)]:

١. تەکنەلۆژیای گەیاندن کار لەسەر پێشکەشکردنی زانیارییە جۆراوجۆرەکان دەکات بەشێوەیەکی گەورە و چاوەڕواننەکراو، گەیاندنی ژمارەیی و لێشاوی زانیارییەکان و زانین وەکو دەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و زانیارین کەپێشتر نەبووە، کە تەکنەلۆژیای زانیاری سوودی لێوەردەگرێت و بەشدار دەبێت لە سوود وەرگرتن و بلاّوکردنەوەی سوودەکانی بۆ گشت بوارەکان.

٢. تەکنەلۆژیای نوێ بووە هۆکاری خێراتر ئامادەکردنی پەیامەکانی ڕاگەیاندن بەتوانایەکی بەرزتر و گۆڕانی بۆ شێوازی جیاواز (لە چاپکراوەوە بۆ نووسراو و لە نووسراوەوە بۆ چاپکراو) و توانای بلاّوکردنەوە و دابەشکردن و نەهێشتنی بەربەستی کات و شوێن.

---

(١) علاء سالمي، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٨-٧٠.

(٢) خالد منصر، سەرچاوەی پێشوو، ص٦١.

٣. ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەمڕۆ کرداری زیرەکیان زیاترکردووە بۆ ئەوانەی توانای هۆشمەندییان کەمە کە لەڕێگەیەوە جیاوازی جەستەیی لەنێوان کەم ئەندام و تەندروست باشەکان لەلایەك و لەنێوان نێر و مێ لەلایەکی ترەوە ڕەتدەکاتەوە.

٤. تەکنەلۆژیای گەیاندن و ڕاگەیاندنی کارلێکی بەدەستهێنانی جیهانێکی نوێیە کە پێی دەوترێت (دیموکراسی ژمارەیی)، ئەمەش مەبەست لێی ئەو کەرتانەیە کە تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندنی ورد بەکاردەهێنن.

٥. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و ڕاگەیاندن دەتوانن هەڵوێستی تاك بە ئاڕاستەی ژیانی سیاسی بگۆڕن، هەروەها دەتوانن شێوازی گەشەپێدان و چاکسازی سیاسی بگۆڕن کە حکومەتەکان بەرهەمیانهێناوە کە یارمەتی ڕووماڵکردنی قۆناغەکان بە تەواوەتی لەکرداری پەرەپێداندا دەدات.

٦. کار لەسەر فراوانکردنی پشتێنی دابەشبوونی زانیاریەکان و کەمکردنەوەی پەستان لەسەر ناوچە شارستانییەکان دەکات لەو ڕێگەیەی کە تاکەکان دەتوانن لە ماڵیان و لە نووسینگەی دوردا کاربکەن و هەلی نوێی پەیوەست بە ڕاگەیاندن و سیاسەت و کار و خوێندن و بازرگانی و خۆشگوزەرانی دروستدەکەن(١).

٧. گەشەسەندنی کرداری بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی و بەجێهێنانی سوودی زۆر بۆ پیشەسازی ڕۆژنامە و چاپ و بلاّوکردنەوە.

٨. ئامرازەکانی گەیاندنی سەردەم دادەنرێن بە هۆکارێکی بلاّوکردنەوەی ڕۆژنامەوانی.

٩. گەیشتن بەخوێنەران و قووڵکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵیان لەڕێگەی ئامرازە کارلێکییەکانەوە کە لەلایەن ئامرازەکانی گەیاندنی نوێوە دەرەخسێنرێن.

١٠. ئامرازەکانی گەیاندنی سەردەم دادەنرێن بەسەرچاوەیەکی گرنگ لەسەرچاوەکانی هەواڵ و زانست و زانیاری، سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ هەواڵە بەپەلەکان.

١١. پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن هاولاّتیانەوە بەڕۆژنامەکەوە، هەروەها گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان دەربارەی بابەت و ڕا جیاوازەکان.

١٢. ناردنی بابەتی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕۆژنامەکە و وەرگرتن لێیەوە و تێپەڕاندنی بەربەستە جوگرافی و کاتییەکان.

١٣. ئامرازەکانی گەیاندنی سەردەم دادەنرێن بەکەرەستەیەك بۆ بەبازاڕکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکە پێشکەشی دەکات.

١٤. گەیشتن بە بڕێکی زۆر لەزانیاری و داتا و ژمارە و ئاماری بەردەست لەئینتەرنێت، وەك هۆکارێك لەهۆکارەکانی پەیوەندیی سەردەم.

١٥. ئامرازەکانی گەیاندنی نوێ خزمەتگوزاری گەیشتن بە سەرچاوە ڕۆژنامەوانییە گەورەکان دەستەبەردەکەن لەڕێکخراوەکان و کەسایەتییە نێودەوڵەتییە بەناوبانگ و لێپرسراوەکان.

١٦. توانای گرێدانی کۆبوونەوەی سازێنەران لەگەڵ پەیامنێران و نێردراوەکان.

**ب. لایەنە نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ:**

سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەبواری ڕۆژنامەوانیدا، بەلاّم خاوەنی چەند لایەنێکی نەرێنیشە کە دەتوانرێت بەچەند خاڵێکی دیاریکراو بخرێتەڕوو:

---

(١) رامي حسين حسني الشراقي، دور الإعلام التفاعلي في تشكيل الثقافة السياسية لدى الشباب الفلسطيني، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الأزهر: غزة: كلية الآداب و العلوم الإنسانية، ٢٠١١-٢٠١٢)، ص٢٥.

١. کەمی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێدا، و پێویستی مامەڵەکردن لەگەڵ فایلە ئەلیکترۆنییەکان لەهەندێك کاتدا[١].

٢. گەڕانەوەی ڕەگەزی داهێنانی تاکەکەسی لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا، لە ئەنجامی زۆر گرنگیدان بە تەکنەلۆژیا وەك هۆکارێك بۆ جێبەجێکردنی زۆرینەی کارەکان.

٣. گەڕانەوەی ڕۆڵی ڕۆژنامە وەك دەرگاوانێکی کلاسیکی، ڕاڤەوانێك بۆ ڕووداوەکان، لەکاتێکدا ئەم تەکنیکە نوێیە جەماوەر بە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی هەواڵەوە دەبەستێتەوە، لەلایەکی تریشەوە کەڕۆڵی هێزێکی بازرگانی دەبینێت لەدیاریکردنی ئاڕاستەکانی مادده ڕۆژنامەوانییەکە و ناوەڕۆکەکەی.

٤. بەریەککەوتن لەنێوان داهێنانی بەجێماو لەکرداری وێنەگرتن و بەشداریکردنی ژمارەیی لەچارەسەرکردنی وێنە و توانای بەگەڕختستی بەشێوەیەکی نا ئیتیکی[٢].

٥. کارێکی ئاسان نیە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ تێگەیشتن لە سروشتی هۆکارە نوێیەکان و شێوە و کاریگەرێتییان بەشێوەیەکی گشتی دابنرێت، بەتایبەتی لەکاری ڕۆژنامەوانیدا، ئەمەش ئەنجامی گۆڕانکاری خێرایە لە جیهانی تەکنەلۆژیا و بەیەکداچوونی نێوان ئامرازەکانی گەیاندن[٣].

٦. ڕوودانی کەلێنی زانیاری لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی تەکنەلۆژیان و ئەو دەوڵەتانەی کە تەکەلۆژیایان بۆ هاوردە دەکرێت، وەك ئەوەی لە ئەمڕۆدا ڕوودەدات لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپی و دەوڵەتانی عەرەبیدا، چونکە ئەم دەوڵەتانە پەلەیان نەکرد لە بەشداریکردن لەم شۆڕشە تەکنەلۆژییەی ڕاگەیاندن و گەیاندندا، ئەمەش مەترسی و ئەگەری زیاتر پەراوێزخستن و ئەگەرەکانی ڕوودانی دابڕانی ڕۆشنبیری و ئاینی و ڕەسەنی زیادکردووە کە دەکرێت ببێتە هۆی ململانێی ناوخۆیی و هەرێمی.

٧. هەموو ئاماژەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و گەیاندنی نوێ دەبنە هۆی نەبوون یان کەمبوونەوەی توانای هەر لایەن و دەسەڵاتێك بۆ قەدەغەکردن یاخود دەستگرتن بەسەر دزەکردنی زانیاریەکاندا، ئەمەش بەخراپە دەگەڕێتەوە بۆ نەوەکان و ڕۆشنبیری و داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیی و ئاینییەکان، لەبەرئەوەی ئەم هۆکارانەی گەیاندن و ڕاگەیاندن قەبارەیەکی گەورە لە زانیاری و داتایان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە کە کاردەکەنە سەر شکاندنی ڕەوشت و بنەماکانی گەنج و مناڵان بەبێ زانین و چاودێری[٤].

٨. مەترسی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و ڕاگەیاندن خۆی لە هەڵتەکاندن و لەبەریەك هەڵوەشاندنی ڕۆشنبیرییەکان، هێرشی ڕۆشنبیری و خراپکردنی ڕۆشنبیرییە نیشتیمانییەکان، بابەتی ناسنامەی ڕۆشنبیریدا خۆیدەنوێنێت.

٩. ئەمە بەرهەمی ڕۆشنبیری خۆرئاوایە کە دەرکەوتووە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بابەتییەکان و چاکسازی ئەم کۆمەڵگایانە و ڕۆشنبیرییەکانیان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو داب و نەریت و بنەما و بەهایانەی لە کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکانداهەن .[٥]

توێژەر پێی وایە کۆمەڵگەی کوردیش بەدوور نەبووە لەو کاریگەرێنییە نەرێنییانەی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کە بوونەتە هۆی لادانی تاکی کورد لە کلتور و بەها کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکان، هەروەها ئەو شێواوییەی

---

(١) ادیب احمد الشاطري، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٤.

(٢) احمد بدر، الصحافة الكونية دراسات في االإعلام و الإتصال الدولي، اطبعة الأولى، (القاهرة: دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠٠٦)، ص١٨٠-١٨١.

(٣) السيد بخيت، الصحافة و الأنترنت، (القاهرة: العربي للنشر و التوزيع، بدون سنة طبع)، ص٨٣.

(٤) خالد منصر، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٣-٦٤.

(٥) ياس خضر البياتي، الإتصال الدولي و العربي، ط١، (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦)، ص٨٨.

که بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە کە سەرەنجام بە زیان بۆسەر ڕەسەنایەتی و بەکوردی بوونیدا شکاوەتەوە ئەمەش لە ئەنجامی دزەکردنی کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی ئینگلیزی و بەکارهێنانیان بەبەردەوامی لەسەر زار بەتایبەتی لەناو میدیای کوردیدا کە بەداخەوە نەك هەر خزمەت بەم بوارە ناکات، بەڵکو بەرەو دواوەشی دەبات، سەرەڕای ئەوەی نارۆشنی و لێڵی لەلای وەرگری کوردی دروستدەکات کەئەمەش بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەرکی سەرەکیی گەیاندنە کە بریتیە لە دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش لەلای وەرگران.

١٠. لەسایەی پێشکەوتنی فراوانی تەکنەلۆژیای نوێدا هیچ بوارێك نامێنێتەوە بۆ ژیانی تایبەتی تاك و بەهاکانی چونکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی گەیاندنەوە تایبەتمەندییە کەسییەکان پیشانی ڕای گشتی دەدرێن.

١١. کاریگەرییە تەندروستییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و ڕاگەیاندن لەسەر لایەنی بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژی و دەروونی تاکەکان ڕەنگدەداتەوە، ژمارەیەك لە نەخۆشیەکان هۆکارەکەی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایانەیە وەکو: سەرئێشە و خەمۆکی و چاوکزی و ماندوبوون و دڵەڕاوکێ و پەستانی خوێن و پشت ئێشە و گوێگرانی...، چەندین توێژینەوەی ئەوروپی ئەم نەخۆشیانەیان سەلماندووە(١).

١٢. ئامرازەکانی گەیاندنی نوێ بەرپرسیارێتی نوێ دەخاتەسەر شانی ڕۆژنامەنوسان لەپشکنین و وردبینی و هەڵبژاردن لەشێوەکانیان و شیکردنەوە و شێواندن و سەرچاوەی باوەڕپێنەکراو.

١٣. بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر لەگەڕان بەدوای زانیارییەکان بێ ئەوەی بزانیت کات و شوێنی وەستان لەگەڕان کەیە.

## پاری سێیەم: ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

لەگەڵ زۆربوون و ئاڵۆزبوون و بەناوێیەکداچوونی کۆمەڵگاکان لەگەڵ یەکتریدا، پێداویستی خەڵکی بۆ ئامرازە خێراکان بەشێوەیەکی پێویست زیادیکردووە، کە لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیاری بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پشتی پێدەبەستن، لەم ساڵانەی کۆتایشدا جیهان پێشکەوتنێکی سەرنجڕاکێشی بەخۆوە بینی لە ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی گەیاندندا، هەربۆیە کارێکی گرانە بەدواداچوون بۆ داهێنانە نوێکان لەم بوارەدا بکرێت، و هێشتاش پێشکەوتنی بەردەوام لەبواری تەکنەلۆژیای گەیاندندا بەردەوامە بە شێوەیەك کە جیهانی کردووەتە گوندێکی بچووك، و پێویستی بە تۆڕەکانی گەیاندن هەیە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان بەچالاکانە و گەیاندنی پەیامەکان لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی بەشدار تێیدا بۆ ئامێرەکانی گەیاندن یان تەکنیکی گونجاوی گەیاندن(٢). لە گرنگترین ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنیش:

**یەکەم: مانگی دەستکرد:**

سەرەتای کارکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی شەستەکان، گوزارشتە لە بەکارهێنانی تایبەت بۆ گەیاندن لەڕێگەی گەیاندنی شەپۆلە کورتەکانەوە، مانگی دەستکرد بریتییە لە وێستگەکانی ناردن و وەرگرتن کە بەبەرزی (٣٦,٠٠٠کم) لە بۆشایی ئاسمان دەسوڕێنەوە بەدەوری زەویدا، لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا تەنها یەکجار بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، هەروەها مانگی دەستکرد چەند ئاریەلێك (antennas) لەخۆیدەگرێت هەروەکو ژمارەیەك ئامێری تر لەخۆدەگرێت بۆ وەرگرتنی پەیامەکان لە زەوییەوە و گەورەکردنی ئەو ئاماژانەی کە لەو نامانەدان، پاشان پەخشکردنیان بۆسەر خاڵێکی دیاریکراو لەسەر زەوی.

بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان لەگەیاندندا بنەمایەکی بنچینەیین بۆ تەکنەلۆژیای گەیاندنی پێشکەوتوو لە جیهانی ئەمڕۆدا، پاڵنەری سەرەکی لەپشت ئەم بەکارهێنانەوە کەمکردنەوەی کاتە کە بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت

---

(١) خالد منصر، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٥.

(٢) ارکان رؤوف عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٥.

لەبواری پیشەسازی ڕاگەیاندندا، هەروەها گواستنەوەی زانیارییەکانە بەجۆرە جیاوازەکانییەوە ئەم خزمەتگوزارییە لەبواری ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی کاتێك کە تێکەڵییەك لەنێوانیان لەگەڵ هۆکارەکانی گەیاندن دروست دەبێت[1] وەك: کۆمپیوتەر و مۆبایل و فاکس مەیلدا، گرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانەش ئەمانەن[2]:

١. توانای گواستنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کە بتوانرێت بگەیەنرێنە چەند شوێنێك لەیەك کاتدا، ئەم کارەش وا لە ڕۆژنامەکە دەکات کە چاپی جۆراوجۆر و تایبەتمەند بلاّوبکاتەوە، لەوانە:

أ. چاپی ناوچە جوگرافییەکان: ئەو شێوازەیە کە هەندێك لە ڕۆژنامە گەورەکان لە جیهاندا پەیڕەوی دەکەن بۆ ڕووماڵکردنی ڕووبەرێکی فراوان لەناوچە و ولاّتان لەڕووی دابەشبوونیان ماوەی نێوانیان هەرچەندە بێت.

ب. چاپی بژاردە (تایبەتەکان): ئاماژەیە بۆ بلاّوکردنەوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو کەسانەی کە هاوبەشییان هەیە لە دەرچوونی ڕۆژنامەکەدا.

٢. توانای بەکارهێنانی لە پەخشی تەلەفزیۆنیدا.

٣. توانای بەستنی کۆنگرەکان لە دوورەوە.

٤. توانای لێکۆڵینەوە لە بنکەی زانیاری و داتا جیهانییەکان بەڕێگای کارلێکی بەهۆی دەرچە (منفذ) بۆ گەیاندن بە کۆمپیوتەر و لەڕێگەی هێڵی تەلەفۆنی بەهۆی مانگی دەستکردەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و داتا لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەیەکی خێرا.

گەیاندن بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە بە نەرمی و خێرایی، لەخۆگرتنی فراوان، جیادەکرێتەوە، هەروەها بەتوانایی لە ناردن و وەرگرتن بەدورییەك کە بە هەزاران میل دەپێورێت، سەرەڕای کەمی تێچوونی[3].

**دووەم: تەکنەلۆژیای گەیاندنی ناکارلێکی**

تواناکانی پەیوەندیی لەم سەدەیەدا گەشەی سەندووە بەجۆرێك پەیوەندیی و گواستنەوەی زانیارییەکان لەنێوان کۆمپیوتەرەکان و تەلەفزیۆن و جێبەجێ دەبێت لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بەخێراتر لە چاوتروکانێك وەك:

- **تەکنەلۆژیای تەلەفۆن:** بلاّوبوونەوەی تەلەفۆن وەك یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی گەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم[4]، ئەم ئامرازە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا، ڕۆژانە بڕێکی زۆر زانیاری دەگوازرێتەوە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە لەناوخۆ و دەرەوەدا، چاوەڕواندەکرێت تەلەفۆن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ بگێڕێت لە داهاتوودا لەڕێگەی گەیاندنی ڕاستەوخۆ بە داتابەیس[5]، تەلەفۆن بەردەوام ئامرازێکی کاریگەر و گرنگە لەپێشخستنی بەکارهێنانی هۆکارەکانی تردا وەکو فاکس و ئینتەرنێت، ئەم کارەش تەنها لەگواستنەوەی دەنگدا سنووردار نەکراوە، بەڵکو پێشکەوتووە بۆ گواستنەوەی وێنە بەهەمان خێرایی گواستنەوەی دەنگ، ئەم پێشکەوتنە بازدانێکی جۆری دروستکرد لە فراوانبوونی خزمەتگوزاری زانیارییەکان و و زۆربوونی هەوڵ و تێکۆشان و کاتی سوودمەندبوان ئاسانکردنی کار و پێداویستییەکانیان[6].

---

(١) بڕوانە: (أ) حسن عماد مکاوی و محمود سلیمان علم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٥.

(ب) سعيد الغريب النجار، تكنولوجيا الصحافة فى عصر التقنية الرقمية، ( القاهرة: الدار المصرية اللبنانية للنشر و التوزيع،٢٠٠٣)، ص٩٩.

(٢) امل محمد خطاب، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٢.

(٣) ارکان رؤوف عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦.

(٤) حسنین شفیق، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥.

(٥) حسنین شفیق، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣٥.

(٦) زكي حسين الوردي، المعرفة المعلوماتية، (بغداد: شركة الأنس للطباعة و التوزيع المحدودة، ٢٠١٣)، ص١٤٩–١٥٠.

تەلەفۆن بەکاردەهێنرێت وەك ئامرازێکی گەیاندن بە تەلەفۆنەکانی ترەوە کە بلاْوبوونەتەوە لە شوێنە جیاوازەکاندا بە دوو ڕێگای سەرەکی[١]:

أ. **گەیاندنی تەلدار:** ئەو تۆڕانەی کۆمپانیاکانی گەیاندنە کە پشت دەبەستن بە تەلی مسینی کارەبایی بۆ گواستنەوەی دەنگ و زانیاری و داتاکان لەڕێگەی کێبڵەکان یان گورزەی ڕووناکی (الألياف الضوئية) وەك جۆرێك لە پێشکەوتنی پێشبینی نەکراو لە تۆڕەکانیدا ئەمەش لەسایەی کێبەرکێی توندی کۆمپانیاکانی کێبڵ و پاشان گورزەی ڕووناکی و توانایان لە گەشەپێدانی هەندێك خزمەتگوزاریدا.

ب. **گەیاندنی بێتەل:** گوزارشتە لە ئامێری مۆبایل کە پێشوازی لە وتووێژی بێتەل دەکات لەڕێگەی شەپۆلی کارۆموگناتیسییەوە لە بازنەیەکی دیاریکراودا، لەکاتێکدا بێتەل بەهۆکارێکی گەیاندنی نوێ دەژمێررێت کە شەپۆلی ڕادیۆی بێتەل بەکاردەهێنێت کە لە بۆشاییدا دەگوازرێتەوە و خێراترین خزمەتگوزاری پێشکەشی جەماوەر دەکات لە گواستنەوەی نامەکانیان بەخێرایی تیشك.

- **تەکنەلۆژیای مۆبایل:** یەکێکی دیکە لەدەستکەوتەکانی شۆڕشی ئەلیکترۆنی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای مۆبایلە، کەپەرەی بە بەکارهێنانەکانیدا، بەجۆرێك کە بەکارهێنانی تەنها لەپەیوەندیکردنی نێوان تاکەکاندا بەرتەسك ناکرێتەوە، بەڵکو فراوانبوو بۆ پێشکەوتنی زۆر لەخزمەتگوزاری فێرکردن و ئاڵوگۆڕ و نامەکان و نێوەندی جۆراوجۆر کەخزمەتێکی زۆری پرۆگرامی خوێندنیان دەکرد[٢]، هەروەها ئامێرێکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتووە لەڕووی تەکنیکییەوە، بەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەندیکردنی کەسی بەچەند ڕێگایەك ئەوانیش دەنگ و دەق و وێنە و ڤیدیۆ، ئامێرەکان پەیوەستن بەیەکترەوە لەڕێگەی تۆڕی بێتەلەوە کە پشت دەبەستن بە تاوەرەکانی مۆبایل[٣]. مۆبایل پەنجەرەیەکە کە لەڕێیەوە دەڕوانیتە جیهان بەو شێوەیەی کە هەیە، بەمەش دەگەینە دوورترین زانیاری و شوێنی جوگرافی[٤].

**سێیەم: تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر**

وشەی کۆمپیوتەر وەرگیراوە لە (computer) ی ئینگلیزی بەواتای ژماردن - حسابکردن دێت بەپێی کۆمەڵەی زانستی عێراقی وەرگێڕراوە بۆ (حاسب یان حاسوب) لەزمانی عەرەبیدا[٥]. بە بڕبڕەی پشتی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان دادەنرێت[٦]، یەکێکە لە بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم، دەچێتە نێو سەرجەم بوارەکانەوە، لەبەرئەوەی هیچ بوارێك نییە کە کارەکانی بەشێوەیەکی تەواو ئەنجام بدات بەبێ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لە دیزاین و دروستکردنی سیستەمی زانیاری نوێدا، دەبێتەهۆی زیادکردنی خێرایی و وردی و متمانە بۆ تەکنەلۆژیای زانیارییەکان، هەموو توانا بەرزەکان لە جێبەجێکردندا تێیدا ڕێکدەخرێن، کۆمپیوتەر هاتووە بۆ بەدیهێنانی شۆڕشی گەیاندنی سێیەم. کۆمپیوتەر ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە کە پێکهاتەکانی پەیوەستن بە داخڵکردن و دەرهێنانی داتا و زانیارییەکان، کە بەگوێرەی بڕیار و ڕێنمایی دیاریکراو لە وەرگرتن و هەڵگرتنی زانیارییەکاندا کاردەکات، لە ڕێوشوێنی چارەسەرکردندا دەتوانێت بگات بە زانیاری و ئەنجامی داواکراو بەخێرایی و بە وردی[٧].

---

(١) ماهر احمد محمود غنيم، الإتصالات و الشبكات، (http://www.ao-academy.org/ar/library)، کاتی سەردان: ٢٠١٥/١٢/٥).

(٢) عبدالرزاق محمد الدليمي، االإعلام الجديد و الصحافة الإلكترونية، ط١، (عمان: دار وائل للنشر و التوزيع، ٢٠١١)، ص٩٠.

(٣) اركان رؤوف عزيز، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢.

(٤) نسرين محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣.

(٥) عبدالملك ردمان الدناني، الوظيفة الإعلامية لشبكة الإنترنت، ط١، (القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)، ص١٦.

(٦) محمد اسماعيل ياسين، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

(٧) منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠١-١٠٢.

**پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەر:**

بەشێوەیەکی گشتی کۆمپیوتەر دوو پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

**یەکەم: پێکهاتەی ماددی (Hardware Elements)**

ئەو پێکهاتە ماددیە دیارانەیە کە گوزارشت لە پارچەیەکی کانزایی و پلاستیکی دەکەن کە دەتوانرێت ببینرێن و دەستیان لێبدرێت لە ئامێری کۆمپیوتەردا بەشەکانی لە کاغەزی شووشەیی و سلیکۆن پێکدێت[١]، کە دەتوانین کورتیان بکەینەوە لەمانەی خوارەوەدا[٢]:

**١. ئامێری داخڵکردنی زانیاری Computer Input Devices**

بۆئەوەی ئەو زانیارییانەی کە چارەسەردەکرێن بە کۆمپیوتەر بەسوودبن، پێویستە ئاڵوگۆڕبکرێن لەگەڵ کەس و ئامێرەکانی تردا، ئەم ئاڵوگۆڕکردنەش ناودەبرێت بە (زانیاری کردنە ناو کۆمپیوتەر و دەرهێنانەوەی (Input/output).ئەم ئامێرە لە چەند بەشێك پێکدێت کە بریتین لە: (کیبۆرد، ماوس، سکانەر، مایکرۆفۆن، شاشەی لەمس)

**٢. یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی (The Central Processing Unit)**

یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی (CPU) بە دڵی کۆمپیوتەر دادەنرێت، کەدەست دەگرێت بەسەر دەرچوونی زانیارییەکان و خەزنکردنیان و هەڵسوکەوتکردنی کۆمپیوتەر لەگەڵیاندا، کە بەرنامەی (لیستی ڕێنماییەکان) دەخوێنێتەوە و دەیانگۆڕێت بۆ کردار یان بەدواداچوون، ئەمانەش هەڵدەستن بەکرداری ئەژمارکردن و هەڵگرتنی زانیارییەکان بەژمارە و پیتەکان، یەکەی دەستبەسەراگرتن (Control Unit)و یەکەی زانستی ژمارە (Arithmetic Logic Unit).

**یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت[٣]:**

أ. چارەسەرکەر (المعالج- Processor)

ب. میمۆری (الذاکرة - Memory): پێکدێت لە:

- **میمۆری هەڕەمەکی (RAM-Random Access Memory)**: میمۆری سەرەکی کۆمپیوتەرە، کە هەڵدەستێت بەوەرگرتنی زانیاری کاتی لەماوەی کارکردن لەسەر ئامێرەکە و لاچوونیان لەکاتی وەستانی کارکردنی ئامێرەکە، لەبەرئەوە زانیارییەکان لەیەکەیەکدا هەڵدەگیرێن کەپێی دەوترێت (یەکەکانی خەزنکردن) پێش کوژاندنەوەی ئامێرەکە.
- **میمۆری تەنها خوێندنەوە (ROM:Read Only Memory)**: تەنها ئەو زانیارییە سەرەکییانە وەردەگرێت کە پێویستن بۆ سەرەتای کارپێکردنی ئامێرەکە، وەکو (زانیاریی یەکەکانی داخڵکردن و دەرهێنانەوەی گەیەنراو بە ئامێرەکە)، هەروەها زانیارییەکانی کۆمپانیای دروستکەر خەزن دەکات، ناوەڕۆکی ئەم زانیارییانە ون ناکات لەکاتی کوژاندنەوەی ئامێرەکەدا.
- **پەناگە میمۆری (Cache Memory)**: میمۆرییەکی یارمەتیدەرە بۆ تابلۆی چارەسەری سەنتەری، لەبەدەسهێنانی زانیاری لە میمۆرییە سەرەکییەکەوە لەکەمترین ماوەدا، بۆ ڕێگەدان بە بەدەستهێنانی زانیاری داواکراو بەخێراترین کات.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص ١٠٥.

(٢) حسن عماد مکاوی، سەرچاوەی پێشوو، ص ٦١-٦٦.

(٣) منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٠.

**٣. ئامێری خستنەدەرەوەی زانیاری Computer Output**

ئەم ئامێرە چەند شێوەیەك لەخۆدەگرێت، باوترینیان بریتیە لە شاشەی پیشاندان، کەبریتیە لە بۆرییەکی تایبەت و هێما ئەلیکترۆنییەکان دەگۆڕێت بۆ وێنەی بینراو، بەکاردەهێنرێت بۆ پیشاندانی وێنە و دەقی نووسراو و پیتەکان و ژمارەکان، ئەم شاشەیە دەکرێت لەیەك ڕەنگ پێکهاتبێت یان ڕەنگاوڕەنگ بێت، ئەمە جگەلەوەی ئامێری خستنەدەرەوەی زانیاری هەریەك لە (پرنتەر، بیستۆك)یش لەخۆدەگرێت.

**٤. یەکەی خەزنکردنی ناوەندی (Storage units)**

خەزنکردنی بەرنامەکانی نێو کۆمپیوتەر لەیەکەیەکدایە پێی دەوترێت (Memory)، هەروەها ئەم یەکەیە زانیاریش خەزن دەکات کە دەتوانرێت لەکاتی پێویستدا بەکاربهێنرێت، زانیارییە نێردراوەکان لە ژمارەیەك تۆمارکەری تایبەتی نێو کۆمپیوتەرەکەدا دادەنێت کە لە سندوقی هەڵگرتن دەچێت کە لەوێشدا شێوازێکی تایبەتی هەیە بۆ ناسینەوەی هەر تۆمارێك[1].

چەند جۆرێك لەیەکەی خەزنکردن هەیە کە بریتین لە[2]:

أ- **Hard Disk**: بۆ خەزنکردنی داتای زۆر گەورە بەکاردێت، ئەم سیدییانە جێگیرن و ئاڵوگۆڕناکرێن و تۆمارکردن لەسەریان بەهۆی موگناتیس گرتنەوە دەبێت، لەکەرەستەی کانزایی داپۆشراو بەماددەی ئۆکسیدی ئاسن کە توانای بەموگناتیسکردنی هەیە.

ب- **Floppy Disks**: ئەمە گوزارشتە لە سیدی قەبارە بچووك و کەم کێش، بۆیە بەکاردەهێنرێت بۆ خەزنکردنی دەرەکی کە کرداری خەزنکردن لەسەر سیدی موگناتیسی کە قەبارەکەی بەیەکەی (بوصە ٣,٥) دەپێورێت و توانای ئەم سیدییە کەمە بە بەراورد بە توانای (هارد دیسك) لەکاتێکدا ئەوپەڕی توانای نزیکەی (١,٤٤مێگابایت)ە.

ت- **CD-ROM**: ئەمەش ڕووپۆشکراوە بەچینێك ئەلەمنیۆمی پێچەوانەکەرەوە، زانیارییەکان لەسەری تۆماردەکرێن لەڕێگەی تیشکی لەیزەرەوە، دەتوانرێت زانیارییەکانی لێوە بگەڕێنرێتەوە لەڕێگەی کارپێکەری سیدی تایبەت پێیەوە (CD-Rom drive)، هەروەها دەتوانرێت لەسەری بنووسرێت لەڕێگەی کارپێکەری سیدی تایبەت کە ناودەبرێت بە (Re-Writeable CD Rom)، توانای خەزنکردنی دەگاتە (٦٥٠ مێگابایت).

پ- **یەکەکانی میمۆری سەرەکی (Storage units)**: میمۆری سەرەکی بۆ کۆمپیوتەر بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت کە داتا و زانیارییەکانی تێدا خەزن دەکرێت و چارەسەر دەکرێن، دەرەنجامەکانیش بەپێی پێویستی داواکراو خەزندەکات، هەروەکو دەتوانرێت بەرنامەی ویستراویش لەکاتی پێویستدا خەزن بکرێت. خەزنکردنی داتا و بەرنامەکان لەڕێگەی (Input Units) ەوە دەکرێت بۆ میمۆرییە سەرەکییەکە، هەروەها دووبارە خەزنکردنەوەی دەرەنجامەکان لەمیمۆری سەرەکیدا لەڕێگەی (output units) ەوە دەکرێت لەڕێگەی ئەم یەکەیەوە توانای کۆمپیوتەر دەپێورێت و توانای ئەم یەکەیەش بە بڕی پیت و ژمارە و هێماکان دیاریدەکرێت کەدەتوانرێت تێیدا خەزن بکرێت.

**دووەم: پێکهاتە فکرییەکانی کۆمپیوتەر(Computer Software) (بەرنامەکان):**

کۆمەڵێك زانیاری و کردارە کە بەکاردەهێنرێن بۆ دەستخستنی بەرهەمی داواکراو لە کۆمپیوتەردا کارەکانی بەپێی لیستێك لە ڕێنمایی کە ناودەبرێت بە(Computer Software Program) ئەنجام دەدات کە

---

(١) حسن عماد مکاوی و محمود سلیمان علم الدین، تکنولوجیات المعلومات و الإتصال، سەرچاوەی پێشوو، ص٩٣،٩٥.

(٢) منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٢.

دەتوانرێت بگۆڕرێن لەهەرکاتێکدا کە بمانەوێت، و کاتێك گۆڕانکاری لە لیستی ڕێنمایی بەرنامەکاندا کرا کۆمپیوتەر دەتوانێت ئەرکەکانی دیکەی جێبەجێ بکات، کۆمپیوتەر سێ جۆر بەرنامە لەخۆدەگرێت[١]:

١. بەرنامەی کارپێکردنی سیستەم Operating Systems

بریتییە لە لیستێك ڕێنمایی کە ڕێگە بە بەکارهێنەری کۆمپیوتەر دەدات دەست بگرێت بەسەر میمۆری کۆمپیوتەردا چ بەشێوەی سیدی بێت یان شریت، هەروەها بەسەر پرنتەر و ئامێرەکانی دیکەدا، هەروەها ڕێگە بە سیستەمی کارکردنی کۆمپیوتەرەکە دەدات بەهاوکاری لەگەڵ بەرنامەکانی دیکەدا، وەکو بەرنامە بەجێهێنەرەکان، کە پێویستە دیزاینی کارکردنی گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمپیوتەر و مەبەست و بەکارهێنانەکانیدا، هەندێك کاتیش کارکردنی زیاتر لە سیستەمێك لەناو کۆمپیوتەردا ڕێگەپێدراوە، بەکارهێنەر ئەو جۆرەیان هەڵدەبژێرێ کە گرنگە بەلایەوە.

٢. بەرنامە کردارییەکان Applications Programs

واتە پێدانی ڕێنمایی بە کۆمپیوتەر بۆئەوەی وردبێت لە کارکردندا، ئەم بەرنامانە بە مێشکی کۆمپیوتەر ناودەبرێن و جۆراوجۆرن و لەسەر شریتێکی موگناتیسی یان سیدی ڕەق یان نەرم هەڵدەگیرێن، دەتوانرێ ئەم بەرنامانە لە ڕێگەی نووسینگەکانی فرۆشتنی ئامێری کۆمپیوتەرەوە بەدەست بهێنرێن، بەرنامە کردارییەکان پێکدێن لەبەرنامەکانی:

أ. چارەسەرکردنی وشەکان ( Word Processing)

نووسینی نامە و وتار و ڕاپۆرت و داواکاری و پرۆژەی یاسایی و نامەی خوێندن، بەبێ بوونی توانای کارکردن لەگەڵ یەکێك لەم جێبەجێکارەی کۆمپیوتەر ناکرێت، کە دەتوانێت ئەم کارە بکات سەرەڕای دەستگرتن بەسەر جۆری خەت و شێوە و قەبارەی لاپەڕە و ژمارەی دێڕەکان...هتد. ئەم کردارانە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی پەڕەیەکی خوێنراوە بەجۆرێك لەکۆتاییدا بتوانرێت چاپ بکرێت یان بنێررێت بۆ پۆستەیەکی ئەلیکترۆنی، لەم دواییانەدا کۆمەڵێك بەرنامە دەرکەوتن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن لەهەندێك لایەنی چارەسەری سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بۆ دەقی ڕۆژنامەوانی لە گرنگترینیان بەرنامەی (سیبویە) کە هەڵدەستێ بە چەندین ئیش لەوانە: چاککردنەوەی هەڵەی زمانەوانی، هەڵەچنی، خاڵبەندی، کە یەکێکن لە لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی لەکاتی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی خوێنەران و ئارەزوویان بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕاست و ڕوونن لەڕووی زمانەوانییەوە.

ب. بەرنامەکانی داتابەیس (Databases)

ئەو بەرنامانەن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ دانانی بەشێکی زۆری داتاکان بەشێوەی ناوەندی تۆمارکردن و گەڕانەوەیان لەکاتی پێویستدا، لەئێستادا هیچ دەزگایەك نییە لە جیهاندا کە ئەم بەرنامەیە بەکارنەهێنێت، کە لەگەڵیدا ئامێری گەڕاندنەوەی زانیاری و داتاکان هەیە کە دەتوانرێت دەستکاری سڕینەوە یان زیادکردنیان بۆ بکرێت لەکاتی پێویستدا، چەند جۆرێکن، وەك: داتابەیسی (نووسراو، وێنە، ئامار، کیمیایی)...هتد.

ت. بەرنامەکانی زیرەکی دەستکرد

ئەو بەرنامانەن کە کاتی زیاتر دەگەڕێننەوە بۆمرۆڤ، بەو کارانە هەڵدەستن کە نزیکن لەکاری مرۆڤەوە، وەك: وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان بەرنامەی گۆڕینی دەنگ بە نووسین.

---

(١) حسن عماد مکاوی و محمود سلیمان علم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ص٩٨-٩٩.

**٣. بەرنامە جێبەجێکارییەکان کە بەکارهێنەر لەکۆمپیوتەردا دەیان نووسێت**

ئەگەر بەرنامە جێبەجێکارییەکە ئامادەبوو پێویستی بە کارێکی داواکراو نییە لە جۆرێکی دیاریکراو لە کۆمپیوتەرەکان، لەم کاتەدا بەکارهێنەر هەڵدەستێ بە نووسینی بەرنامە جێبەجێکارییەکە بەو شێوەیەی کە گونجاوە لەگەڵ سیستەمی کارپێکردنی کۆمپیوتەرەکەدا، هەندێ کات ئەمە کارێکی ئاسانە، بەڵام هەندێ کاتی تر پێویستی بە هەوڵی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان و کاتێکی زۆر هەیە، کە پشت دەبەستێت بە سروشتی ئەو کێشانەی کە پێویستە چارەسەر بکرێن.

**چوارەم: تەکنەلۆژیای ئیمەیل ( پۆستەی ئەلیکترۆنی- Electronic Mail)**

بەیەکەم خزمەتگوزاری دادەنرێت کەلەسەر ئینتەرنێت پەرەپێدراوە، پۆستەی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە خزمەتگوزارییە پەیوەستەکان بە گەیاندنی کەسییەوە، هەروەها لەئێستادا تەنها لەتۆڕی ئینتەرنێتدا نییە، بەڵکو گرنگترین خزمەتگوزاری ڕێگەپێدراوە لەهەر تۆڕێکی کۆمپیوتەریدا، پۆستەی ئەلیکترۆنی توانای ناردنی نامەی هەیە لەکۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر و خەڵکی دەتوانن بەکاریبهێنن بۆ پەیوەندیکردن بەیەکتریەوە بەخێراییەکی زۆر هەرچەندە لەیەکتریشەوە دووربن، هەروەك بەکاردەهێنرێت بۆناردنی فایلەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هەر کەسێك لەهەر جێگایەك بێت[1]، بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری بەخێرایی، و دەتوانرێت ئەم زانیاریانە لەشێوەی تێکست، یان دەنگ، یان وێنە دابن ئەمەش بە بەکارهێنانی سیستەمی پۆستەیی کە پشت بە کۆمپیوتەر دەبەستێت لە گەیشتنی نامە و پەیامەکاندا، و خەزنکردنیان، گواستنەوەیان بۆ شوێنە دوورەکان[2].

**پێنجەم: تەکنیکی بلوتوس (Bluetooth)**

شێوەی دەرکەوتنی ئەم تەکنیکە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٩) دەگەڕێتەوە کەشۆڕشێکی تەکنەلۆژییە، بۆ یەکەمجار دوو ئامێری ئەلیکترۆنی بەیەك گەیەنران: (مۆبایل،کۆمپیوتەر،تەنانەت پرنتەر و فاکسە نوێیەکانیش) بەبێ هیچ گەیەنەرێك یان ئامێرێکی ماددی هەستیار لەنێوانیاندا بەسترابێت، کاتێك بیرۆکەی کارکردنی ئەم سیستەمە لەسەر ناردنی داتا و فایلەکان دەوەستێت لەنێوان دوو ئامێردا بەخێراییەك کە دەگاتە (٣٥٠) کیلۆبایت لەیەك چرکەدا، دووری نێوان ئامێرەکان دەگاتە دەیان مەتر، بەم شێوەیە ئاسانە بۆ بەکارهێنەر بۆ گەیاندن، ئەم تەکنیکە خزمەتی کاری ڕۆژنامەوانی دەکات لەرێگەی ئاسانکردنی کرداری ئاڵوگۆڕکردنی فایلەکان لەنێوان ڕۆژنامەنووساندا، بەتایبەتی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی تۆمارکراوی کامێرای مۆبایلی زیرەك، ئەمەش بەبێ پێویست بوون بەکرداری بەستنەوەی ئامێرەکە بە بەکارهێنانی گەیەنەرەکان تەنانەت ئینتەرنێتیش.

**شەشەم: تەکنیکی وای فای (Wi- Fi)**

ئەم تەکنیکە لەتۆڕەکانی کۆمپیوتەری بێتەلدا بلاّوبووەتەوە، کاتێك بەکارهێنەر دەتوانێت زانیاری و داتای بۆ ماوەیەکی دوورتر لەوەی کە لە تەکنیکی بلوتوسدا هەبوو بگوازێتەوە، هەروەکو ڕێگەدەدات بەوەرگرتنی ئینتەرنێت بەبێ پێویست بوون بەبەستنەوەی ئامێرەکە بە هەرجۆرێك لەجۆرەکانی گەیەنەری ئینتەرنێتی تەلدار، ئەمەش واتای بوونی توانایەکی گەورە و نەرمیی و گونجاوییەکی فراوان لە جووڵاندنی ئامێرە بەکارهێنراوەکە، ئەم تەکنیکە گەیاندنی ڕۆژنامەنووسان بە ڕۆژنامەکانیان ئاسان دەکات، و بوار دەدات بە ناردن و وەرگرتنی فایلەکان بەجۆرە جیاوازەکانیانەوە، جا چ دەق یان وێنە یان گرتەی ڤیدیۆیی بن، ئەمەش بە

---

(١) بهاء شاهين، الإنترنت و العولمة، ط١، (القاهرة: عالم كتب، ١٩٩٩)، ص٤٣.

(٢) أسماء حسين حافظ، تكنولوجيا الإتصال الإعلامى التفاعلى فى عصر الفضاء الإلكترونى المعلوماتى و الرقمى، (بدون مكان: الدار العربية للنشر و التوزيع، بدون سنة)، ص٨٠.

بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك یان کۆمپیوتەرەکان یان لاپتۆب کە ڕێگە بە جووڵە و گونجاوی دەدەن لە گواستنەوەدا.

**حەوتەم: تەکنیکی وایەرلێس (Wireless)**

بریتیە لەو تەکنیکە پێشکەوتووەی کە ڕێگە دەدات بە بلاّوبوونەوەی ئینتەرنێت و ناردنی (بەبێتەل) لە هەوادا، بەپێچەوانەی ئینتەرنێتی تەلدارەوە کە پێویستی بە بوونی گەیەنەری ئینتەرنێت هەیە کە پەیوەستبێت لەنێوان ئامێری (ڕاوتەر) و کۆمپیوتەر یان ئامێری وەرگر کە ئازادی جووڵەی بەکارهێنەر کەم دەکاتەوە[1].

ڕۆژنامەنووسان سوود لەم تەکنیکە وەردەگرن بەوەی کە کرداری وەرگرتنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاسان دەکات، و بوار دەدات بە گەیشتن بە سەرچاوەکانیان بەشێوەیەکی باشتر، دوور لە ئاڵۆزی گەیاندنی ئامێرەکانی لاپتۆپ و مۆبایلی زیرەك بەیەکەوە کەبەیەك دەگەیەنرێن لەڕێگەی گەیەنەرەکانیان بەجۆرە جیاوازەکانیانەوە.

**هەشتەم: تەکنیکی وای ماکس (WiMAX)**

ئەم تەکنیکە بە پێشکەوتووتر دادەنرێت لەنێوان هەموو تەکنیکەکانی تر کە ڕێگەدەدات بەبلاّوبوونەوەی ئینتەرنێتی بێتەل، لەکاتێکدا ڕووماڵی ڕووبەرێك دەکات کە نیوەتیرەکەی (٤٥)کم بێت لەکاتێکدا (وای فای) لە (٣٠٠)م تێناپەڕێت، بەم ئامێرە دەتوانرێت ڕووماڵی شارێکی تەواو بە تاوەرێك یان دوو تاوەر بکرێت، بەتایبەتی کە تێچوونی کەمترە بۆ بەکارهێنەر، بە تێڕوانین بە پێویست نەبوون بەدرێژکردنەوەی تۆڕی تەلەکان بۆ هەموو ماڵێك، سەرەڕای خێرای ئەم تەکنیکە کە یەك خاڵی پەخشکردنی دەگاتە (٧٠)مێگا بایت لە چرکەیەکدا، بەبەراورد بە تەکنیکی (وای فای) کە لە(١٢مێگابایت) تێناپەڕێت لەچرکەیەکدا.

ئەم تەکنیکە بواردەدات بە ڕۆژنامە بۆ گەیشتن بە پەیامنێران و سەرچاوە جیاوازەکانیان بەڕێگەیەکی ئاسان، هەروەك دووری و کات کەمدەکاتەوە، بەوەی کە یەکەمجار لەشوێنی ڕووداوەکەوە بوار دەدات بەناردنی هەواڵ و وێنە بۆ بەشەکانی سازاندن لە ڕۆژنامەدا، بەتایبەتی لەسایەی بلاّوبوونەوەی ئامێری لاپتۆپ و مۆبایلی زیرەکدا، هەڵبژاردن و خزمەتگوزاری فراوان و جۆراوجۆر بۆکاری ڕۆژنامەنووسی دەرەخسێنێت.

**نۆیەم: تەکنیکی سکایپ (Skype)**

تەکنیکێکی تەکنەلۆژییە ڕێگەدەدات بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کە پەیوەندیی تەلەفۆنی ئەنجامبدەن بە بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەری تایبەت بەخۆیان (لاپتۆب) بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورە جوگرافییەکان، کاتێك کە گفتوگۆ دەنگییەکان لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەگوازێتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٠) کە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری بازرگانی بەکارهاتووە[2].

**دەیەم: یوتیوب (Youtube)**

پێگەیەکە لەساڵی (٢٠٠٥) دەرکەوت بۆ بلاّوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکان، بواردەدات بە بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی گرتەی ڤیدیۆی تایبەت بە خۆیان لەگەڵ بەکارهێنەرانی تر لەهەموو شوێنەکانی جیهاندا، ئەم پێگەیە دەناسرێتەوە بەتوانای لە پێشوازیکردن و کارلێکی گەورە و فراوان.

---

(١) ایمن عبداللة، کشف حساب ٢٠١٠ التقني، الآيباد أكبر الأنتصار للتكنولوجيا للعالم الحالي، مقال منشور بموقع سوالف سوفت، http://goo.gl/yCcOqt، (کاتی سەردان: ٢٠١٥/١٢/١٥).

(٢) ایمن عبداللة، سەرچاوەی پێشوو، http://goo.gl/yCcOqt.

**یازدەیەم: ئایپاد (ipad):** کۆمپانیای بەناوبانگی (ئەپڵ) لەساڵی (٢٠١٠)دا دروستی کردووە[١]، کەلەنێویدا تایبەتمەندییەکانی مۆبایلی زیرەك و لاپتۆپ کۆکراونەتەوە، دەتوانرێت کاری جیاواز و جۆراوجۆر ئەنجام بدات لەکردنەوەی سایتەکانی ئینتەرنێت و سەیرکردنی فیلم و یاری و ڤیدیۆ تاوەکو کاری ڕۆژنامەوانی، دەتوانرێت دەقەکان تێیدا ئامادە و چاپ بکرێن، وێنە و گۆرانی تێدا خەزندەکرێت و سەیری کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی پێدەکرێت، ئەستوری ئامێرەکە دەگاتە نیو (بوصە) کێشەکەی (٦٨٠)گم[٢].

ئایپاد[*] بەسیستەمی (IOS) کاردەکات، شاشەکەشی لەمسە هەڵدەستێت بە کارپێکردنی چەند جۆرە نێوەندێك لەنێویاندا: ڕۆژنامە، گۆڤارەکان، کتێبی ئەلیکترۆنی و نووسراو، هەموو بەرنامەکانی ئایفۆن، دەتوانرێت پۆستەی ئەلیکترۆنی پێبکرێتەوە، لەڕێگەی کیبۆردەکەشییەوە نامە بنوسرێت و بنێررێت[٣].

توێژەر وایدەبینێت سەرجەم داهێنانە تەکنەلۆژییەکان بەگشتی و لەبواری گەیاندندا بەتایبەتی بۆتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەکەرەستەکانی کارکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و پیشەسازی ڕۆژنامە بەتایبەتی، ئەمەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان لەلایەك و بەرزکردنەوەی توانای گەیاندنێکی خێرا و باشی زانیارییەکان لەلایەکی ترەوە.

**دوازدەیەم: تۆڕەکان (Networks):** ئامێری کۆمپیوتەرە کە پەیوەستن بەیەکترییەوە لەڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندیی و بەهاوکاری بەرنامەکان، گواستنەوە و ناردنی زانیارییەکان جێبەجێدەکات، ئامێرەکانی گواستنەوە جیاوازن (تەلدار و بێتەل)، هەروەك چۆن ڕێگای بەستنی ئامێرەکان بەیەکتریشەوە جیاوازە و بەرنامەکانیش کە کارەکانی پەیوەندیی جێبەجێدەکەن و داتا و زانیارییەکان دەگوازنەوە جیاوازن، دوو جۆر تۆڕی کۆمپیوتەری هەیە بەپێی بواری جوگرافی ئەوانیش:

- تۆڕی ناوخۆیی: ئەو تۆڕەیە کە کۆمپیوتەرەکان لە چەند ناوچەیەکی جوگرافی بەرتەسکدا پێکەوە دەبەستێت (لەناو بینایەك یان چەند بینایەکی تەنیشت یەکدا).
- تۆڕی فراوان: ئەمەیان لەنێو ناوچەیەکی جوگرافی فراواندا بنیات دەنرێت (لەنێوان چەند شارێکی وڵاتێك یان چەند وڵاتێك)، جیاوازی نێوان تۆڕی کۆمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێت ئەوەیە: تۆڕی کۆمپیوتەر پشت بەچەند ئامێر و بەرنامە و زانیارییەکی دیاریکراو دەبەستێت، بەڵام تۆڕی ئینتەرنێت ئامێر و زانیارییەکان نەژمێرراو و بێسنوورن، لەهەموو شوێنێکدا هەیە و جۆرەکانی زۆرن.

- **تۆڕی ئینتەرنێت:** ئینتەرنێت لە زامانەوانیدا لە دوو بڕگە پێکهاتووە: یەکەمیان (Inter connection) واتای پەیوەستکردنی زیاتر لە شتێك بەیەکترەوە، دووەمیان (Net work) بەواتای تۆڕ، هەردوو بڕگەکە پێکەوە بەواتای پەیوەستکردنی چەند تۆڕێك بەیەکترییەوە دێت، لەبڕگەی یەکەمدا وشەی (Inter) وەرگیراوە بەواتای نێوان، و لە بڕگەی دووەم وشەی (Net) وەرگیراوە واتە تۆڕ، هەردوو وشەکەش پێکەوە بەمانای تۆڕی بەناویەکداچوو یان تۆڕی

---

(١) ایمن عبداللة، سەرچاوەی پێشوو، http://goo.gl/yCcOqt.

(٢) بورغ برونسمان و وفاق بنكيران، ابل تطلق جهازا يجمع بين الهاتف الذكي و الكومبيوتر المحمول، موقع مركز DW الإعلامي، http://goo.gl/plOnZ، (کاتی سەردان:١٥/١٢/٢٠١٥).

(*) لەمیانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای بواری گەیاندندا، لێکۆڵەرەوان پەرە بە تەکنیکێکی نوێ دەدەن کە پێی دەوترێت "بيك اند دروب"، واتە وەرگرتنی فایل لە کۆمپیوتەرێکەوە و دانانی لە کۆمپیوتەرێکی دیکەدا بە بەکارهێنانی پێنووسێکی تایبەت، هەروەها ئەم تەکنیکە بوار دەدات بە بەکارهێنەرانی بۆ گواستنەوە و جوڵاندنی فایلەکان لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر بەبێ پێویستبوون بە بەکارهێنانی تۆڕەکان یان خزمەتگوزارییەکانی تر، هەروەها لێکۆڵەرەوان پەرەیان داوە بە تەکنیکێکی تر کە پێی دەوترێت " بيك اند بيم" ئامانج لێی وەرگرتنی فایلەکانە لە کۆمپیوتەر و دانانیان لەسەر شاشە و پیشاندانیان بە بەکارهێنانی پێنووسێکی تایبەت. بڕوانە (نجلاو الحملاوی، "قلم رقمي"، مجلة آخر تطورات عالم تكنولوجيا المعلومات، موقع تكنولوجيا، http://goo.gl/A٥WRs٤).

(٣) أیمن عبداللة، سەرچاوەی پێشوو، http://goo.gl/yCcOqt.

نێوانی یان تۆڕی نێوان تۆڕەکانە کە لە کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای جیاواز پێکهاتوون و بەجۆرێك بەیەکەوە بەستراون کە وادەبینرێن کە یەك پارچە و یەك سیستەم بن، ئینتەرنێت کۆمەڵێکە لە هەزاران کۆمپیوتەر، کە لە هەموو جیهاندا بلاوبوونەتەوە کە دەتوانرێت لەڕێگەی گورزە ڕووناکی و هێڵەکانی تەلەفۆن و مانگە دەستکردەکانەوە پەیوەندیکردن تیایاندا ئەنجامبدرێت کە ڕێگە بە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەیامەکان دەدات لە تەواوی جیهاندا، ئەم تەکنەلۆژیایە زانیاری لەخۆناگرێت، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری هەڵگیراو لە فایل یان لەدۆکیۆمێنتەکانی کۆمپیوتەرەکانی دیکەدا.

ئینتەرنێت بەیەکێك لەدەستکەوتە دیارەکانی ئەم سەردەمە لەبواری پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕی ڕاگەیاندن و زانیاری دادەنرێت، ئەم تۆڕە ڕێگە بەملیۆنان مرۆڤ دەدات کە زانیاری و هەواڵ بەخێراییەکی زۆر لەهەر شوێنێکی جیهاندا بێت بەدەستبهێنن، توانای ڕووماڵکردنی بێکۆتایە و سنوورە جوگرافی و سیاسییەکانی نێوان گەلان ئاستەنگی بۆ دروستناکەن، هەروەکو ڕووماڵی هەموو جۆرە زانیاری و ڕۆشنبیرییەکان بەهۆکاری ئاسان و خێرا بۆتاك دەکات، کەدەتوانن ئەو زانیاری و هەواڵ و زانستەی کە دەیانەوێت لەهەر شوێنێکی جیهاندابێت بەدەستی بهێنن، هەروەها دەتوانن بیروبۆچوونە زانستییەکانیان بگەیەننە ملیۆنان هاوبەشی ئەم تۆڕە گەورە بەڕێگایەکی ئاسان و خێرا و هەوڵێکی کەم [1].

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە دەدەن بە پەیوەندیکردن لەنێوان ملیۆنان بەکارهێنەر لەهەموو شوێنەکانی جیهاندا بەهۆی پەیوەندیکردنی ئینتەرنێتەوە، هەروەکو بە بەردەوامی داهێنانی تێدا دەکرێت و تایبەتمەندی نوێ و باشی بۆ زیاددەکرێت لەسەر ئاستی ئاڵوگۆڕکردنی وێنە و ڤیدیۆ و پەیوەندیکردن بەهەر کەسێك، هەروەها توانای ڕێگەگرتنی هەیە لە گەیشتن بەهەندێك زانیاری کەسی، فەیسبووك کەساڵی (٢٠٠٤) دەرکەوت بە بەناوبانگترین پێگەی کۆمەڵایەتی لەجیهاندا دادەنرێت، تویتەر لەساڵی (٢٠٠٦) دەرکەوت بەتوانای ناردن و خوێندنەوەی نامەی کورت جیادەکرێتەوە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

- **تەکنەلۆژیای تۆڕەکانی زانیاری:** کۆمەڵێکە لە کۆمپیوتەر لەوانەیە ژمارەیان زۆربێت یان کەم دەتوانێت دوو تۆڕ لە کۆمپیوتەرەکان پێکبهێنێت کە ملیۆنان کۆمپیوتەر بگرێتەخۆی کە هەندێکیان بەستراونەتەوە بە هەندێکی تریانەوە و دەتوانرێت داتا لە هەندێکیانەوە بگوازێتەوە بۆ ئەوانی تر، ئەم تەکنەلۆژیا بنچینەییە پاڵپشتییەکی گرنگ لە ڕووداوەکان پێکدەهێنێت کە لەسێ بواردا لانی کەم پاڵپشتی پێشکەش دەکات:

- بەرزکردنەوەی توانای هەڵگرتنی زانیارییەکان و سیستەمی چارەسەری داتاکان، کە دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان لەبواری خزمەتگوزاریدا.
- باشترکردنی گەیاندن بەهۆی بەکارهێنانی فراوان و هۆشیاری بۆ تۆڕی ئینتەرنێت.
- بەرپاکردنی شۆڕشێك لەبواری خوێندن و داهێنان و توێژینەوە و گەشەپێداندا، زیادکردنی تێکڕای خێرایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بلاوبوونەوەی.
- **سیازدەیەم: تەکنەلۆژیای گەیاندن لە دوورەوە:** تەکنەلۆژیای "بەستنی کۆنگرەکان لەدوورەوە" پشت دەبەستێت بە پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنی بۆ بەدەستهێنانی کارەکان لەشوێنە دوورەکاندا، ئەمەش یارمەتی ئەم تەکنەلۆژیایە دەدات بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی کارپێکردنی مانگە دەستکردەکان، ئەویش لە بلاوترین

---

(١) بڕوانە: (أ) رحيمة الطيب عيسانى، مدخل الى الإعلام و الاتصال، (عمان: جدارا للكتاب العالمى للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨)، ص[١٢٢].

(ب) أفؤاد أحمد الساري، وسائل االإعلام النشأة و التطور، ط١، (عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع، ٢٠١٠)، ص[٣٦٨].

(ت) نسرين محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص[١٤].

(ث) إياد شاكر البكري، تقنيات الإتصال بين زمنين، ط١، (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)، ص[١٢٣].

(ج) زكي حسين الوردي، سەرچاوەی پێشوو، ل[٨٦].

هۆکارەکانی پەخشکردنی زانیارییەکان پێکدێت کە هۆکاری گەڕان و توێژینەوە و کارلێککردن لەگەڵ زانیارییەکان بۆ بەکارهێنەرانی زۆر دەکات، بەدەرکەوتنی کۆمپیوتەری ژمارەیی ( Digital Computers)، زانیارییەکان زۆر بوون کەخۆیان لەشێوەی ژمارەییدا دەبینییەوە، بەم شێوەیە توانای توێژینەوە لە داتابەیس و گواستنەوەی زانیارییەکان لە شوێنە دوورەکانەوە دەرکەوت، ئەم پێشکەوتنەش چوویە نێو لایەنەکانی ژیانی سەردەمەوە بەشێوەیەکی تایبەتی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا، کاتێك خزمەتگوزاری تۆڕی زانیاری جیهانی (www World Wide Web) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەرکەوت، هەروەکو دەرکەوتنی (CD-ROMs) بوویە هۆی دەرکەوتنی توانای گەیشتن بە زانیارییە بنچینەییەکان لەرێگەی بەکارهێنانی تۆڕی زانیارییە بنچینەییەکان لەسەر کۆمپیوتەر[١].

**بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەدوورەوە:**

١. لەدوورەوە گەیشتن (Remote Access): پێکدێت لەتوانای بەکارهێنەر لە سوودوەرگرتن لەو خزمەتگوزاریانەی کە لە شوێنە دوورەکانەوە پێشکەشیان دەکرێت لەرێگەی دانانی خزمەتگوزاری گونجاو لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بەبێ پێویستبوون بە گەشتکردن بۆ شوێنە دوورەکان.

٢. گواستنەوەی فایلەکان (File Transfer): مەبەست لە گەیشتن لە دوورەوە ئەوەیە ئەو زانیاریانەی کە دەتوانرێت بەدەستبهێنرێن بمێننەوە لە کۆمپیوتەری کارپێکەردا کاتێك کە دانیشتنەکانی گفتوگۆکردن کۆتاییان دێت، لەکاتی دووبارە هەڵگرتنەوەی هەر داتایەك بەهۆی بەکارهێنەرەوە وەکو تێبینی یان دەرچووە چاپکراوەکان.

بەشێوەیەکی ئاسایی ئەمە بەشێکی بچووك لەو زانیاریانە پێکدێنێت کە پارێزگاری لێناکرێت لەشێوەی ژمارەی ئەلیکترۆنیدا، کاتێك ئارەزوو بکرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زۆر و جۆراوجۆر لە قەبارەی گەورەی فایلی زانیارییەکی دیاریکراو، بەکارهێنانی کرداری گواستنەوەی هەموو فایلەکە بە باشتر دەزانرێت، واتە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆپی کردنی برێکی گەورە لە داتا بەتوانایەکی باش، تەنها پێویستی بەکەسێك هەیە بۆ بەرێوەبردنی کرداری گواستنەوەکە[٢].

٣. نامە ئەلیکترۆنییەکان (Electronic Mail): پۆستەی ئەلیکترۆنی بە بەربڵاوترین شێوەی بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە دادەنرێت، سەرباری کورتنەکردنەوەی لەسەر ئەم شێوەیە بەتەنها، ئامانج لە تەکنەلۆژیای نامە ئەلیکترۆنییەکان رێگەدانە بەگواستنەوەی هەموو جۆرە ئاماژەیەك بەتوانایەکی بەرز لەنێو بەکارهێنەرانی تۆڕی نێودەوڵەتی ئینتەرنێتدا، بارودۆخی ئێستای نامە ئەلیکترۆنییەکان پێکدێت لە گواستنەوە و تێپەڕبوونی هەموو ئاماژەکانی شێوە جێگیر و جوڵاو و ڤیدیۆکان، سەرەڕای دەنگ و وێنە و دەقەکان لە کۆمپیوتەرێك بۆ کۆمپیوتەرێکی تری پەیوەست بە تۆڕێك لەرێگەی هێڵەکانی گەیاندنی دیاریکراوەوە.

گەیاندن بەهۆی ئەم تەکنەلۆژیایەوە پێکدێت لە زنجیرەیەکی سەرەکی کە ئەویش کۆمپیوتەرە کە رێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات لە کارلێککردنی زانیاریدا لەنێویشیاندا لەرێگەی خزمەتگوزاری زانیاری جۆراوجۆرەوە: پۆستەی ئەلیکترۆنی و داتابەیس....هتد[٣].

(١) نسرین محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥.

(٢) حشمت قاسم، الإتصال العلمي في البيئة الإلكترونية، (القاهرة: دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠٠٥)، ص٤٢٠.

(٣) نسرین محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

# بەشی سێیەم

# سازاندنی رۆژنامەنووسی

پاری یەکەم: چەمك و پێناسە و گرنگی و ئامانجەکانی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی.

پاری دووەم: تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

پاری سێیەم: بیردۆزی ( مارشاڵ ماکلۆهان ) ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەك درێژە پێدەری هەستەوەرەکانی مرۆڤ

## دەستپێك

تویژەر لەم بەشەدا هەوڵدەدات بەدابەشكردنی بەسەر سێ پاردا، باس لە بابەتەكەی بكات، لە پاری یەكەمدا باس لە چەمك و پێناسە و گرنگی و ئامانجەكانی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی دەكات، لە پاری دووەمدا باس لە تەكنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سازاندنی ڕۆژنامەنووسی دەكات، لە پاری سێیەمدا باس لە بیردۆزی هەریەتی (حتمیة) تەكنەلۆژیای پەیوەندیكردنی " مارشاڵ ماكلۆهان" دەكات كە پەیوەندی بە تەكنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەنووسیدا هەیە.

## پاری یەكەم: چەمك و پێناسە و گرنگی و ئامانجەكانی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

سازاندنی ڕۆژنامەنووسی پرۆسەیەكی گەیاندنی كۆجەماوەریی بەردەوامە سازێنەری ڕۆژنامە، زانیارییە ڕۆژنامەنووسییەكان كۆدەكاتەوە و وەك پەیام یان ناوەڕۆكێكی دیاریكراوی ڕۆژنامەوانی، جا سیاسی یان ئابووری یان وەرزشی بێت و یان دەقێكی ڕۆژنامەوانی وەرگێراو بێت داڕشتنەوەی بۆ دەكات لەشێوەیەكی ڕۆژنامەوانی دیاریكراودا وەك چاوپێكەوتن، هەواڵ، وتار، پاشان لەڕێگەی یەكێك لە ئامرازەكانی گەیاندنی جەماوەرییەوە كە دەكرێت ڕۆژنامە یان گۆڤار بێت دەینێرێت بۆ جەماوەر بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەكان كە ڕۆژنامەكە هەوڵیان بۆ دەدات بەنیازی بەشداریكردن لە پێكهێنانی ڕای گشتی لە شێواز و ئاڕاستەیەكی دیاریكراودا[١].

**١- چەمك و پێناسەی سازاندن لە زمانەوانیدا**

چەمكی سازاندن شێوازی نوێی وەرگرتووە لەگەڵ دەركەوتنی نووسینی ڕاگەیاندن لە سەرەتای نیوەی سەدەی نۆزدەدا[٢]، سازاندن لەزمانی ئینگلیزیدا بە (Editing) ناودەبرێت لە سازێنەر (Editor) ەوە هاتووە "واتە ئامادەكردنی نووسینەكانی كۆتایی بۆ بڵاوكردنەوە"[٣].

سازاندن لە زمانی عەرەبیدا بە (تحرير) ناودەبرێت كە سەرچاوەی وشەكە لە كرداری (حرر)ەوە وەرگیراوە واتای وشەكانی (العتق، اشده، الغالى و النفيس، اتقان الكتابه) دەگەیەنێت بە واتای (ئازادكردن، بەهێزی، بەنرخ و گرانبەها، كارامەیی نووسین، هەروەها فەرهەنگی گشتی زمانی عەرەبی دا سازاندن پێداچوونەوەیەكی ڕەخنە ئامێزە بۆ دەق كە تێیدا بەڵگەنامە لەسەرچاوە جیاوازەكانەوە تێكەڵ بەدەق دەكرێت[٤]. لەهەمان كاتدا فەرهەنگەكانی دیكەی زمانی عەەبی ئاماژە بەوە دەكەن كە سازاندن شتێكە لە نووسین، و مانای سازاندن واتە نووسین و دەڵێن سازاندنی ڕۆژنامە واتە نووسین لە ڕۆژنامەدا واتە هونەری نووسین لە ڕۆژنامەدا[٥].

**٢- چەمك و پێناسەی سازاندن لە زاراوەدا:**

(د. محمد منير حجاب) پێی وایە سازاندن هەمیشە بریتییە لە دوو كردار: بیركردنەوە لە لایەك و دەربڕین لە لایەكی تر[٦]، سازاندن داڕشتنێكی تۆكمە و باشە بۆ نووسین بەجۆرێك كە ڕێساكانی زمانەوانی ڕەنگ بدەنەوە تێیدا[٧]، هەروەها "داڕشتنی تۆكمەیە بۆ نوسین و تێگەیشتن"[١]، لەلایەكی دیكەوە "ئامادەكردنی پەیامی ڕاگەیاندنی

---

(١) فاروق ابوزيد، ليلى عبدالمجيد: فن التحرير الصحفى، (القاهرة: بدون مكان النشر، ٢٠٠٠)، ص٣.

(٢) نبيل حداد، في الكتابة الصحفية، (عمان: دار الكندي، ٢٠٠٢)، ص٦٩.

(٣) فاروق ابوزيد، ليلى عبدالمجيد، سەرچاوەی پێشوو، ص٤.

(٤) بەبێ ناوی نوسەر، تعريف ومعنى تحرير في معجم المعاني الجامع معجم عربي عربي،
تحرير http://www.activeparenting.com/APSF_authorhttp://www.almaany.com/ar/dict/ar-a (كاتی سەردان:٢٠١٦/٢/١٠).

(٥) رشيد الربيش، التحرير الأدبي العرب، سەرچاوەی پێشوو، (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

(٦) محمد منير حجاب ، المعجم الاعلامى، ط١ (القاهرة: دارالفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤)، ص١٢٠.

(٧) رشيد الربيش، التحرير الأدبي العرب، http:// www.s-qu.comlforumluploadedl٥٠٦٩-٠١٢٤٤٩٠٣٢٢٩.doc (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٩).

**نووسراوە کە دەگوازرێتەوە بۆ جەماوەر لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە، بە ئامانجی زیادکردنی زانیاری جەماوەر بە هەواڵی ڕۆژنامە و زانیاری دروست لە چوارچێوەی پرۆسەی پیشاندانی هونەری بۆ هاوکاری کردنی خەڵکی بۆ پێکهێنانی "ڕایەکی جێگیر" لە ڕاستی ناو ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە کە ئەم ڕایە گوزارشت لە عەقڵی جەماوەر و ئاراستە و ئارەزووەکانیان بکات"[٢].**

**سازاندنی ڕۆژنامەنووسی هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانی کە کارێکی ڕۆژانە یان هەفتانەیە بەپێی ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە سازێنەر هەڵدەستێت بە سازاندنەوە و دارشتنەوەی مادده ڕۆژنامەوانییەکان کە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە وەرگیراون بۆ ئەوەی لەشێواز و بۆتە و قاڵبی گونجاودا دایانبڕێژێتەوە، پاشان پێداچوونەوە و وردبوونەوە لەوەی کە دایڕشتووە[٣].**

**سازاندنی ڕۆژنامەنووسی کردارێکی نووسینی ڕۆژنامەونووسییە و هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی دەرچوواندنی ڕۆژنامەوانی، کە سازێنەر مادە ڕۆژنامەنووسییەکە دەنووسێت و لە شکڵێکی دیاریکراودا دایدەرێژێتەوە کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، پاشان سازێنەری بەرپرس پێداچوونەوەی بۆ دەکات، واتە پرۆسەیەکە لە سازێنەرەوە دەستپێدەکات و بە سازێنەر کۆتایی دێت کە بە پرۆسەی نووسین و سازاندندن هەڵدەستن.[٤]**

**لێرەوە دەتوانرێت بوترێت سازاندن بریتییە "لە گواستنەوەی ڕاستی و ڕووداوە گرنگەکان بۆ ڕوپەڕی ڕۆژنامەکان"[٥].یان دەستەواژەیەکە بۆ (پالاوتن) کە لە ناویدا سەرجەم کەمو کورتییەکانی وەك (هەڵەی زمانەوانی، هەڵەی نووسینەوە و ڕێزمان، هەڵە لە ڕیزبەندی و ڕێکخستندا، نەبوونی مانایەکی ڕوون، ئاڵۆزی) کە لە هەواڵەکەدا هەیە پاکدەکرێتەوە[٦]، یان نووسینی کەرەستەی ڕۆژنامەوانی جیاوازە بەشێوازێك کە ببێتە هۆی گرنگی پێدانی خوێنەر، هەروەها ئامادەکردنی بۆ بلاْوکردنەوەی لە دەقێکی ڕۆژنامەنووسی پاك و بێگەرد دوور لە هەڵەی زانستی یان زمانەوانی و دەربڕین[٧].**

**(د. إجلال خليفه) پێی وایە سازاندنی ڕۆژنامەنووسی "هونەری گۆڕینی ڕووداو و بیرۆکە و هەواڵەکان و کێشە مرۆڤایەتییەکان و دیاردەکانی سروشت و ژیانە بۆ ماددەیەکی ڕۆژنامەوانی چاپکراو، بەجۆرێك لای خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرزو سەرو بەرز، و خاوەن ڕۆشنبیرییەکی مامناوەند و زیرەکی ئاسایی کە بیخوێنێتەوە لێی تێبگات و بیزانێت"[٨].**

**یان گۆڕینی ڕووداوەکان و بیر و هزر و کێشە مرۆییە جیاوازەکانە بۆ ماددەیەکی ڕۆژنامەی چاپکراوی واتادار لە چوارچێوەی هونەری جیاواز[٩].**

---

(١) د.محمد منير حجاب، المعجم الاعلامى، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٠.

(٢) مجدي الداغر، مقدمه في فنون التحرير الصحفى، http://www.siironline.org/alabwab/alhoda-culture، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٩).

(٣) بڕوانە: عبد الجواد سعيد محمدربيع، فن الخبر الصحفى، (القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٥)، ص١٦.

(٤) فاروق ابوزيد، ليلى عبدالمجيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

(٥) بەبێ ناوی نووسەر، التحرير الصحفى،http://sic_mostaowno.com/montada_f١١/topic_t١١ ، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

(٦) بەبێ ناوی نووسەر، مفهوم تحريرالصحفى، http://www.aljazeeratalk.net/forun/showthread.php?p=٢٠٨٩٤، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

(٧) محمد فريد محمود عزت، قاموس مصطلحات الأعلامية، (بيروت– لبنان: دار و مكتبة الهلال للطباعة و النشر، ٢٠١٠)، ص١٢٢

(٨) عبد الجواد سعيد ربيع، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥. وەرگیراوە لە: اجلال خليفة، اتجاهات حديثة فى فن التحرير الصحفى، ط٢، ( القاهرة: مكتبة الانجلو مصرية، ١٩٨١)، ص١٣.

(٩) بەبێ ناوی نووسەر، مفهوم التحرير الصحفى، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

سازاندنی ڕۆژنامەنووسی پاکژکردنەوەی هەواڵە لە هەموو ئەو خەوشانەی کە تێیدایە، خەوشی ناوەڕۆك، خەوشی زمان لە قەبەکردن و دووبارەکردنەوە ڕزگاری دەکات، هەروەها لەوانەشی کە سەیرن و هەڵبەستراون، هەندێکجار لەو زانیاریانەش پاکی دەکاتەوە کە لێکدانەوە هەڵدەگرن.[١]

هونەری گۆڕینی هەواڵ و ڕووداوەکانی چواردەورمانە بۆ ماددەیەکی نووسراو و چاپکراو کە بە ئاسانی لەلای سەرجەم چینە ڕۆشنبیرە جیاوازەکان هەرسبکرێت، ئەوانەی کە ئاستی زیرەکییان بەرزە یاخود مامناوەند یاخود دیاریکراوە[٢].

سازاندنی ڕۆژنامەنووسی مامەڵەکردنە لەگەڵ زانیارییەکاندا، بەڵام بە زمانێکی باش، واتە هەندێکجار دووبارەکردنەوە و داڕشتنەوە و کورتکردنەوەیە هەندێکجاریش فراوانکردن یان پارچە پارچە کردنی بڕگەکانە و بەس[٣].

سازاندن پرۆسەی ڕاستکردنەوە (proofreading) لەخۆدەگرێت، کە پرۆسەی پشکنینی پارچەیەکی نوسراوە بۆ ڕاستکردنەوەی یاسای ڕێزمان و زمانەوانی واتە سازاندن زیاتر کارێکی "داهێنانکاری"یە[٤].

سازاندنی ڕۆژنامەنووسی هونەرێکی پەخشاننووسی ڕاستی خوازانە (ڕیالیستی)یە و بریتییە لە پرۆسەی گۆڕین یان وەرگێڕانی (بیروڕا_ڕووداو_شارەزایی...) لە وێناکردنێکی هزریانەوە بۆ زمانێکی نووسراو و نزیك لە ئاستی تێگەیشتنی وەرگرێکی ئاسایی، کە جیاوازە لە نووسینە ئاسایی و زانستی و ئەدەبییەکان[٥]، یان خستنەڕووی ئەو ناوەڕۆك و زانیارییانەیە بە زمانێك، کە خوێندنەوە و گوێگرتن و نووسین و بینین لێی ئاسان بێت، واتە زمانێکی ڕوون و گونجاو، پرۆسەی سازاندن مانای سەرکەوتنی پەیوەندی نێوان وشە و ڕووداوەکان و پاراستنی هاوسەنگی نێوانیانە پشت بەو ڕاستیانە دەبەستێت کە یەکتری ڕوندەکەنەوە[٦].

سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بەگشتی" هونەری نووسینە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار و ئاژانسەکانی هەواڵ"، هونەری گوزارشتکردنە لە ڕووداو و بیروبۆچوون و ڕا و هەڵوێست و چالاکیی و دیاردەکانی ژیان و گەردوون بە زمانێکی گونجاو بۆ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە یان گۆڤاردا[٧].

سازاندنی ڕۆژنامەنووسی هونەری کاری کۆمەڵایەتییە مەبەستی ئاسانکارییە بۆ جەماوەر لەڕێگەی ڕاستەقینەیی و گشتگیرێتییەوە، و هونەرێکی کردارییە ئامانج لێی پەیوەندیکردنە بە جەماوەر و گواستنەوەی واتا و بیروبۆچوونەکان بۆیان، و هونەرێکی کردارییە نەك جوانی و خودی[٨].

(د. محمود ادهم) وایدەبینێت کە سازاندنی ڕۆژنامەنووسی[*] ڕێگایەکی نووسینی هونەرییە کە ڕێگە دەدات بە سازێنەر پشت بە بیری خۆی ببەستێت کاتێك کە هەڵدەستێت بە بەرپرسیارێتی پیشەیی و تۆمارکردنی ڕووداوە

---

(١) سامی زوبیان، ڕۆژنامەنووسی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن، و. لە عەرەبییەوە، مەم بورهان قانع، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٨)، ل[٢٨٠].

(٢) مجدي الداغر، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٩) .

(٣) سامی زوبیان، سەرچاوەی پێشوو، ل[٢٨١].

(٤) بەبێ ناوی نووسەر، http://www.writing forword.com the impact and important of editing ، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

(٥) فاروق ابوزید و لیلی عبدالمجید، سەرچاوەی پێشوو، ل[٦].

(٦) سامی زوبیان، سەرچاوەی پێشو، ل[٣٦٥،٢٩٧].

(٧) محمود ادهم، الأسس الفنية للتحرير الصحفى العام، (القاهرة: بدون اسم مطبعة، ١٩٨٤ )، ص[١٦].

(٨) عبدالعزیز شرف، فن التحرير الإعلامى، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب)، ص[٢٩].

(*) سەرەڕای سازاندنی ڕۆژنامەنووسی دوو جۆری دیکە لە سازاندن هەن کە بریتین لە سازاندنی گوزارشتی( التعبیری) کە ئامانجی گەڕانە بەدوای ڕاستییەکی نەمر لەسەر ئاستی جوانی، هەروەها سازاندنی باوەڕپێهێنەر کە پشت بە ئامرازەکانی سازاندنی ئەدەبی و ڕاگەیاندن دەبەستێت، بەئامانجی کاریگەریکردنە سەر مرۆڤەکان لەڕێگەی لایەنی سۆزداری و کاردانەوەکان بۆ باوەڕپێکردنیان بە تێڕوانینێکی دیاریکراو یان بۆچونێك یان

گرنگ و نوێکانی ئێستا، گواستنەوەی ڕاستی و وردەکاری و وێنەی ئاشکرا و شاراوە، پێشکەشکردنی زانیاری و داتای بەسوود و وەرگرتنی دیاردە و چالاکی و کێشەی جۆراوجۆر و کاریگەر و خستنەڕوویان و ڕاڤە و شیکردنەوە و گفتوگۆکردنی وتە و لێدوانەکان و ڕا و بۆچوون و ئاڕاستە و هەڵوێست و کێشەکانی ئەم لێهاتوییە و چارەسەرکردنیان و بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی تاك و گشتدا بێت هۆکارێك بێت بۆ بلاوکردنەوە و ڕادەربڕین[١].

بە تێگەیشتن لەو پێناسانەی سەرەوە توێژەر پێی وایە: سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە پرۆسەی وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە جیاوازەکان و دارشتنەوەیان بەزمانێکی سادە لەچوارچێوەی بۆتەیەکی ڕۆژنامەنووسی گونجاودا پاشان بلاوکردنەوەی بۆ جەماوەر لەڕێگەی ڕۆژنامەوە بەئامانجی زیادکردنی زانیاری و زانینی جەماوەر بۆ پێکهێنانی ڕا و ئاڕاستەیەکی دیاریکراو لەسەر دیاردە و کێشەکان.

**٣- گرنگیی سازاندن و سازێنەری ڕۆژنامەنووسی**

بەوپێیەی کە سازاندن پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەیە، هەربۆیە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی پاش نووسینی کە سازاندنی بۆ دەکرێت هاوشێوەی گەشانەوەی خەڵوز وایە کە دواتر دەبێت بەشێوەی ئەڵماس[٢]، توێژەر وایدەبینێت کە سازاندنی ڕۆژنامەنووسی هونەر و زانستە پێکەوە هەربۆیە سوود و گرنگییەکەی بەرتەسك نابێتەوە لە کەس و لایەنێکی دیاریکراودا بەتەنها، بەڵکو دابەش دەبێت بەسەر چەند بەش و ڕەگەز و لایەنێکدا کە بریتین لە:

**أ. گرنگیی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بۆ خوێنەر**

پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی چەند سوود و گرنگییەکی بۆ خوێنەر هەیە لەوانە[٣]:

١. پەیامی ڕۆژنامەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت.

٢. واتای وێنەکانی نێو ڕۆژنامە تەواو دەکات، چونکە وێنەش بەبێ ئەو ژێرنووسەی کە بۆی دەنووسرێت ناتوانێت واتای تەواوی خۆی بگەیەنێت.

٣. توانای هەڵبژاردن بۆ خوێنەر ئاسان دەکات تا بتوانێت لەنێوان ماددە جیاوازەکانی ڕۆژنامەدا ماددەیەکی دیاریکراو هەڵبژێرێت، هەروەها یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ پەیوەندیکردن و بەدواداچوون و زیادکردنی ڕووبەری خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی پلەی "پەرۆش" ی بۆ خوێنەر.

٤. دەتوانرێت سازاندن بە ئامرازێك و ڕەگەزێکی فرە شێوە دابنرێت بۆ چڕکردنەوە و کورتکردنەوەی ماددە ڕۆژنامەنووسییەکە بۆ کەمترین بەپێی توانا، بەبێ ونکردنی مەبەست و ناوەڕۆك و جەوهەری بابەتەکان.

٥. هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە دانانی گرنگترین زانیاری و ژمارە و بەڵگەنامەکان لە خزمەتی خوێنەردا.

٦. سازاندنی ڕۆژنامەنووسی کاریگەریی لەسەر دابەشکردنی ڕۆژنامە هەیە بەمەش زۆرترین خوێنەر لە تیراژی ڕۆژنامەکان سوودمەند دەبن.

٧. سازاندن ڕۆژنامەنووسی هەوڵدەدات وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە، چی دەوترێت؟ و چۆن دەوترێت؟.

٨. هاوکار دەبێت لە چۆنیەتی دابەشکردنی بابەتەکانی نێو ڕۆژنامە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و سەرنجڕاکێش.

---

بە فەلسەفەیەکی دیاریکراو، لەکاتێکدا خودی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی پابەندە بە بابەتیبوون و بەرژەوەندی کۆمەڵەوە، لەبەرئەوەی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی جەماوەرە، واقیع دەخوێنێتەوە و ئەمانەت و ڕاستگۆیی و هونەرە، هونەرێکی بابەتییە لەسەر ڕووداوە بینراوەکان دەوەستێت و دورە لەزیادەڕەوی و هەمەڕەنگی، ئەرکی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی وەکو ئەرکی مێژوونووس وایە کەدەگەڕێت بەدوای ڕاستیدا و پێشکەشی دەکات.

بۆ زانیاری بڕوانە: عبدالعزیز شرف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨–٢٣.

(١) محمود ادهم، الأسس الفنية للتحرير الصحفى العام، (القاهرة: بدون اسم مطبعة، ١٩٨٤)، ص١٦،١٧ .

(٢) بەبێ ناوی نووسەر، http:// www.writing forword.com/ polished writing proofreding-and- editing/the impact ، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

(٣) هەمان سەرچاوە، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

٩. پلاندانان بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان بە شێوازێکی جیاواز و بە جۆرێکی ئاسان و پاراو بۆ سەرجەم چین و توێژەکان.

١٠. سازاندنی باش کار لەسەر چاندنی بیری باش و ڕۆشن و ئەرێنی و کاریگەر دەکات لە ئەقڵ و بیر و هەستی خوێنەرانیدا.

١١. سازاندنی باش کار لەسەر خوێنەر دەکات بۆ گەیشتن بەچەند سوودێکی جۆراوجۆر کە ڕۆژنامەکە ئاڕاستەی کردوون و سووریشە لەسەر گەیشتن پێیان.

پاش ئەوەی بابەتەکان دەگەنە ژووری نووسین لەڕۆژنامەدا زۆرینە یان یەکێك یا زیاتر لەو خاڵە لاوازییانەی لای خوارەوەی تێدایە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە پێویستە ئەو پەیامەی کە دەگاتە خوێنەر لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکەدا گونجاوبێت و ناکۆك نەبێت، لێرەشەوەیە کە پرۆسەی سازاندن چەند بابەت و پرسێکی تر ئەسەپێنێت[1]:

١. دارشتنی بابەتەکە ناتەواو و بێ پێزە، خوێنەر تووشی سەرلێشێوان دەکات بۆیە پێویستە سەرلەنوێ بنوسرێتەوە.

٢. بابەتەکان بەشێوەیەکی ناپێویست درێژەیان پێدراوە، پێویستی بەکورتکردنەوە هەیە.

٣. سەردێڕ یان پێشەکی لەگەڵ بابەتەکە ناگونجێن و سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێن، پێویستییان بەدەستکاری هەیە.

٤. ئەو هەواڵەی نێردراوە کۆن بووە و دەبێ سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە و پاشهاتی تازەی لەگەڵدا تێکەڵ بکرێت.

٥.ئەو بابەتەی کە نێردراوە ڕەچاوی وردەکاری نووسینی تێدا نەکراوە، چونکە کەسانێك نوسیویانەکە شارەزاییان لەنووسیندا نەبووە.

٦. بابەتەکە زانیاری تەواو نابەخشێت بەخوێنەر ئیدی پێویستی بە سازاندنەوە هەیە.

**ب. گرنگیی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بۆ ئامرازی بلاّوکردنەوە**

سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەرێتیی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی لەدەرچوون و ناسینەوە و دابەشکردنی ڕۆژنامەدا ڕەنگدەداتەوە، لەهەمان کاتدا چەند سوودێکی دیکەشی بۆ ڕۆژنامە دەبێت وەك[2]:

١. سازاندنی باش توانای دەرچوواندنی ڕۆژنامە بەشێوەیەکی خولی بەردەوام مسۆگەر دەکات.

٢. یارمەتیدەرە لە لابردن و سڕینەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەڕۆژنامەدا هەیە و پێویست نین.

٣. لەسەرو ئەمانەشەوە سازاندنی باش ئاماژەیە بۆ بوونی ئەو ڕۆژنامەیە و ناسینەوەی لەناو ڕۆژنامەکانی تردا کە خوێنەران بە شێوازەکەیدا دەیناسنەوە لەتەنیشت بوارەکانی دیکەی وەك (دەرهێنان و وێنە)، بواری یەکترناسین لەگەڵ خوێنەرانیدا زۆردەکات.

٤. سازاندن یەکەم هۆکاری کاریگەرە کە لەبارودۆخ و کەش و هەوای تەندروستدا کار لەسەر دابەشکردنی ڕۆژنامەکە دەکات بەلێهاتوویی یان لاوازی، هەروەها ژمارەی تیراژە فرۆشراوەکان یان ئەوانەی دەگەنە دەست خوێنەران لەڕێگەی هاوبەشیکردنەوە دیاریدەکات.

ئاشکرایە کە زیادبوونی دابەشبوون زۆر گرنگە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان گرنگی بەلایەنی قازانج دەدەن، زیادبوونی دابەشبوون زیادبوونی دەرماڵە دەگەیەنێت کە یارمەتی پەرەسەندن و پێشکەوتن و داهێنانی ئامێری چاپ و دەستکەوتنی هەواڵ و وێنە و نامە و گواستنەوەیان دەدات، ئەمەش بەخێر بۆ ڕۆژنامە و کارمەندەکان دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر سازاندنەکە باش نەبوو ئەوا دەبێتە هۆی وەستانی ڕۆژنامەکە و کاردەکاتە سەر بزوتنەوەی بیر و فکری ڕۆشنبیری و بازاڕی ڕۆژنامەوانی.

---

(١) فاروق علی عمر، مفاتيح السلطة الرابعة، (بغداد: بدون اسم مطبعة، ٢٠٠٢)، ص٢١١-٢١٣.

(٢) محمود ادهم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١-٥٠.

٥. سازاندنی باش کاری ڕۆژنامەکە بەرەو پێش دەبات و باشتری دەکات، وا لەڕۆژنامە دەکات کە لەسەر پێی خۆی بوەستێت لەکێبەرکێی توندی نێوان خۆیی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تردا بەتایبەتی ئەوانەی کە خاوەنی ئامێری پێشکەوتووی بەستراو بە " تەکنەلۆژیای گەیاندن" یان " تەکنەلۆژیای کاری ڕۆژنامەوانی"ن، خاوەنی دەستی کاری باشن.

٦. سازاندنی باش واتای بوونی کادری لێهاتوو و باش و شارەزایە، کە دەتوانن داهێنان لەڕێگا و هۆکارە جیاوازەکاندا بکەن و وێنەیەکی نموونەیی پەیامی ڕاگەیاندن لەشێوەیەکی دیاریکراودا پێشکەش بکەن لەکاتی ڕوودانی ڕوودا و بارودۆخێکی دیاریکراودا، ئەمەش سروشتی کاری ڕۆژنامەوانییە.

٧. سازاندنی باش کار بۆ پاراستنی متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامەکە دەکات، بە تێڕوانین بۆ پێزانینی سازێنەر و ڕێزگرتنی خوێنەر.

٨. بەبێ بوونی سازاندنی باش ڕۆژنامە و گۆڤار ناتوانن ڕووماڵی تەواو بۆ ڕووداو و ڕاستییەکان بکەن، دەرخستنی باش بۆ بیر و ئاڕاستە و هەڵوێستەکان بکەن، هەروەها دەربڕینی دروست بۆ ڕا و تێڕوانینەکان یان بۆ زانیاری و ژمارەکان، ئەمەش وادەکات کە ئەم زانیارییانە هەموو یان هەندێك لە نرخ و بەهای خۆیان لەدەست بدەن.

٩. سازاندنی باش، کار بۆ زانینی بنچینە و بنەما و ڕێساکانی  کاری ڕۆژنامەوانی دەکات، بەتایبەتی کارکردن بە (گروپ)  کە هاوکار و تەواوکەری یەکترن.

١٠. سازاندنی باش واتە سووربوون لەسەر زمانی دایك و ڕێزگرتن لەتەواوی خوێنەران بەئامانجی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و متمانە و سەرنجڕاکێشانی خوێنەران، پەیوەست بوون پێیانەوە و کارلێککردن لەگەڵ هەست و سۆزی خوێنەران و هاندانیان بۆ پەیوەستبوون بە ڕۆژنامەکەوە بەجۆرێك کە گرنگی بە ڕۆژنامەکانی دیکە نەدەن.

١١. سازاندنی باش لەڕووی وردی و ڕوونی و بابەتییەوە، واتە درێژبوونەوەی ڕێز بۆ ڕۆژنامەکە و ستافەکەی، تا سەرنجی لێکۆڵەران ڕابکێشێت، بەم هۆکارانەش لەهەڵبژاردنی بابەتەکاندا سەردەکەوێت.

١٢. ئاسانکردنی گواستنەوەی لاپەڕەکان لە ڕادیۆ و ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و بیانییەکان و وەرگێڕانیان بۆ زمانی ڕۆژنامەکە و سازاندنەوەی بابەتەکان لەسەر بنەمای وردی و بابەتی بوون، دواجار متمانەی خوێنەران زیاددەکات و سوودی ماددی و مەعنەوی زیاددەکات.

١٣. لەکۆتایدا سازاندنی باش یارمەتیدەرە لە ئامادەکردن و ڕاهێنانی باش و پێگەیاندنی کادری سازاندنی باش کە هەوڵی دووبارەکردنەوەی بوارەکە و گرنگیدان بە شێوازەکەی دەدەن.

**ت. گرنگیی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بۆ سازێنەری ڕۆژنامە**

هەروەك چۆن سازێنەری ڕۆژنامە کاریگەرێتیی دەبێت لەسەر چۆنیەتی پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بەهەمان شێوەش سازاندنی ڕۆژنامەنووسیش کار لە سازێنەر دەکات بەم شێوەیە(١):

١. سازاندن پوختە و کرۆك و بنچینەی کاری ئەم سازێنەرە دەردەخات، هەروەها ڕەوایی بەکارەکەی دەدات لەناو ڕۆژنامە و سەندیکاکان دا.

٢. سازاندنی باش و بەردەوام بوون لەسەری، سەرنجی خوێنەران بۆ بابەتەکان ڕادەکێشێت و  ناوبانگی ڕۆژنامەکەش زیاتردەکات، هەروەها ئاستی سازێنەر بەرزدەکاتەوە و  متمانە و هەلی گواستنەوە و گەشتی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ڕووماڵی بابەتە گرنگەکان زۆرتر دەکات.

---

(١) محمود ادهم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١-٥٤.

٣. کەسایەتی سازێنەر لەسازاندنەکەیدا ڕەنگدەداتەوە بەهۆی ئەو شێوازە تایبەتەی کە بەکاریدەهێنێت لە سازاندندا کە بێگومان جیاوازە لە سازێنەرانی دیکە لەڕووی وشە و ئاماژە و چواندن و شێواز و خستەڕووی بابەتەکان کە هەموو ئەمانە لە بیرەوەری خوێنەرەکانیدا دەچەسپێت.

٤. سازاندنی باش هەلی هاوکاری و زیادکردنی ڕۆشنبیری و زانیارییەکان و چەندجارەکردنەوەی سەرچاوەکان بۆ سازێنەر فەراهەم دێنێت، توانای گفتوگۆ و ڕەخنە و شیکاری گەشەدەکات، ئەمەش پاڵپشتی دەکات بۆ کورتبوونەوەی ڕێگا بۆ گەیشتن بە لێهاتوویی لە کارەکەیدا.

٥. سازاندنی باش ئاماژەیە بۆ کاری "کۆتایی" کە بەهۆیەوە ماندوبوونی پەیامنێر و سازێنەری گشتی دەنرخێنرێت و لە وێنەیەکی نموونەییدا دەردەخرێت.

٦. سازاندنی باش واتە دەرخستنی هەموو تواناکانی سازێنەر توانا تەکنیکیی و داهێنەرییەکانی لەبواری هونەری سازاندندا.

٧. سازاندنی باش کێبەرکێی نێوان سازێنەرانی دەزگاکان بەگشتی و سازێنەرانی خوودی دەزگایەك بەتایبەتی یەکلایی دەکاتەوە.

**پ. گرنگی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بۆ کارمەندانی ڕۆژنامە**

سەرەڕای گرنگی کاری سازاندنی ڕۆژنامەنووسی کە لەچەند بەش و ڕەگەزێکدا باسکران، دواجار چەندین بایەختری هەیە[1]:

١. سازاندن گرنگە و چەند لایەنێکی گرنگی تر دەخاتەڕوو کە هاوکاری کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن و هەلی سەرکەوتنی زیاتری پێدەبەخشن ئەمەش بە پەیڕەوکردنی پیشە و هونەرەکە بەتەواوەتی، بواری هەڵبژاردنی زمانی گونجاو بۆ بابەتی گونجاو دەدات، چونکە هەر ژانرێکی ڕۆژنامەوانی زمان و سازاندنی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە ژانرێکی دیکە.

٢. لێرەوە سازاندن شێوازێکی تایبەت بە هەر بەشێك لە بەشەکانی ڕۆژنامە دەبەخشێت، کەسایەتی و شێوازی کارکردن تێیدا دابیندەکات، پەیوەندی نێوان بەشێك و بەشێکی دیکەش دیاری دەکات.

٣. هەندێك کاری باش و گرنگ هەن لەکارەکانی سازاندنی باش کە زۆربەی خوێنەران هەستی پێناکەن، جگە لەهەندێ ڕۆشنبیر نەبێت بەتایبەتی لەڕۆژنامە و گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا هەندێکجاریش لە ڕۆژنامە گشتییەکاندا کە بریتییە لە گونجاندن لەنێوان لاپەڕەکان و هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا کە سازێنەری باش هەوڵی بۆ دەدات لەپێناو یەکگرتوویی مۆزایکی لەنێو ڕستەکاندا تا نەشاز ڕوونەدات، چونکە گونجاندن لە ڕەگەزەکانی سازاندنی نموونەییە کە خوێنەر بە ڕۆژنامەوە پەیوەستدەکات.

٤. دروستکردنی گیانی هاوکاری لەنێو فەرمانبەرانی ڕۆژنامەکەدا.

بەو پێیەی زانستی ڕۆژنامەوانی دروستبووە لەسەر بنەمای هونەری دروستکردنی وشە و توانای سازاندنەوەی و هەڵبژاردنی باشترین وشە و دەستەواژەی نزیك بۆ دەربڕینی ڕووداو و ڕاستییەکان کە سازێنەر دایدەڕێژێت، لەبەرئەوە سازێنەری ڕۆژنامە چەند ئەرکێکی لە ئەستۆدایە لەوانە[2]:

١. هەڵسەنگاندنی ماددەی ڕۆژنامەوانی و توانای بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی.

٢. سازاندنەوەی بابەتێکی ڕۆژنامەوانی کە لە سەرچاوەیەك زیاترەوە وەرگیرابێ.

٣. باشترکردنی جۆریەتی ماددە ڕۆژنامەوانییەکە لە چوارچێوەی ڕێکخستن و کۆکردنەوە و پوختکردنەوەی.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٥٤–٦٥.

(٢) بەبێ ناوی نووسەر، مفهوم تحریرر الصحفی، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

**٤. بەدواداچوون و پڕکردنەوەی کەموکورتی زانیارییەکان لە هەندێك لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا.**

**٥. ڕاستکردنەوەی هەڵەی زانیاریی و زمانەوانیی و ڕێزمانی و شێوەییەکان.**

**٦. ڕەچاوکردنی وردیی لە زانیارییە وەرگیراو و کۆکراوەکان لەسەرچاوەکانیانەوە لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندیی لەنێوان بابەت و زانیارییەکان کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.**

**٧. خۆدورگرتن و خۆلادانی ڕۆژنامە لە کێشەی یاسای لە چوارچێوەی دڵنیابوون لە نەبوونی.**

**٨. پاراستنی کەسایەتی ڕۆژنامەنووس و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی سیاسەتی سازاندن.**

**٩. گرنگیدان بە سازاندنی سەر بابەتەکان (ناونیشانەکان) بەهۆی ئەوەی کە کاریگەرێتیی لە سەرنجڕاکێشان و وروژاندن و گرنگیپێدانی بابەتەکەدا هەیە لەلای خوێنەر.**

**١٠. هەڵبژاردنی وێنە و تابلۆی گونجاو و پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە.**

**سازاندی ڕۆژنامەوانی لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە هونەری دروستکردنی وشە و توانای دەرخستن و هەڵبژاردنی باشترین وشە و زاراوەی نزیك بۆ دەربڕینی ڕاستی و دروستی لە ڕووداو و دیاردەیەك کە سازێنەری ڕۆژنامە بەرهەمیدەهێنێت، دواتر ئەو بەهایەی کە هەواڵ و زانیارییەکە هەیەتی جارێکی تر ڕێکدەخرێت و ناوەڕۆکەکەی چاکدەکرێت تا بگونجێت لەگەڵ سیاسەتی سازاندنی هەموو ڕۆژنامەکەدا.**

**٤- ئامانجەکانی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی**

**سازاندن وەك پرۆسەیەکی گرنگی ڕۆژنامەنووسی دەکرێت لە پێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکدا بەئەنجام بگەیەنرێت[١]:**

**١. گونجاندنی بابەت و دەقەکانی نێو ڕۆژنامە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی کە ڕۆژنامە پەیڕەوی دەکات.**

**٢. دەستنیشانکردنی ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی کە لەنێو بابەتەکاندا هەن و هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەیان.**

**٣. سازاندنی بابەتەکانی نێو ڕۆژنامە بەجۆرێك کە بگونجێن لەگەڵ ئەو ڕووبەرەی کەبۆیان تەرخانکراوە.**

**٤. سادەکردنەوەی بابەتەکان تا هەموو خوێنەران لێی تێبگەن، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕێنووسی و زمانەوانییەکان.**

**٥. ڕوونکردنەوەی دەستەواژە ئاڵۆزەکان کە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن.**

**٦. گونجاندنی شێوەزاری دەقەکان لەگەڵ خواستی خوێنەراندا.**

**٧. پێدانی شێوازێکی سەرنجڕاکێش بە دەقەکان.**

**٨. دڵنیابوون لە لۆژیکی بوونی بابەتی دەقەکە.**

**٩. بەهارمۆنیکردنی دەقەکە لەگەڵ دەقەکانی دیکەی ڕۆژنامەکەدا، واتە گونجاندنی شێواز و ستایلی دەقەکە لەگەڵ شێوازی دەقەکانی دیکەی ڕۆژنامەکەدا.**

**١٠. ئاسانکردنی پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی.**

**١١. ئامانجی سەرەکی سازاندن بەدەستهێنانی پرۆسەی فایلکردنە لەڕێی پیشاندانی زانیاری و ڕاستی و ژمارە و ئامار و هاوشێوەی ئەمانە، هەروەها پەیوەندیکردنێکی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای ڕوونی و ئاسانی.**

---

(١) بڕوانە: (أ) محمود علم الدين، الفن الصحفى، (القاهرة: مطبوعات قطاع الثقافة–مؤسسة اخبار اليوم، ٢٠٠٤)، ص ١٧٠.

(ب) احمد العبد ابو السعيد، الكتابة لوسائل الإعلام، ط١، (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، ٢٠١٤)، ص ٥٨.

(ت) عبدالجواد سعيد محمد ربيع، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

٥- تایبەتمەندییەکانی سازاندن و سازێنەری ڕۆژنامەنووسی

بۆئەوەی سازاندن بە سەرکەوتوویی بەئەنجام بگەیەنرێت پێویستە چەند تایبەتمەندییەکی گرنگ ڕەچاوبکرێت[١]:

١. سادەیی و ئاسانی: پێویستە لەسەر سازێنەری ڕۆژنامە دەستەواژەی گەورە و ئاڵۆز بەکارنەهێنێت، هەروەها لە چیرۆکە هەواڵیشدا نابێت پەند و بڕیاردانی خودی بەکاربهێنێت یان وتە و دروشمی کاریگەر.

٢. ڕستەی بچووك: دووركەوتنەوە لە بەكارهێنانی ڕستەی درێژ و هاومانا یاخود ماناكان بە دەربڕینی جیاوازو جۆراوجۆر بخرێنە ڕوو، بەڵكو پێویستە بڕگەكان كورت بن تا بە ئاسانی پەیامەكە بگات.

٣. بەكارهێنانی دەستەواژە ناسراوەكان: لەبەرئەوەی ڕۆژنامە بە بەردەوامی لەناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵكدایە، باشتروایە ئەو دەستەواژانە بەكاربهێنرێن كە ناسراون لەبری گەڕان بەدوای ئەوانەی كە تازەو ناڕوونن.

٤. سازاندنی ڕۆژنامەنووسی كارێكی بەكۆمەڵە نەك تاكەكەسی، سازاندن لەڕاگەیاندندا بەهۆی واقیعی سەپاوی دەزگا كۆمەڵایەتییەكانەوە دەبێتە وەڵامدەرەوە بۆ ئەو ژینگەیەی كە كاری تێدا دەكات. لێرەدا وەك دەزانرێت كارلێك لەنێوان ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و كۆمەڵگادا هەیە، تەنها ئامرازەكانی ڕاگەیاندن كارناكەنە سەر ئەو سیستەمە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەی كە كاری تێدادەكەن، بەڵكو ئەوانیش كاریگەر دەبن بە سیستەمی ڕاگەیاندن.

٥. لەبەرچاوگرتنی وردی لە داڕشتنی پەرەگرافەكاندا.

٦. دوركەوتنەوە بەپێی پێویست لە بەكارنەهێنانی بكەری نادیار و بەكارهێنانی بكەری دیار.

٧. زیادەڕۆیی نەكردن لە وەسف و بەكارهێنانی وتە و وشەی گەورە و سەرنجڕاكێش یان سۆزداری.

٨. پێویستە بۆچوونەكان بەزمانێكی دیاریكراو و ورد داڕێژرابن تا دەروونی خوێنەر ماندوو نەكەن.

كاری سازاندن لە لایەكەوە مامەڵەكردنە لەگەڵ زانیارییەكان و خوێندنەوەی ڕابردوو و داهاتوو، لەلایەكی دیكەشەوە توانای داڕشتنەوەی زمانەوانییە(*)، كە دەبێ سازێنەرەكە فەراهەمیان بكات، گەر ئەم دوو توانایەش فەراهەمنەكران، توانای خوێندنەوەی زانیارییەكان و داڕشتنەوەیان، ئەوا كاری سازاندن نیوە ناچڵ دەبێ، بۆیە سازێنەر دەرەنجامی هەواڵنێرێكی ڕۆژنامەنووسیی سەركەوتوو هاوكات زمانەوانێكی سەركەوتووشە، هەموو ئەمانەش وادەكەن سازێنەری ڕۆژنامە هەڵگری چەند سیفەتێكی گرنگ بێت وەك[٢]:

**یەكەم: وردبینی لە گواستنەوەی زانیارییەكان**

١. وردبینی و ڕاستگۆیی لە گواستنەوە بایەخ و گرنگی و ڕێزی ڕۆژنامەكە زیاددەكات لەو ناوچەیەی كە ڕۆژنامەكەی لێدەردەچێت، تەنانەت ئەگەر بابەت و زانیارییەكان بە دڵی خەڵكیش نەبوو "گواستنەوەی دروستی زانیارییەكان، بەشێوەیەكی باش و بە زمانێكی پەسەندكراو و دروست، بەجۆرێك لە سەرلێتێكدان و پشێوی و دەستێوەردان دووربكەوێتەوە و خوێنەر ئاسوودە بكات".

---

(١) بڕوانە: (أ) عماد بشير، تقنيات الكتابة الخبرية فى الصحافة المطبوعة، (بيروت، بدون اسم مطبعة، ٢٠٠٩)، ص١١.

(ب) عبدالعزيز شرف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩-٥١.

(ت) عبدالفتاح ابراهيم عبدالنبي، سوسيولوجيا الخبر الصحفي، ( القاهرة: العربى للنشر و التوزيع، ١٩٨٩)، ص١١٨-١٢٢.

(*) مەرجی كاركەرانی كایەی نووسینی ڕۆژنامەنووسی، بەتەنها خاوەندارێتی زمان نییە، بگرە لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیاریی و شارەزاییە لە زانیارییە ڕۆژنامەنووسیەكاندا، و خەملاندنی ئەوەی كە پێویستە بلاوبكرێتەوە یان نا، سازێنەریش ڕاستكەرەوەی زمانەوانی نیە، بەڵكو پێویستە بەرلەوەی دەست بە داڕشتنەوەی هەواڵێك بكات لە ڕاستییەكەی دڵنیابێتەوە، كە دەشێ ڕاست نەبێ و شایانی گواستنەوە نەبێ و پابەندی ئیتیكی ڕۆژنامەنووسی و پرنسیپ و عورفی گشتی نەبێت.

(٢) بڕوانە: (أ) سامی زوبیان، سەرچاوەی پێشو، ل٢٤٥-٢٤٦.

(ب) مجدي الداغر، سەرچاوەی پێشوو، (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٩).

٢. کاری ڕۆژنامەوانی کارێکی ورد و قورسە مەبەست ئەوەیە ئەگەر ڕۆژنامەنووس بە وردی مامەڵە لەگەڵ گواستنەوەی زانیارییەکاندا نەکات ڕەگەزی کاریگەری لەدەستدەدات." گواستنەوەی زانیارییەکان بە زمانێك کە لایەنی سێیەم (خوێنەر) لێی تێبگات، بەو پێیەی لایەنی دووەم دامەزراوەکەیە یان نووسەرەکەیە".

**دووەم: بابەتی بوون**

بابەتی بوون بەمانای بە هەند وەرگرتنی واقیعی، بەو زانیارییانەی ڕووداوێك دەستەبەری کردوون.

**سێیەم: پێویستە سازێنەر هەواڵدەربێت کاتێك:**

١. بەهۆی کارکردنییەوە وەك کەسێکی هەواڵدەر بەردەوام دەبێت لە بەدەستهێنانی وردترین و قورسترین زانیاری، هەروەها وەك ڕۆژنامەنووسێك هەست بە هەواڵ بکات و بە شێوازێکی نوێ پێشکەشی بکات.

٢. سازێنەر هەستی وەك هەستی هونەرمەندێك بێت کاتێك پەیامێك ئاڕاستە دەکات بۆ ئەوەی هەست بکات کە شتێکی داهێناوە و زیادیکردووە و دۆزیویەتییەوە، وەرگرانیش لەکاتی کارەکانیان یاخود پیشەکانیاندا بەرچاویان دەکەوێت و سەرنجیان ڕادەکێشێت و بەوردی و تامەزرۆییەوە بیخوێننەوە.

**چوارەم: بەردەوام بوون**

ئەم خاسیەتە گرنگییەکی زۆری هەیە، کەمەبەست لێی کاری بەردەوامە بەبێ وەستان، بەشێوەیەك کە سازێنەر بەشێك بێت لەو ڕووداوانەی کە لە جیهاندا ڕوودەدەن بەشێوەیەك کە ببێتە ئامرازێکی کاریگەر کە ناودەبرێ بە دروستکەر یان بڕیاردەر، مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ببێتە ناوەندێکی فەرمی کە زانیارییەکان بگەیەنێ و لە بۆچوونەکان بکۆڵێتەوە، بڕیار دەردەکات و هۆکارەکان دەردەخات و ڕەخنە لە ڕووداوەکانی ناوخۆ و جیهان دەگرێ.

**پێنجەم: ئارەزووی بۆ زانیاری**

گومانی تێدا نییە کە پیشەی ڕۆژنامەنووسی واتە خۆشویستنی هەموو شتێکی نوێ و نادیار و نهێنی، زانینی ئەوەی کە لە سبەینێ دا ڕوودەدات، گرنگترین تایبەتمەندی زانیارییە، بەواتای خۆشەویستی بۆ گەڕان بەدوای زانین و چێژ لێوەرگرتنی، ئارەزوو بۆ زانیاری بناغەیە بۆ سەرکەوتنی سازێنەری ڕۆژنامە و چالاکی و توانای لەسەر جووڵە بەبێ خۆبەزلزانین.

**شەشەم: زیرەکی**

بەو واتایەی سازێنەر ئەو شتانە دیاری بکات کە بەدوایاندا دەگەڕێت، ڕووکار و ڕەوشتی جوان بێت، چونکە ڕۆژنامەنووس دەکەوێتە هەڵوێستی قورس و ئیحراجکەرەوە کە لەسەری پێویست دەکەن زیرەکانە مامەڵەی تێدا بکات.

**لەهەمان کاتدا ف.ج.ماسفیلد (F.J.Masfield) تایبەتمەندییەکانی سازێنەری سەرکەوتووی بەم شێوەیە دیاریکردوە[١]:**

١. هەڵگری خواست و ویستی مرۆڤایەتی بێت وەکو لایەنی (سۆزداری، سوارچاکی، وردبینی، خەیاڵ)
٢. خاوەنی بیر و هۆشێکی هاوسەنگ و ڕێك بێت.
٣. لەسەرخۆیی و توانای کارکردنی لە کەشێکی خێرادا، بەڵام بە وردی.
٤. بە خێراییەکی ژیرانەوە مامەڵە لەگەڵ پیشەکەیدا بکات.
٥. لەسەرپێ وەستان و گرتینی تەواو بەشێوەیەکی دروست.
٦. توانای قبوڵکردنی ڕاستییەکان.

---

(١) عبدالستار جواد، فن كتابة الأخبار، ط٢ ( عمان: دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، ٢٠٠١)، ص٢٣٤. وەرگیراوە لە : F. J. Mansfield, Sub-Editing: London: Pitman,١٩٣٩.

٧. توانای خۆگونجاندن، توانای بینینی شتەكان بەچاوی خوێنەر.
٨. بڕیاردان لەسەر زانیارییە وردەكان.
٩. زانینی بنەما یاساییەكانی ناوزڕاندن و دادگا و زانینی بنەماكانی بلاّوكردنەوە.
١٠. توانای جەستەیی و خۆگری بەهێز بێت.
١١. گیانی پێكەوە كاركردنی تێدابێت، چونكە ڕۆژنامە بەرهەمی كاری گروپە.

سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییانە چەندین تایبەتمەندیی دیكەش هەن كە پێویستە لە سازێنەری ڕۆژنامەدا بەرجەستە بن وەك، متمانە بەخۆبوون، و توانای نووسین بە هەموو جۆرەكانییەوە، توانای خۆگونجاندن لەگەڵ كاری جۆراوجۆر و فورسی كارەكەدا، هەروەها توانای دروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ چینە جیاوازەكاندا و توانای كارپێكردنی تەكنەلۆجیای نوێ[١]، پوختی زمان بە تەواوكردنێكی باش، بگرە تەواوكردنی زیاتر لە زمانێك، مەرجی كاری ڕۆژنامەنووسیش لە ئێستادا تەواوكردنی دوو زمانە هاوشانی زمانی دایك، ئەمە جگە لە ناسینی بیردۆز و بۆتەكانی كایەی نووسینی ڕۆژنامەنووسی، كە دەستنیشانی چۆنیەتی دەرخستنی هەواڵێك و سازاندنەوەی دەكات، لەگەڵ تەواوكردنی وەك لێكدانەوە و هەڵسەنگاندن[٢].

**٦- هەنگاوەكانی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی**

سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بریتییە لەو پرۆسەیەی كە تیایدا سازێنەری ڕۆژنامە چەند هەنگاوێك بەرجەستە دەكات[٣]:

١. كۆكردنەوەی فاكت و زانیارییەكان لە سەرچاوە جیاوازەكانەوە.
٢. ڕێكخستنی فاكت و زانیارییەكان و دابەشكردنیان لەنێو پەرەگرافەكاندا.
٣. داڕشتنی فاكت و زانیارییەكان، وەك پەیامێك لە چوارچێوەی یەكێك لە ژانرە گونجاوەكانی ڕۆژنامەوانیدا.
٤. ناردنی پەیامەكە بۆ وەرگر، لەڕێی ڕۆژنامەوە.

**٧- پێوەرەكانی كاری سازاندن**

دیاریكردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی هەر كارێك پێویست بە دانانی چەند پێوەرێك دەكات تا بەهۆیانەوە ئەو كارە هەڵبسەنگێنرێت، سازاندنیش وەك پرۆسەیەك پێویستی بە دیاریكردنی چەند پێوەرێك هەیە تا بە باشی كۆتا بێت، پێویستە ئەو پێوەرانەش لەلایەن سازێنەرەوە ڕەچاو بكرێن[٤]:

١. دەوڵەمەندبوون بە وشەی زۆر وەك (ئامرازی ناساندن و كات و شوێن و ئامرازی زیادكردن و ئامرازی پەیوەندی) كە دەبنە هۆی دەوڵەمەندكردنی ڕستە.
٢. بەكارهێنانی وتەی ئاسان و ڕون و ڕاست بەجۆرێك تێگەیشتن لەلای خوێنەر فەراهەم بكرێت.
٣. پێویستە سازێنەر ڕێزی بنەماكانی هەواڵ بگرێت و هەواڵ بەشێوەیەكی دوور لە بیروڕای خۆی دابڕێژێتەوە و پابەندبێت بە بابەتیبوون و وشە و دەستەواژەكان بەوردی بەكاربهێنێت.

---

(١) بەبێ ناوی نووسەر، مفهوم تحرير الصحفی، سەرچاوەی پێشوو، (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

(٢) سامی زوبیان، سەرچاوەی پێشوو، ل[٢٨٨].

(٣) عمار القیسی، مفهوم التحریر الصحفی ،http ://www.fnrtop.com/vb/showthread.php?t=٥٥٢٠٣٥ ، (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٣).

(٤) بڕوانە: (أ) حیدر حسون الفرع، كیف تصبح صحفیا، (بغداد: بدون مكان نشر، ٢٠٠٥)، ص[٢٩].

(ب) سامی زبیان، سەرچاوەی پێشوو، ل[٢٨٣].

(ت) Esraa Hussein علوم الاعلام و الاتصالات، منتدی الصحافة و الاعلام و تكنولوجیا الاتصالات http://www.esra-ahalamowhbjuntada.com/t٤٨٩٢-t٠pic، (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٨).

٤. نابێت وشەکانی ستوونێك لە (٧٥ وشە زیاتر بێت) و زیاتر نەبێت لە (٤) ڕستە، لەبەرئەوەی ڕستەی درێژ خوێنەر توشی بێزاربوون دەکات و وای لێدەکات تەنها سەردێڕەکان بخوێنێتەوە و دەبێت هەر دێڕێك لە (٣٠_٣٥ پیت) پێکبێت.

٥. پێویستە سازێنەر بەڕاستی سەرچاوەکانی هەواڵ باس بکات و"بەکارهێنانی تەواوی سەرچاوەکان لە سەرەتای هەواڵ و بابەتەکاندا"باس بکات.

٦. ڕێکخستنی هەواڵ بە ڕێکخستنێکی ڕێکوپێك و گونجاو و لەبار بە پێی شوێن و کات، پێویستە کە سازێنەر ڕووداوەکان شیبکاتەوە و پەیوەندییان لە نێواندا دروست بکات و لێیانەوە چیرۆکە هەواڵێکی پەیوەندیدار و گونجاو و سەرەکی دروست بکات.

٧. ناوهێنانی تەواوی کەسەکە لەسەرەتادا و دەشگونجێ کە بەشی یەکەمی ناوەکەی بوترێ، بەڵام دەبێت سازێنەر بەتەواوی ئاگای لە وردی هەواڵەکە بێت لەگەڵ وردبینی لە ناوی کەسەکە و نازناو و پێگەکەی لەبەرئەوەی کە هەڵە و تێکەڵاوکردن لەنێوان دوو کەسدا دروست نەبێ.

٨. شارەزابوون بەو پێوەرە گشتیانەی بە ڕووداو و زانیارییەکانەوە پەیوەندیدارن، لەگەڵ ئەو پێوەرانەش کە بە خودی دامەزراوەکەوە پەیوەستن.

٩. بەکارهێنانی نیشانەکانی وەستان و خاڵبەندی.

١٠. دابەشکردنی بابەتەکان بۆ بڕگەکان و پەسەندکردنی ڕستە ئاسان و کورتەکان.

**٨- هۆکارەکانی سەرکەوتنی کاری سازاندن**

چەند هۆکارێك هەیە ئەگەر لە سازێنەری ڕۆژنامەدا بەرجەستە ببن پێوەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سازاندن[1]:

١. توانای پیشەیی: مەبەست لێی بوونی مەعریفە و پەیڕەویکردنی کاری ڕۆژنامەنووسییە بەشێوەیەکی گشتی و ڕۆژنامەنووسیی نووسراو بەتایبەتی.

٢. توانای تێگەیشتن: واتە سازێنەر بتوانێت لەو زانیاریانە تێیبگات کە لەبەردەستیدان، چ ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکە بێ، یان لە ئاژانسەکانی هەواڵەوە، مەبەست لێی توانای تێگەیشتنە لە زانیارییەکان.

٣. توانای داڕشتنەوەی زمانەوایی: ئەو لایەنەیە کە پێویستە لێرەدا جەختی لێبکرێتەوە و دەربخرێت، توانای زمانەوانی مەرجێکی پێویستی کاری سازاندنە، بەڵام تاکە مەرجیش نییە.

٤. تۆکمەکردنی ڕستەکان و گونجاندنی زانیارییەکان کە بەشێوەی بەدوایەکدا هاتوو ڕیزبەند بکرێن پاش هەڵێنجانیان لە ڕووداوەکەدا.

**٩- کارتێکەرەکانی سازاندن**

مەبەست لە کارتێکەرەکانی سازاندن هەموو ئەو فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیانەیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار لە پرۆسەکە دەکەن، وەك[2]:

١. ماوە و خولی دەرکردنی ڕۆژنامەکە ڕۆژانە بێت یان هەفتانە.

٢. ئەو سیاسەتەی کە ڕۆژنامەکە پەیڕەوی دەکات لەناردنی پەیامەکانیدا.

٣. سروشتی بابەتەکان بۆ نموونە نووسینەوەی ژیانی شەهیدێك جیاوازە لە نووسینی بابەتێکی ئابووری، لەبەرئەوەی یەکەمیان پێویستی بە هەندێك لە هەست و سۆز هەیە، بەڵام دووەمیان نووسین تێیدا داخراوە.

٤. بارودۆخی ناوچەکە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی.

---

(١) سامی زوبیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥١.

(٢) بەبێ ناوی نووسەر، مفهوم التحرير الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

٥. سروشتی ئەو جەماوەرەی کە ئاڕاستەیان دەکرێت (ئەو جەماوەرەی کە ئامانج و مەبەستن).
٦. ڕۆشنبیری سازێنەری ڕۆژنامەکە و ئەو سامانی زمانەوانییەی کە پێی ناسراوە و خووی پێوە گرتووە.
٧. ڕەگەزی زمانەوانی ئەو شێوازەی پێی دەدوێین.
٨. ڕەگەزی هونەری دەرهێنان.
٩. ڕەگەزی ئابووری پاڵپشت و سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامەکە.
١٠. ڕەگەزی سیاسی.

سەرەڕای ئەو هۆکارانەش توێژەر پێی وایە جۆر و شێوازی تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو لەبواری سازاندنی ڕۆژنامەنووسیدا هۆکارێکی دیکەیە کە کاریگەرێتیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە پرۆسەکەدا دەبێت، بەجۆرێك چەندە ئەو تەکنەلۆژیایە پێشکەوتوتر بێت، کاری سازاندن باشتر و خێراتر و کاریگەرتر دەبێت.

**١٠- جیاوازی نێوان سازاندن و نووسین**

نووسین و سازاندن دوو پرۆسەی زۆر جیاوازن، هەریەکەیان پێویستیان بە لێزانی و کارامەیی جیاواز هەیە، سەرباری ئەوەش لەکاتی ئەنجامدانی نووسین بەشی (دروستکەر) ی مێشك و سازاندنیش بەشی (شیکاری) مێشك بەکاردەهێنرێت[1].

زمانی ڕۆژنامەوانی بە وردبینی و بەرپرسیارێتی دەناسرێتەوە و جیاوازییەکی تەواوی هەیە لە سازاندنی ئەدەبی[2]، ئەگەرچی هەندێك لایان وایە کە جیاوازی لە نێوان نووسین و سازاندندا نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێکی تر پێیان وایە جیاوازی هەیە و ئەو جیاوازییانەش بریتین لە[3]:

١. سازاندن بە گشتی وردترە لە نووسین، لەبەرئەوەی سازاندن پابەندە بە چەند بنەما و یاسایەکی بەهێز لەکاتێکدا مەرج نییە هەموو جۆرەکانی نووسین پابەند بن بە بنەما و یاساوە.
٢. سازاندن تایبەتمەند و پەتی ترە لە نووسین، بەڵام نووسین گشتگیرە.
٣. نووسین گوزارشتە لە هەنگاوی یەکەمی سازاندن، لەبەرئەوەی سازاندن پێویستی بە ڕەشنووسە پێش ئەوەی بسازێنرێت.
٤. زمانی سازاندن تایبەتە بە خەڵکی ڕۆشنبیر و فێرکراو، لەکاتێکدا نووسین زمانی گشتیی خەڵکە.
٥. سازاندن پەیوەستە بە ڕێکخستنی ڕستەو بڕگەکانی هەواڵ یان ڕێکخستنی ڕاستی و زانیارییەکان لە خۆدەگرێت، بەڵام کرداری نووسین پەیوەستە بە هەڵبژاردنی وشەکان و داڕشتنەوەی ڕستە و بڕگەکان کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.
٧. سازاندنی ڕۆژنامەنووسی، سەرجەمی پرۆسەکانی داڕشتنەوەی زانیارییەکان دەگرێتەوە لەڕووی زمانەوانیی و ڕۆژنامەنووسییەوە، بەڵام نووسین وێنای دەنگە وتراوەکانە بە پیتی بزوا و خوێنراو.

---

(١) Kevin J. Anderson ,writing-productivity-tip-7-know-the-difference- between-writing-editing_http://www.kjablog.com m/2p=1343،(کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥)

(٢) بەبێ ناوی نووسەر، الكتابة و التحرير الصحفي، http://www. Muslm.net/vb/ showthread.php?t=353200،(کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٥).

(٣) بڕوانە:(أ) رشيد الربيش، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان:٢٠١٦/٢/١٩).

(ب) حسنی نصر و سناء عبدالرحمن، التحرير الصحفي في عصر المعلومات_خبر الصحفي، ط٢، (دولة الإمارات العربية المتحدة: دار الجامعي، ٢٠٠٤)، ص١٩٩.

(ت) سامی زوبیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٩

(ث) رشيد الربيش، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٢/١٩).

(ج) عبدالعزيز شرف، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨.

٨. سازاندنی ڕۆژنامەنووسی پابەندە بە بەرژەوەندی جەماوەر و بابەتیبوونەوە، چونکە هەست و ڕای جەماوەر تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، بە پێچەوانەی نووسینەوە کە زیاتر خود بوون تێیدا ڕەنگ دەداتەوە.

**١١- سەرچاوەکانی سازاندن**

هەموو ئەو سەرچاوە ڕەسمیی و نارەسمییانەن کە سازێنەری ڕۆژنامە بۆ دروستکردنی پەیامێکی ڕاگەیاندنی دروست پشتیان پێدەبەستێت، ئەم سەرچاوانەش دابەش دەبن بۆ [١]:

**یەکەم: سەرچاوە ناوخۆییەکان، کە بریتین لە:**

١. نێردراوانی ڕۆژنامە.

٢. سازێنەرانی ڕۆژنامەکە.

٣. کتێب.

٤. پەیامنێران.

**دووەم: سەرچاوە دەرەکییەکان کە بریتین لە:**

١. ئاژانسەکان هەواڵ.

٢. ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان.

٣. ڕۆژنامە (ناوخۆیی و دەرەکییەکان).

٤. نامەی خوێنەران.

٥. چاپکراوەکان (بلاٌوکراوەکان، نوسراوەکان، بەلگەنامەکان).

٦. کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکان.

٧. پەیوەندییە گشتییەکان و بەرێوەبەرێتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

٨. نووسینگە ڕۆژنامەوانییەکان لە وەزارەت و دەستە و دامەزراوەکان.

٩. ڕیکلامەکان.

١٠. جەماوەر.

١١. کەسایەتییە ڕەسمی و ناسراو و گەورەکان لە ڕۆشنبیر و ئەدیبەکان.

**١٢- کەسایەتییە بەرپرسەکانی کاری سازاندن**

پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی پرۆسەیەکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی پلان بۆدانراو و ڕێکخراوە، قۆناغەکانی کاری ڕۆژنامەوانی بە کۆبوونەوە بۆ سازاندن دەستپێدەکات و بە دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی کۆتایی دێت کە گوزارشتە لەسازاندنی بابەتەکانی ڕۆژنامە لەشێوەدا[٢]. پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، بابەتی ڕۆژنامەوانی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت لەهەر قۆناغێکدا کەسایەتییەکی دیاریکراو کاری پێداچوونەوە و بەپێزکردنی بابەتەکەی لە ئەستۆدایە، توێژەر پێی وایە بوونی ئەو کە سایەتییانە و لێپرسراوێتییان کە دواتر باسدەکرێن لە ڕۆژنامەیەکەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا لە نێو دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا هەموو ئەم کەسایەتییانە بوونیان نییە بە بەراورد بە ڕابردوو، لە گرنگترین ئەو کەسایەتییانەش [٣]:

---

(١) زاهر زكار، مصادر التحرير، http://minshawi.com/vb/showthread.php?t=٦٩٥٥، (کاتی سەردان: ٢١٠٦/٢/١٩).

(٢) تيسير احمد ابوعرجة و نسرين رياض عبداللة، الإخراج الصحفي الحديث الأسس العلمية و العملية، (عمان: دار الميسرة للنشر و التوزيع، ٢٠١٤)، ص ٨٣.

(٣) سمية سعدالدين، انت رئيس تحرير، (قاهرة: بدون مكان نشر، ٢٠٠٤)، ص ٢٢٥.

١. **بەرپرسی یەکەمی سازاندن (رئيس التحرير):** گرنگترین کەسایەتی نێو ڕۆژنامەیە کە ڕێنوێنی سازێنەرانی نێو ڕۆژنامەکە دەکات، و دەسەلأتی هەیە بەسەریاندا، هەروەها دەسەلأتی بڕیاردانی هەیە لە بلأوبوونەوە و بلأونەبوونەوەی بابەتەکانی ڕۆژنامە، ڕووبەری بلأوکردنەوە، کاتی بلأوکردنەوەدا، هەربۆیە بە "دیکتاتۆری کاری ڕۆژنامەوانی ناودەبرێت"، لێپرسراوی یەکەمە لە سازاندنی ڕۆژنامەکە بەتەواوەتی، لێپرسراوێتییەکەشی لەچوارچێوەی ڕۆژنامەکەدا بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی سازێنەر و شارەزاکان، هەروەها بەرپرسە لەبەرامبەر خاوەنداریتی ڕۆژنامەکە یان دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکە.

بەرپرسی یەکەمی سازاندن بە مێشکی ڕۆژنامە و هەموو بەشەکانی ڕۆژنامەکە دادەنرێت، سەرپەرشتی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دەکات، لەبەرئەوەی ئاگاداری هەموو شتێکە لە ڕۆژنامەدا و سەرپەرشتی هەموو کارێك دەکات لەگرنگترین ئەو کارانەش[١]:

- سیاسەتی گشتی ڕۆژنامەکە لەگەڵ سەرنووسەر دیاریدەکات.
- چوارچێوەی گشتی بۆ سازاندنی ڕۆژنامەکە و دەرهێنانی دیاریدەکات: دابەشکردنی لاپەڕەکان، دابەشکردنی بابەتە هەمیشەیی و جێگرەکان لە لاپەڕەکاندا.
- سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو بوارانە دەکات کە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا بۆی دیاریکراوە: سازاندن و دەرهێنان و بیرورا.
- پەیوەندیی سازاندن بە کارگێڕیی و چاپخانەوە ڕێکدەخات.

٢. **بەڕێوەبەری سازاندن (مدير التحرير):** لێپرسراوی سەرکردایەتییە لە ڕۆژنامەدا و هاوکاری بەرپرسی یەکەمی سازاندن دەکات لە کارەکەیدا و لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی بەرپرسی یەکەمی سازاندندا جێگەی دەگرێتەوە و بەرپرسیارێتییەکەی وەردەگرێت[٢]، بەڕێوەبەری سازاندن پەیوەندی بە سازێنەرانی ڕۆژنامەکەوە دەکات لەکاتی پێویستدا، ڕۆڵی گەیەنەرێك دەبینێت لەنێوان سازێنەر و بەرپرسی یەکەمی سازاندندا، ئەگەر بەڕێوەبەر و بەرپرسی یەکەمی سازاندن کۆك بن لەسەر سیاسەتی ڕۆژنامەکە ئەوا جێبەجێی دەکەن، ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەك لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا بەهۆی بەڕێوەبەری سازاندنەوە دەبێت، سەرەڕای ئەوەش سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نووسینی هەواڵ و پۆلێنکردن و دانانی ناونیشان و دابەشکردنی لاپەڕەکان دەکات لەگەڵ سەرۆك بەشەکانی ڕۆژنامەدا[٣].

٣. **سکرتێری سازاندن (سكرتير التحرير):** هەندێك لە شارەزایانی بواری ڕۆژنامەوانی وایدەبینن بۆ سەرکەوتنی کاری ڕۆژنامەوانی، بەرپرسی یەکەمی سازاندن پێویستی بە کەسێك هەیە کە پارێزەری نهێنییەکانی بێت کە ئەویش سکرتێری سازاندنە، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە وایدەبینن بۆئەوەی بەرپرسی یەکەمی سازاندن سەرکەوتووبێت پێویستی بە هەماهەنگی سەرۆك بەشەکان هەیە لە پلاندانان و جێبەجێکردندا، لەحاڵەتی بوونی بەڕێوەبەری سازاندندا بەدەگمەن سکرتێری سازاندن بوونی دەبێت، گرنگی سکرتێری سازاندنیش لەوکاتەدا دەردەکەوێت کە ئامادەیی دەبێت لەکۆبوونەوەکانی سازاندنی ڕۆژنامەکە لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی سازاندن و سەرۆك بەشەکانی دیکە، هەروەها بەژدارە لە پلاندانانی گشتگیر بۆ بابەتەکانی ژمارەکە، لەسەر بنەمای ئەم پلانە دەستدەکرێت بە دانانی وێنەی سەرەتایی لاپەڕەکان و ئامادەکردنیان بۆ پێشوازیکردنی بابەتەکان کە دەرەنجامی چەند کاتژمێرێکی کۆبوونەوەکانە، پێویستە لەسەر سکرتێری سازاندن بەجۆرێك پلانی ڕۆژنامەکە دابنێت کە مروونەتی تێدابێت و

---

(١) طلعت همام، مائة سؤال عن الصحافة، ط٢، ( عمان: دار الفرقان للنشر و التوزيع، ١٩٨٨)، ص٤٥.

(٢) محمد فريد محمود عزت، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

(٣) طلعت همام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

ئامادەیی هەبێت بۆ بارودۆخە گرنگ و لەناکاوەکان، لەبەرئەوە پێویستە وێنەی لاپەڕەکان بەشێوەیەکی گونجاو بکێشێت کە توانای جووڵە و لابردنی هەبێت، هەروەها پێویستە بەدەروونێکی ئارام و ئازایەتی و خێراییەوە ڕووبەڕووی بارودۆخە کتوپڕ و لەناکاوەکان ببێتەوە[١].

٤. **سازێنەری ڕۆژنامە:** کەسی تایبەتمەندە کە نوسینەکانی کۆتایی ئامادەدەکات بۆ بڵاوکردنەوە، کە هەڵدەستێ بە بژارکردن و پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی دەقەکان و هەڵبژاردنی وێنەی گونجاو بۆیان، دیاریکردنی شێوەی پەڕەکان و ئامادەکردنیان بە شێوە و تایبەتمەندی کۆتایی بۆ چاپکردن[٢]. سازێنەری ڕۆژنامە بریتییە لەو کەسەی کە ئەو هەواڵانەی بە تەلەفۆن پێدەگات سازاندنەوەیان بۆ دەکات و دووبارە دەیانونوسێتەوە، یاخود لە ئاژانسەکانی هەواڵەوە هەواڵ وەردەگرێت و دووبارە دەیسازێنێتەوە و لە نووسینگەی بارەگای ڕۆژنامە کاردەکات[٣]. لە ڕابردوودا سازێنەر بەواتای خاوەنی ڕۆژنامە و نووسەرەکەی بووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن و جۆراوجۆربوونی کاری ڕۆژنامەوانیدا، کاری سازێنەریش دەرکەوت، کە پیشەیەکە تایبەتمەندی هونەری هەیە، کە دەتوانرێت کۆبکرێتەوە لە ئامادەسازی دەق کە هەواڵنێر بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردن پێشکەشی دەکات پاش ئەوەی کە سازێنەر کاری گونجاوی بۆ دەکات، **دەتوانرێت ئەو تایبەتمەندییە هونەرییانەش لەم خاڵانەدا کۆبکرێتەوە[٤]:**

أ. جەختکردنەوە لەوەی کە ئەوەی لە دەقەکاندایە ورد و گونجاوە لەگەڵ مەرجەکاندا.

ب. لابردنی وشە زیادەکان.

ت. جەختکردنەوە لەوەی کە زمانی نووسینی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە گونجاوە لەڕوی ڕەوانبێژی و ڕێنووسەوە.

پ. جەختکردنەوە لەوەی کە شێوازی نووسینی بابەتەکە هاوتای نووسینێکی گونجاوە.

ج. لابردنی هەندێك لایەن کە ئەگەری هەیە بکەوێتە نێو کێشەی یاسایی ترەوە.

ح. لابردنی ئەو بڕگانەی کە پێویست نین.

خ. جەختکردنەوە لەوەی کە بابەتەکە هەموو دەخوێنرێتەوە و سەرنجڕاکێشە و بەباشی کاری لەسەرکراوە.

د. جەختکردنەوە لە ناو و شوێنی کەسەکان و مێژووی بڵاوبوونەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە.

**بۆ ئەوەی کاری سازاندن بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوەبچێت، پێویستە بۆ پرۆسەی سازاندن ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێت[٥]:**

١. دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکانی دەقی ڕۆژنامەوانی، بەراوێژکردن لەگەڵ لایەن و کەسە پسپۆڕو شارەزاکاندا.

٢. کورتکردنەوەی وشە و ڕستە و گوزارشتە ناپێویستەکان.

٣. داڕشتنەوەی دەق لەڕووی زمانەوانییەوە، بەمەبەستی جوانکاریکردن تێیدا.

٤. داڕشتنەوەی هارمۆنیانەی دەق و گونجاندنی لەگەڵ خواستی خوێنەراندا.

٥. لابردنی وشە و ڕستە ئاڵۆزەکان کە واتا نابەخشن و لاوازن.

٦. لابردنی وشە و ڕستە و گوزارشتە (نامۆ) کان کە لەلایەن یاساکانی بڵاوکردنەوەوە قەدەغەکراون.

٧. کورتکردنەوەی دەقەکە بەپێی ڕووبەری تەرخانکراو.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٤٧.

(٢) محمد فريد محمود عزت، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢.

(٣) طلعت همام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

(٤) بڕوانە: (أ). نبيل حداد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

(ب). قيس الياسري وآخرون، الفنون الصحفية، (بغداد: دار الحكمة للطباعة و النشر، ١٩٩١)، ص٣٦.

(٥) فاروق ابوزيد و ليلى عبدالمجيد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

٨. زیادکردنی هەندێك زانیاری بەمەستی تۆکمەکردنی مانا و مەبەستەکانی.

٩. داڕشتنەوەی ناونیشانە (سەرەکی و لاوەکی ) ەکان، کەم و زیادکردنیشیان بەپێی پێویست.

## پاری دووەم: تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

لە ڕابردوودا سازێنەری ڕۆژنامە تەنها کاری سازاندنی لە ئەستۆ بوو لەنێو ڕۆژنامەدا، بەڵام لە ئێستادا سەرەڕای پێداچوونەوە و سازاندنەوەی دەقەکان ناونیشان بۆ بابەتەکان دەنووسێت و کاری دیزاین و دەرهێنانی لاپەڕەکانیش ئەنجامدەدات، لەهەمان کاتیشدا لە چەند دەزگایەکیشدا کاردەکات، لە ئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و جۆراوجۆربوونی کار و پیشەکانەوە سازێنەری ڕۆژنامە پاش ئەوەی بابەتێك دەسازێنێت بۆ ڕۆژنامەیەکی چاپکراو، پاشان دووبارە لەشێوەی کۆپییەکی ئەلیکترۆنیدا دەیگونجێت پاش زیادکردنی گرتەی ڤیدیۆیی و دەنگی بۆئەوەی ئامادەبێت بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و پێگە ئەلیکترۆنییەکان، واتە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا کار و پیشەی سازێنەری ڕۆژنامەوانیش ئاڵۆز و فرە ڕەهەند بووە.[١].

سیستەمی سازاندنی ئەلیکترۆنی کە پشت بەتۆڕە ناوخۆییەکانی ڕۆژنامە دەبەستێت، پەیوەندی نێوان سازێنەران و نووسەران و پەیامنێران لەنێو یەکتری و بە خودی ڕۆژنامەکەشەوە ڕێکدەخات، بەجۆرێك پێشتر (فاکس) هۆکار و ئامرازی سەرەکی بوو کە نووسەرەکان بەکاریان دەهێنا بۆ ناردنی بابەتەکانیان بۆ ڕۆژنامە، بەڵام ئەمڕۆ ئەم نووسەرانە تەکنەلۆژیای (کۆمپیوتەر) بەکاردەهێنن کە گرێدراوە بە تۆڕە ناوخۆییەکانی نێو ڕۆژنامەوە، هەروەها سیستەمی (بەریدی ئەلیکترۆنی) بەکاردەهێنن بەهۆی بوونی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتەوە بەتایبەت بۆ ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی کە لە نووسینگەکانی جیهاندا کاردەکەن[٢].

هۆڵی سازاندنی کلاسیکی لە ڕابردوودا ئامێری کۆمپیوتەری لە شێوەی بازنەییدا بەکاردەهێنا، بەجۆرێك بەڕێوەبەری سازاندن یان هەروەك لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا بە (بەرپرسی یەکەمی دیسکی ناوەندی) ناودەبرێت لە ناوەڕاستدا دائەنیشت و پێی دەوترا (سازێنەری ناوەندی-Solt Editor) سازێنەرەکانی دیکە لەدەوری ئەودا دادەنیشتن کە پێیان دەوترا (سازێنەری لاتەنیشت Rim Editors)، بەڵام لە ئەمڕۆدا شێوەی هۆڵی سازاندنی ڕۆژنامە لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بەجۆرێك کە شێوەیەکی درێژکۆلەیی وەردەگرێت کە لەبەردەم هەر سازێنەرێکدا ئامێرێکی کۆمپیوتەر بوونی هەیە کە بەستراوەتەوە بە سیستەمی سازاندنی ناوەندی لە ڕۆژنامەکەدا، ڕۆژنامەش کۆمەڵێك ڕێوشوێنی جیاواز دەگرێتەبەر بۆ دابەشکردنی بەرپرسیارێتی بەسەر سازێنەرەکاندا بەم شێوەیە[٣]:

- ڕۆژنامە بچووك و مامناوەندەکان پێیان باشە هەموو کارێکی سازاندن (بابەتی هەموو بەشەکانی ڕۆژنامە بۆ بەشی سازاندنی ناوەندی بنێرێت بە بەکارهێنانی سیستەمێکی گرێدەری تۆڕی لە ئامێرەکانی کۆمپیوتەرە تایبەتمەندەکانەوە بۆ سازێنەرەکانی ڕۆژنامەکە بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی بابەت لە بەشێکی دیاریکراوەوە بۆ هۆڵی سازاندن و لە سازێنەرەوە بۆ بەرپرسی یەکەمی دیسکەکە پاشان لەویشەوە بۆ بەڕێوەبەری سازاندنی هونەری.
- ڕۆژنامە گەورەکان پێیان باشە بەشێکی سازاندن تایبەتمەند بکەن بۆ هەموو بەشەکان، پاشان کاری یەکەکانی سازاندن بنێررێت بۆ بەشی سازاندنی ناوەندی لەڕێگەی تۆڕی کۆمپیوتەرەوە بۆ پێداچوونەوەی کۆتایی.

(١) حسنی نصر و سناء عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٢) محمود ابراهیم خلیل و شریف درویش اللبان، اتجاهات حدیثة في الانتاج الصحفي، (القاهرة: العربي للنشر و التوزیع، ٢٠٠٠)، ص١٨٣.

(٣) نسرین محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.

قەبارەی ڕۆژنامەکە و ژمارەی سازێنەرە بەردەستەکان ئەو شێوازە دیاریدەکەن کە ڕۆژنامەکە دەیگرێتە بەر تەنانەت لە حاڵەتی گرنگیی بابەتە سازێنراوەکە بۆ بەشە تایبەتمەندەکان پێویستە ڕۆژنامە سازێنەری ناوەندی هەبێت بۆ پێداچوونەوە بەسەرجەم بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بۆ دڵنیابوون لە گونجاندنی سازاندن تێیاندا.

بەتەنیشت ئەم دوو شێوازەی پێشووەوە هەندێك ڕۆژنامە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ڕوویان کردووەتە ئەوەی کە پێی دەوترێت (گروپی کار) لە ئامادەکردنی بابەت و سازاندنی و دەرهێنانی بەشێوەیەکی هونەری، گروپی کاریش کۆمەڵێکی بچووك لەو ڕۆژنامەنووسانە لەخۆدەگرێت کە زانیاری کۆدەکەنەوە، سازێنەر و دەرهێنەرەکان، ئەوانەی پێکەوە کاردەکەن بۆ دروستکردنی بیرۆکەی بابەتێك پاشان کۆکردنەوەی داتا و سازاندن و دەرهێنان بۆی، گرووپەکانی کار زۆربەی کات سەرپەرشتیارێکیان هەیە لە بەشی سازاندنی ناوەندی سەرەڕای بوونی سازێنەر و ڕۆژنامەوانێك یان زیاتر لە کۆکەرەوەی زانیارییەکان و وێنەگرێك و دەرهێنەرێکی هونەری[١].

بۆ ئەو مەبەستە توێژەر باس لە پەیوەندیی سازاندن و تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ دەکات، کە لە ئێستادا ڕۆڵێکی گرنگی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە بەم شێوەیە:

### یەکەم: پەیوەندیی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە

توێژەر لەم سەردەمەی ئێستادا وایدەبینێت کە لەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم لەبواری پەیوەندیکردن بەگشتی و ڕۆژنامە بە تایبەتی، تەکنەلۆژیا بووەتە بەرپرسی یەکەم و سەرەکی لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەدا بە هەموو قۆناغەکانییەوە، ئەم پیشەسازییە زۆر دژوار بووە، بەجۆرێك ئەم تەکنەلۆژیایە تەنها ئامرازێکی پێشکەوتوو نییە بۆ بەرهەمهێنان بەڵکو کۆمەڵێکی تەواوکەرە لەبوارەکانی تری وەك مرۆیی و ئابووری و یاسایی و تەکنیکی و هونەری کە ئەمیش کاریگەرێتیی هەیە بۆ زیادکردنی ڕێژەی سوود و قازانجی تێچوونی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامە.

لەبەرئەوەی توێژەر وایدەبینێت کە سازاندنی ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە کرۆکی کاری پیشەیی ڕاگەیاندن، و هەموو قۆناغەکانی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، کە بە کۆکردنەوەی ماددە ڕۆژنامەوانییەکە دەستپێدەکات پاشان داڕشتنەوەی و پوختکردنەوەی تادەگاتە قۆناغی پێداچوونەوەی کۆتایی و ئامادەکردنی بۆ بڵاوکردنەوە پاش دڵنیابوون لە ڕاستی بابەتەکانی ناوی، ئەو کارەی کە گرنگی سازێنەری ڕۆژنامە دەردەخات ئەوەیە کە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامە بگونجێت لەگەڵ تێڕوانینی ڕۆژنامە و ئامانج و سیاسەتەکەی بهێنێتەدی.

تەکنەلۆژیای گەیاندنیش لەبواری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا سوود و کاریگەرێتیی فراوان و بەربڵاوی لە ڕووی ئامێر و بەرنامەکان و جێبەجێکردنیان بەجێهێشتووە، بەجۆرێك کە بگونجێن لەگەڵ باشی و وردی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا[٢].

هۆکارەکانی بەشدارییپێکردنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە پیشەسازی ڕۆژنامەوانیدا وادەکەن کە نەتوانرێت کەرەستە و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە بواری پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەدا فەرامۆش بکرێت ، هۆکار و پاساوەکانیش ئەمانەن[٣]:

١. ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییە هەنووکەیی و دواڕۆژییەکان لە بواری ڕاگەیاندندا.
٢. ڕۆشتن شانبەشانی سەردەمی شۆڕشی زانیاری و گەیاندن.

---

(١) حسنی نصر و سناء عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٢) محمد اسماعیل یاسین، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

(٣) مجد الهاشمي، الإعلام الدولي و الصحافة عبر القمار الصناعية، ط٢، ( عمان: دار المناهج للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)، ص٩٢.

٣. پێشخستنی پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنییەکان بۆ دەستکەوتنی باشترین نموونە بۆ پیشەسازی ڕۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوە.

٤. هاوسەنگی ئابوری لەنێوان تێچووی بەرهەمهێنان و سوودی بەدەستهاتوو.

٥. دووبارە پلاندانانەوەی ئیش و کار و لێپرسراوێتییەکان لە ڕۆژنامەدا بەجۆرێك کە بگونجێ لەگەڵ سەردەمدا.

٦. ڕووبەڕووبوونەوەی کێبەرکێ لەنێوان تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە، بەجۆرێك ئەگەرهاتوو ئامێری بیستراو و بینراو باڵادەست بوون لە جیهانی ڕاگەیاندندا ئەوا ڕۆژنامە دەستبەرداری ڕۆڵ و گرنگی خۆی نەبێت لەبەرامبەر ئەو باڵادەستییەی ئامرازەکانی تردا.

## دووەم: بواری سوود وەرگرتنی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەکردنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا گۆڕانکاری زۆر بەسەر پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەنووسیدا هاتووە، بەجۆرێك کە پێشتر کاری سازاندن دژوار و ئاڵۆزبووە، پاش ئەوەی کە هەواڵێك ئامادە دەکرا بەڕێگایەکی دەستی لەسەر لاپەڕە و دواتر لەسەر ئامێرێکی کلاسیکی کۆن چاپدەکرا، بەڵام سازێنەری ئەمڕۆ کۆمپیوتەر بەکاردەهێنێت لە سازاندنی هەواڵ و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا کە بووەتە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و ئاسان بووە و دەتوانرێت ڕستەی نوێی بۆ زیاد یان کەم بکرێت یان وشە و ڕستەی لێ لابرێت، هەروەها سازێنەری ڕۆژنامە لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە دەتوانێت هەواڵەکان ئەمباربکات و بگەڕێتەوە بۆی لەهەرکاتێکدا کە بیەوێت[١].

ئەگەر گفتوگۆ بکرێت دەربارەی ئەو ڕۆڵەی کە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر دەیگێڕێت لە بواری بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا، دەتوانرێت بوترێت چووەتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە بەهەموو قۆناغەکانییەوە[٢]، کە بە کرداری کۆکردنەوەی ماددە ڕۆژنامەوانییەکان دەستپێدەکات لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە (ناوخۆیی یان دەرەکی)، وە گەیشتنیان بە بارەگای ڕۆژنامەکە، چارەسەرکردنی ماددە ڕۆژنامەوانییەکان کە پێویستیان بە کرداری ئاڵۆز هەیە وەك هەڵبژاردنی بابەتێك کە بگونجێت لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە و پۆلێنکردنی لەچوارچێوەی ڕەهەندە سەرەکییەکانەوە کە سوود بە کرداری دروستکردنی هەواڵ دەگەیەنن، ئەو کردارانەی کە دەستدەگرن بەسەر بابەتی ڕۆژنامەوانی لە سازاندنی و دووبارە نووسینەوەی و کردارەکانی زیادکردن و لابردنی هەندێك برگە و گۆڕینی هەندێك ژمارە و ڕاستکردنەوەی هەندێك ناو و هەڵبژاردنی ناونیشان و وێنەی گونجاو سەرەڕای کردارەکانی ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوە بە هەموو شێوەکانییەوە[٣].

بەم شێوەیە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەچەند لایەنێکدا سوودی بۆ سازاندنی ڕۆژنامەوانی هەیە کە بریتین لە:

**١. ڕێگای کۆکردنەوەی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان**

کردارەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە پەرەیان سەندووە لە پەیوەندی زارەکییەوە بۆ پۆستە و کۆتری نامەبەر هەتا سیستەمی تەلەگراف و تەلەفۆن و فاکس مەیل تا گەیشتن بە بەکارهێنانی سیستەمی کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی[٤]، ئەم تەکنەلۆژیای گەیاندنە ڕێگای جیاوازی بۆ سازێنەرانی ڕۆژنامە دەستەبەرکردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە هەواڵ و ڕووداوە دەرەکییەکان، بەجۆرێك ڕێگای تەکنەلۆژیا هاوکاری بووە بۆ فراوانبوونی

---

(١) عبير الرحباني، الإعلام الرقمي (الإلكتروني)، ( عمان: دار أسامة للطبع و التوزيع، ٢٠١٢)، ص١٧٨.

(٢) محمود خليل و شريف درويش اللبان، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٧.

(٣) بدون اسم كاتب، التحرير الصحفي، المفهوم و الجوانب العلمية، مجلة الدراسات الإعلامية، العدد٧٤، اوكتوبر، ديسمبر،١٩٩٤، ص١٢٧.

(٤) محمود علم الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

**بواری لێکۆڵینەوە و بەدەستهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی خێرا و ئاسانتر لەدیارترین ڕێگاکانی کۆکردنەوە و وەرگرتنی زانیاریش:**

**أ. ئاژانسەکانی هەواڵ**

**ڕێگاکانی گەیشتن بە خزمەتگوزاری ئاژانسەکانی هەواڵ بەهۆی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە پەرەیان سەندووە، بەجۆرێك کە ئاژانسەکان دەتوانن خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بە هاوبەشەکانیان بکەن لەڕێگەی تۆڕەکان کە بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە پەخشدەکرێن، سازێنەرانی ڕۆژنامە بەهۆی پەرەسەندنی تەکنیکی وەرگرتنی خزمەتگوزاری ئاژانسەکانی هەواڵەوە دەتوانن وێنە و بابەت و بۆچوونەکانیان لەسەر شاشەیەکی فراوانی بینراو لە بارەگای ڕۆژنامەکانیان وەربگرن بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترینیان بۆ ئەو بابەتانەی کە دەیان نووسن، و دەتوانن زانیارییە بەکارنەهاتووەکان لەسەر هاردێك ئەمبار بکەن یان بیاننێرن بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەکەیان، هەروەها بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر سازێنەری ڕۆژنامە دەتوانێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە کۆمپیوتەری ئاژانسی ناوخۆیی یان هەرێمییەوە بکات لەڕێگەی لاپتۆبەوە، هەروەها زانیارییەکانیش لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە بگوازێتەوە لەڕێگەی تۆڕێکی فراوان کە دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی ڕۆژنامە لەڕێگەی تۆڕەکانی گەیاندنەوە.** (١)

**ب. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

**شۆڕشی گەیاندنی نوێ هەلی ڕەخساندووە بۆ زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ بڵاوبوونەوەیان لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، هەروەها هەزاران هەڵبژاردە دەخاتە بەردەم سازێنەر تاوەکو لەڕێگایانەوە زانیاری وەربگرێت، سازێنەر دەتوانێت لەهەرشوێنێك بێت لە ناوەوە و دەرەوەی بارەگای ڕۆژنامەکەی لەڕێگەی لاپتۆب و تەلەفۆنەوە بگەڕێت بەناو تۆڕەکاندا و وێنەی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ببینێت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، هەروەها دەتوانێت لەناو پێگەی تایبەتی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا بگەڕێت کە بەهیچ شێوەیەك لەسەر کاغەز بونیان نییە تەنها لەتۆڕی ئینتەرنێتدا هەن بۆ دەستکەوتنی هەر زانیارییەك کە بەدوایدا دەگەڕێت، هەروەها سازێنەر دەتوانێت دەقێکی تەواو یان بەشێکی دەق وەربگێڕێت بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر لەهەر زمانێکەوە بێت بۆ زمانێکی دیکە لەڕێگەی بەرنامەکانی وەرگێڕان کە کۆمپانیاکانی تۆڕی ئینتەرنێت بەشێوەی هەمیشەیی پێشکەش و بڵاویان دەکەنەوە**(٢).

**ت. ئەرشیف(*)(بەشی زانیارییەکان)**

**بانکێکی گەورەی زانیارییە کە تۆمارێکی تەواو زانیاری تێدایە کە پێشتر لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، کەسایەتییە جیهانییەکان بەشێوەی ئەبجەدی ڕێکخراون بۆ ئاسانی گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا بەخێراییەکی گونجاو**(٣)**، هەروەها تۆمارێکی گەورەی وێنەی تێدایە بەشێوەیەك کە گێڕانەوەی شتە پێویستەکان تێیدا ئاسانە**(٤).

**کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی ئەمبارکردن کە پەیوەستن پێوەی ڕۆڵێکی گرنگیان بینیووە لە پەرەدان بەتواناکانی ئەرشیف، بەجۆرێك کە بانکی زانیارییەکان بووەتە شوێنی "دۆسییە" گەورەکان، بانکی زانیارییەکان لەنێو**

---

(١) محمود خليل، الصحافة الألكترونية، اسس الأنظة التطبيقية في التحرير الصحفي، (القاهرة: العربي للنشر و التوزيع، ١٩٩٧)، ص٥٠.

(٢) محمود خليل، الاتجاهات الحديثة في استخدام الحاسب الآلي في التحرير الصحفي، **مجلة المصرية لبحوث الإعلام، العدد السادس**، (القاهرة: كلية الإعلام جامعة القاهرة، ١٩٩٩)،ص١٩٢.

(*) وشەی ئەرشیف، وەرگیراوە لە (Archives) ی ئینگلیزی کە ئەویش لە وشەی یۆنانی (Archeion) وەرگیراوە بەواتای نوسینگە، کە ئەویش لە وشەی لاتینی (Archivum) وەرگیراوە بە واتای لاپەڕە. بڕوانە: عمر ابراهيم قندلجی، اقسام معلومات الصحفية (الأرشيف)، (الأتحاد العام للصحفين العرب: ١٩٨١)،ص٧.

(٣) حشمت قاسم، مدخل لدراسة المكتبات و علم المكتبات، (القاهرة: مكتبة غريب، د.ت)، ص١٩٠.

(٤) عمر ابراهيم قندلجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

**کۆمپیوتەردا کۆمەڵێکی زۆر لە هاردەکان پاڵپشتی دەکەن کەتوانای ئەمبارکردنێکی گەورەیان هەیە، بەهەمان شێوە ئەم هاردانە شوێنی فیلمی بچووکیان گرتۆتەوە کە پێشتر بەکاردەهات و کەموکورتی زۆری تێدابوو، لەوانەش گرانی کرداری گەڕان لەکاتی بەکارهێنانیدا، سەرەڕای بوونی کێشە لە گۆڕانی زانیارییەکانیدا.**

**سازێنەر دەتوانێت لەڕێگای گەیشتنێکی خێرا و بەردەست یان کۆمپیوتەری بەستراو بە تۆڕە ناوخۆییەکانەوە پردێکی پەیوەندی بکاتەوە لەگەڵ ئەرشیفدا بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان کە هاوکاری دەکات لە ئامادەکردن و سازاندنی بابەتی ڕۆژنامەوانیدا بەڕادەیەکی زۆر لە ئاسانی و خێرایی و لێهاتوویی، هەروەها سازێنەری ڕۆژنامە دەتوانێت پەیوەندی بکات بە ئەرشیفەوە بەبێ ئامادەبوونی لەنێو بارەگای ڕۆژنامەکەی ئەگەر هاتوو کۆمپیوتەرەکەی پەیوەستکرابێت بە کۆمپیوتەری نێو بارەگای ڕۆژنامەکەی[١].**

**پ. پەخشی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت**

**شۆڕشی پەیوەندی کە جیهانی گرتۆتەوە هاوکاربووە لە بڵاوبوونەوەی وێستگەی ڕادیۆیی و پەخشی تەلەفزیۆنی جیهانی ڕاستەوخۆ، بەجۆرێك پەخشی مانگە دەستکردەکان هاوکاربووە بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕادیۆ و وێستگەی تەلەفزیۆنی بەدرێژایی ڕۆژ و گەیشتن بە هەواڵە گرنگەکان، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە ناوخۆیی و جیهانییەکان هەوڵیان داوە بۆ بنیاتنانی پێگەی خۆیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت وەك ئەوەی کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەنجامیانداوە، سازێنەر دەتوانێت هەواڵ و زانیاری لەم پێگانەوە بەدەست بهێنێت لەهەر کات و شوێنێکدا بەتایبەتی هەواڵی بەپەلە کە بەدەنگ و وێنە و گرتەی ڤیدیۆی ڕاستەوخۆوە بڵاودەکرێتەوە، سازێنەری ڕۆژنامە دەتوانێت وێنە لەنێو گرتە ڤیدیۆییەکانەوە وەربگرێت لەڕێگەی بەرنامەی تایبەتی کۆمپیوتەریی بەو بوارەوە.**

**ج. سەرچاوەی ئەلیکترۆنی**

**دیاردەی تەقینەوە و لێشاوی زانیارییەکان هاوکات لەگەڵ شۆڕشی گەیاندن و پەیوەندی بوونەهۆی دەرکەوتنی ئامێری گەیاندنی نوێ لە نەوەدەکاندا، ئەمەش بۆ ئاسانکردنی نزیکبوونەوە لە سەرچاوەی زانیارییەکان و ئاسانی گەڕاندنەوەیان[٢]، لەنێو ئەو ئامرازانەشدا:**

**- تیلیتێکست: برتییە لە سیستەمی گواستنەوەی زانیاری بە یەك ئاڕاستە لەڕێگەی ئامێرەی تەلەفزیۆنی یان ئامێرەی FM و کێبڵ، بۆ پیشاندانی نووسراوەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن کە گەیەنراوە بە ئامێری دیکۆدێر(Decoder) کە تایبەتە بە کردنەوە و گۆڕینی وشە نهێنییەکان و گۆڕینیان بۆ داتا و زانیاری و پیشاندانیان لەشێوەی لاپەڕەی دەڤیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی کە بینەر مەبەستییەتی ببینێت، سازێنەری ڕۆژنامەوانی دەتوانێت لاپەڕەی پێڕستەکان لەسەر شاشە ئامادەبکات لەکاتێکدا لەبەردەمیدا لاپەڕەی سەردێڕە سەرەکییەکان دەردەکەون، وەکو کەش و هەوا، دەرەنجامە کۆتاییەکانی وەرزشی، هەواڵە سیاسییەکان، هەروەها زانیاری و وێنە بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی کە دەیەوێت.**

**- ڤیدیۆتیکستی تەلدار: بریتییە لە سیستەمێکی کارلێکی بەکاردێت بۆ پیشاندانی وێنە و دەق، سازێنەری ڕۆژنامە دەتوانێت بەشداربێت لە خزمەتگوزاری ڤیدیۆ تێکست و پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە بکات لە ڕێگەی تۆڕی مۆبایل یان تۆڕی کێبڵەکان و کۆمپیوتەر بەخێرایی وەڵامی داواکاری سازێنەر دەداتەوە لە گەڕاندنەوەی زانیارییەکان و پیشاندانیان لەسەر شاشە، هەروەها ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات بۆ گەیشتن بە بانکی**

---

(١) محمود خليل، الصحافة الالكترونية، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٠.

(٢) بڕوانە: (أ). محمد اسماعيل ياسين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠-١٠١.

(ب). شريف درويش اللبان، الصحافة الالكترونية، (القاهرة: دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٥)، ص٢٢.

زانیارییەکان کە زانیاری زۆری لەخۆگرتووە، هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانیش لەڕێگەی بەریدی ئەلیکترۆنییەوە، سەرەڕای دیاریکردنی زانیارییە داواکراوەکان و دابەشکردنیان[1].

- **ئینتەرنێت:** تۆڕی ئینتەرنێت بووە بە پەنجەرەیەك کە لەڕێیەوە سازێنەری ڕۆژنامە ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە، خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بەگەشەسەندوترین تەکنەلۆژیا لەبواری ڕاگەیاندندا دادەنرێت، ڕۆژنامەکان کێبەرکێ دەکەن لەپێناو ئەوەی چاپکراوەکانیان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دابنێن، یان بگەن بە خزمەتگوزارییەکان، یان سوودوەرگرتن لە سیستەمی ئەرشیفی زانیارییەکان تیایاندا، بەجۆرێك ڕۆژنامە چاپکراوە خوولییەکان سوود لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وەردەگرن کە تۆڕی ئینتەرنێت دابینیکردووە، بۆ چاککردنی ناوەڕۆك و زیاددکردنی ژمارەی خوێنەران لەسەر ئاستی جیهان، دەتوانرێت ئاستەکانی سوودوەرگرتنی سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ئینتەرنێت لەم چەند خاڵەدا کورت بکرێنەوە[2]:

**ئاستی یەکەم: وەك سەرچاوەیەك بۆ زانیارییە جیهانییەکان**

- ئامرازێکی یاریدەدەرە بۆ ڕوومالْکردنی هەواڵ و سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە بۆ ڕووداوە بەپەلەکان.
- وەك سەرچاوەیەك بۆ تەواوکردنی زانیارییەکان کە ڕووداوێکی گرنگ لەپشتیانەوە هەیە، ئەمەش پاش بەستنەوەیان بە بەشی زانیارییەکان و هۆڵی سازاندن لە ڕۆژنامەی چاپکراودا، سەرەڕای بنیاتنانی بەشێکی تایبەت بە ئینتەرنێت لە هەموو ڕۆژنامە چاپکراوەکان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا.
- ئامادەکردنی لاپەڕەی ڕۆژنامە تایبەتمەندەکان لە وەرزش و هونەر و ئەدەب و خێزان، سەرەڕای ناسینی کتێب و بلاْوکراوە نوێکان لەڕێگای کتێبخانە عەرەبی و جیهانییەکانەوە.

**ئاستی دووەم: ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی گەیاندنی جیهانی**

- پەیوەندیکردن بە نێرەر و پەیامنێران بۆ وەرگرتنی نامە نووسراو وێنەییەکانیان لەڕێگەی بەریدی ئەلیکترۆنییەوە.

- پەیوەندیکردن بە سەرچاوە جیاوازەکانی ڕۆژنامە لە کەسەکان و دامەزراوە و گەیشتن بە هەواڵی ڕۆژنامە.

- توانای گرێدانی کۆبوونەوەکان لەنێوان بەڕێوەبەری نووسین لە وڵاتێك و پەیامنێرە بلاْوبووەکانیان لە جیهاندا.

**ئاستی سێیەم: ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی گەیاندنی کارلێکی**

- ئەتوانرێت وەك ئامرازێکی پەیوەندیی کارلێکی لەگەڵ جەماوەر بەکاربێت بۆ فراوانکردنی هەلی بەشداریکردنی خوێنەران.

**ئاستی چوارەم: ئینتەرنێت وەك نێوەندێك بۆ بلاْوکردنەوەی ڕۆژنامە**

- بەکارهێنانی لەبوارەکانی بلاْوکردنەوەی ڕۆژنامەوانی لە دوورەوە لەچاپکراوە خوولییەکان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەرشیف و زانیارییەکان.

---

(١) بڕوانە: (أ).حسنی نصر، سناء عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٦-٢٢٧.

(ب) شذی حمدالله محجوب، البحث بالاتصال المباشر، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الخرطوم: كلية الدراسات العليا– الآداب، قسم علوم المعلومات و المكتبات، سنة ٢٠٠٢-٢٠٠٣) ، ص٧٢.

(ت) شريف درويش اللبان، الصحافة الالكترونية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٢) بڕوانە: (أ) صلاح محمد ابو صلاح، اثر تطور التكنولوجى على تحرير الصحفي، بحث العلمي غير منشورة، (الجامعة الاسلامية–غزة: قسم الصحافة و الإعلام، الفصل الاول، ٢٠١١-٢٠١٢)، ص٣٦-٣٧.

(ب) فريد بن زايد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧-١١٩.

(ت) سوزان القليني، الصحافة الإلكترونية المصرية في عصر المعلومات،ط١، (القاهرة: بدون دار نشر،٢٠٠٠)، ص١٧٤.

(ث) حسنين شفيق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣-٥٥.

**ئاستی پێنجەم:** ئینتەرنێت وەك ناوەندێکی ڕیکلامی داهاتی ڕۆژنامەکە زیاددەکات.

**ئاستی شەشەم:** دەتوانرێت بە سەرکەوتوویی بەکاربهێنرێت لە هەڵمەتی بەبازاڕکردن و برەودان بە کاڵا جیاوازەکان لە ناوخۆ و دەرەوە بەتایبەتی ڕێگەدەدات بە بەکارهێنانی وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ ئەمەش گرنگی هەڵمەتی برەوپێدانەکان زیاددەکات لەسەر ئینتەرنێت.

**ئاستی حەوتەم: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زانیارییەکان:**

- گفتوگۆکردن و چاوپێکەوتن  لەدوورەوە لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکانی جیهان.
- سوودوەرگرتن لێی وەك سیستەمێکی پەیوەندیی ناوخۆیی بۆ دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکە و گرێدانیان بە هۆڵی سازاندن و بەشی زانیارییەکان و ئەرشیف و پاشخان.
- گەیشتن بە هەواڵی ڕۆژنامەوانی نوێ لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکان بەزمانی جیاواز و لەبواری جۆراوجۆردا.
- گەیشتن بە بڕێکی زۆر لە زانیاری و داتا و ژمارە و ئاماری بەردەست لەسەر ئینتەرنێت لە چەندین شوێن و ڕێکخراو و دەوڵەت و تاکەکانەوە.
- خستنەڕووی بۆچوونی سەرچاوەی ڕۆژنامەکە لە بابەتی ڕۆژنامەوانی، و زانینی ڕاو بۆچوونیان، و کاردانەوەیان دەربارەی ئەو بابەتانەی کە سازێنەری ڕۆژنامەکە دەیخاتەڕوو و پێشنیاری دەکات.
- پەرەپێدانی تواناکانی سازێنەرە ڕۆژنامەوانییەکان و گەیاندنیان بە ئاستێکی بەرز لە ڕووماڵ و شیکار و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و داڕشتنەوە و پەرەپێدانی هۆکارەکانی نووسینی ڕوژنامەوانی، بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە چارەسەرکردنی ڕۆژنامەوانیدا.
- بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەك ئەرشیفێکی تایبەت بە سازێنەری ڕۆژنامەوانی، کە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و کاتی بلاّوکردنەوەیان، سەردێرە تایبەتەکان، زانینی ڕێژەی خوێنەران، دەگرێتەخۆ، چەندین بەرنامە و خزمەتگوزاری دابیندەکات کە یارمەتیدەرە بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەك ناوەندێکی ئەمبارکردنی سەربەخۆ و ئەرشیفێکی جووڵاّو کە لە هەموو کاتێکدا بتوانرێت بەکاربهێنرێت.
- بەدەستهێنانی ئامێرە ڕۆژنامەوانییە یارمەتیدەرەکان، وەك: ژمارەی مۆبایلەکان، سەردێڕەکان، پۆستەی ئەلیکترۆنی بۆ سەرچاوەی ڕۆژنامەکە، ئەمبارکردنیان بە ڕێگایەك کە یارمەتی سازێنەری دەدات بۆ سوودوەرگرتنی تەواو لە زانیارییە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان و بەگەڕخستن و پۆلێنکردنیان.
- پەیوەندیکردن بە گروپی ڕۆژنامەوانی و هەواڵی کە هەموو لێهاتووییەکی ڕۆژنامەوانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ئاڵوگۆڕدەکرێت لەگەڵیاندا، کە هاوکاری لە پەرەپێدانی لێهاتوویی و زانیاری سازێنەری ڕۆژنامەوانی دەکات.
- سوودوەرگرتنی سازێنەری ڕۆژنامەوانی  لە فەرهەنگ و سەرچاوە خولییەکان کە بەردەستن لەسەر ئینتەرنێت، زانیارییەکانییان پۆلێنکراوە بەشێوەیەك کە ئاسان بن بۆ بەدەستهێنان.
- سازێنەری ڕۆژنامەوانی بابەتی ڕۆژنامەوانی دەنێرێت و وەریدەگرێت لە ڕۆژنامەکەیەوە، سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری لەهەر کات و شوێنێکدابێت بەبێ تێچوون، کە هاوکاری دەکات بۆ سوودوەرگرتن لە داتا و زانیارییە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان  و بەگەڕخستن و پۆلێنکردنیان.

**٢. ڕێگای گواستنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی بۆ بارەگای ڕۆژنامە**

لەکاتێکدا ناردنی بابەتی ڕۆژنامەوانی بۆ بارەگای ڕۆژنامە کات و ماندوبوون و تێچوونێکی ماددی دەویست، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتن و بلاّوبوونەوەی تەکنەلۆژیا وەك ئامێری فاکس لە نەوەدەکاندا، کە پەیامنێری ڕۆژنامە ناچاربوو پاش نووسینی هەواڵەکە بڕوات بۆ شوێنێك یان نووسینگەیەك کە خزمەتگوزاری ناردنی لەڕێگەی فاکسەوە تیابوو، سەرەڕای تێچوونی ماددی ئەمەش بۆئەوەی بتوانێت هەواڵەکە بگەیەنێت بە ڕۆژنامەکە، سەرەڕای بوونی کێشەی زۆر لە دڵنیابوونەوە لە گەیشتن و ڕوونی دەقی هەواڵە نووسراوەکە، بەلاّم تەکنەلۆژیای گەیاندن توانای ناردنی

بابەتی ڕۆژنامەوانی بۆ بارەگای ڕۆژنامە دابینکرد بەکەمترین کات و ماندوبوون پاش ئامادەکردنی بابەتەکە لەڕێگای پەیامنێری ڕۆژنامەکە و بەبێ ناچاربوون لە گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەتایبەتی لەکاتی بلاوبوونەوەی تۆڕی ئینتەرنێت کە بەهۆیەوە بابەت و وێنەی ڕاستەوخۆ بۆ بارەگای ڕۆژنامە دەنێررێت، سەرەڕای ئەوەی کە بابەتەکە بە ڕوونی و بە کەمترین هەڵە دەگات پێویست بە بەکارهێنانی لاپەڕە و دووبارە نووسینەوەی دەقەکەش ناکات کەئەمەش لە ڕابردوودا کات و ماندوبوونێکی دەویست، سەرەڕای ئەوەی بواری کەوتنە ناو هەڵەی بێ مەبەستی دەدا، هەموو ئەم تایبەتمەندییانە وایانکرد کە تۆڕی ئینتەرنێت جێ بە ئامێری فاکس لێژبکات لە ئێستادا زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت لە ڕۆژنامەدا.

ئەمە و سەرەڕای تۆڕی ئینتەرنێت هەندێك جێبەجێکردنی مۆبایلی هۆشمەند یارمەتی ڕۆژنامەنووس دەدات بۆ پەیوەندیکردن بە ڕۆژنامەکەیانەوە، وەك"Whats Up" کە بواری ئاڵوگۆڕی دەق و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی و ئیمەیل دەدات[١].

**گرنگترین ئەو ئامرازە تەکنەلۆژیانەش کە لەم بوارەدا بەکاردەهێنرێن بریتین لە[٢]:**

١. **تەلەفۆن:** بە کۆنترین ئامرازی گەیاندنی ئەلیکترۆنی دەژمێررێت کە بەکارهاتبێت لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، بەجۆرێك کە سازێنەر دەتوانێت زانیارییە وتراوەکان بنێرێت بۆ بارەگای ڕۆژنامەکەی لەڕێگای سیستەمی گواستنەوەی ناوەندی (Central Exchange Centrex) کە دەتوانێت داوای پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی بکات، بەڵام پێشتر توانای ئامێری تەلەفۆن گرێدرابوو بە توانای کێبڵ و سیمەکان کە پشتیان پێدەبەسترا بۆ دۆزینەوە و چاککردنە تەکنەلۆژییەکان بە بەکارهێنانی کێبڵی میحوەری، و پێکەوەبەستنە مایکرۆوەیڤییەکان، کێبڵی ڕووناکی و مانگە دەستکردەکان بووەهۆی زیادکردنی توانای خزمەتگوزاری تەلەفۆن سەرەڕای گەشەسەندنی تواناکانی تەلەفۆن و زۆربوونی بەکارهێنانەکانی بەتایبەتی پاش دەرکەوتنی تەلەفۆنی وێنەیی و ڤیدیۆیی ( Photo & Video Phone) و مۆبایل کە هەموو تایبەتمەندیەکانی دوو جۆرەکەی دیکەی تێدایە، یارمەتی سازێنەر دەدات بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان بە دەنگ و ڕەنگ لە هەر شوێنێك بێت بۆ بنکەی ڕۆژنامەکە بە خێراییەك کە دەگاتە (٢,٥) گێگابایت لە چرکەیەکدا لە ڕێگەی بلوتوس یان خزمەتگوزاری نامەی هەمەچەشن یان فاکس یان لاپتۆپ کە بەسترابێت بە ئینتەرنێتی زۆر خێراوە.

سازێنەری ڕۆژنامە دەتوانێت بابەتە ڕۆژنامەوانییە ئامادەکراوەکەی بۆ بلاوکردنەوە لەڕێگەی تەلەفۆنی هۆشمەندەوە بنێررێت کە کیبۆردی لەسەرە بۆ ناردنی نامە هەندێك بەرنامەی جێبەجێکاری تێدایە وەك چارەسازی وشە و خشتە ئەلیکترۆنییەکان و بەرنامەی چاککردنەوەی وێنە بۆ چارەسەرکردنی لاری و شێواوی وێنەکان.

٢. **تلکس:** لەهەموو تەکنەلۆژیاکانی دیکە بلاوترە لە ڕۆژنامەدا کە سازێنەری ڕۆژنامە و پەیامنێر و نێردراوی ڕۆژنامە دەتوانێت ئەو زانیارییانەی کە کۆیکردونەتەوە بیاننێرێت بۆ شوێنی مەبەست لەڕێگەی هێڵی تلکسەوە دەبێت کە ئێستا لە هەموو جیهاندا هەیە،

بەجۆرێك ڕۆژنامەنووس لەسەر ئامێری تیلی تایب (Tele Type) دەنووسێت کە هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی نامەکە لەسەر شریتێکی وەرەقی، پاشان پەیوەندی دەکات بە ڕۆژنامەکەوە و نامەکە دەگوازێتەوە لەڕێگای ڕۆشتنی شریتە کاغەزییەکە لە ئامێری خوێندنەوە تیلی تایب ڕایتەر (Teletype Writer) [٣].

---

(١) محمد اسماعیل یاسین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(٢) امل محمد خطاب، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦-٧٧.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

٣. **تیلیتێکست:** خزمەتگوزارییەکی ناسەنتەرییە (غیرمرکزیة) کە سازێنەری ڕۆژنامە یان جێگرەکەی یان پەیامنێر دەتوانن لەڕێگەیەوە پەیامەکانیان بنووسن و بینێرن لەڕێگەی دەروازەیەك کە گەیەنەر و وەرگر پێکەوە دەبەستێتەوە کە خاوەنی سیستەمێکی بۆ هێماکراوی یەکخراوە کە توانای کۆکردنەوە و هەڵگرتنی دەقەکانی هەیە لەڕێگەی سیستەمی تیلیتێکست و پیشاندانی کاتی پێویست بۆی، گواستنەوەی لاپەڕەی دەقەکان یان وێنە هێڵییەکان لەڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە تەنها لەماوەی پێنج چرکەدا ئەنجامدەدرێت[١].

٤. **تیلی فاکس:** بریتییە لە بلاّوکردنەوەی ژمارە لەیەکچووەکان لەڕێگەی کۆپیکردن لە دوورەوە یان دووبارە دروستکردنەوەی وێنە ڕەسەنەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دوورتر بۆ لەبەرگرتنەوەی کاغەزی لەڕێگەی هێڵەکانی تەلەفۆنەوە کە چەند هاوواتایەکی تریشی هەیە ئەوانیش (فاکس مەیل و تیلی فاکس مەیل)ن کە هەریەکەیان واتە گواستنەوەی وێنەی کاغەزی دۆکیۆمێنتێکی دیاریکراو لەسەرچاوە ڕەسەنەکەیەوە بۆ لایەکی تر، کە لەڕێگەیەوە ڕۆژنامەوان هەموو کار و بابەتە چاپکراو و وێنە فۆتۆگرافییەکان و نەخشەکان چ نووسراوبن یان چاپکراو، دەنێرێت ئەو کۆپیانەی کە دەنێردرێن بۆ بارەگا ڕۆژنامەوانییەکە لەکاتێکی دیاریکراودا هاوشێوەی کۆپییە ڕەسەنەکەن، لەڕووی پلەبەندی ڕەنگ و وردەکارییەکانی تردا[٢].

٥. **تیلی فۆتۆ:** ئامێرێکی ئۆتۆماتیکییە بۆ گواستنەوەی وێنە لەنێو سیستەمێکی تەواکاریدا لە ڕێگای پەخشی ڕاستەوخۆ بەهۆی مانگی دەستکردەوە بەکاردەهێنرێت، و وێنەی ئەلیکترۆنی وەردەگرێت بەبێ بەشداریکردنی ڕەگەزی مرۆیی، سازێنەری وێنە هەڵدەستێت بە چاودێریکردنی کەرەستەی وەرگیراو بۆ پشکنینی وێنەکە لەڕووی ناوەڕۆك و شیاوی و کاریگەرێتیی لەسەر بینین، بۆ هەڵبژاردنی وێنەیەکی گونجاو و دیاریکردنی ڕووبەرەکەی و بڕینی وەکو سیستەمی (ستیکس) کە لەڕۆژنامەی (USA Today) بەکاریدەهێنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ یەکەیەکی لەبەرگرتنەوە کە دەتوانرێت هەڵبگیرێت بۆ شوێنی ڕووداوەکە، کە وێنە لەڕێگەی تۆڕی گەیاندنی مانگە دەستکردەکانەوە دەنێرێت بۆ هەر شوێنێك لە جیهاندا لەڕێگەی لەبەرگرتنەوەی ڕوونی ڕەنگاوڕەنگ بەپێوەری (٣٥مم) کە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی زانیاری تایبەت بەشێوەیەکی ڕوون لەماوەی نزیکەی حەڤدە خوولەکدا[٣].

٦. **لاپتۆپ:** هەندێکجار پێی دەوترێت تیانوسی تێبینی (Note Book) بەشێوەی پیتی (L) دیزاینکراوە، شاشەکەی دادەخرێت و دەکرێتەوە سەرەتایترین تایبەتمەندی لاپتۆپ کە جیایدەکاتەوە لەلای بەکارهێنەر بەکارهێنانیەتی لەهەر شوێنێك کە بتەوێت ئەو توانایەش بە بەکارهێنەر دەبەخشێت بۆ ئیشپێکردنی بەهۆی پاتری ناوخۆییەوە، هەروەها ڕێگە بە مرۆڤ دەدات بەڵگە و سەرچاوە و زانیارییەکانی بگوازێتەوە[٤].

کۆمەڵێك ڕێگەی زۆر هەن ڕۆژنامەنووس لەڕێگەیانەوە دەتوانێت بابەتەکەی بنێرێت بە بەکارهێنانی لاپتۆپ ئەوانیش[٥]:

---

(١) حسن عماد مكاوى، تكنولوجيا الإتصال الحديثة في عصر المعلومات، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٧.

(٢) بڕوانە: (أ) مجد الهاشمي، الإعلام الدولي و الصحافة عبر القمار الصناعية، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

(ب) نسرين محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤.

(ت) حكيم عثمان حميد، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٠.

(ج) احمد أنور بدر، مقدمة فى تكنولوجيا المعلومات و اساسيات استرجاع المعلومات، (الاسكندرية: دار الثقافة العلمية، ٢٠٠٣)، ص١٨.

(٣) امل محمد خطاب، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٨.

(٤) بەبێ ناوی نووسەر، definition laptop ، http:// www. Businessdictionary.com ، (کاتی سەردان: ٢٥/٢/٢٠١٦).

(٥) كارول ريتش، كتابة الأخبار و التقارير الصحفية، ترجمة: عبدالستار جواد، (العين: دار الكتاب الجامعي، ٢٠٠٢)، ص٢٨٠.

أ. ناردنی بابەتی ڕۆژنامەوانی لە لاپتۆبەکەیەوە بۆ کۆمپیوتەری ناوەندی لە بارەگای ڕۆژنامەکەی بە بەکارهێنانی (Modem) [*] ئەگەر ئامێرەکە بەسترابێتەوە بەتۆڕی فراوانەوە (WAN) کە دەیگوازێتەوە بۆ دەرەوەی ڕۆژنامەکە.

ب. گواستنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی بە بەکارهێنانی پۆستەی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی تۆڕی جیهانییەوە بەهۆی هێڵی تەلەفۆنەوە ئەمەش بە خێراییەکی زۆردەبێت بەتایبەتی ئەگەر هێڵی (DSL) بەکارهات کە لەڕێیەوە دەتوانرێت داتاکان بگوازرێتەوە، بەتێکڕایی خێرایی (٧) مێگابایت لە چرکەیەکدا کە بەهەمان خێرایی وەردەگیرێتەوە، واتە لەهەمان ساتی ناردنیدا ئەگەر نێرەر و وەرگر لەهەمان کاتدا تۆڕی پەیوەندی بەکاربهێنن، کاتێك زانیاری و داتاکان وەردەگیرێت لەلایەن سازێنەرەوە لە بارەگای ڕۆژنامەکە دەتوانرێت بخوێنرێتەوە، چاپ، یان ئەمبار بکرێت لە مەلەفی تایبەتیدا یان بگەڕێنرێتەوە بۆ داواکردنی زانیاریی زیاتر لەسەر ڕووداوەکە.

**٣. چارەسەرکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان**

(تەکنەلۆژیای گەیاندن بوارێکی فراوان دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکانی ڕۆژنامە، چ خوێنراو یان وێنەیی یان هێڵکاری بن، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای جۆراوجۆر لەوانە کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی و بلاَوکەرەوەی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی بەکارهێنانی چەند بەرنامەیەکی تایبەتمەند بە چارەسەری زانیارییەکان)[١].

کرداری چارەسەر یان سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان کارێکە بە کۆکردنەوەی بابەت و نووسینی دەستپێدەکات، سازێنەر بابەت دەنووسێت بەو شێوەیەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت یان سازێنەرێك دەینووسێت و سازێنەری سەرپەرشتیار و بەرپرس پێداچوونەوەی بۆ دەکات کە لابردن یان زیادکردن یان گۆڕینی شێواز و بناغەی هونەری بۆ دەقەکە لەخۆدەگرێت[٢].

پێشتر کرداری سازاندنی ڕۆژنامەوانی بەدەستدەکرا بە بەکارهێنانی کاغەز و قەڵەم کە سازێنەر و هەڵچنی زمانەوانی هەڵەی زمانەوانی و شێوازی زانیارییەکانیان ڕاستدەکردەوە لەناو دەقەکەدا، کاتێك کاری ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی خێرا پشتی بە تەکنەلۆژیای گەیاندن بەست ئەم کردارە بوو بە دیجیتاڵی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر لەچوارچێوەی سیستەمی بلاَوکردنەوەی مەکتەبی لەناو بینای ڕۆژنامە کە بە سازاندنی ئەلەکترۆنی دەناسرێت و لەچوارچێوەی سیستەمێکی تۆڕیی جێبەجێدەبێت.

لەڕێگەی ئەم سیستەمەوە، کرداری سازاندن بەتەواوەتی بەڕێوەدەبرێت لەنێو ڕۆژنامەکەدا بەڕێگەیەکی ئەلیکترۆنی، بەجۆرێك کە هەموو بلوتوسەکانی سازێنەرەکان بەستراون بە تۆڕێکی ناوخۆیی فراوانەوە چ لەنێو ڕۆژنامەکە بن یان هەڵگیراو بن لەشوێنی هەواڵەکە لەناو شار یان ئەو وڵاتەی کە ڕۆژنامەکەی لێدەردەچێت یان لەدەرەوەی ئەو وڵاتە، ئەم تۆڕە بەهۆی ئامێرێکی ناوەندییەوە کە لەلای بەرپرسی سازاندنە بەڕێوە دەبرێت.

ئەم سیستەمە ڕێگەدەدات بە دڵنیابوونەوە لەوەی کەپێی دەوترێت سازاندن لەڕێگەی گرووپی کارەوە ( Work group) کە دەتوانێت دەقێکی ڕۆژنامەوانی ئامادەبکرێت لەلایەن چەندین سازێنەرەوە ئەمەش بە بەکارهێنانی بەرنامەی بلاَوکراوەی مەکتەبی (ئینتەرلیف Interleaf٦) کە ڕێگەدەدات بە چەندین بەکارهێنەر بگەنە هەمان دەق کە پێشتر لەسەر یادگەی کۆمپیوتەرەکە ئەمبارکراوە بۆ هەر دەستکاریکردنێك بەجۆرێك دەقەکە بەشێوەیەکی

---

(*) Modem کورتکراوەی وشەی (Modulator/Demodularoe) واتە تێکرا یان دەرخەر: بریتییە لە ئامێرێکی قەبارە بچووك، پەیوەستە لەنێوان ئامێری کۆمپیوتەر و هێڵی تەلەفۆن، زانیارییە دیجیتاڵییەکان لەدەرەوەی کۆمپیوتەر دەگۆڕێت بۆ زانیاری پێوانەیی، هێڵی تەلەفۆنی دەنگەکان و ئاماژەکان هەڵدەگرێت. بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Modem

(١) عبدالأمیر فیصل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٢) نەسرین محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

ئۆتۆماتیکی پەرە بەخۆی دەدات هەر کاتێك گۆڕانکاری تێدابکرێت، پێداچوونەوە بەو گۆڕانکارییانەشدا بکرێت لەسەر دەقەکە ئەنجامدراون[١].

**لەڕێگەی پشت بەستن بەم سیستەمە تۆڕییە کە بە هاوتەریبی کاردەکات لەگەڵ سیستەمی بڵاوکردنەوەی مەکتەبی سازێنەر دەتوانێت بەم کارانەی خوارەوە هەستێت[٢]:**

١. نووسینی بابەتی ڕۆژنامەوانی لەڕێگەی بەکارهێنانی کیبۆرد یان مایکرۆفۆن کە لەڕێگەیەوە دەقەکە بەشێوەی نامەی دەنگی داخڵ دەکرێت کە بەرنامەی ناسینی دەنگ و چارەسازی وشەکان هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی بۆ زمانی نووسراو کە ئەتوانرێت بخرێتە سەر دەقی مەبەست، پاشان گۆڕانکاری سازاندن لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر بە جوڵاندنەوەی وشەکان یان دێڕەکان یان پەرەگرافەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری دەقەکە، و دیاریکردنی بەشێك لە دەقەکە لەڕێگەی دانانی هێڵ لەژێریدا یان بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی وشە یان بردنی بۆلای ڕاست و چەپ و ناوەڕاستی لاپەڕە و گۆڕینی ماوەی نێوان پەرەگرافەکان.

٢. پێداچوونەوەی زمانەوانی لە بابەتی ڕۆژنامەوانی پاش نووسینی بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی تێیدان بە بەکارهێنانی بەرنامەی هەڵەچنی ڕێنوسی و زمانەوانی (Spelling Checker)، ئەم بەرنامانەش فەرهەنگی ڕێنووسییان تێدایە کە لیستێك لە وشە لەخۆدەگرن کە دەگاتە (٧٢ هەزار) وشە و دەتوانرێت زیادبکرێن بەهۆی بەکارهێنەرەوە، هەروەها هەڵەچنی زمانەوانییان تێدایە کە بەیارمەتی بەکارهێنەر دەتوانرێت دەقەکە ڕێك بکرێت و هەڵە زمانەوانییەکانی چارەسەربکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ هەڵەچنی زمانەوانی لە بەناوبانگترین ئەو بەرنامانەش بەرنامەی (سیبویە)یە بۆ هەڵەچنی زمانەوانی و ڕێنوسی کە ڕاوبۆچوونی پێویست دەخاتە بەردەم بەکارهێنەر بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕێنوسییەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

پاشان هەڵەچنی ڕەوانبێژی بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە ڕەوانبێژییەکان لەچوارچێوەی بەکارهێنانێکی دروستی هەڵەی ڕەوانبێژی، هەروەها ڕاستکردنەوەی خاڵبەندی و ئامارکردنێکی ورد وەك ژمارەی وشە بەکارهێنراوە دووبارەکان کە ئامرازێکی باشە بۆ بەڕێوەبردنی دەقی نوسراو بەزمانێکی سادە و بەهێز کە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە باشترین دەق لەڕووی زمانەوانی و ڕەوانبێژییەوە.

٣. زیادکردنی زانیاری نوێ لەسەر بابەتی نێو مەلەفەکان یان لابردنی هەندێ زانیاری تێیدا لە وشە و دێڕەکان یان گۆڕانکاری لە ڕێکخستنی برگەی چیرۆکە نووسراوەکە لەپێناو بنیاتنانی دەقەکە، چونکە چیرۆکی ڕۆژنامەوانی وەك زانراوە هەرەمی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ سازاندنی پێویستە جێبەجێبکرێت.

٤. دەوڵەمەندکردنی دەقی ڕۆژنامەوانی بەوێنەی فۆتۆگرافی یان وێنەی ئاماژەدار یان وێنەی ڕوونکردنەوە ئەگەر پێویست بوو ئەمەش لەڕێگەی هێنانی ئەو وێنانەی لەنێو کۆمپیوتەردان و پیشاندانیان و هەڵبژاردنی وێنەی گونجاو یان داخڵکردنی وێنەی ڕاستەوخۆ لەڕێگای سکانەر یان لەڕێگای کێبڵەکانی ترەوە، وەك کامێرای ڤیدیۆ و ژمارەیی یان بنکەی زانیارییەکان لەسەر هێڵ یان لەڕێگەی پەیوەندی هێڵی بە ئەرشیفی وێنەکان لە ڕۆژنامە بۆ گەیشتن بەچەند هەڵبژاردەیەك و هێنانی گونجاوترینیان.

٥. دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ڕووداو و ژمارە و مێژوویی دۆکیۆمێنتارییەکە کە دەقە ڕۆژنامەوانییەکە دەیگرێتەخۆی ئەمەش بەدڵنیابوونەوە لە ڕاستی داتاکانی ئەو کەسانە و شوێنەکانیان لەڕێگەی پەیوەندیی تۆڕی بە ئەرشیفی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی یان لەڕێگەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەسەر هێڵ کە تۆمارە ڕەسمی و حکومی و دۆکیۆمێنتە گشتییەکان لەخۆدەگرێت کە لەسەر تۆڕەکە هەن.

---

(١) امل محمد خطاب، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١-٨٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٨٢-٨٣.

٦. سیستەمی سازاندنی ئەلیکترۆنی تۆڕی دەتوانێت سازێنەر یان سازێنەری بەرپرس لە سازاندنەوەی دووبارە ئاگاداربکاتەوە کە بابەتی تر هەیە هاوشێوەی ئەمەیە لەلایەن چەند سەرچاوەیەکی دیکەوە نێرراوە بەهەمان ڕێگەش نووسراوە، پاشان ناردنی بۆ ژووری هەواڵ بۆئەوەی پێکەوە گرێ بدرێن و بکرێن بەیەك دەق یان ئەو کارەی کەپێی دەوترێت (پشتوێنی هەواڵی کۆکراوە) بۆ چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو پاشان ناونیشان و وێنەیەکی گونجاوی بۆ هەڵبژێرێت کە سازێنەر دەتوانێت چاکترینیان دیاری بکات (بەبێ ئەوەی لەسەر مێزی نوسینگەکەی هەستێت) بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر.

ڕوونە کە کاری سازاندن پەرەیسەندووە بەهۆی پشتبەستنی سازێنەری ڕۆژنامە بە تەکنەلۆژیای سەردەم، پێشتر سازێنەر هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی ئەرکەکانی سازاندن و بەجێگەیاندنیان لەڕێگەی خوێندنەوەی لاپەڕەکانەوە، لەکاتێکدا کە یارمەتیدەرە ئەلیکترۆنییەکان هاتنە نێو کارەکەیەوە یارمەتی سازێنەر دەدەن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو کردارە تەقلیدییەکان.

**٤. ئەمبارکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و گەڕاندنەوەیان**

بانکی زانیارییەکان و تۆڕەکان و ناوەندەکانی زانیاریی ڕۆژنامەوانی سیدییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵگرتن و بەدۆکیۆمیۆنتکردنی بەڵگەنامەکانی، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەڕان بەدوای زانیارییەکان و گەڕاندنەوەیان بەشێوەیەکی خێرا و گونجاو[١].

**٥. گواستنەوە و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان**

ئامێری ئەلیکترۆنی تێدا بەکاردەهێنرێت وەك فاکس مەیل و مانگی دەستکرد و گەیاندنی تەلدار و بێتەل و تۆڕی دیجیتاڵی، تۆڕی گورزە و کێبڵ[٢].

**٦. خستنەڕووی بابەتی ڕۆژنامەوانی**

ئامێری هەمەجۆر بەکاردەهێنرێت وەك: کۆمپیوتەر، ئامێری دیجیتاڵی کەسی[٣].

**سێیەم: کۆمپیوتەر و سازاندنی ڕۆژنامەوانی**

کۆمپیوتەر بە کرۆکی شۆڕشی تەکنیکی هاوچەرخ دەژمێررێت، بەجۆرێك کە ئەم ئامێرە تەواوکەری ئامرازەکانی گەیاندنی بینراو و بیستراو و چاپکراوە، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پەرەپێدانی کرداری پەیوەندیکردن و چاککردن و خێراترکردنیدا، هەروەها کۆمپیوتەر بووەتە ئامرازێکی گەیاندن بەجۆرێك کە دەتوانێت لەڕێگەی هێڵی تەلەفۆنەوە پشت بەتێکڕایی (Modem)و پەیوەندیکردن بەوانیترەوە ببەستێت، ئەمەش دەکەوێتە سەر سیستەمی کۆمپیوتەر کە سیستەمی دەقی تەلەفزیۆنی و سیستەمی بەریدی ئەلیکترۆنی و گرێدانی کۆنگرەکان لە دوورەوە لەخۆدەگرێت. پەرەسەندنی دیکە هەیە بۆ ئامێری نوێ کە تیایدا کۆمپیوتەر و تەلەفۆن پێکەوە گرێدەدات، کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە نەخشەسازی و بنیاتنانی سیتەمی زانیارییە نوێیەکاندا، کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کردارە ژمێرییارییە ئاڵۆزەکان کە جێبەجێکردنیان بەدەست زەحمەتە، سەرەڕای توانای لەڕادەبەدەری بۆ ئەمبارکردنی بڕێکی زۆر لە زانیاری بەڕێگایەکی ڕێکخراو بەجۆرێك گەڕاندنەوەی لەکاتێکی زۆر کەمدا ئاسان بێت، هەروەها کۆمپیوتەر دەتوانێت هەموو ئیشەکانی تری پەیوەست بە سیستەمی زانیارییەکان جێبەجێ بکات، لەوانە پاراستنی داتاکان گرەنتی تەواو بە لەدەستنەدانیان و خراپەکردنیان لەلایەن سوودمەندبووانەوە، لەم ساڵانەی دوایدا

(١) عبدالأمیر فیصل، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

(٣) محمد اسماعیل یاسین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

بەکارهێنانی کۆمپیوتەری زۆر بچووك بلاوبوویەوە لەوانەش کۆمپیوتەری کەسی تایبەت بەکاری ڕاگەیاندن و کۆمپیوتەری فرە فرمان وەك کۆمپیوتەری دیجیتالی[(١)].

لە ئەمڕۆدا وا سەیری کۆمپیوتەر دەکرێت کە تەکنەلۆژیای سەردەمە کە لەپشت ئەو گۆڕانکاریانەوەیە کە ڕوودەدەن، ئەم شێوازە تەکنەلۆژییە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەبواری کاری ڕۆژنامەوانیدا دەهێنێتە کایەوە کە هەندێکیان پەیوەستن بە خودی ڕۆژنامەکە و کردارەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی لەسەر ئاستەکانی سازاندن و دەرهێنان، هەندێکی دیکەشیان پەیوەستن بە ڕۆژنامەی چاپکراوەوە، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە کاری ڕۆژنامەوانیدا بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك کە کۆمپیوتەر ڕۆڵی لە هەموو هەنگاوەکانی دەرهێنان و قۆناغەکانی بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەدا هەیە هەروەك: ڕیزکردن و ڕێکخستنی پیتەکانی مادده سازێنراوەکان، پیاچوونەوە و ڕاستکردنەوەیان، دەرهێنانی لاپەڕەکان، گورزەکردن و پێچانەوە، چاپکردن[(٢)].

پیشەسازی بلاوکردنەوەی چاپکراو لەماوەی سالانی حەفتا و هەشتاکاندا پەرەیسەند و گەشەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینی و کاریگەرێتییەکانی قولتربوویەوە لەچاو گەشەسەندنەکانی پیشەسازی بلاوبوونەوە لەکاتی داهێنانی چاپخانەوە تاوەکو سەرەتای حەفتاکان، بەجۆرێك بووتە شۆڕشی پەیوەندی سێیەم لەمێژووی مرۆڤایەتی بەپێی بۆچوونی زانای پەیوەندی بەریتانی بەناوبانگ (ئەنتۆنی سمس)، شۆڕشی یەکەم لەمێژووی پەیوەندی مرۆڤایەتی بریتییە لە داهێنانی نووسین، دووەم داهێنانی چاپخانەیە، تەکنەلۆجیای زانیارییەکان هات بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بۆئەوەی شۆڕشی سێیەم لەپەیوەندیدا ڕووبدات[(٣)].

لەوکاتەوەی کە کۆمپیوتەر بووەتە ڕەگەزێکی سەرەکی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕۆژنامە یەکەم بوار بووە کە سوودی لێ بینیوە، ڕۆژنامەنووسانیش لە دەستە یەکەمینەکانن کە توانیویانە سوود لە تایبەتمەندی و لایەنە باشەکانی کۆمپیوتەر وەربگرن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کە لەڕێگەیەوە پیشەسازی ڕۆژنامەوانی پەرەیسەندووە و لەچەند بوارێکی کردەیی و جێبەجێکردنێکدا بەکاریهێناوە وەك ئەمانەی خوارەوە:

١. **چارەسەرکردنی وشەکان (Word Processing)**

دەتوانرێت کۆمپیوتەر بۆ ڕێکخستنی وشەکان لەکاتی نووسیندا بەکاربهێنرێت، و بۆ سازاندنی دەقەکان لە نووسینگەکانی کارکردن[(٤)]، ڕێگە بە چارەسەرکردنی وشە نووسراوەکان دەدات زۆر پێشکەوتووتر و خێراتر لە ئامێری چاپ (Type writer)، کاتێك دەقەکان چاپدەکات بە بەکارهێنانی "تابلۆی چارەسەری وشەکان" دەقە چاپکراوەکە لەسەر شاشەیەکی چاودێر پیشاندەدات، پاشان ئەم دەقە لە یادگەی کۆمپیوتەرەکەدا ئەمباردەبێت، دەتوانرێت هەر گۆڕانکارییەك لەسەر دەقە چاپکراوەکە بە ئاسانی ئەنجامبدرێت لەڕێگەی دووبارە چاپکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان پێش ناردنی زانیارییەکان بۆ ناو کۆمپیوتەرەکە بە گواستنەوەی دەقە چاپکراوەکە -لەڕێگەی پرنتەرەوە- بۆ سەر کاغەز[(٥)].

**٢. بلاوکراوەی مەکتەبی (Desktop Publishing)**

چەمکی بلاوکراوەی مەکتەبی (Desktop Publishing-DTP) ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی لە بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەدا، کە کاریگەرێتیی لەسەر شێوازی کارکردن لە ڕۆژنامە و بەرهەمهێنانیدا

---

(١) إياد شاكر البكري، تقنيات الاتصال بين زمنين، ط١، (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)، ص٨٩-٩٠.

(٢) نسرين محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٣) محمود علم الدين، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤. وەرگیراوە لە: Smith Anthony (ed): "Good Bye Gutonburg", New York, Oxford Press, ١٩٨٠,pp.٨٣-٨٥.

(٤) عبدالامير فيصل، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٥) حسن عماد مكاوى، تكنولوجيا الاتصال الحديثة في عصر المعلومات، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١-٧٢.

**هەیە یان لەسەر ئاستی چۆنیەتی هەلگرتنی بابەتە بلاٌوكراوەكان لە ڕۆژنامەدا بە ئامانجی دووبارە بەكارهێنانەوەیان لەكاتی پێویستدا وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەكانی زانیاری سەرەتایی كەڕێگە بە دەرهێنەری ڕۆژنامە دەدات كۆپییەكی لە ڕۆژنامەكە هەبێت لەسەر شاشە بەو شێوەیەی كە دەیەوێت چاپی بكات لەسەر كاغەز، و دەشتوانێت بە ئاسانی هەر گۆڕانكارییەك كە بیەوێت ئەنجامی بدات لەسەر شاشە، ئەمەش بووەهۆی گەشەدان بە پیشەسازی چاپەمەنی و بلاٌوكردنەوە، بەجۆرێك كە ئەم كارە پێشتر پارەیەكی زۆری تێدەچوو دەدرا بە كۆمپانیاكانی (گرافیك)، بەشە سەرەكییەكان لە سیستەمی بلاٌوكردنەوەی مەكتەبی ئەمانەن: (كۆمپیوتەر، چاپخانەی لەیزەری، بەرنامەی بلاٌوكراوەی مەكتەبی)، ئەمرۆ سیستەمی بلاٌوكراوەی مەكتەبی خاوەنی تەكنیكێكی بالأیە كە ئەویش ئامرازی (سكانەر و مۆدۆم) ە بۆ گۆڕینی ئاماژەكان، بەرنامەی فاكس مەیل بواردەدات بەناردنی دەقەكان لەڕێگەی فاكس مەیلەوە بە ئامێری مۆدۆم ئەم سیستەمە لە زۆربەی كاتدا سیستەمێكی دەنگی دەگرێتەخۆی بوار بە گەیشتن بەچەندین سەرچاوەی زانیاری ڕێگەپێدراو دەدات [(١)].**

**توێژەر بە پێویستی دەزانێت ڕوونكردنەوە بدات لەسەر جیاوازی نێوان بەكارهێنانی كۆمپیوتەر وەك ئامێرێك بۆ نووسینی بابەتە ڕۆژنامەوانییەكان، هەروەها بەكارهێنانی كۆمپیوتەر وەك بەرهەمهێنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەكان بەجۆرێك لە یەكەمیاندا سازێنەر هەڵدەستێ بە چاپكردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەكان لێرەدا كۆمپیوتەر تەنها ئەركی چاپكردن جێبەجێدەكات، بەلاٌم لەحالەتی دووەمدا كۆمپیوتەر سەرەڕای چاپكردن هەڵدەستێ بە جێبەجێكردنی ئەو كردارانەی كە پەیوەستن بە دیزاینی ڕۆژنامە و دەرهێنان و دابەشكردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەكان لە دەق و وێنە و هێڵكاری لەناو پەڕەكاندا[(٢)].**

**دەتوانرێت كاریگەرێتیی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای بلاٌوكراوەی مەكتەبی لە ڕۆژنامەدا لە دوو بواردا تێبینی بكرێت[(٣)]:**

**یەكەم: كاریگەرێتیی لەسەر ئاستی شێوازی كاركردن لە ڕۆژنامەدا: بوونی كۆمپیوتەر و سیستەمی بلاٌوكراوەی مەكتەبی گۆڕانكارییەكی زۆریان لەڕێڕەوی كاری ناوخۆی ژووری سازاندن و بەرهەمهێنان و دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەدا ئەنجامدا، دەتوانرێت گرنگترین دەرەنجامەكان لەمانەی خوارەوەدا كورتبكرێنەوە:**

**١) پشتبەستن بە كۆمپیوتەر وەك ئامرازێكی بلاٌوكردنەوەی ئەلیكترۆنی كاردەكاتە سەر ڕێگەی وەرگرتنی هەواڵی ڕۆژنامە لە ئاژانسەكانی هەواڵەوە كە ڕۆژنامەكە هاوبەشی لەگەڵیانداكردووە، ئەو ڕۆژنامانەی كە كۆمپیوتەر بەكاردەهێنن بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتەكانی ئاژانسەكانی هەواڵ لەڕێگەی نێوەندێكی هەواڵییەوە دەبێت، كە سیستەمێكە بۆ چارەسەركردنی هەواڵی هاتوو لە ئاژانسەكانەوە بەجۆرێك كە هەڵدەستێ بە وەرگرتنی هەواڵ و دابەشكردنی بەسەر سازێنەرەكاندا بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی، بۆنموونە سازێنەری هەواڵی زانستی دەتوانێت سەرجەم هەواڵەكان ببینێت یان تەنها ئەو هەوالأنە هەڵبژێرێت كە پەیوەندیدارن بە لاپەڕەكەیەوە بەرپرسیار نییە بەرامبەر هەواڵی سیاسی كە ئاژانسەكە بلاٌویدەكاتەوە، بێگومان لەم بارودۆخەشدا كۆمپیوتەر هەڵدەستێ بەدابەشكردن و پۆلێنكردنی هەواڵەكان بەگوێرەی بابەت و شوێن و سەرچاوەكانیان.**

**٢) پشتبەستن بە كۆمپیوتەر وەك ئامرازێكی ئەلیكترۆنی كاردەكاتە سەر شێوازی دیزاینی لاپەڕەكان و دەرهێنانیان بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی لەسەر شاشەیەك ئەنجامدەدرێت نەك بەدەستی بەوشێوەیەی كە ڕۆژنامە كلاسیكییەكان پەیڕەوی دەكەن لەبەرهەمهێنانی ڕۆژنامەدا.**

---

(١) بڕوانە: (أ) ربحي مصطفى العليان، سەرچاوەی پێشوو، ل[٢٩]. (ب) عبدالباسط محمد عبدالوهاب، سەرچاوەی پێشوو، ل[١٣٠].

(٢) سميرة شيخانى، الإعلام الجديد في عصر المعلومات، (**مجلة جامعة دمشق– المجلد٢٦– العدد الاول +الثاني ٢٠١٠**)، ص[٤٥١].

(٣) هەمان سەرچاوە، ل[٤٥١–٤٥٢].

٣) پشتبەستن بە کۆمپیوتەر وەك ئامێرێکی ئەلیکترۆنی کاردەکاتە سەر ڕێگەی وەرگرتنی وێنە لە ئاژانسە تایبەتمەندەکانەوە، ئەو وێنەیەی کە نێوەندی وێنەکە وەریگرتووە ڕێگە بە سازێنەر دەدات بۆ گەڕان بەدوای وێنەیەکی دیاریکراو و گونجاو بۆ بابەتەکە دوای هەڵبژاردن و دیاریکردنی وێنە سازێنەر دەتوانێت بەهۆی تۆڕی ناوخۆییەوە بیگوازێتەوە بۆ دیزاینەری لاپەڕە یان پێدانی ژمارەی وێنەی داواکراو تا لە کات و شوێنی پێویستدا لەناو لاپەڕەکەدا دایبنێت.

٤) پشتبەستن بە کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی بلاّوکەرەوەی ئەلیکترۆنی کاردەکاتە سەرشێوەی بلاّوکردنەوەی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەکە، ئەمڕۆ هەموو لاپەڕەکانی ڕۆژنامە دەنێررێن بۆ پێگەکانی چاپکردن لەو ولاّتانەی کە ڕۆژنامەکەی لێ چاپدەکرێت و بلاّودەکرێتەوە ئەمەش بەهۆی هێڵی تەلەفۆنی (ISDN) یان بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە لەشوێنی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەکە.

**دووەم: کاریگەرێتیی لەسەر ئاستی هەلگرتنی دەق و گێڕانەوەی:**

١) پشتبەستن بە کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی ئەلیکترۆنی کاردەکاتە سەر شێوەی هەلگرتنی دەقەکانی ڕۆژنامە، دەقی بەرهەمهێنراو بە کۆمپیوتەر دەتوانرێت وەکو دەق و وێنەش ئەمبار بکرێت.

٢) پشتبەستن بە کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی بلاّوکردنەوەی ئەلیکترۆنی کرداری ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی دەقەکانی ڕۆژنامەکە ئاسان دەکات بابەتە ڕۆژنامەوانییە هەلگیراوەکە لەسەر شێوەی دەق دەتوانرێت بە ئاسانی ڕاستبکرێتەوە و سەر لەنوێ ئەمباربکرێتەوە.

٣) پشتبەستن بە کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی بلاّوکردنەوەی ئەلیکترۆنی کرداری ئامادەکردنی دەق پێش هەلگرتنی لەنێو بنکەی زانیارییەکاندا ئاسان دەکات.

**٢. دیزاینی وێنەکان:** ئامێری کۆمپیوتەر توانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا ئەنجامبدات لەڕێگای بەکارهێنانی سیستەمی دیزاینی وێنەوە کە دەتوانرێت بەهۆیەوە داهێنان لە وێنەدا بکرێت و دەستکاری بکرێت بەشێوەیەکی ئاسان لە پێشتر، ئەم وێنانە بەکاردەهێنرێن لە ئامرازەکانی گەیاندندا لەڕێگەی پیشاندانیان لەکاتی نەخشەکانی ئاووهەوا و دیاریکردنی ئەو ناوچە جوگرافیانەی کە لە هەواڵدا بەکاردەهێنرێن[(١)].

**٣. پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە بنکەی زانیارییەکان:** پێکهێنانی بنکەی زانیاریی بەشێکی گرنگە لەبەرنامە جێبەجێکارییەکانی کۆمپیوتەر، لەئیستادا بۆ سوودوەرگرتن لەم بەرنامەیە، لەڕێگای ژمارە تەلەفۆنێکی دیاریکراوەوە دەتوانرێت کۆمپیوتەری کەسی بەکارهێنەر بە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە پەیوەستبکرێت بەم جۆرەش لە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان سوودمەند دەبێت وەك هەواڵ، کەشوهەوا، وەرزش، خزمەتگوزاری گەشتوگوزار، هەروەها سوودیش لە بەرنامەی گەڕاندنەوەی زانیارییەکان وەربگرێت بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە مرۆڤێك لە مرۆڤێکی دیکە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن[(٢)].

---

(١) عبدالامیر فیصل، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٦٣-٦٤.

**دەتوانرێت سێ تێڕوانینی سەرەکی بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ سازاندنی ڕۆژنامەی چاپکراو وێنا بکرێت، هەموو تێڕوانینەکان لایەنێك و ئەرکێکی بنەڕەتییان لەبواری سازاندندا هەیە کە ئەمانەن[١]:**

أ. تێڕوانینێ کە کۆمپیوتەر وەك ئامێرێکی (Hardware) بەکاردەهێنرێت لە بەڕێوەبردنی کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەنێو ڕۆژنامەدا، پەیوەست بەم تێڕوانینەوە لەبواری سازاندنی ئەلیکترۆنیشدا.

ب. تێڕوانینێ کە کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی گەیاندنی تۆڕی (Telecommunication Network) کە دەتوانێت بگاتە سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر لەسەر ئاستی چەندێتی و چۆنیەتی، پەیوەست بەم تێڕوانینە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە لە پاڵپشتی ڕوومالّی ڕۆژنامەوانی بۆ بابەتێك لەکاتی سازاندنیدا.

ت. تێڕوانینێ کە کۆمپیوتەر وەك بەرنامە (Software) پاکێج و لێهاتوویی سیستەم ئەتوانێت چەندین کرداری سازاندنی مێشکی کە سازێنەر بەکاریدەهێنێت ئەنجامبدات، پەیوەست بەم تێڕوانینە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە لە سازاندنی مادده ڕۆژنامەوانییە چاپکراوەکاندا بەبێ سازێنەر.

**بەم شێوەیە کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر لەبواری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەچوارچێوەی ئەوسێ تێڕوانینەی سەرەوە بەم جۆرەیە:**

**١. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ئەلیکترۆنیدا:** سازاندنی ڕۆژنامەنووسی لەنووسین لەسەر لاپەڕەوە گوازرایەوە بۆ نووسین بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەکاری ڕۆژنامەوانیدا، لە کاتی ویستی سازێنەر بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەك لەبابەتی ڕۆژنامەکەدا دەتوانێت بە ئاسانی بەم کارە هەستێت لەڕێگەی بەکارهێنانی (کیبۆردە)وە کەبەستراوەتەوە بە شاشەیەکی بینراوەوە، کە سازێنەر لەبەردەمیدا دادەنیشێت بۆ ڕاستکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانیە پیشاندراوەکە لەسەر شاشەکە و ئەمبارکردنی لەناو مەلەفێکی ناو کۆمپیوتەرەکەدا[٢].

هەروەها بەهۆی شاشەی کۆمپیوتەرەوە سازێنەر دەتوانێت قەبارە و چڕی پیتەکان دیاریبکات، دیاریکردنی وێنەی پەیوەست بەبابەتەکە، هەرچەندە ئەمە بەخشینی ئازادی زیاترە بە سازێنەر، بەلاّم جۆرێکی نوێی لێپرسراوەتی دەکەوێتە ئەستۆ، سازێنەری ئەمڕۆ ڕاستکەرەوە (Proof Reader) نیە کە هەستێت بەڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە چاپەمەنیانەی کە کۆکەرەوەی بابەتەکە تێیدەکەوێت، بەلاّم لەئەمڕۆدا ئەم کارە بەسازێنەر سپێردراوە.

**کرداری سازاندن بەمانای هەستان بەیەکێك یان زیاتر لەم کارانە دێت[٣]:**

- زیادکردنی زانیاری نوێ بۆ بابەتی نێو فایلەکە.
- سڕینەوەی هەندێ زانیاری نێو فایلەکە.
- گواستنەوەی هەندێ زانیاری لەشوێنێکی فایلەکەوە بۆ شوێنێکی تری.

پەیوەستبوون و گرێدانی کۆمپیوتەری سازێنەران بە ئامێری ناوەندییەوە بەهۆی بوونی تۆڕی ناوخۆییەوە کە لەسەر سیستەمیی بلاّوکەرەوەی ئۆفیسی کاردەکات وادەکات کە سازێنەر بتوانێت بەکۆمەڵە کارێك هەستێت لەوانە[٤]:

---

(١) محمود خليل، الاتجاهات الحديثة في استخدام الحاسب الآلي في التحرير الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٨.

(٢) محمود ابراهيم خليل و شريف درويش اللبان، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٤.

(٣) محمود خليل، الاتجاهات الحديثة في استخدام الحاسب الآلي في التحرير الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

(٤) حسني نصر و سناء عبدالرحمن، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

- دووباره دارشتنەوەی دەقێکی ڕۆژنامەوانی بەتەواوی بە ئامانجی پێداچوونەوەی زمانەوانی یان جۆرێك لە گونجاندنی شێوازی.
- لابردنی هەندێك وشە و ڕستە و برگە کە دەبنەهۆی تاوانێك کە یاساکانی بڵاوکردنەوەی قەدەغەی کردووە یان پێچەوانەی ویستی گشتییە.
- کورتکردنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی کە بگونجێت لەگەڵ ڕووبەری دیاریکراودا.
- تەواوکردنی دەقی ڕۆژنامەوانی بەهەندێك زانیاری و داتا کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تەواویدەکات.
- لکاندنی دەقێك بە دەقێکی دیکەوە و دارشتنەوەی ناونیشانەکەی و زیادکردنی ئەگەرهاتوو لە دەقە بنەڕەتییەکەدا نەبوو.
- لابردنی هەندێك وشە و ڕستە و وتە کە گران و لاوازبن لەڕووی خوێندنەوەوە.

**بەکارهێنانی سازاندنی ئەلیکترۆنی پشت بەست بە کۆمپیوتەری تۆڕەکان لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەدا کۆمەڵێك سوود بۆ کاری ڕۆژنامەوانی بەدەست دەهێنێت لەوانە[١]:**

أ. کەمکردنەوەی تێچوون: سازێنەر هەڵدەستێ بە کۆکردنەوە و پوختکردنەوەی دەقەکان و ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی پێویست کە مەبەستییەتی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر ئەنجامیبدات بە بەکارهێنانی بەرنامەی چارەسەرکردنی وشە و دەقە پاڵپشتکەرەکان کە دەتوانن هەڵە زمانەوانییەکان چاك بکەنەوە، ئەمەش بەکارهێنانی لاپەڕەکان دەگۆڕێت بە ئامرازی ئەلیکترۆنی کە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی تێچووی لاپەڕە.

ب. دەستکەوتنی کۆپییەکی سازێنراوی بێ کەموکورتی خاڵی لە هەموو ئەو شتانەی کە پێش گۆڕانکاری و دەستکاریکردنەکان بوونیان هەبووە لە بابەتەکەدا، بابەتی سڕراوەش لەناو کۆمپیوتەرەکەدا دەمێنێتەوە بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنینەوە.

ت. کەمکردنەوەی ئەگەری هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی کە کاری پێداچوونەوە ئاسان دەکات سەرەڕای ئەو هەڵانەی کە پەیوەستن بە ناو و شوێن و داتا ئەرشیفییەکانەوە لەبەرئاسانی دڵنیابوونەوە لەڕاستییان بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

پ. خێرایی لە تەواوکردنی کار لەئەنجامی خێرایی لە کۆکردنەوە و ئاسانی لە گەڕاندنەوە و پیشاندان کە ئەنجامێکی باشتر بەدەست دەهێنێت بۆ کاتی ئەمبارکردن.

ج. ئەرشیفکردنێکی گونجاو بۆ بابەتی ڕۆژنامەوانی تەنها بەدانانی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە لەشێوەی کۆتاییدا دەتوانرێت کۆپییەکی بنێررێت لەمەلەفی تایبەتەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەکە.

٢. **بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە پاڵپشتی ڕوومالّی ڕۆژنامەدا:** لەپەرەسەندنەکانی تەکنەلۆجیای نوێ، و شۆڕشی پەیوەندی بووەهۆی دەرکەوتنی ئەوەی کە پێی دەوترێت ڕومالّی ئەلیکترۆنی بۆ هەواڵ کە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ڕومالّی هەواڵی بەپەلە و تێپەڕاندنی ڕێگرە شوێنی و کاتییەکان کە یارمەتیەکی زۆری داوە لەکورتکردنەوەی ماوەی کاتی نێوان ڕووداو و بلاوبونەوەی وەك هەواڵ، نەهێشتنی بۆشایی نێوان قۆناغەکانی بڵاوبونەوەی هەواڵ ئەوانیش قۆناغی ڕوودان و گواستنەوە و بڵاوبونەوەیەتی لەڕێگای خستنەگەڕی تەکنیکە نوێیەکان کەبووەتەهۆی فراوانکردنی سنوری ڕوومالّی هەواڵە جوگرافییەکان، فراوانکردنی سنوری ڕوومالّ سەرەڕای چاککردنی کرداری ڕوومالّی ڕۆژنامەوانی لەئاستی چۆنیەتیدا کە تەکنەلۆجیای نوێ بواری داوە بە ڕۆژنامە بۆگەیشتن بەبڕێکی زۆر لەهەواڵ و هەڵبژاردنی هەواڵی فراوان و پێشکەشکردنی ڕوومالّی گشتگیر بۆ ڕووداوەکان و قوڵکردنەوەی ئەم

---

(١) امل محمد خطاب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.

ڕووماڵانە لەڕێگەی گەیشتن بەپشتەوەی ڕووداوەکان و وردەکارییان لەڕێگەی بنکەی زانیاری و داتاکان کە ڕێگەپێدراوە لەئینتەرنێت دا[١].

هەروەها سازێنەر دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بچێتە نێو ئەرشیفەوە بەپشتبەستن بە سیستەمی کۆمپیوتەری پەیوەست بە تۆڕی ناوخۆیی، ئەگەر بابەتە ئەرشیفیەکان لەسیستەمی کۆمپیوتەردا ئەمبارکرابن، یان بەواتایەکی تر ڕۆژنامەکە شتێك دروستدەکات کەبە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی ناسراوە (Electronic Library) بەشێوەیەکی بنچینەیی سازێنەر دەبێت لەکاتی ئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکاندا ڕەچاوی بکات و بگەڕێتەوە بۆ ئەم کتێبخانەیە بۆ وەرگرتنی بابەت و چیرۆکی ڕۆژنامەوانی پەیوەست بەبابەتێکی دیاریکراو بەمەبەستی تەواوکردنی هەندێك زانیاری و دڵنیابوون لەڕاستیان و ئەو زانیاریانەی کەپێشتر لەڕۆژنامەکەدا بلاوکراونەتەوە.

بەدەر لە ئەرشیف ڕۆژنامەنووس دەتوانێت پشت بەچەند زانیارییەکی تایبەت ببەستێت لە دەرەوەی ڕۆژنامەکەی بە تایبەتیش دامەزراوە فەرمییەکان، ئەمەش واتە سازێنەر دەتوانێت لەڕێگای هێڵی تەلەفۆنی دەزگاکەیەوە پەیوەندی بە دامەزراوە فەرمییەکانەوە بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری ئەگەرهاتوو ئەو دەزگایە دەرفەتی ڕەخساند ئەوا سازێنەری ڕۆژنامەکە سوودمەند دەبێت لێیان بۆ تەواکردنی بابەتەکەی[٢].

**٣. بەکارهێنانی بەرنامەی لێهاتوویی لە سازاندنی بابەتی ڕۆژنامەوانی چاپکراودا:** سازێنەری ئەمڕۆ سوود لەچەندین بەرنامە وەردەگرێت کە کارەکانی بۆ ئاسان دەکات لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتێکی ڕۆژنامەوانی دیاریکراودا، زۆربەی بەرنامە چارەسەرییەکانی دەق کە بەکاردەهێنرێن لەسازاندنی ئەلیکترۆنیدا، هەروەك بەرنامەکانی بلاوکردنەوە کە بەکاردەهێنرێن لەبواری دیزاینی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، لیستێکی تایبەتیان تێدایە بۆ پاڵپشتی زمانەوانی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە کە لەڕێگەیەوە دەتوانێت چەندین تایبەتمەندی بداتە بابەتەکە، ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی سازێنەر بەو هەلانەی کە تێیدەکەوێت لەکاتی نووسیندا [٣].

ئەگەر ڕاستکردنەوەی چاپ و زمانەوانی یەکێك بن لە لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی، بەتایبەتی لەسایەی بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری خوێنەرانی ڕۆژنامە و ئارەزویان بۆ خوێندنەوەی دەقە ڕۆژنامەوانییە زۆر ڕوونەکان لەڕوی زمانەوانیەوە، ئەوا بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بوونەتە لایەنێکی بەڕێوەبەر و جێبەجێکاری ئەم کرداره کە لەڕێگەیەوە کاتێکی زۆر و ماندوبوونێکی کەم دەگەڕێتەوە بۆ سازێنەر بەراورد بەوەی کە ئەگەر بەدەستی ئەم کارەی بکردایە دەبوو کات و توانایەکی زۆری دابین بکردایە و پسپۆڕ بووایە لە زمانەوانیدا، پاشان دەیتوانی ئەو کارە بە باشی بکات[٤].

بەرنامەکانی چارەسەری وشەکان شۆڕشێکی گەورەیان هێنایەکایەوە لە سازاندن و بلاوکردنەوە بەتایبەتی پاش بەکارهێنان و بلاوبوونەوەی کۆمپیوتەر و لاپتۆب، لە دیارترین ئەو بەرنامانەش بەرنامەی (سیبویە)یە کە هەڵدەستێ بە چەندین ئیش لەوانە: ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی، هەڵەچنی، خاڵبەندی، لەنێو کۆمپیوتەردا لەکاتی ڕوودانی هەڵەیەکی زمانەوانی لە دەقەکەدا شاشەکە پیشانی دەدات کە هەڵەکە کامەیە و چۆن چاکدەکرێتەوە، بەرنامەکە توانای شیکردنەوەی وشەکانی هەیە بەپێی شوێنیان لە ڕستەدا، هەروەها هەڵدەستێ بە دانانی هێمای دیاریکراو کە بگونجێ لەگەڵ ڕستەکەدا [٥].

---

(١) نسرين محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

(٢) محمود خليل، أتجاهات حديثة في استخدام الحاسب الآلي في التحرير الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤-١٨٥.

(٣) محمد اسماعيل ياسين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

(٤) محمود ابراهيم خليل و شريف درويش اللبان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

(٥) نسرين محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

**ئەم بەرنامەیە توانای جێبەجێکردنی چەند کارێکی هەیە ئەگەر فەرمانی پێبکرێت لەوانەش[(١)]:**

١. دیاریکردنی ناونیشانی ڕۆژنامەوانی گونجاو بۆ دەقە ڕۆژنامەوانییەکە بە هەموو ژانرەکانییەوە (هەواڵ، ڕاپۆرت، ڕێپۆرتاژ، وتار...).

٢. دانانی کورتکراوەی گونجاو لەناو هەموو دەقە ڕۆژنامەوانییەکەدا کە ئەمانە دەگرێتەوە:

أ. کورتکراوەی وشە، بەتایبەتی لەنێو سەردێڕدا.

ب. کورتکراوەی ڕستە، بەتایبەتی لەنێو پێشەکیدا.

ت. کورتکراوەی بڕگەکان لەناو هەموو دەقەکەدا.

٣. ڕاستکردنەوەی زمانەوانی و شێوازی لە دەقەکەدا کە بگونجێت لەگەڵ ڕێزمان و تایبەتمەندییەکانی نووسینی ڕۆژنامەوانی و داواکارییە تایبەتمەندەکانی هونەری ڕۆژنامەوانی.

٤. جێبەجێکردنی هەندێك ڕێکخستنی شێوەیی لەدەقی ڕۆژنامەوانی لە گرنگترینیان:

أ. دابەشکردنی دەق بەسەر بڕگەکاندا.

ب. دڵنیابوون لە وردیی بەکارهێنانی خاڵبەندی لەشوێنی پێویستی نێو دەقدا.

٥. دیاریکردنی وێنەی گونجاو بۆ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە.

ئەو بەرنامەیەی کە خزمەتی ئامانجەکانی سازێنەر دەکات لە داڕشتنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی زۆربەی کات پشت بەلایەنی زمانەوانی دەبەستێت، بەرنامەی تایبەتمەند بەڕاستکردنەوەی وشەکان کە پشت بە فەرهەنگی زمانەوانی دەبەستێت کە لە کاتی بەکارهێنانیدا وشەکانی بابەتەکە و وشەکانی فەرهەنگەکە بەراورد دەکات ئەگەر ناسازییەك ڕوویدا لەنێوانیاندا ئەوا هەڵدەستێت بە پێدانی زانیاری دەربارەی هەڵەی ئەم وشەیە و لیستێکمان دەداتێ کە ئەو وشانەی تێدایە کە لە بەرامبەر وشە هەڵەکەن بۆ هەڵبژاردنی ڕاستترینیان، زۆربەی کردارەکانی ڕێزمان کە سازێنەر جێبەجێیان دەکات زۆربەیان زمانەوانین، و ئەوەی کە پسپۆڕانی بواری سازاندنی ڕۆژنامەوانی پشتی پێدەبەستن لە بەرهەمهێنانی سیستەمێکی لێهاتوو لە کارەکەیاندا هەر زمانەوانییە[(٢)].

**هەنگاوەکانی تێپەڕبوونی ماددە سازێنراوەکە لە حاڵەتی پشتبەستن بە گەیەنەرە ناوخۆییەکان کە لەنێو تۆڕی ناوەندییدا ئەبێت ئەمانەن[(٣)]:**

١. سازێنەر هەڵدەستێت بە نووسینی بابەت لەسەر شاشەیەك کە بەستراوەتەوە بە ئامرازێکی ناوەندی دیکە لەڕێگەی تۆڕێکی ناوخۆییەوە کە دەکرێت ئاماژەبێت بە شاشەیەکی بینراو (VDT) یان شاشەیەك کە بەسترابێت بە کیبۆردەوە.

٢. بابەتی ڕۆژنامەوانی کە لەچەندین لاوە هاتووە کۆدەکرێتەوە بەهۆی کۆمپیوتەری ناوەندییەوە ( Central Computer) لەکاتی بوونی هەر ڕاستکردنەوەیەك لەهەر بابەتێکی ڕۆژنامەوانی دیاریکراودا، ڕاستەوخۆ (Online) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سازێنەر دەستکاری بکات.

٣. لە حاڵەتی ڕاستکردنەوەدا دووبارە کۆپییەکی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپیوتەری ناوەندی بۆ دانانی لە شێوەیەکی گونجاودا تا بخرێتە مەلەفی گشتییەوە کە ئاسان بێت بۆ بەکارهێنان بۆ سەرجەم بەشەکان بۆ هەستان بە کارێکی پەیوەست بەوەوە.

---

(١) محمود ابراهیم خلیل و شریف درویش اللبان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧-٧٨.

(٢) محمود خلیل، الاتجاهات الحدیثة في استخدام الحاسب الآلي في التحریر الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.

(٣) نسرین محمد عبدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

**بەڕێوەبردنی کاری سازاندن بەم شێوەیە بڕێکی زۆر لە نەرمی و خێرایی و لێهاتوویی تێدایە لەکارکردن لەڕێگای چاککردنی توانای ئەم شێوازانەوە[١]:**

أ. شێوازی چاککردن: ئەمەش بە گەڕاندنەوەی کۆپییەکی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکە لە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە پاش گێڕانەوەی بۆ بەرپرسی سازاندن کە لەسەریەتی گۆڕانکاری پێویستی تێدابکات، پاشان بەخێرایی بیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپیوتەری سەرەکی کە تێیدا بابەتی ڕۆژنامەوانی کۆدەکرێتەوە، لێرەدا کردارەکانی گۆڕانکاری بەخێرایی و بەئاسانی جێبەجێدەکرێن بە سوودوەرگرتن لەو توانایەی کە بەرنامەی جێبەجێکاری وشەکان هەیەتی.

ب. شێوازی سوودوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە ئەرشیف: سازێنەر دەتوانێت لەڕێگای پەیوەندییەکی خێرای بەردەستەوە ببەسترێت بە ئەرشیفەوە بۆ گەیشتن بە هەندێك زانیاری کە یارمەتیدەرە بۆ ئامادەکردن و سازاندنی بابەتی ڕۆژنامەوانی بە ئاستێکی زۆر بەرز.

ت. شێوازی گەڕاندنەوەی کۆتایی بابەتەکە لەسەر لاپەڕە: سازێنەر دەتوانێت بابەتی ڕۆژنامەوانی لەشێوەی کۆتایدا ببینێت لە بەشی بەرپرسی هونەری و پێشنیاری گۆڕانکاریکردن تێیدابکات بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری تا بابەتەکە بەپێزبێت.

پ. شێوازی ئەرشیفکردنی ڕاستەوخۆی بابەتێك: هەرکاتێك بابەتێکی ڕۆژنامەوانی گەیشتە شێوەی کۆتایی ئەتوانرێت کۆپییەکی لە مەلەفی تایبەتی بنێررێت بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەکە.

ج. شێوازی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی: ئەگەر ڕۆژنامەنووس بیەوێت دەتوانێت کۆپییەکی ئەلیکترۆنی لە هەموو یان هەندێك لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کۆمپیوتەری مەرکەزییەوە بڵاوبکاتەوە کە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکەی تێداکۆکراوەتەوە، لەکاتێکدا کە ئەم کۆمپیوتەرە بەسترابێتەوە بە تۆڕێکی فراوانەوە (WAN wide area network) و بگەیەنرێت بەدەرەوەی ڕۆژنامەکە.

ح. شێوازی هاوکاری نێوان سازێنەر و سەرجەم ئەندامانی ڕۆژنامە: شێوازی کلاسیکی بۆ کاری سازێنەر لەڕێگەی کاغەزەوە ڕێگربوو بۆ گرتنەبەری ڕێگاکانی تر کە بابەتی ڕۆژنامە ئاسان دەکات، پاشان بینینی سازاندنی بەشی بەشێوەیەکی زۆر، بەڵام لە حاڵەتی سازاندنی ئەلیکترۆنی کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی تۆڕیدا بابەتەکە جیاوازە بەجۆرێك کە تێڕوانینی سازێنەر زیاتر گشتگیرە، ئەوەی بەسەر سازێنەردا جێبەجێدەبێت لەم کارەدا بەسەر لایەنەکانی دیکەی ڕۆژنامەکەشدا جێبەجێدەبێت.

بەکورتی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەگشتی توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە هەموو قۆناغەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و دەرچوواندنی ڕۆژنامەوانیدا بگێڕێت، بەتایبەتی ئامێری کۆمپیوتەر لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە تاوەکو ئێستا کاریگەرێتییەکی زۆری لە قۆناغەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەجێهێشتوە، بەجۆرێك کە دەتوانرێت بوترێت بەبێ بوونی ئەم ئامێرە کاری سازاندن ئاڵۆز و دژوار بووە، بەڵام لەئێستادا بە هۆی بوونی بەرنامە تایبەتمەندەکانییەوە شۆڕشێکی گەورەی لەم بوارەدا دروستکردووە و توانیویەتی گۆڕانکاریی و ئاسانکارییەکی زۆر لەپرۆسەکەدا بکات، سەرەنجام وایکردووە کە سازێنەری ڕۆژنامە بە کات و ماندوبوونێکی کەم سازاندنێکی ورد و بێکەموکوڕی پێشکەش بکات.

توێژەر بە پێویستی دەزانێت بەراورد لە نێوان شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و کلاسیکدا بکات لە چوارچێوەی ئەو شەش قۆناغەی کە پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی پێدا تێپەڕدەبێت، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

---

(١) محمود خليل ، الاتجاهات الحديثة في استخدام الحاسب الآلي في التحرير الصحفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

## پاری سێیەم: بیردۆزی (مارشاڵ ماكلۆهان) ئامرازەكانی ڕاگەیاندن وەك درێژەپێدەری هەستەوەرەكانی مرۆڤ

### مێژووی بیردۆزەكە

سەرەتای ئەم بیردۆزە بۆ كارەكانی "هارولدئەنیس" و "مارشال ماكلوهان" دەگەڕێتەوە كە توانیان لە كارەكانیاندا ڕۆڵێكی گرنگ بە ئامرازەكان ببەخشن نەك تەنها لەپرۆسەی گەیاندندا، بەڵكو لە ڕێكخستنی كۆمەڵگەش بەگشتی كە لە شیكردنەوەكانیاندا جەختیان لە تەكنەلۆژیای بەكارهێنراوی گەیاندن لەهەموو قۆناغێكی مێژوویی دیاریكراودا كردووەتەوە. ئەم بیردۆزە بەیەكێك لە بیردۆزە نوێكان دادەنرێت كە باس لە ڕۆڵی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و سروشتی كاریگەرێتییان لەسەر كۆمەڵگە جیاوازەكان دەكات، "مارشال ماكلۆهان " بە دامەزرێنەری بیردۆزەكە دادەنرێت لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیر و توێژەرەكانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمە ماكلۆهان وایدەبینی تایبەتمەندی بنەڕەتی بۆ ئامرازێكی بەكارهێنراو لە كاتێكی دیاریكراودا كاریگەرێتیی دەبێت لەسەر چۆنیەتی بیركردنەوە و ڕێكخستنی كۆمەڵگە زیاتر لە ناوەڕۆكی پەیامەكانی ڕاگەیاندن، و هەر گۆڕانكارییەكیش لە تەكنەلۆژیای گەیاندندا گۆڕانكاری دەبێت لە ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیدا، ئامرازەكانی تەكنەلۆژیا درێژكراوەی هەستەوەرەكانی مرۆڤن وەك (كامێرا درێژكراوەی هەستی بینینە، مایكرۆفۆن درێژكراوەی هەستی بیستنە، كۆمپیوتەر درێژكراوەی مێشكی مرۆڤە..)[١].

بیردۆزەكەی مارشاڵ ماكلۆهان لەناو نەچووە كە پێش زیاتر لە پێنج دەیەیە دەركەوتووە هەتا ئەمڕۆ لەو بیردۆزانەی ڕاگەیاندنە كە زۆرترین بڵاوبوونەوەی هەیە لە پێكەوەبەستنی نێوان پەیام و ئامرازی ڕاگەیاندن لەڕێگەی دڵنیابوونەوە لە گرنگی ئامراز بۆ دیاریكردنی جۆری پەیوەندی و كاریگەرێتییەكەی[٢].

**ماكلۆهان چوار قۆناغی خستەڕوو كە بەپێی بیروباوەڕی ئەو مێژووی مرۆڤایەتی دەردەخەن ئەوانیش[٣]:**

**یەكەم: قۆناغی زارەكی:** واتە قۆناغی پێش فێربوون یان خێڵەكی بەپێی ئەوەی ماكلۆهان دەڵێت مرۆڤەكان لەگەڵ بارودۆخی دەوروبەریان دەگونجێن لەڕێگەی هاوسەنگكردنی هەستەوەرەكانیان (بینین و بیستن و بۆنكردن و دەستلێدان و تامكردن) لەگەڵ یەكتر هەموو داهێنانێكی تەكنەلۆژی خۆی كاردەكات بۆ گۆڕینی هاوسەنگی نێوان هەستەوەرەكان بەجۆرێك پێش ئەوەی (گۆتەنبەرگ) پیتە جوڵاوەكان دابهێنێت لەسەدەی (١٥) هەستی بیستن زاڵبوو بەسەر هەستەوەرەكانی دیكەدا، مرۆڤ لەسەردەمی پێش فێربووندا لەجیهانێكی سۆزداری دەژیا بەجۆرێك كە ڕاستەقینە خۆی دەردەخست لەم قۆناغەدا كە بە قۆناغی خێڵەكی یان قۆناغی پێش فێربوون دەناسرێت، مرۆڤەكان بەشێوەیەكی گشتیی باوەڕیان بەوەدەكرد كە خەڵكی تر دەیانوت چونكە هیچ چارەیەكی تریان نەبوو جگە لە گوێگرتن، ئەم قۆناغە پەیوەندی لەنێوان خێڵێك و یەكێكیتر نەبووە، بەڵكو بەهاو ڕەفتارە خێلەكیەكان زارەكی لەنەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكیتر دەگوازرانەوە.

**دووەم: قۆناغی نوسینەوە:** لە یۆنانی كۆنەوە دەستی پێكرد و (٢٠٠٠) ساڵی خایاند، نوسین وایكرد قۆناغی شارستانیەتی مرۆڤ دەستپێبكات، ئەم قۆناغە هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە لە تاریكییەوە بۆ ڕۆشنایی، ماكلۆهان دەڵێ "ئەو دەستەی لەسەر پێستی گیانەوەر شتی دەنووسی هەمان ئەو دەستە بوو شارە گەورەكانی دروستكرد"، هەروەها داهێنانی زمانی نووسین مرۆڤی لە گیانەوەران جیاكردەوە، هەلی دایە مرۆڤ بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگە و سیستەمی

---

(١) صالح خليل ابو اصبع، الاتصال الجماهيرى، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣٢.

(٢) محمد البخاري، نظرية مارشال ماكلوهان http://bukharimailru.blogspot.com/١/٢٠١٤/blog-post.html، (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

(٣) محمد جاسم فلحي الموسوي، تكنولوجية و سائل الاعلام و تاثيرها على المجتمعات، سەرچاوەی پێشوو، (كاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

کۆمەڵایەتیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی دەستەبەرکرد، بەبێ داهێنانی زمانی نوسین دروستبوونی شارستانیەتەکان لە گۆڕێ نەدەبوو، سەرباری ئەوەی مرۆڤ یەکەمجار دەبێت بخوات پێشئەوەی بنوسێت [١].

**سێیەم: قۆناغی چاپ:** ئەم قۆناغە (٤٠٠) ساڵ درێژەی کێشا لە (١٥٠٠ بۆ ١٩٠٠)، پێش ئەم قۆناغە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی میرات و کلتوریی خۆی لە بیرەوەری نەوەکانیدا هەڵدەگرت، بەڵام لێرەوە گۆڕانکاری بەرپابوو، چاو جێگەی گوێی گرتەوە، چاپخانە مرۆڤی لە کۆنترۆڵی هێزە پارێزەرەکانی خێڵ و کەنیسە ڕزگارکرد، کتێبەکان زۆر بوون، چاپخانە تاکیەتی بەهێزکرد و وایکرد مرۆڤ بۆ خۆی بنوسێت و بۆ خۆی بخوێنێتەوە و ڕای خۆی پایەدار بکات، چاپ ڕۆحی نەتەوەگەرایی ئەوروپی زیندوو کردەوە، هەروەك بووەهۆی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و ڕۆشنگەرایی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی، پشتیوانی لە چاکسازیی ئاینیی و پرۆتستانتی کرد، یارمەتیدەر بوو بۆ جیاکردنەوەی نێوان عەقڵ و دڵ، زانست لە هونەر، بووەهۆی بەرپابوونی بزاڤی ئازادیخوازیی مرۆڤ و ڕۆژنامەگەریی و ئازادی ژن، ماکلۆهان دەڵێت پەرەسەندنی ڕۆژنامەی چاپکراو لەسەدەی (١٥)دا لەسایەی داهێنانی پیتە جوڵاوەکانی (گۆتەنبەرگ) گەورەترین داهێنانی تەکنەلۆژییە کە کاریکردۆتە سەر مرۆڤ، چاپکراوەکان مرۆڤیان لە خێڵ دوورخستەوە لەڕێگەی پیتە ئەبجەدییەکانەوە ڕاستییان دەردەخست، (گۆتەنبەرگ) شۆڕشی پیتە ئەبجەدییەکانی تەواوکرد، و کتێب بەخێرایی هەستا بە شکاندنی پاسۆردەکان کە ناویدەنێت "خوێندنەوە"[٢].

**چوارەم: قۆناغی ئامرازەکانی میدیای ئەلیکترۆنیی:** ئەم قۆناغە لە ساڵی (١٩٠٠) وە دەستیپێکرد و تائێستاش بەردەوامە، مارشاڵ ماکلۆهان دەڵێ: قۆناغی چاپ خەسڵەتێکی تاکی دایە شارستانیەتی ئەوروپی، پاشان سەردەمی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن هات مرۆڤی گەڕاندەوە بۆ قۆناغی گروپە سەرەتاییەکان تەنانەت گروپە خێڵەکییەکان بۆیە ناوینا "گوندی ئەلیکترۆنی" نەك بەهۆی ناوەرۆکی پەیامەکانی میدیا، بەڵکو بەهۆی بوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە کە درێژکراوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤن، لە ڕادیۆوە کە درێژکراوەی هەستەوەری بیستنە تاوەکو کۆمپیوتەر کە درێژکراوەی مێشکی مرۆڤە.

مارشاڵ ماکلۆهان ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە " ئێستا ئێمە لە گوندێکی جیهانیی دەژین و ئامرازە ئەلیکترۆنییە نوێیەکان هەریەك لە ئێمەی بە یەکێکی ترەوە بەستووە، ئیدی لەمڕۆ بەدواوە کۆمەڵگەی مرۆیی لە گۆشەگیریدا ناژی، دوای ئەوەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان کۆتوبەند و کات و ماوەی تێکشکاند، سروشتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە مرۆڤ وابەستەی دەبێ، کاریگەرتر ئەو گروپانە کۆدەکاتەوە زیاتر لەوەی پەیامەکانی ڕاگەیاندن بتوانن دروستیبکەن، واتە چۆن (کارل مارکس) بڕوای بە هەریەتی (حەتمیەت) ئابووری هەبوو ماکلۆهان بڕوای بە هەریەتی (حەتمیەت)ی تەکنەلۆژی هەیە، واتە داهێنانەکانی تەکنەلۆژیا کاریگەرێتی بەهێز لەسەر مرۆڤایەتیی بەجێدەهێڵن[٣].

ماکلۆهان جەخت لەوەدەکاتەوە کە وەرچەرخانە بنەڕەتییەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی سەرەتای دەستپێکردن بوو بەرەوە گۆڕانی گەورەتر، نەك لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەڵکو بۆ سەر هەستەوەرەکانی مرۆڤیش، بەبڕوای ماکلۆهان لە سەردەمی نوێدا، تەکنەلۆژیای گەیاندن ڕۆڵێکی گەورە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی دەگێڕی، ئەوەی ناویناوە (دروستکردنی چارەنووسی مرۆڤایەتی).

---

(١) بداني فؤاد، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمان، **(مجلة الدراسات و البحوث الاجتماعية -جامعة الوادي العدد الرابع -جانفي ٢٠١٤)**، ص١١٧.

(٢) محمد جاسم فلحي الموسوي، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

(٣) تواني نورالدين، ماكلوهان مارشال.. قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٣.

ماكلۆهان پێیوایه هەر تەکنەلۆژیایەك کە دێت ئەوەی پێش خۆی لەناو دەبات بە هەر شێوەیەك: نوسین قسەی کوشت، ڕۆژنامە شانۆی کوشت، تەلەڤزیۆن تەلگراف و سینەمای کوشت، بەڵام ئامرازە کۆنەکان لەنێو ئامرازە نوێیەکاندا هەن[1].

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت دوو تێڕوانین هەیە بۆ ئامرازەکانی گەیاندن لەڕوانگەی[2]:**

١. ئامرازێکن بۆ بلاْوکردنەوەی زانیارییەکان و فێرکردن و خۆشگوزەرانی.

٢. بەشێکن لە زنجیرەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی.

بەو شێوەیە توێژەر پێی وایە ئەگەر سەیری ئامرازەکانی گەیاندن کرا وەك هۆکارێك بۆ بلاْوکردنەوەی زانیاری و خۆشی و فێربوون ئەوا زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆك و ڕێگەی بەکارهێنانی دەدرێت، بەڵام ئەگەر وەك بەشێك لە زنجیرەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی سەیرکرا کە دەستیکردووە بە گۆڕانکاری لە هەموو ڕوەکانی کۆمەڵگە، وەك هەموو گۆڕانکارییە هونەرییەکانی دیکە ئەوکاتە گرنگی بە کاریگەرێتییەکەی دەدرێت بە پشتگوێخستنی ناوەڕۆکەکەی.

**بیردۆزەکەی مارشاڵ گوزارشتە لە تێروانین بۆ گەشەسەندنی ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشن و کاریگەرێتییەکانی بەسەر کۆمەڵگەی نوێوە، ئەم بیردۆزە لەسەر سێ گریمانە بیناکراوە[3]:**

**أ. ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشن درێژکراوەی هەستەوەرەکانی مرۆڤن:** ماکلۆهان بڕوای بە هەریەتی (حتمیة)ی تەکنەلۆژیا هەیە و پێیوایە، هەر داهێنانێکی تەکنەلۆژی کاردەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان، هەروەها دەڵێ: گۆڕانی بنەڕەتی لە تەکنەلۆژیای کۆمۆنیکەیشن گۆڕانی گەورەتری دیکە بەدوای خۆی دەهێنی، نەك تەنها لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەڵکو لە هەستەوەرەکانی مرۆڤیشدا، هەر ئامرازێك کە درێژکراوەی هەستەوەرکانی مرۆڤە کاردەکاتە سەر شێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری، تەلەفزیۆن درێژکراوەی هەستی بینینە (چاو)، مایکرۆفۆن درێژکراوەی هەستی بیستنە (گوێ)، کۆمپیوتەر درێژکراوەی عەقڵی مرۆڤە، و ماکلۆهان پێیوایە هەر سەردەمێکی مرۆڤایەتیی ڕەنگدانەوەی ئەو ئامرازە میدیا بەردەستەیە کە لەو ڕۆژگارەدا هەیە.

بەگشتی لەڕێی ئەم دابەشکارییەوە، ماکلۆهان پێیوایە ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشنی ئەلیکترۆنیی دابەشکردن و تێگەیشتنیی هەستەوەرەکانی گۆڕی، ئەم قۆناغەی ئێستا ناودەبات بە "فەرمانگەی ئەلیکترۆنی" کە بەشێوەیەکی گشتی لە تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و ئەلیکترۆنییەکان پێکدێت، بەپێی ماکلۆهان ئەم جیهانەی ئێستا لەپێش سەردەمی کارەبادا تەنها جیهانێکی تاك و تایبەتمەند و زۆر بەشکراو بوو، لەکاتێکدا پیتە ئەبجەدییەکان و تەکنەلۆژیای چاپکراو هاندەری پەرەسەندنی کرداری و وردبینکردن و پسپۆڕی و وردی بەشەکانن، هەروەها ئامرازی گەیاندنی ئەلیکترۆنی گۆڕانێکی گەورەی لە دابەشکردنی هەستەوەرەکاندا کرد ئەوەی کە پێی دەڵێن "ڕێژەی بەکارهێنانی هەستەکان-Sensory Ratios"، بۆنموونە تابلۆ یان کتێبخانە کە دەیبینرێن لەڕێگەی تاکە هەستێکەوەیە ئەمە تێڕوانینە، بەڵام سینەما و تەلەفزیۆن کە بینەر ڕادەکێشن بەهۆی سەیرکردنەوە نیە، بەڵکو بەهۆی گوێگرتنەوەیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بارودۆخێك دادەنرێن کە دەوری مرۆڤیان داوە، چونکە ڕێژەی بەکارهێنانی هەستەکان دەگۆڕێن لەکرداری پەیبردندا پشتبەستن بە هەر شتێك یەکسانە بەو ڕێگای بیرکردنەوەیە و کارکردن پێی، کاتێك ئەم ڕێژەیە دەگۆڕێت مرۆڤیش دەگۆڕێت، ماکلۆهان وایدەبینێت بەکارهێنانی هەست بەم شێوە نوێیە کە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی تاك بۆ هەستە زۆرەکانی، گەڕانەوەیە بۆ دڵنیابوونەوەی مرۆڤی

---

(١) بودربالة الطيب، سيمائية وسائل الاعلام مارشال ماكلوهان نموذجا، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

(٢) منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

(٣) بڕوانە: محمد جاسم فلحي الموسوي، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

سەرەتایی لەدەستلێدانی سەرەتایی کە بە ئامرازی هەستی سەرەتایی دادەنرێت، چونکە پێکدێت لەوەرگرتنی هەست[١].

کرۆکی بیرۆکەکەی ماکلۆهان ئەوەیە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جیهانی بۆ گوندێکی گەردوونیی (القرية الكونية) گۆڕیوە کە هەموو بەشەکانی پێکەوە بەستراونەتەوە، ئەم حاڵەتە نوێیەش بووە هۆکاری ئەوەی کە دەتوانرێت بە سەردەمی (ڕاڕایی) ناوببرێت چونکە شۆڕشی پەیوەندی ئەلیکترۆنی نوێی خێرا تاکەکانی ناچارکردووە لە قوڵبوونەوە و پابەندبوون بەشداریبکەن دواجاریش هەر ئەم ئامرازانە مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ قۆناغی زارەکیی، ماکلۆهان دەڵێ ئەو شۆڕشەی چاپخانە بەرپایکرد دڵی لە ئەقڵ و زانستی لە هونەر جیاکردەوە، ڕۆژنامە کاریکرد بۆ تێکشکاندن و دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ بەش و دەستە، ئامرازی میدیای ئەلکترۆنی نوێ کار بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك جارێکی تر بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکیی دەکات، کە لەیەك نزیکدەبنەوە، ئەوکات دیسانەوە هەستی بیستن خۆیدەسەپێنێ، خەڵکی لەڕێی بیستنەوە زانیاری وەردەگرن وەك ڕابردوو، ئەو کەسەی ناتوانێ بخوێنێتەوە هەموو زانیارییەك وەردەگرێ کە لە ڕابردوو ڕوویداوە، ئەو ڕووداوەی ناتوانێ ببینێت دەیبیستێت[٢].

**ب. ئامراز پەیامە:** ماکلۆهان وایدەبینێت کە ئامراز بریتییە لە پەیام، واتە ناتوانرێت سەیری ناوەڕۆکی پەیامی ڕاگەیاندن بکرێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دور لە تەکنیك و بابەت و ئەو خوێنەرەی کە پەیامەکەی ئاڕاستەدەکرێت ئاماژە بەوەدەکات کە ئەمانە کاریگەرێتییان هەیە لەسەرئەوەی کە لە پەیامەکەدا هاتووە، واتە سروشتی هەر ئامرازێك نەك ناوەڕۆکەکەی دەبێتەهۆ و بنەما بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگەکان، ماکلۆهان دەریخست کە هەر هۆکارێك دادەنرێت بە درێژکراوەی هەستەکانی مرۆڤ و بارودۆخێك دەخولقێنێت کە کاریگەرێتیی دەبێت لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەی کە مرۆڤەکان پێی بیر دەکەنەوە و زانیاری لێوەردەگرن[٣].

ماکلۆهان بیروبۆچوونی ڕەخنەگرانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕەتدەکاتەوە کە وایدەبینن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نوێ خۆیان باش نین و بێزراون، بەڵکو پێی وایە ئەو ڕێگایانەی کە ئەم هۆکارانە بەکاریدەهێنن سوود و زیانی دەردەخەن کەواتە ئامراز خۆی پەیامە، واتە ئەوەی کە گرنگە ئامرازەکەیە نەك خودی پەیامەکە هەرئەمەشە ڕادەی گرنگی و بایەخی پەیام دەردەخات، ئەمەش (هارۆڵد ئەنیس) لە کتێبی (تحيز الاتصال) دا بۆچوونەکەی پشتڕاست دەکاتەوە و وایدەبینێت ئەوەی لە تەلەفزیۆندا دەبینرێت ڕەنگدانەوەی دەوروبەر نییە، بەڵام سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، ئەوەی لە کتێبدا دەخوێنرێتەوە تەنها پڕکردنەوەی مێشکە و توانای قسەکردن بە مرۆڤ نابەخشێت[٤].

بەبڕوای ماکلۆهان پەیامی سەرەکی تەلەڤزیۆن خودی تەلەڤزیۆنەکەیە، هەروەك پەیامی سەرەکی لە کتێبدا چاپخانەیە، ماکلۆهان دەڵێت ناوەڕۆك گرنگ نییە بەڵکو گرنگ ئەو ئامرازەیە کە ئەو ناوەڕۆکە دەگوازێتەوە، بەوپێیەی بۆ هەر ئامرازێك جەماوەرێکی دیاریکراو هەیە، خۆشەویستی بۆ ئەو ئامرازە وا دەکات بایەخ بە ناوەڕۆکەکەی بدات و خۆی بگونجێنی لەگەڵ تایبەتمەندی و سیما جیاوازەکانی ئامرازەکە، هەروەها دەڵێت کاتێك خەڵکی حەزیان لە کتێب خوێندنەوەیە لەپێناو چێژوەرگرتنە لە ئەزموونی چاپخانە، ئەوان حەزیان لە تەلەڤزیۆنە بەهۆی ئەو شاشەیەوە کە دەنگ و وێنە و جووڵە و ڕەنگ نیشاندەدات، پێشیوایە پێکهاتەی خودی ئامرازێك بەرپرسە لە لایەنە کەموکوڕییەکانی و بەرپرسیشە لە توانای گەیاندنی ناوەڕۆکی پەیام بەشێوەیەکی گونجاو، ئامرازێك هەیە باشترە لە ئامرازێکی دیکە لە گەیاندنی ناوەڕۆك، وەك پێشکەشکردنی یاری تۆپی پێ لە تەلەڤزیۆن

---

(١) حسن عماد مكاوى و ليلى حسين السيد، الاتصال و نظرياته المعاصرة، ط٦، (بدون مكان النشر: دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٦)، ص ٢٧٥-٢٧٦.

(٢) محمد البخارى، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

(٣) عبد الحافظ عواجي صلوي، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠.

(٤) بڕوانە: (أ) توانى نوردين، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٤. (ب) منال هلال مزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٧.

باشترە وەك لە ڕادیۆ، ڕۆژنامەش بۆ بلاّوکردنەوەی بابەتی شیکردنەوە و قوڵ هەروایە، چونکە هەر ئامرازێکی تەکنەلۆژی تایبەتمەندی دیاریکراوی خۆی هەیە[١].

**ت. ئامرازی گەرم و سارد:** لەڕێی بیردۆزەکەیەوە ماکلۆهان دوو زاراوەی دیکەی داهێنا، دەوترێت کلیلی سەرەکی بیردۆزەکەیەتیی ئەوانیش زاراوەی"گەرم و سارد"ن، بۆ وەسفکردنی پێکهاتەی هەر ئامرازێکی کۆمۆنیکەیشن یان ئەو ئەزموونەی دەیگوازێتەوە، ماکلۆهان وایدەبینێت کە ئامرازی گەرم ئەو ئامرازەیە کە هاوسەنگی لە بەکارهێنانی هەستەکاندا ناپارێزێت، واتە(تەنها یەك هەستەوەر بەکاردەهێنرێت) یان ئەو ئامرازەیە کە واتایەکی دروستکراو و تاڕادەیەك ئامادە پێشکەش دەکات و تاکەکان پێویستیان بە خەیاڵێکی کەمتر هەیە بۆئەوەی وێنەیەکی واقیعی لە پەیوەندییەکان پێشکەش بکرێت، واتە توانای بەشداری تێیدا یان تەواوکردنی جەماوەر تیایدا کەمە، بەلاّم ئامرازی سارد ئەو ئامرازەیە کە پارێزگاری لە هاوسەنگی هەستەوەرەکان دەکات (واتە زیاتر لە هەستەوەرێك بەکاردەهێنرێت) و پێویستی بەبڕێکی زۆر لە خەیاڵ هەیە[٢].

ئامرازی گەرم پلەی ڕوونییەکەی بەرزە یان زۆر نزیکە لە سروشتییەوە لە پلەیەکی بڵندی تاکیەتیدایە و بڕێکی زۆر لە زانیاری داواکراوی تێدایە و پێویستی بە هاوکارییەکی زۆری لایەنی بەرامبەر نییە، بەلاّم ئامرازی سارد پلەی ڕوونی نزمە و ئەو زانیارییانەی کە دەیانگوازێتەوە نزمن و هاوکارییەکی زۆر لەجەماوەر داوا دەکات بۆ تەواوکردنی ئەزمونەکە[٣].

ماکلۆهان دەڵێت چاپکراو و ڕۆژنامە هۆکاری گەرمن بەهۆی ئەو ماوەیەی کە هەستەکانمان بەشداری تێدادەکەن، هەروەها ڕادیۆ ئامرازێکی گەرمە، چونکە بەشێوەیەکی قووڵ توانای زۆر لە بیستراوە جیهانییەکان دابیندەکات بەجۆرێك جگە لە ماندوبوونێکی کەم هیچی لە جەماوەر ناوێت یان هیچ شتێك بەجێناهێڵێت بۆ جەماوەر کە تەواوی بکات، بەلاّم وێنەی تەلەفزیۆن پلەیەکی ڕوونی نزمی هەیە بۆیە تاك ناچارە ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە بە ئەقڵ دەیان بینێت[٤].

**ڕەخنە لە بیردۆزەکە:** دیارترین ئەو لێکۆڵەرانەی ڕەخنە لە بیردۆزەکەی ماکلۆهان دەگرێت (ڕیتشارد بلاك)ە، دەڵێت زاراوەی (گوندی جیهانیی) کە ماکلۆهان جەختی لەسەردەکاتەوە، لە بنەڕەتدا لەنێو کۆمەڵگەی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا بوونی نییە، لێرەوە دەڵی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەی مارشاڵ ماکلۆهان باسی دەکات بەشێوەیەك بەردەوامە بووەهۆی وێرانکردنی ئەو گوندە جیهانییە و گۆڕینی بۆ پاشماوەی یادگارییەکان و ماڵ ماڵی لێکچوو، جیهان ئێستە نزیکە لەوەی کە بینایەك بێت دەیان شوقەی نیشتەجێبوون لەخۆبگرێ کە خەڵکێکی زۆر تێیدابژین نەك گوندێك بێت، بەلاّم هەر تاکێك گۆشەگیرانە دەژی و هیچ شتێك لە بارودۆخی دراوسێکانی نازانێت کە لەگەڵیدا دەژین[٥].

ماکلۆهان وایدادەنێت کە کاریگەرێتیی ئامراز زیاترە لە کاریگەرێتیی پەیام، بەلاّم لە ڕاستیدا کاریگەرێتیی پەیامەکە خۆی هەمەجۆرە و زیاترە لە کاریگەرێتیی ئامرازەکە بەجۆرێك ناتوانرێت لەیەکتر جیابکرێنەوە، ڕەخنەگرانی ئەم بیردۆزە پێیان وایە کە هەواڵ هەر خۆی هەواڵە بەبێ گوێدانە ئامرازی گواستنەوەکەی، هەروەها چاپکراوەکان بە

---

(١) بڕوانە: (أ) عبدالحافظ عواجي صلوي، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠. (ب) حسن عماد مكاوى و ليلى حسين السيد، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧٦.

(٢) بڕوانە: (أ) بودربالة الطيب، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).

(ب) محمد جاسم فلحي الموسوي، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠). (ت) توانی نوردین، سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٥.

(٣) مارشال ماكلوهان، كيف نفهم وسائل الاتصال، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٣.

(٤) عبد الحافظ عواجي صلوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

(٥) حسن عماد مكاوى و ليلى حسين السيد، سەرچاوەی پێشوو، وەرگیراوە لە:p:494 Blake, R.A (١٩٨٨) "Condominiums in the Global Village"

ئامرازی گەرم دادەنێت و پێی وایە کە خەیاڵێکی کەمتریان دەوێت، لە بەرامبەردا ڕەخنەگرانی ئەم بیردۆزە پێیان وایە ئەو توانا خەیاڵییەی کە پێویستە بۆ وەرگێڕانی وێنەی چاپکراو بۆ وێنەی ڕاستی گەورەترە لەو توانا خەیاڵییەی کە تەماشاکەری تەلەفزیۆن پێویستییەتی، هەروەها نەبوونی دەنگ لە فیلمە بێ دەنگەکاندا پێویستی بە خەیاڵێکی زیاتر هەیە لەوەی کە پێویستە لە فیلمە دەنگدارەکاندا هەبێت(١).

هەرچی (برۆنۆ لاتۆر(*)-Bruno Latour) دەڵێت ماکلۆهان خەڵك و شت (کەرەستەی مادیی) لێك جوودا نەکردۆتەوە، چونکە بۆ نمونە لە بواری سیاسیی تەکنەلۆژیا پڕە لە بەڵێن و بەند و باو، بەڵام بۆخۆی سیاسەت نییە و ناتوانێت هیچ شتێ بگۆڕێت.

هەروەك (ئەلیزابیس ئەنیستین(**)) یەکێکە لە ڕەخنەلێگرانی ئەم بیردۆزەی ماکلۆهان، لە نوسینەکەیدا بەنێوی" ظهور ثقافة الطباعة في الغرب" دەڵێ تەکنەلۆژیای چاپ سەدان ساڵان لەمەوبەر لە چین سەریهەڵدا پێش ئەوروپا، بەڵام پاشخان (باگراوند)ی کۆمەڵایەتیی چینییەکان وایکرد نەبێتە ئامرازێکی پەیوەندی جەماوەریی وەك ئەوەی لە ئەوروپا ڕوویدا، کە چاپخانە نارەزایی و ناسەقامگیری دروستکرد بەتایبەت لە ماوەی ڕێنیسانسیی ئیتاڵیی (لەدایکبوون و نوێبوونەوەی هونەر و ئەدەب و زانست) لە سەدەی (١٤) تا سەدەی (١٦) دەستیپێکرد (٢).

یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی بیردۆزەکەی ماکلۆهان دەبێتەوە بۆچوونەکانی تویێژەر(تۆینبی(***)-toynbee)ە کە پێی وایە تەکنیکی پیشەسازی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناگۆڕێت بەو شێوەیەی کە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا دەگۆڕێت، ئەمەش بەهۆی پارێزگاریلێکردنە ڕۆحیی و ڕۆشنبیرییەکانە کە کاریگەرێتیی تەکنەلۆژی پێشبینیکراو کەمدەکەنەوە، لەڕاستیدا تێڕوانینی ماکلۆهان تەنها لەسنوری گۆڕانی ڕۆشنبیریدا ناوەستێت، بەڵکو وایدەبینێت گۆڕانە لە توانای هەستەکان و بیر و دەربڕینەکان و فێربوون بەهەمان پلە، کێشەی سەرەکی لە بیردۆزەکەی دا ئەوەیە دانینەناوە بەئاڵوگۆڕی نێوان کاریگەرێتیی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانی ڕۆشنبیریی(٣).

توێژەر پێی وایە سەرەڕای پێشبینییە دوور مەوداکانی مارشاڵ ماکلۆهان دەربارەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بوونی جیهان بە گوندێکی ئەلیکترۆنی، هاوکات باسی لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی نەکردووە کە لە داهاتوودا نەك تەنها هەستێك کە (بینین)ە، بەڵکو (بیستن و گوێگرتن)یش لەخۆدەگرێت، هەربۆیە ناکرێت بەبێ ئاماژەدان بەجۆری ڕۆژنامە (چاپکراو یان ئەلیکترۆنی) زاراوەی گەرم بۆ ئەم ئامرازە بەکاربهێنرێت، بەڵام ماکلۆهان بەهۆی پرەنسیپی

---

(١) توانی نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.

(*) برۆنۆ لاتۆر: کۆمەڵناسێکی فەرەنسییە، بەڵام بە لێکۆڵینەوەکانی لەبواری زانست و تەکنەلۆژیا ناسراوبوە، لە ١٩٤٧/٦/٢٢ لە فەرەنسا لەدایك بووە، هەڵگری خەڵاتی (هۆڵبێرگ)ە، ئێستاش پرۆفیسۆرە لە کۆلێژی زانست لە پاریس. بڕوانە:
https://en.m.wikipedia.org/wiki/Bruno_Latour

(**) ئەلیزابیس ئەنیستین: یەکێك بووە لە خانمە سەرکردە و ڕۆشنبیرەکانی ئەمریکا لەبواری ژیانی ( خێزانێك کە پێشتر هەڵوەشاوە و منداڵ لەنێوانیادا هەبووە پاشان جارێکی تر بنیاتنراوەتەوە) چارەسەرکەری کێشە خێزانییەکان و بواری هاوسەرگیری بوە، نوسەر و وانە بێژبوە لە شاری (ئیساکا)ی (نیۆرك) راوێژکار و ڕاهێنەری ۆرکشۆپی خێزانی بوە لە ٢٠ ساڵی رابردوا،چەندین سیمینار و ۆرك شۆپی پێشکەشکردوە لەهەمان بواردا لە زانکۆ و قوتابخانە پیشەییەکاندا و خاوەنی چەندین کتێب و نامیلکەیە لەو بوارەدا. بڕوانە:
http://www.activeparenting.com/APSF_authorhttp://www.almaany.com/ar/dict

(٢) ابداني فؤاد، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٨.

(***) ئەرنولد جوزیف توینبی لە (١٤/٤/ ١٨٨٩) لە لەندەن لەدایك بووە، لە بەناوبانگترین مێژوونووسانی سەدەی بیستەمە، هەندێك پۆستی وەرگرتوە لەوانە: مامۆستای خوێندنی یۆنانی و بیزەنتینی بووە لە زانکۆی لەندەن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی خوێندن لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، لە (١٩٧٥/١٠/٢٢) کۆچی دوای کردووە.بڕوانە: ارنولد_توینبی https://ar.wikipedia.org/wiki.

(٣) منال هلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.

هەریەتی (حەتمیەتی) تەکنەلۆژیای گەیاندن و گەشەی ئامرازەکانی گەیاندن پێشبینی ئەو گەشەیەی لە گریمانەی (ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا درێژەپێدەری هەستەوەرەکانە) جێگا کردۆتەوە و ئەو پرسیارەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە و تائێستا بەهێزترین بیردۆزە بۆ هەڵسوکەوتی زانستی لەگەڵ گەشەی ئامرازەکانی گەیاندن و کۆمونیکەیشن و ڕاگەیاندن و ئەو دیاردانەی کە دروستیدەکەن، و لەگەڵ قۆناغی گەشەی تەکنەلۆژیا و زانیاری و ڕێژەی بەکارهێنانی هەستەوەرەکانی مرۆڤ و زاڵبوونی تەکنەلۆژیای ئامرازەکانی گەیاندن و گواستنەوە لە ئامرازی میکانیکی گەرم بۆ ئامرازی ئەلکترۆنی سارد، کە لێرەوە توێژەر گرنگی ئەم بیردۆزە و ڕەگەز و گریمانەکانی بۆ دەرئەکەوێت، بەتایبەتی لەدەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەرێتیی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە بواری سازاندنی ڕۆژنامەوانی کوردیدا، کە حەتمەن ئەو سێ بنچینە و ڕەگەزە سەرەکییەی ماکلۆهان لەبواری پراکتیکدا دەرئەکەون، ئەمەش ئەگەر بەراوردبکرێت بە بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆژیای نوێ و کلاسیك لە بواری سازاندنی نوێ و کلاسیکدا لە ڕۆژنامە بەگشتی و ڕۆژنامەی کوردی بەتایبەتی.

بە ڕامانی توێژەر لە بیردۆزەکەی (مارشاڵ ماکلۆهان) دەربارەی ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سروشتی کاریگەرێتییان لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان، توێژەر بە پێویستی دەزانێت بەراورد لە نێوان (تێڕوانیینەکانی ماکلۆهان دەربارەی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان) و (کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەسەر پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی) بکرێت، وەك خشتەی (٦).

# بەشی چوارەم

# لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

# ئەنجامەکانی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی

پاری یەکەم: بایۆگرافیای ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)

پاری دووەم: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا

پاری سێیەم: جێبەجێکردنی بیردۆزی هەریەتی تەکنەلۆژیا (الحتمیة التکنلوجیة)ی (مارشال ماکلۆهان)

پاری چوارەم: سەلماندنی گریمانە و خستنەڕووی ئەنجامەکانی پێوانەی ئاماری (المقایس الاحصائیە)

## دەسپێك

توێژەر لەم بەشەدا هەوڵی خستنەڕووی زانیارییەکانی سامپڵی توێژینەوەکەی دەدات لەچوارچێوەی چوار پاری سەرەکیدا، پاری یەکەم: بایۆگرافیای ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە)یە، پاری دووەم بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا لەهەردوو ڕۆژنامەی ناوبراودا دەخاتەڕوو، پاری سێیەم: ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنان و کاریگەرێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) پەیوەست بە جێبەجێکردنی بیردۆزی (هەریەتی تەکنەلۆجیا)ی (مارشال ماکلۆهان) لەخۆدەگرێت، پاری چوارەم لە دوو تەوەردا سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕووی ئەنجامەکانی (پێوانەی ئاماری- المقایس الاحصائية) لەخۆ دەگرێت.

## پاری یەکەم: بایۆگرافیای ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)

### ١) ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

دوای ئەوەی ستافێك بۆ ڕۆژنامەکە دیاریکرا، ڕۆژی (١٩٩٢/١/١٢) ژمارە (٠)ی ڕۆژنامەکە خرایە ژێر چاپ و بلاوکرایەوە کە لێی نوسرابوو (کوردستانی نوێ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات) ناوی ڕۆژنامەکەش گوزارشتە لە کوردستانێکی نوێی دوای ڕاپەڕین کە جیاوازبێت لە کوردستانی پێش ڕاپەڕین تا (١٩٩٦/٨/٣١) شاری هەولێر بووە بنکەی سەرەکی ڕۆژنامەکە، لەو مێژووە و تا ئەمڕۆ ئۆفیسی سەرەکی لە شاری سلێمانییە و لە شارەکانی تریش نوسینگەی هەیە، چاپخانەی ڕۆشنبیری دەستنیشانکرا بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکە[1]، دوای (١٤) ڕۆژ پشوو بۆدابەشکردنی کاروبارەکان ڕۆژی (١٩٩٢/١/٢٦) ژمارە (١)ی چاپ و بلاوکرایەوە و وەك ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەردەوام بوو تەنها ڕۆژانی شەممە پشووی ڕۆژنامەکەبوو، واتە ڕۆژەکانی دیکە بە بەردەوامی دەردەچوو، بەلام لە ئێستادا ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی پشووی ڕۆژنامەکەیە سەرەڕای دەرچوونی ژمارەی تایبەت بە ڕۆژانی هەینی و شەممە بەناوی ژمارەی (هەفتە هەینی و شەممە)[2].

کوردستانی نوێ یەکەمین ڕۆژنامەیە کە داوای مۆڵەتی دەرکردنی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و مۆڵەتی ژمارە (١)ی بە ڕۆژنامەکە داوە[3].

#### لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە

سەرەتا بە (٨) لاپەڕەی قەبارە تابلۆید دەردەچوو، بەلام لە بۆنە تایبەتییەکاندا ژمارەی لاپەڕەکانی زیادکراوە، پاشان ژمارەی لاپەڕەکانی کراوەتە (١٢) لاپەڕە و ئێستاش بە (١٦) لاپەڕە و هاوپێچ لەگەڵ چەند پاشکۆیەکی جیاوازدا دەردەچێت، پێش ئەوەی ڕۆژنامەکە بێتە سلێمانی چەند جارێك لە هەولێر بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە، بەلام لەساڵی (١٩٩٩)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٤) بە تەواوی بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە، بەلام لەدوای ساڵی (٢٠٠٥) ژمارەی لاپەڕەکانی دەکرێتە (١٦) لاپەڕە و جارێکی تر دابەشکردنی لاپەڕەکان گۆڕانکاری تێدادەکرێت، بەلام لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٩) بەتەواوەتی شێوەی لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دەگۆڕدرێن و دەکرێت بە دوو ڕۆژنامەی جیاوازی ڕۆژانە، بەلام لەیەك فۆرمی چاپ و هونەرکاریدا، ڕۆژنامەی یەکەم تایبەت دەکرێت بە هەواڵ و کاروباری سیاسی، فۆرمی دووەمی ڕۆژنامەکە تایبەت دەکرێت بە ڕۆشنبیری گشتی و بە گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی دەکرێتە (٢٤) لاپەڕە،

---

(١) محمد حمەکریم، سکرتێری نووسین لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاوپێکەوتنی کەسی کەتوێژەر لە بەرواری (٢٠١٦/٨/٢٨) ئەنجامیداوە.

(٢) کاروان علي، المقال الافتتاحي، دراسة تحليلية لمضمون المقال الافتتاحي في جريدة كوردستاني نوى، ط١، (سليمانية: مطبعة شڤان، ٢٠١٢)، ص١١٠.

(٣) نەوزاد عەلی ئەحمەد، کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ ڕابەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ڕاپەڕین، چاپی یەکەم (سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢)، ل١٤.

زۆرجار بە پاشکۆکانییەوە ژمارەی لاپەڕەکانی دەگاتە (٣٢) لاپەڕە، بەلاَم لە ناوەڕاستەکانی ساڵی (٢٠١١) شێوازی دوو ڕۆژنامەیی بۆ یەك ڕۆژنامە گۆڕدرایەوە و وەك پێشووی لێکرایەوە، لە ژمارە سفر تاکو ژمارە (٨١) ڕەنگی ڕۆژنامەکە ڕەش و سپی و سورە، لە ژمارە (٨٢) تا (٩٤) ڕەنگی ڕەش و سپی و سەوز بەکارهاتووە، لە ژمارە (٩٥ تا ١٠٢) ڕەنگی ڕەش و سپی و سوور بەکارهاتۆتەوە، پاش ماوەیەك زیاتر کار لەسەر ڕەنگی سەوز کراوە، وەك سیمبولی ڕەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە تاکو ئێستاش بەکارهێنانی ئەو ڕەنگە بەردەوامە، واتە ڕەنگی زاڵ ڕەنگی سەوزە بەلاَم لە بۆنە تایبەتییەکاندا لاپەڕەکانی یەکەم و دوالاپەڕە کراونەتە ڕەنگاوڕەنگ تائێستاش ڕەنگاوڕەنگە[٤].

### تایپ و فۆنتی ڕۆژنامەکە

لەسەرەتادا بە تایپی ئەلیکترۆن لێزەری بابەتەکان لە چاپخانەی ڕۆشنبیری سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری تایپ دەکران، بەلاَم پاش لەکارکەوتنی ئامێرە لێزەرییەکان، بۆئەوەی ڕۆژنامەکە نەوەستێت جارێکی تر وەك ڕۆژانی شاخ بابەتەکان بە تایپی برازەر و ئای بی ئێم تایپ دەکران، تا لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٣) چەند ئامێرێکی کۆمپیوتەر لەدەرەوە هێنران و (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) کۆرسێکی فێربوونی زۆر خێرای بۆ چەند کارمەندێك کردەوە و ئەوە بوو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کۆمپیوتەرەکان کەوتنەکار و بەو شێوەیە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ناوەوەی کوردستاندا کە بابەتەکانی بە ئامێری کۆمپیوتەر تایپ بکرێن، ئێستاش بەشی تایپ و نەخشەسازی لە کوردستانی نوێ دا زۆر پێشکەوتووە و وەك هەر ڕۆژنامەیەکی پێشکەوتوو لە جیهاندا بۆ ڕاییکردنی تایپ و دیزاین سوود لە ئامێری کۆمپیوتەر دەبینێت[٥]

### سکرتاریەتی نووسین

لەسەرەتادا و ماوەیەکی زۆریش دوای ئەوە، ستافی لێپرسراوی ڕۆژنامەکە لەکەسانی دەستەبژێرو سیاسی و ئەدیب پێکهاتبوون وەك: (د.فوئاد مەعسوم، ئازاد جندیانی، فەرەیدون عبدالقادر، ئەرسەلان بایز، فریاد ڕواندزی، دڵشاد عبداللە، ستران عبداللە، کاوە محمد، محمود مەلا عزت، شێرکۆ مەنگوڕی، کەژاڵ ئەحمەد، جەمال عبداللە، عەدالەت عبداللە، کاروان عەلی، شیرین ك، محمد کریم)[٦].بەلاَم لە ئێستادا ئەم ستافە تاڕادەیەك گۆڕاون و لە ((ستران عبداللە کە لە ساڵی (٢٠٠٩) تائێستا وەك سەرنوسەر دەستبەکاربووەتەوە، محەمەد کەریم، جەمال ئاریز، ئاوات کۆکەیی، ئەردەڵان عەبدوڵڵا، لەشکر حەمەساڵح، هەڵکەوت زەنگەنە، مەحمود شێرزاد، مەحمود نەجمەدین، ئالان ڕەوف، گۆران قەرەداغی، شۆڕش، کوردەوان محەمەد، تاریق کەمال، ئاودێر شێخ عومەر، ئیسماعیل مەحمود، دیاری سابیر، ئەرکان جەبار، ئومید سەوزە، مەریوان مەسعود) پێکهاتوون[٧].

### پاشکۆکان

کوردستانی نوێ بەدرێژایی مێژووی دەرچوونی کە زیاتر لە (٢٤) ساڵە بە بەردەوامی دەردەچێت، چەندین پاشکۆی دەرکردووە کە هەندێکیان تا ئێستا بەردەوامن لە دەرچوون هەندێکی دیکەیان یەك ژمارە یان چەند ژمارەیەکیان لێ دەرچووە هەندێکی تریشیان وەك لاپەڕە ماونەتەوە لێرەدا ناوی هەندێکیان دەخەینەڕوو:

(کاریکاتێر، سەروەران، کۆنگرە، ستادیۆم، خێزانی کوردستانی نوێ، کاکێشان، کەشتی نوح، کوردستانی گەنج، ئەدگار، دۆسییە، ئەدەب و هونەر....هیتر)

ئامانج لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) نمایشکردنی سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بەوپێیەی کە ڕۆژنامەکە زمانحاڵی ئەو حیزبەیە، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکەشدا بایەخ بە لایەنی جۆراوجۆری

---

(٤) نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥–١٧.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٨–١٩.

(٦) محمد حمەکریم، سکرتێری نووسین لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاوپێکەوتنی کەسی کەتوێژەر لەبەرواری(٢٠١٦/٨/٢٨) ئەنجامیداوە.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەندامانی دەستەی نوسەران بەشێوازی فۆکەس گرووپ لەبەرواری ٢٠١٦/٨/٢٩، بڕوانە پاشکۆی (٤).

دیکەی وەك لایەنی کۆمەڵایەتی و یاسایی و ژینگەیی و زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریش دەدرێت، هاوکات لایەنی دارایی ڕۆژنامەکەش بەشێکی بەهۆی ڕیکلام و فرۆشی ڕۆژنامەکەوە دابیندەکرێت بەشێکی دیکەشی لەلایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە دابیندەکرێت[٨]. کوردستانی نوێ وەك دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی زیاتر لە (٢٠) کتێبی چاپکردووە و لە ئێستاشدا لە چاپکردنی کتێب بەردەوامە[٩].

**سازاندن لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا**

سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا لەلایەن ستافێکەوە بەڕێوەدەچێت کە دابەشبوون بەسەر دوو گروپی سەرەکیدا گروپی بەیانیان و ئێواران، ئەم ستافە ڕۆژانە دەستپێکی کارەکانیان بە ئەنجامدانی کۆبوونەوە دەبێت لەگەڵ سەرنووسەر و سکرتێری نووسیندا، پاش بڕیاردان لەسەر بیرۆکە و بابەتەکان سەرجەم بابەتە پەسەندکراوەکان دەخرێتەنێو فۆڵدەری تایبەت بەو ژمارەیەی کە لەو ڕۆژەدا دەردەچێت، پاشان هەر سازێنەرێك فۆڵدەری تایبەت بە خۆی هەیە بابەتەکەی تێدایە، پاشان زانیارییە بەدەستهاتووەکان کە لە پەیامنێران و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانەوە بەدەستهاتوون بەهۆی بەرنامەی (Microsoft Word)ەوە داڕشتن و ڕێکخستنەوەیان بۆدەکرێت، وێنە و ناونیشانی گونجاویان بۆ دادەنرێت پاش تەواوکردنی بابەتەکە بەشێوەی (ماکێت) دەخرێنە بەردەست سکرتێری نووسین بۆ پێداچوونەوەی کۆتایی هەر هەڵەیەکی تێدابێت دەستنیشاندەکرێت و دەگەڕێنرێتەوە بۆ بەرپرسی لاپەڕەکان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پاشان دەنێررێت بۆ دیزاینەر، دواتر ڕۆژنامەکە ئامادە دەبێت بۆ چاپکردن.

بەهۆی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە سەرجەم سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بەهۆی تۆڕی ناوخۆییەوە (نێتۆرك) پێکەوە بەستراونەتەوە، هەموو کۆمپیوتەرەکانیش پەیوەستن بە کۆمپیوتەری سەرەکییەوە هەر هەڵە و کەموکورتییەك لەنێو کۆمپیوتەرەکاندا ڕووبدات لەکۆمپیوتەری سەرەکییەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵام ناتوانرێت بوترێت سازاندن بەشێوەیەکی تۆڕی بەڕێوە دەچێت، چونکە سازێنەران ناتوانن سودمەند ببن لەبەرنامەکانی تایبەت بەسازاندن بەهۆی جێگیر نەبوونی زمانی کوردی لەنێو کۆمپیوتەردا بەگشتی[١٠].

**٢) ڕۆژنامەی ئاوێنە**

ئاوێنە وەك (ئاوێنەیەك بۆ ڕووداوەکان) یەکەم ژمارەی لە بەرواری (٢٠٠٦/١/٥) دەرچووە، سەرەتا بە ستافێکی گەورە دەستی بەکاری ڕۆژنامەوانی کردووە کە لە بەشی کۆمپانیای ئاوێنە، بەشی سازاندن پێکهاتبوو هەروەها بەشی کارگێڕی پێکهاتبوون لە (ئاسۆس هەردی) سەرنوسەر و (شوان محمد) جێگری سەرنوسەر و (سەردار محمد) بەڕێوەبەری نوسین بوون، ئامانج لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەکە گەیاندن و بلاّوکردنەوەی زانیاری ڕاست و دروستبووە بەشێوەیەکی پیشەیی و ڕاستگۆیانە جیاواز لەمیدیای حیزبی کە "بەردەوام ویستویانە زانیاری بۆ خۆیان قۆرخ بکەن خزمەت بە فکرە و گروپێکی دیاریکراو بکەن، ئەمەش لەپێناو بەرگریکردنە لە ئازادی و فرە دەنگی، فرە ڕەنگییەك لەناو ئاوێنەدا دروستبکرێت کە میدیاکانی دیکە ئیشیان لەسەرنەکردووە"، لایەنی دارایی ڕۆژنامەکەش لەفرۆشی ڕۆژنامەکە و ڕیکلامی نێو سایتی ئاوێنە، هەروەها هاوکارییەکانی ڕێکخراوی هاوڕێیانی ئاوێنە کە نزیکەی (٥٠) کەسن دابیندەکرێت، سەرەڕای پرۆژەی ڕۆشنبیریی کە هاوکاربوون لەدەرچواندنی ڕۆژنامەکەدا، قەبارەی ڕۆژنامەی ئاوێنە لەسەرەتای دەرچوونیەوە تا ئێستا جێگیربووە، هەروەها ڕۆژی دەرچوونی (٣) شەممان بووە، بەڵام

---

(٨) محمد حمەکریم، سکرتێری نووسین لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، چاوپێکەوتنی کەسی کەتوێژەر لەبەرواری (٢٠١٦/٨/٢٨) ئەنجامیداوە.

(٩) نەوزاد عەلی ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥-١٧.

(١٠) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەندامانی دەستەی نوسەران بەشێوازی فۆکەس گرووپ لەبەرواری ٢٠١٦/٨/٢٩، بڕوانە پاشکۆی (٤).

تیراژی ڕۆژنامەکە بەپێی کات و بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لەم ساڵانەی کۆتاییشدا دروستبوونی کەناڵی جۆراوجۆر تەکنەلۆژیا و تەلەفزیۆنەکان کاریگەرێتیی گەورەیان لەسەر میدیای نوسراو بەگشتی هەبووە[١١].

**پاشکۆکانی ئاوێنە**

پاشکۆی (ڕای گشتی) کە پاشکۆیەکە پەیمانگای هەڵبژاردن دەریدەکات لەگەڵ ئاوێنەدا چەند جارێك بڵاوبووەتەوە، پاشکۆی (ژنان) کە ڕێکخراوێکی ئەڵمانی دەریدەکرد، هەروەها پاشکۆی (هەڵبژاردنەکان) لەساڵی (٢٠١٠-٢٠١٣) بەردەوام بووە، لەگەڵ پاشکۆی تایبەت بە (٨ی مارس).

ڕۆژنامەی ئاوێنە لەسەرەتای دەرچوونیەوە تا ئێستا نزیکەی (١٠-١٢) سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە کە بردنەوە و دۆڕاندنی تێدابووە، هەروەها سزای ماددی پێبژاردنی تێدابووە سەرەڕای ئەوەی کە پەیامنێر و سەرنوسەریش ڕووبەڕووی هەڕەشە و لێدان بوونەتەوە[١٢].

ئاوێنە لەساڵی (٢٠٠٦) وە دەرچووە و سەر بە کۆمپانیای ئاوێنەیە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، کۆمپانیای ئاوێنەش کۆمپانیایەکی سنووردارە لەبواری میدیا و بڵاوکردنەوەدا کاردەکات مولکی کۆمەڵێك وەبەرهێنە، کە ئامانج و بنەما سەرەکییەکانی ئاوێنە کۆی کردوونەتەوە لەپێش هەمووشیانەوە ئەو پرەنسیپەی" کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناتوانن ئازادبن تا لەڕووی دارایی و ئابوورییەوە ئازادنەبن لە دەسەڵات و دامودەزگا ڕەسمییەکان" لێرەشەوە پرۆژەیەکە بۆ هاندانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لەبواری میدیادا[١٣].

**سازاندن لە ڕۆژنامەی (ئاوێنەدا) دا:**

سازاندن لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا بەپێی دابەشکردنی لاپەڕەکانە بەسەر سازێنەراندا هەر سازێنەرێك سەرپەرشتی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکە دەکات، ئەمەش دوای ئەوەی کە بەیانیان ستافی ڕۆژنامەکە لەگەڵ سەرنووسەر کۆدەبێتەوە پێکەوە لەسەر بابەتەکان ڕێکدەکەون بابەتە پەسەنکراوەکان دەخرێنە فۆڵدەری (ok) و دوای ئەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان کە لە پەیامنێران و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانەوە بەدەستخراون بەسوودوەرگرتن لە بەرنامەی (Microsoft Word) داڕشتن و ڕێکخستنەوەیان بۆدەکرێت و وێنە و ناونیشانی گونجاویان بۆ دادەنرێت، دواتر لەلایەن هەڵبژێکەوە هەڵەچنییان بۆدەکرێت و بەشێوەی (ماکێت) دەخرێنە بەردەم سەرنوسەر بۆ پێداچونەوەی کۆتایی پاش دیاریکردنی هەڵەکان بابەتەکان دەگەڕێنرێنەوە بۆ سازێنەران بۆئەوەی گۆڕانکاری تێدابکرێت دواتر دەنێررێن بۆ دیزاین و پاشان بۆ چاپخانە بەمەبەستی چاپکردن .

سازاندن لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنییە و سەرجەم سازێنەران بەهۆی تۆڕێکی ناوخۆییەوە (نێتۆرك) بەهۆی بوونی کۆمپیوتەرێکی سەرەکیی (سێرڤەر) بەیەکەوە بەستراونەتەوە بەهۆی بەرنامەی (share) بابەتەکان ئاڵوگۆڕدەکرێن لەکاتێکدا ئەگەر کۆمپیوتەری سەرەکی ئیش نەکات سازێنەران ناتوانن سازاندنی بابەتەکان ئەنجامبدەن، لەهەمانکاتدا ناتوانرێت بەشێوەیەکی تۆڕی گرێدراو بەیەکترییەوە سازاندن ئەنجام بدەن و سودمەند ببن لە بەرنامە تایبەتەکانی سازاندن بەهۆی جێگیرنەبوونی زمانی کوردی لەنێو کۆمپیوتەردا[١٤].

---

(١١) سەردار محمد، سەرنووسەر لە رۆژنامەی ئاوێنە، چاوپێکەوتنی توێژەر کە لە بەرواری (٢٠١٦/٩/٤) ئەنجامیداوە.

(١٢)سەردار محمد، سەرچاوەی پێشوو.

(١٣) وێب سایتی ئاوێنە،http://www.awene.com/derbare/، (بەرواری سەردانکردن:٢٠١٦/٩/٣).

(١٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەندامانی دەستەی نوسەران بەشێوازی فۆکەس گرووپ لەبەرواری ٢٠١٦/٩/٤، بڕوانە پاشکۆی (٤).

## پاری دووەم: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا

### یەکەم: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وەك پێویستییەکی ڕۆژانەی کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە نێو دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا جیاوازە بە جیاوازی جۆری دەزگاکە و شێواز و ئامانجی کارکردنی ئەو دەزگایە، بەڵام گرنگی و پێویستی بەکارهێنانی ئامرازەکان وایکردووە کە زۆرینەی سازێنەران بەشێوەیەکی بەردەوام تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەکاربهێنن، وەك لە خشتەی ژمارە (٣)دا خراوەتەڕوو.

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

بەڕێژەی (٩١,٧٪) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بە (بەردەوام)ی بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی (٨,٣٪) (هەندێکجار) تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەکاردەهێنن، بە ناوەندی ژمێرەیی (٢,٩٢) و لادانی پێوەریی (٠,٨٢).

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

بەڕێژەی (٨٨,٩٪) و بەشێوەیەکی بەردەوام سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەکاردەهێنن بەڕێژەی (١١,١٪) و هەندێکجار تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەکاردێت، بە ناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٩) و لادانی پێوەریی(٠,٣٢).

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

بەڕێژەی (١٠٠٪) سازێنەرانی ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی بەردەوام تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەکاردەهێنن، بە ناوەندی ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەریی (٠).

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە**

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەشێوەیەکی (بەردەوام) لەلایەن سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکەوە خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، جیاوازییەکی ئەوتۆش لە شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا (هەندێکجار)، ( بەدەگمەن) لەنێوان هەردوو ڕۆژنامەکەدا بەدیناکرێت، بڕوانە خشتەی(٧).

**خشتەی (٧)**

**بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ**

| بڕگەکان | کوردستانی نوێ | | | | ئاوێنە | | | | کۆی گشتی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | دووبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | دووبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| بەردەوام | ١٦ | ٨٨,٩ | ٢,٨٩ | ٠,٣٢٣ | ٦ | ١٠٠ | ٣ | ٠ | ٢٢ | ٩١,٧ | ٢,٩٢ | ٠,٨٢ |
| هەندێکجار | ٢ | ١١,١ | | | ٠ | ٠ | | | ٢ | ٨,٣ | | |
| بەدەگمەن | ٠ | ٠ | | | ٠ | ٠ | | | ٠ | ٠ | | |
| کۆی گشتی | ١٨ | ١٠٠٪ | | | ٦ | ١٠٠٪ | | | ٢٤ | ١٠٠٪ | | |

## دووەم: ڕادەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

لەهەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) دا(ئینتەرنێت) بەڕێژەی (٨٣,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٥)، بەلادانی پێوەری (٠,٦٠٧)، هەروەها (کۆمپیوتەر) بەڕێژەی (٧٩,٢٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٠) و لادانی پێوەری (٠,٦٢٤) زۆرترین بەکارهێنیان هەیە، بەلاَم ئامرازی (تیلی فاکس) بەڕێژەی (١٠٠٪)  و بەناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەریی (٠) کەمترین بەکارهێنانی هەیە.

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

هەریەك لە ئامرازەکانی (کۆمپیوتەر) و (ئینتەرنێت) زۆرترین بەکارهێنیان هەیە، بەجۆرێك لەکۆی (١٨) بەرتوێژ (١٤) یان بەڕێژەی (٧٧,٨٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٦٧) و لادانی پێوەری (٠,٦٨٦) بەشێوەیەکی بەردەوام ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، و بە ڕێژەی (٧٧,٨٪) بە ناوەندی ژمێرەیی ( ٢,٧٥) و بەلادانی پێوەری (٠,٥٧٥) کۆمپیوتەریش بەکاردێت، بەلاَم ناتوانرێت بوترێت ڕێژەی بەکارهێنانیان یەکسانە، بەڵکو بەکارهێنانی کۆمپیوتەر زیاترە بەوپێیەی لادانی پێوەری (کۆمپیوتەر) کەمترە بەراورد بەلادانی پێوەریی ئینتەرنێت، کەواتە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بەراورد بە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی دیکە، لە بەرامبەردا ئامرازی (تیلی فاکس) بەڕێژەی (١٠٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەری (٠) کەمترین بەکارهێنانی هەیە بەراورد بە (تلکس و تیلیتێکست و تیلی فۆتۆ و ڤیدیۆ تێکست) بەتایبەتی و ئامرازەکانی دیکە، بەگشتی بەجۆرێك هەموو بەرتوێژان هەڵبژاردەی (بەدەگمەن) یان هەڵبژاردووە.

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

ئامرازەکانی (لاپتۆب و مۆبایل و ئینتەرنێت) و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بە ڕێژەی (١٠٠٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەری (٠) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، لەبەرامبەردا ئامرازەکانی (تلکس و تیلیتێکست و تیلی فۆتۆ و ڤیدیۆ تێکست) بەڕێژەی (١٠٠٪) بە ناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەریی (٠) کەمترین بەکارهێنانیان هەیە لەلایەن بەرتوێژانەوە.

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە

خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە بریتییە لە بەکارهێنانی (ئینتەرنێت) بەجۆرێك لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا بەرزترین ڕێژەی هەیە، هەروەها ئامرازی (تیلی فاکس) کەمترین بەکارهێنانی هەیە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی هەردوو ڕۆژنامەکەوە بەڕێژەی (١٠٠٪)، بەلاَم بەکارهێنانی ئامرازەکانی (مۆبایل، لاپتۆب)،(تۆڕەکانی پەیوەندیکردن) بەڕێژەی (١٠٠٪) لەلایەن بەرتوێژانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) وە خاڵی جیاوازی نێوانیانە، بڕوانە خشتەی (٨).

توێژەر وایدەبینێت کەبەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندنی نوێ لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەتایبەتی (کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل) بەڕێژەیەکی زۆر ئەوە دەردەخات کە شێواز و چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی بەگشتی و سازاندن بەتایبەتی گۆڕاوە، بەجۆرێك کە لە ئێستادا زیاتر پشت بە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ دەبەسترێت بەراورد بە ڕابردوو کە بەشێوەیەکی مەیدانی زۆرینەی کارە ڕۆژنامەوانییەکان ئەنجامدەدران.

**خشتەی (٨)**

## سێیەم: پلەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەکانی(کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

ڕادەی بەردەستبوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) لەئاستێکی بەرزدایە بەڕێژەی (٨٧،٥٪) بە ناوەندی ژمێرەیی (٢،٨٣) و لادانی پێوەریی (٠،٤٨١)، واتە هەردوو ڕۆژنامەکە توانیویانە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا هەنگاوبنێن، تەنها بەڕێژەی (١٢،٥٪)، بە (پلەیەکی کەم) بەناوەندی ژمێرەیی (٢،٢٥) و لادانی پێوەری (٠،٦٧٥) سازێنەران لەوبڕوایەدان کەتەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکەدا لە ئاستی پێداویستییەکانی ڕۆژانەدایە.

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

بەڕێژەی (٩٤،٤٪) کە زۆرترین ڕێژەیە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ دابینکراوە بۆ سازێنەرانی ڕۆژنامە لە کاری سازاندندا بە ناوەندی ژمێرەیی (٢،٩٤) و لادانی پێوەری (٠،٢٣٦)، لە بەرامبەردا ژمارەیەکی کەمی سازێنەران بەڕێژەی (٥،٦٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢،٣٩) و لادانی پێوەری (٠،٦٠٨) و لەو بڕوایەدان کە بە (پلەیەکی کەم) تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکەدا لە ئاستی پێداویستییەکانی ڕۆژانەدایە، بەهەمان ڕێژە و بەناوەندی ژمێرەیی (٢،٥٦) و لادانی پێوەری (٠،٦١٦)، سازێنەران پێیان وایە کەتوانای سازێنەرانی ڕۆژنامەکە گونجاوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ، هاندانی کارگێڕی دامەزراوەکە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بە (پلەیەکی کەم) دێن.

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

هاندانی کارگێڕی ڕۆژنامەی ( ئاوێنە) بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و بەردەستبوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاری ڕۆژانەدا بەڕێژەی (٦٦،٧٪) و بەناوەندی ژمێرەی (٢،٥٠) و لادانی پێوەری (٠،٨٣٧) بەرزترین پلەی هەیە، سەرەڕای ئەمانەش تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هاوکاربووە لە باشترکردنی پرۆسەی گەیاندن لە ناوخۆ و دەرەوەی ڕۆژنامەکەدا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سازاندن بەهەمان ڕێژە، لە بەرامبەردا ڕێژەی (٣٣،٣٪) ی بەرتوێژان بەناوەندی ژمێرەی (١،٨٣) و لادانی پێوەری (٠،٧٥٣) پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لە ڕۆژنامەکەیاندا لە ئاستی پێداویستییەکانی ڕۆژانەدا بووە و ئەم بۆچونەش بە (پلەی کەم) دێت، بڕوانە خشتەی(٩).

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە

هاوڕابوونی بەرتوێژانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە (پلەیەکی زۆر) و بە ڕێژەکانی (٩٤،٤٪)، (٦٦،٧) لەسەر هەبوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی پێویست لە کارەکانی ڕۆژانەیاندا، هەروەها تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکەدا لە ئاستی پێداویستییەکانی ڕۆژانە بە (پلەیەکی کەم) دەبێتە خاڵ هاوبەشی نێوانیان، جیاوازیش لە ڕێژەی بڕگەکانی دیکە لەنێوانیاندا دەبێتە خاڵی جیاوازییان.

خشتەی (٩) ئەوە دەردەخات کە پلەی بەردەستبوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا لەئاستی پێویستییەکانی ڕۆژانەی سازێنەراندایە، ئەمەش کاریگەرێتیی لەسەر ئاست و شێوازی کارکردنی سازێنەران کردووە.

**خشتەی (٩)**

**پلەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا**

## چوارەم: پلەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر جۆری (دیسکتۆب) لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) دا بەیەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت کە بەڕێژەی (٨٧,٥٪) بەکاردەهێنرێت، بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٩) و لادانی پێوەری (٠,٥٨٨)، لەبەرامبەردا (ئایپاد) کەمترین بەکارهێنانی دەبێت لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا بەڕێژەی (٧٩,٢٪) کە ناوەندی ژمێرەییەکەی دەکاتە (١,٢٥) و لادانی پێوەری (٠,٥٣١).

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

بەوپێیەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و سازێنەرانی ڕۆژنامە بەشێوەیەکی بەردەوام ڕۆژانە پەیوەستن بەکارکردنیان لەنێو خودی دەزگاکەدا، هەربۆیە بەکارهێنانی کۆمپیوتەری جۆری (دیسکتۆب) زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە لە نێو وەڵامی بەرتوێژاندا بەڕێژەی (٨٨,٩٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٥١٤)، لەبەرامبەردا ئامرازی (ئایپاد) کەمترین بەکارهێنانی هەیە بەڕێژەی (٨٣,٣٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٢٢) و لادانی پێوەری (٠,٥٤٨).

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

بەڕێژەی (٨٣,٣٪) کە زۆرترین ڕێژەیە لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا کۆمپیوتەری جۆری (دیسکتۆب) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,٦٧) و لادانی پێوەری (٠,٨١٨) بەڕێژەی (٦٦,٧٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,٣٣) و لادانی پێوەری (٠,٥١)  ئامرازی (ئایپاد) کەمترین بەکارهێنانی هەیە.

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەجۆری (دیسکتۆب) بە زۆرترین ڕێژە و کەمی بەکارهێنانی (ئایپاد) لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوانیان، جیاوازی لە ڕێژەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری ( لاپتۆب)  دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە بەجۆرێك لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا ڕێژەکە زیاترە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی لە خولی دەرچوونی نێوان ڕۆژنامەکانە بە شێوەی ڕۆژانە و هەفتانە بەوپێیەی کە سازێنەرانی ڕۆژنامەی ئاوێنە بۆ ئامادەکردنی بابەتەکانیان زۆر پەیوەست نین بە ئامادەبوونیان لەنێو دەزگاکەیاندا و زیاتر کۆمپیوتەری کەسی (لاپتۆب) بەکاردەهێنن، وەك خشتەی (١٠).

توێژەر هۆکاری زۆری بەکارهێنانی کۆمپیوتەری جۆری (دیسکتۆب) و (لاپتۆب) لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەکارێکی میکانیکیی دەستییەوە بۆ کارێکی ئەلیکترۆنی گۆڕاوە، بەهۆی ئامرازی کۆمپیوتەرەوە بەجۆرێك کە لە سەرجەم قۆناغەکانی کاری سازاندندا بەکاردەهێنرێت و ئاسانکاری وخێراییەکی زۆر بە پرۆسەکەش دەبەخشێت، سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بەهۆیەوە ئاسانتردەبێت، بەوپێیەی ڕۆژنامەنوسان لەدەزگاکانی کارکردندا زیاتر کارەکانیان ئەنجامدەدەن و کۆمپیوتەری دابینکراویش لەجۆری (دیسکتۆب)ە هەربۆیە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بەراورد بە (لاپتۆب).

## خشتەی(١٠)

## پلەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

## پێنجەم: هۆکارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

بەرێژەی (٩٥,٨٪)و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٩٥) و بەلادانی پێوەری (٠,٢٠) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) ئامرازی کۆمپیوتەر بە (پلەیەکی زۆر) بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ بەکاردەهێنن، هەروەها بە رێژەی (٣٣,٣٪) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٢,٢٠) و لادانی پێوەری (٠,٩٣) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەرانی ڕۆژنامە کۆمپیوتەر بۆ چارەسەرکردنی وشەکان بەکاردەهێنن.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

بەرێژەی (٩٤,٤٪) کە (زۆرترین پلە)یە سازێنەرانی ڕۆژنامە کۆمپیوتەر بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ بەکاردەهێنن بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٩٤) و لادانی پێوەری (٠,٢٣٦)، بەدوای ئەوەشدا بەرێژەی (٨٣,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٣٨٣) بۆنوسینی دەقەکان و سازاندنیان، هەروەها بە ڕێژەی (٣٣,٣٪) بە (کەمترین پلە) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٢٢) و لادانی پێوەری (٠,٩٣٤) سازێنەرانی ڕۆژنامە کۆمپیوتەر بۆ چارەسەرکردنی وشەکان بەکاردەهێنن.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

سازێنەرانی ڕۆژنامەی ئاوێنە بەرێژەی (١٠٠٪) کۆمپیوتەر بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ بەکاردەهێنن بەناوەندی ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەری (٠) لە هەمان کاتدا بەرێژەی (٨٣,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٤٠٨) کۆمپیوتەر بۆ ئەمبارکردنی دەق و گێڕانەوەی بەکاردەهێنن، بەهەمان ڕێژەش بۆ نوسینی دەقەکان و سازاندنەوەیان بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٨١٦)، هەروەها بەرێژەی (٣٣,٣٪) و بە (پلەیەکی کەم) کۆمپیوتەر بۆچارەسەرکردنی وشەکان، بلاْوکراوەی مەکتەبی، دیزاین و گۆڕانکاری وێنەکان و هێڵکاری و برگەکانی ڕوونکردنەوە بەکاردەهێنن.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە**

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە (پلەیەکی زۆر) لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و بەدوایدا بۆ نوسینی دەقەکان و سازاندنیان، هەروەها هاوڕابوونیان لە هەڵبژاردنی (پلەیەکی کەم) لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ چارەسەرکردنی وشەکان خاڵی هاوبەشی نێوان ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) یە، لە بەرامبەردا بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ مەبەستەکانی دیکە بە ڕێژەی جیاواز خاڵی جیاوازی نێوانیانە، بڕوانە خشتەی (١١).

توێژەر هۆکاری زۆری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ (گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ) بۆ کەمبوونەوەی پەیامنێران دەگەڕێنێتەوە بەهۆی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و دروستبوونی قەیرانی دارایی بەراورد بە ڕابردوو، ئەمەش بەهۆی کەمی ستافی ڕۆژنامەکە و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامرازێك بۆ پەیوەستبوون بە ئینتەرنێتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ و خێرایی لە دەستکەوتنی زانیارییەکاندا.

**خشتەی(١١)**

**هۆکارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەسازاندنی ڕۆژنامەوانیدا**

## شەشەم: بەکارهێنانی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر لە سازاندندنی ڕۆژنامەوانیدا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بەڕێژەی (٩١,٧٪) بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) بۆ سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەکاردەهێنن بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٩١) و لادانی پێوەری (٠,٢٨)، بەرنامەی ڕۆژنامەوانی بۆ پیشاندان و پەیوەندی لەنێوان دەرهێنەر و ڕۆژنامەنووسدا بە (پلەیەکی کەم) بەکارهێنانی هەیە بەڕێژەی (٨٧,٥٪)ە، بەناوەندی ژمێرەیی (١,٧٩) و لادانی پێوەری (٠,٨٨).

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

سازێنەرانی (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) بە ڕێژەی (٨٨,٩٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٩) و لادانی پێوەری (٠,٢٣٢) بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) بۆ سازاندن و ڕێکخستنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەکاردەهێنن، لەهەمان کاتدا بەرنامەی (ڕۆژنامەوانی بۆ پیشاندان و پەیوەندی لەنێوان دەرهێنەر و ڕۆژنامەنووسدا) بە (پلەیەکی کەم) بەکارهێنانی هەیە بە ڕێژەی (٥٥,٦٪)، بەناوەندی ژمێرەیی (١,٧٨) و لادانی پێوەری (٠,٩٤٣).

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

زۆرترین بەرنامەی بەکارهێنراو لەلایەن سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە)وە بریتییە لە بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) بەڕێژەی (١٠٠٪) بەناوەند ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەری (٠) هەریەك لە بەرنامەکانی (هەڵەچنی زمانەوانی و بەڕێوەبردنی کاری سازاندن) بە (پلەیەکی کەم) و بەڕێژەی (٦٦,٧٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٥٠) و لادانی پێوەری (٠,٨٣٧) کەمترین ڕێژەی بەکارهێنان تۆماردەکەن، بڕوانە خشتەی (١٢).

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لەپێدانی (پلەیەکی زۆر) بۆ بەکارهێنانی بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، پێدانی (پلەیەکی کەم) بە هەریەك لە بەرنامەکانی (ڕۆژنامەوانی بۆ پیشاندان و پەیوەندی لەنێوان دەرهێنەر و ڕۆژنامەنووسدا، هەڵەچنی زمانەوانی و بەڕێوەبردنی کاری سازاندن) خاڵی جیاوازی نێوانیان دەبێت.

توێژەر وایدەبینێت کە بەرنامەی تایبەت بەزمانی کوردی بۆ سازاندن و ڕێکخستنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و هەڵەچنی ڕێنوسی و زمانەوانی بوونی نییە ئەمەش وادەکات بەرنامەی (مایکرۆسۆفت) زۆرترین بەکارهێنانی هەبێت، بۆ نووسینی دەقە ڕۆژنامەوانیەکان و سازاندنەوەیان لەلایەك و بۆ مەبەستی پێداچوونەوەی زمانەوانەوانی و هەڵەچنی ڕێنوسیش لەلایەکی دیکەوە.

**خشتەی(١٢)**

## حەوتەم: ڕیزبەندکردنی ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن بەپێی بەکارهێنانیان لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

هەریەك لە ئامرازەکانی (کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت) و (تۆڕەکانی پەیوەندیکردن) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لە هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا ڕیزبەندی (یەکەم و دووەم و سێیەمیان) بەدەستهێناوە بەهۆی زۆری بەکارهێنانیانەوە لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بەشێوەیەکی بەردەوام، بە پێچەوانەوە هەریەك لە ئامرازەکانی (تلکس، تیلیتێکست ، تیلی فۆتۆ، فاکس مەیل، ڤیدیۆ تێکست، تیلی فاکس) کەمترین بەکارهێنانیان هەیە و لەڕیزبەندی (نۆیەم و دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم و سیازدەیەمدا)ن.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

ئامرازەکانی (کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت) و (تۆڕەکانی پەیوەندیکردن) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و لەڕیزبەندی (یەکەم و دووەم و سێیەمدا) ن، هەریەك لە ئامرازەکانی (تلکس، تیلیتێکست، تیلی فۆتۆ، فاکس مەیل، ڤیدیۆ تێکست، تیلی فاکس) کەمترین بەکارهێنانیان هەیە و لەڕیزبەندی (نۆیەم و دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم و سیازدەیەمدا)ن و کەمترین بەکارهێنانیان هەیە.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

ئامرازەکانی (کۆمپیوتەر و مۆبایل) و (تۆڕەکانی پەیوەندیکردن) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و لە ڕیزبەندی (یەکەم و دووەم و سێیەمدان) هەریەك لە ئامرازەکانی (تلکس، تیلیتێکست، تیلی فۆتۆ، فاکس مەیل، ڤیدیۆ تێکست، تیلی فاکس) کەمترین بەکارهێنانیان هەیە و لەڕیزبەندی (نۆیەم و دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم و سیازدەیەمدا)ن و کەمترین بەکارهێنانیان هەیە.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە**

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە بەکارهێنانی ئامرازی کۆمپیوتەر لە ڕیزبەندی یەکەمدا و (تۆڕەکانی پەیوەندیکردن) لە ڕیزبەندی سێیەمدا، هەروەها کەمی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی (تلکس، تیلیتێکست ، تیلی فۆتۆ، فاکس مەیل، ڤیدیۆ تێکست، تیلی فاکس) بە ڕیزبەندی (نۆیەم و دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم و سیازدەیەمدا) خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ڕیزبەندی دووەم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا و ئامرازی مۆبایل لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بە هەمان ڕیزبەندی خاڵی جیاوازی نێوانیانە، بڕوانە خشتەی (١٣).

توێژەر هۆکاری جیاوازی لە پێدانی پلەی دووەم بە ئامرازی (مۆبایل) و (ئینتەرنێت) لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) و (کوردستانی نوێ) دا بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە ڕۆژنامەی ئاوێنە بەستافێکی کەمەوە کاری ڕۆژنامەوانی ئەنجامدەدەن، لەو چوارچێوەیەشدا وەرگرتنی زۆرینەی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکان بەهۆی ئامرازی مۆبایلەوە دەبێت بەسوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردن، ئەمەش وایکردووە تۆڕەکانی پەیوەندیکردنیش پلەی سێیەم بەدەستبهێنن، بەڵام ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەوپێیەی خاوەنی ستافێکی گەورەترە و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و ڕۆژانە نوێترین هەواڵ بڵاودەکەنەوە و بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەپلەی دووەم دێت کە بۆ مەبەستی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری سوودی لێوەردەگرن.

**خشتەی(١٣)**

## هەشتەم: پلەی سوودوەرگرتن لە مۆبایلی زیرەك لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

بەڕێژەی (٢٩,٢٪) کە زۆرترین ڕێژەیە و بەناوەندی ژمێرەی (٢) و لادانی پێوەری (٠,٧٥) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە کامێرای مۆبایلی زیرەك بە (پلەیەکی زۆر) بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی (٧٩,٢٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٢٥) و لادانی پێوەری (٠,٥٣) بلوتوسی مۆبایلی زیرەك (پلەیەکی کەم)ی لە بەکارهێناندا هەیە.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

بەڕێژەی (١٦,٧٪) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کامێرای مۆبایلی زیرەك و جێبەجێکردنی بەلاپەڕەکردنی ڕۆژنامە و جێبەجێکردنەکانی (Foto swipe) بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی وێنە بە (پلەیەکی زۆر) بەکاردەهێنن، بەڕێژەی (٨٨,٩٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,١٧) و لادانی پێوەری (٠,٥١٤) سازێنەران بە (پلەیەکی کەم) بلوتوسی مۆبایلی زیرەك لەکاتی سازاندندا بەکاردەهێنن.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

بەڕێژەی (٦٦,٧٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٦٧) و لادانی پێوەری (٠,٥١٦) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) کامێرای مۆبایلی زیرەك بە (پلەیەکی زۆر) بەکاردەهێنن، بەڕێژەی (١٠٠٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەری (٠) جێبەجێکردنەکانی (Foto swipe) بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی وێنە بە (پلەیەکی کەم) بەکاردەهێنن.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە**

هەردوو ڕۆژنامە هاوڕان لە بەکارهێنانی کامێرای مۆبایلی زیرەك بە (پلەیەکی زۆر)، جیاوازییان لە جێبەجێکردنەکانی (Foto swipe) بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی وێنە دەردەکەوێت بەهۆی جیاوازی پلەی بەکارهێنانیان، هەروەها جێبەجێکردنی بەلاپەڕەکردنی ڕۆژنامەش تەنها لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بەپلەی زۆر بەکاردێت، بڕوانە خشتەی (١٤).

لەئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە ئامێری مۆبایلی زیرەك لەسازاندنی ڕۆژنامەوانیدا بۆ وەرگرتنی لێدوان و زانیارییەکان بەکاردەهێنرێت، هەروەها بەڕێژەیەکی بەرچاویش کامێرای مۆبایلی زیرەك بۆ تۆمارکردنی وێنە ڕۆژنامەوانییەکان لەبری کامێرا بەکاردەهێنرێت بەهۆی ئاسانی و خێرای لەبەکارهێنانیدا هەروەها ئاسانی پەیوەستبوونی بە ئینتەرنێتەوە.

## خشتەی (١٤)

## پلەی سوودوەرگرتن لە مۆبایلی زیرەك لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

## نۆیەم: ڕێگاکانی هاوبەشیکردنی تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

بەڕێژەی (٥٤,٢٪) کە زۆرترین ڕێژەیە و بەناوەندی ژمێرەیی (٠,٨١) و لادانی پێوەری (٠,٤٠٨) هاوبەشیکردنی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا بە ( پلەیەکی زۆر) بەهۆی هێڵی تەلەفۆنی ناوخۆییەوە دەبێت، بەڕێژەی (٦٦,٧٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,٣٣) و لادانی پێوەری (٠,٤٨) هاوبەشی ئینتەرنێت لەڕێگەی فلاش میمۆرییەوە بە (پلەیەکی کەم) دەبێت.

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

بەڕێژەی (٤٤,٤) کە زۆرترین ڕێژەیە، بەناوەندی ژمێرەیی (٢,١٧) و لادانی پێوەری (٠,٨٥٧) سازێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەهۆی تەلەفۆنی ناوخۆییەوە بە (پلەیەکی زۆر) لە خزمەتگوزاری تۆڕی ئینتەرنێت سوودمەند دەبن، بەڕێژەی (٦٦,٧٪) و بە ناوەندی ژمێرەیی (١,٣٣) و لادانی پێوەری (٠,٤٨٥) و بە (پلەیەکی کەم) هاوبەشیکردنی تۆڕی ئینتەرنێت بەهۆی فلاش میمۆرییەوە دەبێت.

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

بەڕێژەی (٨٣,٣٪) کە زۆرترین ڕێژەیە، بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٤٠٨) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بەهۆی تەلەفۆنی ناوخۆییەوە سوودمەند دەبن لە هێڵی ئینتەرنێت، هەروەها بەڕێژەی (٦٦,٧) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,٣٣) و لادانی پێوەری (٠,٥١٦) بە (پلەیەکی کەم) هاوبەشیکردنی ئینتەرنێت بەهۆی فلاش میمۆرییەوە دەبێت.

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەدوو ڕۆژنامەکە لە هاوبەشیکردنی تۆڕی ئینتەرنێت بەهۆی هێڵی تەلەفۆنی ناوخۆییەوە بە (پلەیەکی زۆر)، هاوبەشیکردنییان بە (پلەیەکی کەم) بەهۆی فلاش میمۆرییەوە خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، جیاوازی لەهاوبەشیکردنیان لە شێوازەکانی دیکە و بە پلەی جیاواز دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوانیان، بڕوانە خشتەی(١٥).

بەوپێیەی کە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) خاوەن هێڵی پەیوەندیکردنی ناوخۆیین توانیویانە بەهۆیەوە لەخزمەتگوزاری هێڵی ئینتەرنێت سوودمەندبن، ئەمەش بۆ خێرایی هێڵەکە بەو ڕێگایە و کەمی تێچوونەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە دەستپێشخەری ڕۆژنامەوانی بەیەکێك لە پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژانامەوانی دادەنرێت کە یەکێك لە پێویستییەکانی هەبوونی هێڵی ئینتەرنێتی خێرایە لەکاتی سازاندندا بۆ دەستەبەرکردنی.

**خشتەی(١٥)**

## دەیەم: بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

بەڕێژەی (٧٩,٢٪) کە زۆرترین ڕێژەیە سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە (پلەیەکی زۆر) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٩) و لادانی پێوەری (٠,٤١) وئینتەرنێت بۆ گەڕان لەنێو پێگەکان و وەرگرتنی زانیاری و وێنە لێیانەوە بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی (٢٥٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢) و لادانی پێوەری (٠,٧٧) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەران ئینتەرنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەکاتی ڕوودانیاندا بەکاردەهێنن.

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

بەڕێژەی (٧٧,٨٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٨) و لادانی پێوەری (٠,٤٢٦) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ئینتەرنێت بۆ گەڕان لەنێو پێگەکان و وەرگرتنی وێنە و زانیاری لێیانەوە بە (پلەیەکی زۆر) بەکاردەهێنن، هەروەها بەڕێژەی (٢٢,٢٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٦)، (٢,٣٣) و لادانی پێوەری (٠,٧٢٥)، (٠,٨٤٠) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەران ئینتەرنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان و وەرگێڕانی دەقە بیانییەکان بەکاردەهێنن، واتە کەمترین بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ئەو دوو بڕگەیە تەرخاندەکرێت.

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

بەڕێژەی (٨٣,٣٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٤٠٨) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) ئینتەرنێت بۆ گەڕان لەنێو پێگەکان و وەرگرتنی وێنە و زانیاری لێیانەوە بە (پلەیەکی زۆر) بەکاردەهێنن، بەڕێژەی (٣٣,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,٨٣)، (٢,١٧) و لادانی پێوەری (٠,٧٥٣)،(٠,٩٨٣) و بە (پلەیەکی کەم) بۆ بەریدی ئەلیکترۆنی و بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەکاتی ڕوودانیاندا بەکاردەهێنن.

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە (پلەیەکی زۆر) لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ گەڕان لەنێو پێگەکان و وەرگرتنی وێنە و زانیاری لێیانەوە، هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان لەکاتی ڕوودانیاندا بە (پلەیەکی کەم) دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە، کەمی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ بەریدی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا و بۆ وەرگێڕانی دەقە بیانییەکان لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بە (پلەیەکی کەم)خاڵی جیاوازی نێوانیانە، بڕوانە خشتەی (١٦).

لەبەرئەوەی زانیاری گرنگترین کەرەستەی کاری ڕۆژنامەوانییە و لە ئێستاشدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە لە ئینتەرنێتەوە دەتوانرێت زۆرترین زانیاری بەدەستبخرێت بەبێ پێویستبوون بە پەیامنێران و ستافی کارکردنی زۆر سەرەڕای خێرایی و ئاسانی لە ئەنجامدانی کارەکە بەکەمترین کات و تێچوون و بەباشترین شێواز، هەربۆیە زۆرترین بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن سازێنەرانەوە بۆ گەڕانە لەنێو پێگەکان و وەرگرتنی وێنە و زانیاری لێیانەوە.

## خشتەی(١٦)

## بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

## یازدەیەم: بەکارهێنانی ئامراز و سەرچاوەکان لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نویٚ) و (ئاوێنە) بەڕێژەی (٦٦,٧٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٦٢) و لادانی پێوەری (٠,٥٧) ئاژانسەکانی هەواڵ وەك سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە (پلەیەکی زۆر) بەکاردەهێنن، بەڕێژەی (٨٢,٢٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٢) و لادانی پێوەری (٠,٥) و بە (پلەیەکی کەم) ئامرازی سکانەر بەکاردەهێنن واتە کەمترین بەکارهێنانی هەیە.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ**

بەڕێژەی (٦٦,٧٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٦٧) و لادانی پێوەری (٠,٥١٦) سازێنەرانی ڕۆژنامە ئاژانسەکانی هەواڵ بە (پلەیەکی زۆر) بەکاردەهێنن، بەڕێژەی (٧٧,٨٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٢٨) و لادانی پێوەری (٠,٥٧٥) سازێنەرانی ڕۆژنامە بە (پلەیەکی کەم) ئامرازی (سکانەر) بەکاردەهێنن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە وەرگرتنی وێنە و زانیاریەکان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەدەستدەهێنرێت.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

بەڕێژەی (٨٣,٣٪) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیان پشت بە سەرچاوەی ئەلیکترۆنی وەك ئینتەرنێت دەبەستن بە (پلەیەکی زۆر) لەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە وەرگرتنی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان لە ئینتەرنێتەوە ئاسانتر و خێراتربووە، ئەمەش وایکردووە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەڕێژەیەکی زۆربێت، بە (پلەیەکی کەم) و بەڕێژەی (١٠٠٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەری (٠) بەکارهێنانی سکانەربوونی دەبێت لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە**

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە پێدانی (پلەیەکی کەم) بۆ ئامرازی (سکانەر) خاڵی هاوبەشی نێوانیانە و پێدانی (پلەیەکی زۆر) بە (ئینتەرنێت) و (ئاژانسەکانی هەواڵ) خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

بەو پێیەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نویٚ) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی گشتییە و لاپەڕەی تایبەتمەند بە هەواڵ و سیاسەتی نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت بۆ ئامادەکردنی ئەو لاپەڕەیەش بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاژانسەکانی هەواڵ دەبەسترێت، بۆیە بەکارهێنانی ئاژانسەکانی هەواڵ وەك سەرچاوەیەك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە، بەڵام لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا ئینتەرنێت بۆ مەبەستی وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بەکاردێت، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە وەرگرتنی وێنە و زانیارییەکان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئاسانتربووە، ئەمەش وادەکات بەکارهێنانی ئامرازی (سکانەر) کەمترین بەکارهێنانی هەبێت، بڕوانە خشتەی (١٧).

**خشتەی(١٧)**

**بەکارهێنانی ئامراز و سەرچاوەکان لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا**

## دوازدەیەم: بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە قۆناغی گواستنەوەی ماددەی ڕۆژنامەوانی بۆ هۆڵی سازاندن

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

بە (پلەیەکی زۆر) و بەڕێژەی (٥٨,٣٪) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە ئامرازی (تەلەفۆن) بۆ گواستنەوەی ماددەی ڕۆژنامەوانی بۆ نێو هۆڵی سازاندن بەکاردەهێنن، ( بەپلەیەکی کەم) و بەڕێژەی (١٠٠٪) تیلی فۆتۆ بەکاردەهێنن.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

بەڕێژەی (٥٠٪) سازێنەرانی کوردستانی نوێ بۆ وەرگرتنی لێدوان و زانیاری پێویست لە کەسایەتی و لایەنی پەیوەندیدار بە هەواڵ و ڕووداوەکانەوە تەلەفۆنی تایبەت بەکاردەهێنن کە لەیەك کاتدا توانای خەزنکردنی گفتوگۆکانی هەیە بەهۆی کاسێتی تایبەت بە خۆیەوە واتە هەر لەدەزگاکەوە بەبێ سەردانیکردنی شوێنەکان دەتوانرێت گفتوگۆ و لێدوانەکان تۆماربکرێن، بە (پلەیەکی کەم) و بەڕێژەی (١٠٠٪) سازێنەران (تیلی فۆتۆ) بەکاردەهێنن هۆکارەکەشی بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە کە ئامێری نوێ جێی بەئامێرە کۆنەکان لێژکردووە.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

بە (پلەیەکی زۆر) و بەڕێژەی (٨٣,٣٪) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) تەلەفۆن بەکاردەهێنن بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، بە (پلەیەکی کەم) و بەڕێژەی (١٠٠٪) ئامرازەکانی (تیلیتێکست، تیلی فاکس، تیلی فۆتۆ) بەکاردەهێنن بەهۆی جێگرەوەیان بە ئامرازی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ، بڕوانە خشتەی (١٨).

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە**

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە بەکارهێنانی تەلەفۆن بە (پلەیەکی زۆر)، و بەکارهێنانی (تیلی فۆتۆ) بە (پلەیەکی کەم) خاڵی هاوبەشییانە، کەمی بەکارهێنانی (تیلیتێکست و تیلی فاکس) لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا دەبێت خاڵی جیاوازی نێوانیان.

**خشتەی(١٨)**

## سیازدەیەم: بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە قۆناغی ئەمبارکردن و بلاّوکردنەوە و خستنەڕووی بابەتی ڕۆژنامەوانیدا

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

بە (پلەیەکی زۆر) و بەڕێژەی (٢٠,٥) کە زۆرترین ڕێژەیە سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە تۆڕی دیجیتاڵی و تۆڕی گورزە و کێبڵ بەکاردەهێنن، لەبەرامبەردا بە (پلەیەکی کەم) و بە ڕێژەی (٧٩,٢٪) فاکس مەیل و مانگی دەستکرد بەکاردەهێنن.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

بە (پلەیەکی زۆر) و بە ڕێژەی (٢٢,٢٪) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کودستانی نوێ) تۆڕی گورزە و کێبڵ بەکاردەهێنن بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی تەلەفۆنەوە، هەروەها بەڕێژەی (٨٣,٣) و بە (پلەیەکی کەم) گەیاندنی تەلدار و بێتەل و فاکس مەیل بەکاردەهێنن کە کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

بە (پلەیەکی زۆر) و بەڕێژەی (٥٠٪) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) تۆڕی دیجیتاڵی بەکاردەهێنن، چونکە پێیان وایە "ئەگەر بێت و ڕۆژێك تۆڕی ئینتەرنێت بوونی نەبێت ناتوانرێت کاری ڕۆژنامەوانی ئەنجامبدرێت"، بە (پلەیەکی کەم) و بە ڕێژەی (٨٣,٣) مانگی دەستتکرد بەکاردەهێنن.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە**

خاڵی هاوبەش لەنێوان دوو ڕۆژنامەکەدا بەدیناکرێت، بەکارهێنانی ئامرازەکانیش بەپلە و شێوازی جیاواز دەبێتە خاڵ جیاوازی نێوانیان، بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩)**

**بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە قۆناغی ئەمبارکردن و بڵاوکردنەوە و خستنەڕووی بابەتی ڕۆژنامەوانیدا**

## چواردەیەم: بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

بە (پلەیەکی زۆر) و بەڕێژەی (٨٣,٣٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٩) و لادانی پێوەری (٠,٥٠) تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیس بووک) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا، بەڵام تۆڕی (ئینستاگرام) و (تێلیگرام) بەڕێژەی (٧٠,٨٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٤١)، (١,٢٩) و لادانی پێوەری (٠,٧١)، (٠,٤٦) (پلەیەکی کەم) کەمترین بەکارهێنانیان هەیە.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

بەڕێژەی (٨٣,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٨) و لادانی پێوەری (٠,٥٤٨) بە(پلەیەکی زۆر) تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیس بووک) بەکاردەهێنرێت، بەڵام تۆڕی (تێلیگرام) کەمترین بەکارهێنانی هەیە بەجۆرێك (٧٧,٨٪) سازێنەران (پلەیەکی کەم) یان بۆ دەستنیشانکردووە بەناوەندی ژمێرەیی (١,٢٢) و لادانی پێوەری (٠,٤٢).

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

بەڕێژەی (٨٣,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٤٠٨) بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە)ش تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبوك) بەکاردەهێنن بۆ هەمان مەبەست، بەڵام تۆڕی (ئینستاگرام) کەمترین بەکارهێنانی هەیە بەڕێژەی (٦٦,٧٪) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٦٧) و لادانی پێوەری (١) بە (پلەی کەم) بەکاردەهێنرێت.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە**

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە زۆری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیس بووك) خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، کەمی بەکارهێنانی تۆڕی (ئینیستاگرام) و (تێلیگرام) لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

خشتەی (٢٠) ئەوە دەردەخەن کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، چونکە لەڕێی ئەم تۆڕەوە سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) لەپێگە تایبەتییەکانەوە زانیاریی سەبارەت بەو کەسایەتییانەی کە مەبەستییانە وەردەگرن، هەروەها وەرگرتنی لێدوان و وێنەی تایبەت بەخێرایی و بە ئاسانی بەدەست دەهێنرێت سەرەڕای ئەوەی بەهۆی ئەم تۆڕەوە زانیارییە بڵاوکراوەکانی پێگەکانی دیکەش دەبینرێن، بەپێچەوانەشەوە هەریەك لە تۆڕەکانی (تێلیگرام) و (ئینستاگرام) کەمترین بەکارهێنانیان هەیە.

**خشتەی (٢٠)**

**بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا**

**پازدەیەم: سوودەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا**

١. **بەشێوەیەکی گشتی:** بەڕێژەی (٩١،٧٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢،٩١) و لادانی پێوەری (٠،٢٨) بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بووەتە هۆی ئاسانی و خێرایی لە دەسکەوتنی زانیارییەکاندا، بەڕێژەی (١٦،٧٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢،٢٥) (٢،١٢) و لادانی پێوەری (٠،٧٣) (٠،٦٧) و بە (پلەیەکی کەم) سازێنەران پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەسوودە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکاندا و کەمی ئەنجامدانی هەڵە و وردی لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا.

٢. **ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

بەڕێژەی (٨٨،٩٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢،٨٩) و لادانی پێوەری (٠،٣٢٣) بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەران پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەسوودبووە بۆ ئاسانی و خێرای لە دەستکەوتن و بەکارهێنانی زانیارییەکاندا، بە (پلەیەکی کەم) و بەڕێژەی (١٦،٧) ی سازێنەران بەناوەندی ژمێرەیی (٢،٣٩) و لادانی پێوەری (٠،٧٧٨) لەو بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیا بووەتەهۆی کەمی ئەنجامدانی هەڵە و وردی لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا.

٣. **ڕۆژنامەی ئاوێنە**

بەڕێژەی (١٠٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەری (٠) بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی ڕۆژنامەی ئاوێنە لەو بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیا بووەتە هۆی ئاسانی و خێرای لە دەستکەوتن و بەکارهێنانی زانیارییەکان، خێرایی لە پێشکەشکردن و گواستنەوەی زانیارییەکان و کەمکردنەوەی تێچوون و زیادبوونی بەرهەم، بەڕێژەی (٣٣،٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١،٦٧) بەلادانی پێوەری (٠،٥١٦) (پلەیەکی کەم) سازێنەران لەو بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەسوودبووە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکاندا، سەرەڕای ئەوەش بەشێك لە سازێنەران پێیان وایە یەکێکی دیکە لە سوودەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بۆ ئاگاداربونە لە ڕوودا و پەیوەندیکردن بە پەیامنێران و کەسانی ئاگادار.

٤. **خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە**

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لەسەر ئەوەی کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هاوکار و بەسوود بووە لە ئاسانی و خێرای لە دەستکەوتن و بەکارهێنانی زانیارییەکاندا بە (پلەیەکی زۆر) خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، هاوڕانەبوونی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەگەڵ سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) بە (پلەیەکی زۆر) سەبارەت بە سوودەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە خێرایی پێشکەشکردن و گواستنەوەی زانیارییەکان و کەمکردنەوەی تێچوون و زیادبوونی بەرهەم خاڵی جیاوازی نێوانیانە، هەروەها هاوڕانەبوونی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) و (کوردستانی نوێ) لەپێدانی (پلەیەکی کەم) بە بڕگەکانی (تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هۆکاربووە بۆ کەمی ئەنجامدانی هەڵە و وردی لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا)، (تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەسوودبووە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکاندا) خاڵێکی دیکەی جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکەیە.

خشتەی (٢١) ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی سازێنەران هاوڕان لەسەر سوودی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ئاسانی و خێرای لە دەستکەوتن و بەکارهێنانی زانیارییەکاندا ئەمەش لەبەرئەوەی بەهۆی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە سازێنەران توانیویانە لە کەمترین کاتدا و بە باشترین جۆرایەتی زۆرترین کار ئەنجامبدەن، بە پلەیەکی کەمیش سازێنەران پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەسوودە بۆ کەمی ئەنجامدانی هەڵە و وردی لە ناوەڕۆکی بابەتەکاندا، بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکاندا، چونکە سەرەڕای ئاسانکارییەکانی هەندێکجار بەهۆی چڕی ڕووداوەکان و بەدواداچوونی خێرایان بەهۆی تەکنەلۆژیاوە هۆکارێك بووە بۆ ئەنجامدانی هەڵە و کەموکورتی لە سازاندنی بابەتەکاندا.

**خشتەی(٢١)**

**سوودەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا**

**شازدەیەم: سودوەرگرتن لە ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن لە ئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا**

**١. بەشێوەیەکی گشتی:**

بەڕێژەی (٦٢,٥٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٥٠) و لادانی پێوەری (٠,٧٢) بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گواستنەوە و بەدواداچوونی هەندێك لە ڕووداوەکان بەکاردەهێنن، بە ڕێژەی (٩١,٧٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەری (٠,٢٨) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەران ئامێری (فاکس) بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵی دامەزراوە بەهێز و جیاوازەکان بەکاردەهێنن.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:**

بەڕێژەی (٦١,١٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٤٤) و لادانی پێوەری (٠,٧٨٤) سازێنەرانی (کوردستانی نوێ) پۆستەی ئەلیکترۆنی بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان بەکاردەهێنن، بەڕێژەی (٨٨,٩٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,١١) و لادانی پێوەری (٠,٣٢٣) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئامێری (فاکس) بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵی دامەزراوە بەهێز و جیاوازەکان بەکاردەهێنن.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە:** بەڕێژەی (٨٣,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٤٠٨) بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گواستنەوە و بەدواداچوونی هەندێك لە ڕووداوەکان، و هەروەها بۆ ئاراستەکردنی پرسەکانی جەماوەر بۆ کەسایەتییەکان بەکاردەهێننن، بەهەمان ڕێژەش مۆبایلی زیرەك لە تۆمارکردنی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا بەکاردەهێنن، بەڕێژەی (١٠٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەری (٠) (پلەیەکی کەم) سازێنەران ئامێری (فاکس) بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵی دامەزراوە بەهێز و جیاوازەکان بەکاردەهێنن.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی هەردوو ڕۆژنامەکە:** هەروەك لە خشتەی (٢٢) دا ڕوونکراوەتەوە، هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە بەکارهێنانی ئامێری (فاکس) بە پلەیەکی کەم دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوانیان، پێدانی (پلەیەکی زۆر) بۆ (پۆستەی ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، و (مۆبایلی زیرەك) خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

خشتەی (٢٢) ئەوە دەردەخات لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا پۆستەی ئەلیکترۆنی بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، توێژەر هۆکارەکەی بۆ جۆراوجۆری لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەگەڕێنێتەوە، بەجۆرێك ڕۆژانە ناردنی بابەتەکان لەلایەن نوسەران و هاوڵاتییانەوە بەهۆی پۆستەی ئەلیکترۆنییەوە دەبێت، ئەمەش وایکردووە کە لەنێو خودی دەزگاکەدا کارمەندێك تایبەتمەندبکرێت بۆ وەرگرتنی پۆستە ئەلیکترۆنییەکان و پاشان دابەشکردنیان بەسەر بەرپرسی لاپەڕەکاندا بەپێی تایبەتمەندیی بابەتەکان، ئەمەش وایکردووە کە لە ئێستادا تەکنەلۆژیای پۆستەی ئەلیکترۆنی جێگەی ئامێری فاکس بگرێتەوە کە پێشتر بەکاردەهات.

توێژەر هۆکاری زۆری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا بۆ هەبوونی پێگەی تایبەتی بە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لە نێو تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیس بووك)دا دەگەڕێنێتەوە بەجۆرێك ڕۆژانە سازێنەرانی ڕۆژنامە لەلایەك ئاگاداری گواستنەوە و بەدواداچوونی ڕووداوەکان دەبن، لەلایەکی دیکەشەوە ئاگاداری بیروبۆچوونی جەماوەر دەبن لەسەر بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەکەیان، ئەمەش دەبێتە وێستگەیەك بۆ گەیاندنی پرس و سەرنجەکانی جەماوەر هەم بە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکە و هەم بە کەسایەتییەکان لەلایەکی دیکەوە، هەروەها بە هەمان ڕێژەش (مۆبایلی زیرەك) لە تۆمارکردنی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا بەکاردەهێنن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە، لە ئێستادا بە مۆبایلی زیرەك دەتوانرێت گفتوگۆ و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکان تۆماربکرێن و چیتر پێویست بە بەبەکارهێنانی ئامێری دەنگ تۆمارکردن نەکات.

**خشتەی (٢٢)**

**سودوەرگرتن لە ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن لە ئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا**

## حەڤدەیەم: سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکندا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

بەڕێژەی (٨٣,٣٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨٣) و لادانی پێوەری (٠,٣٨) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لەو بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بووەتە هۆی سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەخێراییەکی زیاتر، بەڕێژەی (٢٥٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢) و لادانی پێوەری (٠,٧٧) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەران پێیان وایە کە کەتەکنەلۆژیا بووەتە هۆی ئاسانکردنی هەڵەبڕی و نەمانی کاری پیت چنین.

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

بەڕێژەی (٧٧,٨٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٧٨) و لادانی پێوەری (٠,٤٢٨)، بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەو بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیا بووەتە هۆی سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەخێراییەکی زیاتر، بە ڕێژەی (١١,١٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٣٩) و لادانی پێوەری (٠,٦٩٨) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەران لە بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەسوود بووە لە (خێرای لە گەڕاندنەوەی بابەتە ئەرشیفکراوەکان، ئاسانی لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکانی نێو بابەتەکان، ئاسانی و خێرایی پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرچاوە جیاوازەکان)، بەهەمان ڕێژە و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٣٢)،(٢,٤٤) و لادانی پێوەری (٠,٦٨٦)، (٠,٧٠٥) سازێنەران بە (پلەیەکی کەم) تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بۆ (ئاسانکردنی هەڵەبڕی و نەمانی کاری پیت چنین، ئاسانی گەڕان لەنێو دەقی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکاندا) بەسوودبووە، لەهەموو ئەم کارانەشدا تەکنەلۆژیای نوێ ڕۆڵی هەبووە، بەڵام بە پلەیەکی کەمتر بەراورد بە کارەکانی دیکە کە زۆرترین پلەیان هەیە، هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە دوا گۆڕانکاری و ڕووداوەکان.

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

بەڕێژەی (١٠٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەری (٠) بە (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لەو بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هۆکاربووە لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەخێراییەکی زیاتر، هەروەها بەڕێژەی (٦٦,٧٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,٣٣) و لادانی پێوەری (٠,٥١٦) (پلەیەکی کەم) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لەو بڕوایەدان کە تەکنەلۆژیا بووەتە هۆی ئاسانکردنی هەڵەبڕی و نەمانی کاری پیت چنین.

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە (پلەیەکی زۆر) لەسەر کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیا لە سازاندنی بابەتەکاندا بەخێرایەکی زۆرتر، هەروەها هاوڕابوونیان بە (پلەیەکی کەم) لە ئاسانکردنی هەڵەبڕی و نەمانی کاری پیت چنین، خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، لەبەرامبەردا پێدانی (پلەیەکی کەم) لەلایەن سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە بە بڕگەکانی (ئاسانی گەڕان لەنێو دەقی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکاندا، ئاسانی و خێرایی پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرچاوە جیاوازەکان، خێرای لە گەڕاندنەوەی بابەتە ئەرشیفکراوەکان، ئاسانی لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکانی نێو بابەتەکان) و خاڵی جیاوازییانە.

خشتەی (٢٣) ئەوە دەردەخات کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بووەتە هۆی سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەخێراییەکی زیاتر توێژەر هۆکارەکەی بۆ بوونی ئامێری کۆمپیوتەر دەگەڕێنێتەوە بەجۆرێك جاران لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا تەنها (٢) کۆمپیوتەر بوونی هەبووە (٩٠-٩٥٪) بابەتەکان بە دەستنووس گەشتووەتە ڕۆژنامەکە دواتر تایپ و هەڵبڕی بۆ کراوە لەلایەن (٦) هەڵەبڕ و (٦) تایپێستەوە، هەموو لاپەڕەیەکیش تایپێستێکی هەبووە، دواتر دوو هەڵەبڕ پێداچوونەوەیان بۆ بابەتەکان کردووە، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە (٩٥٪) بابەتەکان بە تایپکراوی دەگاتە ڕۆژنامەکە (١) تایپێست هەیە و هەڵەبڕ بوونی نییە، ئەوەی لاپەڕە ئامادەدەکات خۆی هەڵەبڕە و کۆمپیوتەر هەموو ئیشەکان دەکات و خێراترە، هەروەها وەرگرتنی وێنە بۆ بابەتەکان بەهۆی ڕۆژنامە و

گۆڤارەکانەوە دەبوو پاش سکانکردنی بێت، بەڵام ئێستا لە گوگڵ یان لە پەیجەکاندا بە هەزاران وێنە هەیە هەموو ئەمانەش هۆکارن لە سازاندنی بابەتەکاندا بە خێراییەکی زۆرتر.
بەهەمان شێوەش لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان بەخێراییەکی زیاتر هۆکارەکەی بۆ بوونی کۆمپیوتەر و ئاسانی و خێرایی لەگەشتنی بابەتەکان بەهۆی پۆستەی ئەلیکترۆنییەوە دەگەڕێتەوە بەتێچوون و کاتێکی کەمتر بەراورد بە جاران.

## خشتەی (٢٣)

## سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکندا

**هەژدەیەم: زیادبوونی بەرپرسیارێتی کارگێڕیی و پیشەیی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەئەنجامی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ (بەڵێ)**

١. **بەشێوەیەکی گشتی:** لەوەڵامی پرسیاری ئایا تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەرپرسیارێتی (کارگێڕی و پیشەیی) سازێنەرانی ڕۆژنامەی زیاتر کردووە، لەکۆی (٢٤) سازێنەر (٢١) سازێنەر وەڵامی (بەڵێ)یان هەڵبژاردووە، لەو ڕێژەیەش (٧٥٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨١) و لادانی پێوەری (٠,٥١) (پلەیەکی زۆر) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لەو بڕوایەدان کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە بەرپرسیارێتی سازێنەران زیادیکردووە لەوانەش (دیاریکردنی ناونیشانی گونجاوە بۆ بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان)، بەڕێژەی (١٢,٥٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٤٣) و لادانی پێوەری (٠,٧٤) (پلەیەکی کەم) سازێنەران دیزاینی لاپەڕەکان و دەرهێنانیان لە ئەستۆدایە.

٢. **ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:** لەکۆی گشتی سازێنەرانی ڕۆژنامەکە تەنها (١٦) سازێنەر وەڵامی (بەڵێ) یان هەڵبژاردووە و کە تێیدا بەڕێژەی (٨١,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٨١) و لادانی پێوەری (٠,٤٠٣) بە (پلەیەکی زۆر) لەو بڕوایەدان کە سەرەڕای سازاندنی بابەتەکان پێداچوونەوەی کۆتایی بۆ بابەتەکانیان دەکەن و ناونیشانی گونجاویشیان بۆ دادەنێن، بە ڕێژەی (٦,٣٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٥٦) و لادانی پێوەری (٠,٦٢٩) بە (پلەیەکی کەم) سازێنەران پێیان وایە کە دیاریکردنی وێنە و دیزاینی لاپەڕەکان و دیاریکردنی ناونیشان لە ئەستۆی سازێنەراندایە، بڕوانە خشتەی (٢٤).

تەنها دوو لە سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەو بڕوایەدان کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ نەبووەتە هۆی زیادبوونی بەرپرسیارێتی سازێنەران وەڵامی (نەخێر) یان هەڵبژاردووە، و هۆکارەکانی کەمی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەم شێوەیە دەستنیشان دەکەن: بەڕێژەی (١٠٠٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەری (٠)، هۆکارەکەی بۆ کەمی پێویستی تەکنیك و کەمی خواستی بەکارهێنان بۆی دەگەڕێننەوە، هەروەها بەڕێژەی (١٠٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١) و لادانی پێوەری (٠)، بە (پلەیەکی کەم) هۆکارەکەی بۆ بێئاگایی لە بوونی تەکنیك و بێ ئاگایی لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنیك دەگەڕێننەوە، بڕوانە خشتەی (٢٤).

٣. **ڕۆژنامەی ئاوێنە:** لەکۆی گشتی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) (٥) سازێنەر وەڵامی (بەڵێ) یان هەڵبژاردووە بەجۆرێك بەڕێژەی (١٠٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٣) و لادانی پێوەری (٠) بە (پلەی زۆر) لەو بڕوایەدان کە دیاریکردنی ناونیشانەکان لە ئەستۆی سازێنەراندایە، بە ڕێژەی (٤٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (٢) و لادانی پێوەری (١) بە (پلەیەکی کەم) لەو بڕوایەدان کە دیزاین و دەرهێنانی لاپەڕەکان ئەنجامدەدەن، تەنها یەك سازێنەر وەڵامی (تاسنورێك)ی هەڵبژاردووە و بژاردەکانی (پێداچوونەوە بە بابەتەکان و داڕشتنەوەیان، بەشداری لە کاری دیزاین، دۆزینەوە و هەڵبژاردنی فۆتۆ)ی نوسیوە و ئاماژەی بە دیاریکردنی ناونیشانەکان لەلایەن سازێنەرانەوە نەکردووە.

٤. **خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە:** هاوڕابوونی سازێنەران بە (پلەیەکی زۆر) لە دیاریکردنی ناونیشانی گونجاو بۆ بابەتەکان، و بە (پلەیەکی کەم)یش لە دیزاینی لاپەڕەکان و دەرهێنانیان خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، دیاریکرنی وێنە و پێداچوونەوەی کۆتایش بۆ بابەتەکان تەنها لەلایەن سازێنەرانی (کوردستانی نوێ)وە خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

خشتەی (٢٤) ئەوە دەردەخات کەپێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هۆکارێك بووە بۆ زیادبوونی بەرپرسیارێتی(کارگێڕی و پیشەیی) سازێنەرانی ڕۆژنامە، بەجۆرێك ئەگەر لەڕابردوودا پێداچوونەوەی کۆتایی بۆ بابەتەکان و ڕێکخستنەوەیان لەئەستۆی هەڵەبڕ یان بەرپرسی سازاندنەوە ئەنجام بدرایە، ئەوا لەئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و کەمبوونەوەی ستافی سازاندن و زیادبوونی بەرپرسیارێتی سازێنەرانەوە ئەم کارە لەلایەن خودی سازێنەرەوە ئەنجامدەدرێ، ئەم گۆڕانکارییەش ئەوە دەردەخات کەبوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەشێوەیەکی هەمەلایەن و فرە ڕەهەند گۆڕانکاری لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا دروستکردووە و دواجاریش کاریگەرێتیی ئاشکرای لەسەر کۆی پرۆسەی سازاندن بەجێهێشتووە.

**خشتەی (٢٤)**

**زیادبوونی بەرپرسیارێتی کارگێڕیی و پیشەیی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەئەنجامی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ (بەڵێ)**

**خشتەی (٢٥)**

**زیادنەبوونی بەرپرسیارێتی کارگێڕیی و پیشەیی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەئەنجامی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ (نەخێر)**

## نۆزدەیەم: ڕیزبەندکردنی لایەنە نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

خشتەی (٢٦) ئەوە دەردەخات کە سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) لە و بڕوایەدان ماندوبوونی دەروونی و مێشکی لەئەنجامی چڕی بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکان بە (یەکەمین) لایەنی نەرێنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ دادەنرێت، چونکە بەهۆی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە ڕۆژانە ئاگاداری زۆرترین ڕووداو و زانیاری دەبن دواجار پێویستی ئاگادارکردنەوەی خوێنەرانیش بەو ڕووداوانە ماندوبوونی سازێنەرانی بەدوادادێت، سەرەنجام ماندوکردنی چاو و ئازاری پشت لەئەنجامی ڕوانینی بەردەوام بۆ شاشەی کۆمپیوتەر و دانیشتنی بەردەوام لە بەردەمیدا لە ڕیزبەندی (دووەم) دێت، زۆری پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و پێویستی هەمیشەیی بۆ بەدواداچوونیان لە ڕیزبەندی سێیەمدایە، سڕینەوە و لەدەستچوونی هەندێك لە فایلە دەنگی و وێنەییەکان کەمترین لایەنی نەرێنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێیە کە ڕووبەڕووی سازێنەرانی ڕۆژنامەکە دەبێتەوە لە ڕیزبەندی (دوازدەیەم)دا دێت هۆکارەکەشی بۆ سوودوەرگرتن لە بەرنامەی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە بە دەستخستنەوەی فایلە لەدەستچووەکان.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

ماندوبوونی دەروونی و مێشکی لەئەنجامی چڕیی بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکان، ماندوکردنی چاو و ئازاری پشت لەئەنجامی ڕوانینی بەردەوام بۆ شاشەی کۆمپیوتەر و دانیشتنی بەردەوام لە بەردەمیدا، زۆری پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و پێویستی هەمیشەیی بۆ بەدواداچوونیان لە ڕیزبەندی (یەکەم و دووەم و سێیەمدا)ن، سڕینەوە و لەدەستچوونی هەندێك لە فایلە دەنگی و وێنەییەکانیش لە ڕیزبەندی (دوازدەیەمدا)یە، لایەنە نەرێنییەکانی دیکەش ڕیزبەندیی جیاواز وەردەگرن.

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

ماندوبوونی دەروونی و مێشکی لەئەنجامی چڕیی بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکان، ماندووکردنی چاو و ئازاری پشت لەئەنجامی ڕوانینی بەردەوام بۆ شاشەی کۆمپیوتەر و دانیشتنی بەردەوام لە بەردەمیدا، زۆری پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و پێویستی هەمیشەیی بۆ بەدواداچوونیان لە ڕیزبەندی (یەکەم و دووەم و سێیەمدا)ن، سڕینەوە و لەدەستچوونی هەندێك لە فایلە دەنگی و وێنەییەکانیش لە ڕیزبەندیی (دوازدەیەمدا)یە، لایەنە نەرێنییەکانی دیکەش ڕیزبەندی جیاواز وەردەگرن.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە**

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لە پێدانی هەمان ڕیزبەندی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و هەشتەم و دوازدەیەم) بە لایەنە نەرێنییەکان دەبێتە خاڵی هاوبەشی نێوانیان، جیاوازیش لەپێدانی ڕیزبەندیی جیاواز بە لایەنە نەرێنییەکانی دیکە خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

خشتەی (٢٦) ئەوە دەردەخات کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ سەرەڕای کاریگەرێتییە ئەرێنییەکانی کاریگەرێتیی نەرێنیش لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامە بەجێدەهێڵێت.

**خشتەی (٢٦)**

**ڕیزبەندکردنی لایەنە نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا**

## بیستەم: ڕیزبەندکردنی پێشنیازەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە بەرەوپێشچوونی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە هاوڕان بە پێدانی ڕیزبەندی (یەکەم) بە پێشنیازی ڕاهێنانی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان، سەیرکردنی ئەزمونی ڕۆژنامە ناوازەکان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا بە پێشنیاری (دووەم) دادەنرێت، پاراستنی ئامێرەکان لە تێکچوون و فایرۆسات بە ڕیزبەندی (سێیەم) دەژمێررێت.

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بۆچوونیان وایە ڕاهێنانی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بە یەکەمین پێشنیاز دادەنرێت بۆ بەرەوپێش چوونی کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی، چونکە پێیان وایە باش بەکارهێنانی ئامرازەکان دەبێتەهۆی بەرەوپێش چوونی کاری سازاندنی ڕۆژنامەنووسی، سەیرکردنی ئەزموونی ڕۆژنامە ناوازەکان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا بە (دووەم) پێشنیاز و گرنگیدان بە بەشی هونەریی تایبەت بەلایەنی تەکنەلۆژی لە ڕۆژنامەدا بە(سێیەم) پێشنیاز دادەنرێت.

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

ڕاهێنانی سازێنەرانی ڕۆژنامە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان، بە (یەکەم)ین پێشنیازی بەرەوپێش چوونی سازاندنی ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، سوودوەرگرتن لە ئامێرەکانی پارێزگاری لە بینین لە تیشکی شاشەی کۆمپیوتەر بە پێشنیازی (دووەم) دادەنرێت، هەروەها سەیرکردنی ئەزمونی ڕۆژنامە ناوازەکان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا بە پێشنیازی (سێیەم) دادەنرێت.

### ٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە

هاوڕابوونی سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە بە پێدانی هەمان ڕیزبەندی (یەکەم و شەشەم و حەوتەم) لە دیاریکردنی هەمان پێشنیازدا خاڵی هاوبەشی نێوانیانە، جیاوازیش لەپێدانی ڕیزبەندی جیاواز بە پێشنیازەکانی دیکە خاڵی جیاوازی نێوانیانە.

**خشتەی(٢٧)**

## پاری سێیەم: جێبەجێکردنی بیردۆزی هەریەتی تەکنەلۆژیا ( الحتمية التكنلوجية)ی (مارشال ماکلۆهان)

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنان و کاریگەرێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)

### ١. بەشێوەیەکی گشتی

بەڕێژەی (٥٨,٣) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٥٨) و لادانی ژمێرەیی (٠,٥٠٣) بە شێوەیەکی (هەمیشەیی) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لەو باوەڕەدان کە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان لە کاری سازاندندا بووەتە هۆی باشترکردن و خێراترکردنی پرۆسەکە و کەمکردنەوەی تێچوون و کات لە ڕۆژنامەکانیاندا، بەهەمان ڕێژە و بەناوەندی ژمێرەیی (١,٥٠) و لادانی پێوەری (٠,٦٥٩) سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە لەو بڕوایەدان کە (هەرگیز) ئامرازی میدیای ئەلکترۆنی نوێ نەبووەتە هۆکارێك بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك جارێکی تر بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکی، ئەمەش پێچەوانەی تێڕوانینەکەی ماکلۆهانە کە پێی وایە ئامرازی میدیای ئەلیکترۆنی کار بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك دەکات جارێکی دیکە بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکی، کە پەیوەندییەکان لە ڕێگای تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنییەوە بەهێز ئەبێتەوە کە خۆی لە کۆمەڵگای خێڵەکی-ئەلکترۆنی ئەبینێتەوە.

### ٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

بەڕێژەی (٦١,١) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٦١) و لادانی پێوەری (٠,٥٠٢) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) پێیان وایە کە (هەمیشە) بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان لە کاری سازاندندا بووەتە هۆی باشترکردن و خێراترکردنی پرۆسەکە و کەمکردنەوەی تێچوون و کات لەڕۆژنامەکەیاندا، (هەرگیز) لە وبڕوایەشدا نین کە ئامرازی میدیای ئەلکترۆنی نوێ کاربکات بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك جارێکی تر بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکی بەڕێژەی (٦٦,٧) بەناوەندی ژمێرەیی (١,٣٩) و لادانی پێوەری (٠,٦٩٨)، بەڵکو کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ئاسانی لە دەستکەوتنی زانیارییەکان و خێراترکردن و باشتر ئەنجامدانی کاری سازاندندا دەبیننەوە.

### ٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە

بەڕێژەی (٦٦,٧٪) بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٦٧) و لادانی پێوەری (٠,٥١٦) سازێنەرانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) لەو بڕوایەدان کە (هەمیشە) بەهۆی بوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە (ستافی ڕۆژنامەکەیان پێکەوە بەستراوەتەوە و پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکردنی خێرای زانیارییەکانی لەکاتی ئامادەکردنی پەیامە ڕۆژنامەوانییەکاندا لەنێوانیاندا دروستکردووە، گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ گۆڕانکاریی لە پێکهاتە و ڕێکخستنی کارگێڕی و کاری ناوخۆیی و ژووری سازاندن و بەرهەمهێنان و دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەکەیاندا دروستکردووە، ئەوکەسەی کە ناتوانێت ڕۆژنامە بخوێنێتەوە لەڕێگای تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە دەیبیستێت و دەیبینێت بەهۆی دانانی کورتەی هەندێك لە بابەتەکان لەنێو پێگەی تایبەتی ڕۆژنامەکە لەتۆڕی ئینتەرنێتدا)، بەهەمان ڕێژە و بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٥٠) و لادانی پێوەری (٠,٨٣٧) سازێنەران پێیانوایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وایکردووە سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لە قۆناغێکی میکانیکی دەستییەوە ببێتە قۆناغێکی ئەلیکترۆنی، بەڕێژەی (٥٠٪) و بەناوەندی ژمێرەیی (١,٦٧) و لادانی پێوەری (٠,٨١٦) سازێنەران (هەرگیز) لەگەڵ ئەوەدا نین کە ڕۆژنامە بەبێ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ زیاتر سروشتی و ڕوونتر و ئاستی تاکیەتی بەرزتربێت، بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەدان ئەگەر تەکنەلۆژیا نەبێت کاری ڕۆژنامەوانیان پێناکرێت.

**٤. خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە**

سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لەبارەی کاریگەرێتییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنانی لەکاتی سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانیاندا بەڕێژە و شێوازی جیاجیا بەجۆرێك کە هیچ هاوبەشییەك لە تێڕوانیینەکانیاندا بەدیناکرێت، بڕوانە خشتەی (٢٨).

خشتەی (٢٨) ئەوە دەردەخات کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کردووە، بەجۆرێك کە بووەتەهۆی باشترکردن و خێراترکردنی پرۆسەکە و کەمکردنەوەی تێچوون و کات لەڕۆژنامەکەیاندا.

گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ڕێکخستنی کارگێڕی و کاری ناوخۆیی و ژووری سازاندن و بەرهەمهێنان و دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا دروستکردووە، پێشتر لە ڕۆژنامەکەدا سەرنوسەر و جێگری سەرنوسەر و ستافێك هەبووە، بەڵام ئێستا بوونەتە گروپێکی بچووك کە لە سەرنووسەر و بەڕێوەبەری کارگێڕی و هەڵەبڕ و دیزاینەرێك و پێنج سازێنەر پێکهاتوون، واتە هەم لە ڕووی ئیدارییەوە، هەم لە ڕووی سازاندنەوە تەکنەلۆژیا کاریگەرێتیی لەسەر بچووکبوونەوەی ستافەکەیان هەبووە هەربۆیە لە ئێستادا سەرنوسەر پێداچوونەوەی کۆتایش بۆ بابەتەکان دەکات، واتە ڕۆڵی بەڕێوەبەری نوسینیش دەبینێت، هەروەها هەر لاپەڕە و بەرپرسێکی هەیە، ئەو ئیشەی پێشتر بە ستافێکی گەورە دەکرا ئێستا بەچەند کەسێك بەڕێوە دەچێت، هەروەها سازێنەران پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وایکردووە سازاندنی ڕۆژنامەوانیی لە قۆناغێکی میکانیکی دەستییەوە ببێتە قۆناغێکی ئەلیکترۆنی، توێژەر هۆکارەکەی بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانی بەگشتی و سازاندنی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی دەگەڕێنێتەوە، بەجۆرێك پێشتر ئیشکردن بەهۆی کامێراو ڕیکۆردەرەوە بووە و زیاتر کارەکانی پەیامنێران مەیدانی بوون، نووسین و سازاندنەوەی بابەتەکانیش بەدەستی بووە لەسەر کاغەز، بەڵام لە ئێستادا شێوازی وەرگرتنی زانیارییەکان گۆڕاوە و سازاندن و ڕێکخستنەوەشیان بەهۆی کۆمپیوتەرەوە ئەنجامدەدرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ستافی ڕۆژنامەکەش پێکەوە بەستراوەتەوە و پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکردنی خێرای زانیارییەکان لەکاتی ئامادەکردنی پەیامە ڕۆژنامەوانییەکاندا هەیە و توێژەر هۆکارەکەی بۆ بەکارهێنانی بەردەوامی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دەگەڕێنێتەوە لەیەککاتدا، بەجۆرێك کە هەموو سازێنەران بەهۆی تۆڕێکی ناوخۆییەوە (نێتۆرك) و بە بوونی کۆمپیوتەرێکی سەرەکیی (سێرڤەر) بەیەکەوە بەستراونەتەوە بەهۆی بەرنامەی (share) بابەتەکان بۆ یەك دەنێرن، ئەگەر ئەو کۆمپیوتەرە ئیش نەکات سازێنەرانیش ناتوانن ئیش بکەن، هەروەها بەهۆی دانانی کورتەی هەندێك لە بابەتەکان لەنێو پێگەی تایبەتی ڕۆژنامەکە لەتۆڕی ئینتەرنێتدا، سازێنەران پێیان وایە ئەو کەسەی کە ناتوانێت ڕۆژنامە بخوێنێتەوە لەڕێگای تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە دەیبیستێت و دەیبینێت.

## خشتەی (٢٨)

## تەكنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەكارهێنان و كاریگەرێتی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)

**خشتەی (٢٨)**

**تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنان و کاریگەرێتی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)**

## پاری چوارەم: سەلماندنی گریمانە و خستنەڕووی ئەنجامەکانی پێوانەی ئاماری (المقایس الاحصائیة)

## پیشاندانی ئەنجامی پێوەری کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی و شیکارکردنی

ئەم پارە ئەو ئەنجامانە لەخۆدەگرێت کە توێژەر پێی گەیشتووە بەگوێرەی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی کەبریتین لە:

یەکەم: زانینی ڕادەی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا

توێژەر بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پێوەری ئاماری (المقیاس) بەکاردەهێنێت بۆ پێوانی (کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی) ئەمەش بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ ئەو مەبەستە.

دووەم: زانینی کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر خودی سازێنەرانی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە).

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش توێژەر بەهەمان شێوە پێوەری ئاماری(مقیاس) بۆ بڕگەکانی تەوەری سێیەمی توێژینەوەکەی ئەنجامدەدات.

بەمەبەستی هێنانەدی ئەم ئامانجانە توێژەر دوو گریمانەی سەرەکی دادەنێت کە بریتین لە:

١. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا هەیە.

٢. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی لەسەر خودی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش:

**تەوەری یەکەم: کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی**

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

بەمەبەستی زانینی کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانی توێژەر پشتبەست بە بەکارهێنانی (t.test) ڕادەی کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی بۆ دەردەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەی بڕگەکانی تەوەری دووەم و سێیەمی فۆڕمی ڕاپرسییەکەی دەرهێناوە بۆ هەردوو ڕۆژنامەکە کە دەگاتە (٢٨٥,٠٠٠)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی گریمانەیی دەگاتە(٢٧٠,٠٠٠)، لەکاتێکدا لادانی پێوەرییان دەگاتە (٢٩,٠٩٥)، بەهای (t) ئەژمارکراو دەگاتە (٢,٥٢٦) کە گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەکاتە (٢,٠٦٩) ، بەهای ئەگەری (sig) بچووکترە لە (ئاستی دلالی) (٠,٠١٩ <٠,٠٥ )، واتە کاریگەرێتیی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ و ئاوێنە) دا هەیە و گریمانەکە بەبوونی ئەو کاریگەرێتییە سەلمێنراوە.

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

ناوەندی ژمێرەی بڕگەکانی دووەم و سێیەمی فۆڕمی ڕاپرسییەکە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا دەگاتە (٢٨٢,٥٠٠)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی گریمانەیی دەگاتە (٢٧٠,٠٠٠)، لەکاتێکدا لادانی پێوەرییان دەگاتە (٢٩,٢٦٤)، نرخی (t) ئەژمارکراو دەگاتە (١,٨١٢) کە بچووکترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەکاتە (٢,١١٠) ،بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (ئاستی دلالی) (٠,٠٨٨<٠,٠٥ ).

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

ناوەندی ژمێرەی بڕگەکانی دووەم و سێیەمی فۆڕمی راپرسیەکە لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا دەگاتە (٢٩٢,٥٠٠)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی گریمانەیی دەگاتە (٢٧٠,٠٠٠)، لەکاتێکدا لادانی پێوەرییان دەگاتە (٢٩,٨٧١)، بەهای (t) ئەژمارکراو دەگاتە (١,٨٤٥) کە بچووکترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەگاتە (٢,٥٧)، بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (ئاستی دلالی) (٠,١٢٤>٠,٠٥ ) .

خشتەی (٢٩) ئەوە دەردەخات کە تاڕادەیەك جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەنێوان ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا، بەجۆرێك ڕێژەی بەکارهێنانەکە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا زیاترە لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)، چونکە لادانی پێوەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندن لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا کەمترە بەراورد بە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)، (٢٩,٢٦٤ < ٢٩,٨٧١)، هۆکارەکەی بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێنێتەوە:

١. جیاوازی لە کاتی دەرچوونی نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە کە (ڕۆژانە و هەفتانە)ن کاریگەرێتیی لەسەر ڕادەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هەیە لە سازاندنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٢. جیاوازی لە ئامانج و شێوازی کارکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی حیزبی بەراورد بە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ناحیزبی هۆکارێکی دیکە دەبێت لە جیاوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا.

٣. جیاوازی لە پێکهاتە و ڕێکخستنی کارگێڕی و ستافی سازاندنی هەردوو ڕۆژنامەکە لە ڕووی قەبارە و شێوازی کارکردنەوە.

بەروانین لە خشتەی (٢٩) ئەوە دەردەکەوێت کە لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنەدا) بەهای (T) ئەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی(٢,٥٦> ٢,٠٦)، واتە بەهای ئەگەری (sig)بچوکترە لە (٠,٠٥) ،(٠,٠١>٠,٠٥) واتە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا هەیە بەم ئەنجامەش گریمانەی توێژینەوەکە دروستدەردەچێت، وەك خشتەی (٢٩).

**خشتەی (٢٩)**

**ئەنجامی پێوەری کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی**

| بڕگەکانی تەوەری دووەم و سێیەم | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای T | | نمرەی ئازادی Df | بەهای ئەگەری sig | دەلالە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەهای t ئەژمارکراو | بەهای t خشتەیی | | | |
| کوردستانی نوێ و ئاوێنە | ٢٨٥,٠٠٠ | ٢٧٠,٠٠٠ | ٢٩,٠٩٥ | ٢,٥٢٦ | ٢,٠٦٩ | ٢٣ | ٠,٠١٩ | دالە |
| کوردستانی نوێ | ٢٨٢,٥٠٠٠ | ٢٧٠,٠٠٠ | ٢٩,٢٦٤ | ١,٨١٢ | ٢,١١٠ | ١٧ | ٠,٠٨٨ | دال نییە |
| ئاوێنە | ٢٩٢,٥٠٠٠ | ٢٧٠,٠٠٠ | ٢٩,٨٧١ | ١,٨٤٥ | ٢,٥٧١ | ٥ | ٠,١٢٤ | دال نییە |

## تەوەری دووەم: کاریگەریێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر خودی سازێنەرانی ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە).

بەمەستی سەلماندنی گریمانەی دووەمی توێژینەوەی کاریگەریێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) توێژەر پشت بە بەکارهێنانی (t.test) دەبەستێت بۆ بڕگەکانی پاری سێیەمی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی بیردۆزەی هەریەتی تەکنەلۆژیای (مارشال ماکلۆهان) کە ژمارەیان (١٨) بڕگەیە و بۆ ئەو مەبەستەش:

**١. بەشێوەیەکی گشتی**

ناوەندی ژمێرەیی بڕگەکان لە هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراودا دەگاتە (٣٨,٠٤)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی ئەگەری دەگاتە (٣٦,٠٠)، لادانی پێوەرییان دەگاتە (٥,٣١)، بەهای (t) ئەژمارکراو دەگاتە (١,٨٨) کە بچوکترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەکاتە (٢,٠٦)، بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (ئاستی دەلالی ) دەگاتە (٠,٧٢> ٠,٠٥).

**٢. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

ناوەندی ژمێرەیی بڕگەکان لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا دەگاتە (٣٧,٣٨)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی ئەگەری دەگاتە (٣٦,٠٠)، لادانی پێوەرییان دەگاتە (٥,٣٧)، بەهای (t) ئەژمارکراو دەگاتە (١,٠٩٧) کە بچووکترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەگاتە (٢,١١)، بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (ئاستی دەلالی ) دەگاتە (٠,٢٨٨> ٠,٠٥).

**٣. ڕۆژنامەی ئاوێنە**

ناوەندی ژمێرەیی بڕگەکان لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە)دا دەگاتە (٤٠,٠٠)، بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ناوەندی ئەگەری دەگاتە (٣٦,٠٠)، لادانی پێوەرییان دەگاتە (٥,٠٥٩)، بەهای (t) ئەژمارکراو دەگاتە (١,٩٣) کە بچووکترە لە بەهای (t) خشتەیی کە دەگاتە (٢,٥٧)، بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (ئاستی دەلالی ) دەگاتە (٠,١١١> ٠,٠٥).

خشتەی (٣٠) ئەوە دەردەخات کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەریێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) دروست ناکات، واتە بیردۆزی (هەریەتی) تەکنەلۆژیای مارشاڵ ماکلۆهان لەسەر کاریگەریێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنان و کاریگەریێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) جێبەجێنەبووە توێژەر بەڕوانین لە وەڵامەکانی سازێنەران سەبارەت بەجێبەجێکردنی بیردۆزەکە هۆکارەکەی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێنێتەوە:

١. بەشێك لە سازێنەران پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاری نەکردۆتەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاریان، بەڵکو کاریکردۆتە سەر شێوازی کارکردنیان.

٢. سازێنەران لەو بڕوایەدان لەکاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا تەنها یەك هەستەوەر بەکاردەهێنن و پێویستییان بەبڕێکی زۆر لەخەیاڵ نییە، لەکاتێکدا بەبڕوای ماکلۆهان تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وادەکات کە زیاتر لە هەستەوەرێك بەکاربهێنرێت کە بەڕێژەی بەکارهێنانی هەستەکان ناویدەبات.

٣. بەپێچەوانەی بیردۆزەکەی ماکلۆهان بەشێك لە سازێنەران پێیان وایە کە هەمیشە ئامرازی میدیای ئەلکترۆنی نوێ کارناکات بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك جارێکی تر بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکی، واتە ئەوەی کە نەتوانن بیبینن دەبیستن ئەمەش بە پێچەوانەی تێڕوانینی ماکلۆهانە کە پێی وایە ئامرازی میدیای ئەلکترۆنی نوێ کاردەکات بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك جارێکی تر بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکی.

٤. هەروەها لەو بڕوایەشدان ئەوەی کە ڕۆژنامەی کاغەزی هێشتوەتەوە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ نییە، بەڵکو تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەهای ڕۆژنامەی کاغەزی.

٥. بەشێکی تر لە سازێنەران پێیان وایە کە ڕۆژنامە بەبێ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ سروشتی و ڕوونتر نییە و ئاستی تاکیەتی بەرزتر نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی بوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە دەتوانێت هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بێت.

بەروانین لە خشتەی (٣٠) ئەوە دەردەکەوێت کە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنەدا) بەهای (T) ئەژمارکراو بچوکترە لە بەهای (T) خشتەیی(١,٨٨< ٢,٠٦٩)، واتە بەهای ئەگەری (sig) گەورەترە لە (٠,٠٥) ،(٠,٠٥>٠,٠١) واتە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)نەبووە، بەم ئەنجامەش گریمانەی توێژینەوەکە دروست دەرناچێت، وەك خشتەی (٣٠).

**خشتەی (٣٠)**

**ئەنجامی پێوەری کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ و سروشتی بەکارهێنان و کاریگەرێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)**

| برگەکانی پاری سێیەم | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | بەهای T: بەهای t ئەژمارکراو | بەهای T: بەهای t خشتەیی | نمرەی ئازادی df | بەهای ئەگەری sig | دەلالە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوردستانی نوێ و ئاوێنە | ٣٨,٠٤١٧ | ٣٦,٠٠٠٠٠ | ٥,٣١١٨٣ | ١,٨٨٣ | ٢,٠٦٩ | ٢٣ | ٠,٠٧٢ | دال نییە |
| کوردستانی نوێ | ٣٧,٣٨٨٩ | ٣٦,٠٠٠٠٠ | ٥,٣٧٠٢٨ | ١,٠٩٧ | ٢,١١ | ١٧ | ٠,٢٨٨ | دال نییە |
| ئاوێنە | ٤٠,٠٠٠٠ | ٣٦,٠٠٠٠٠ | ٥,٠٥٩٦٤ | ١,٩٣٦ | ٢,٥٧ | ٥ | ٠,١١١ | دال نییە |

# ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

## ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

توێژەر لەکۆتایی توێژینەوەکەیدا و بۆ هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانی و لەچوارچێوەی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکەیدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتووە و لەژێر تیشکی ئەو ئەنجامانەدا توێژەر چەندین پێشنیاز و ڕاسپاردەی هەیە، کە بریتین لە:

**یەکەم: ئەنجام:**

**١- ئەنجامی تیۆری توێژینەوەکە:**

١- تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە کاراترکردنی پرۆسەی گەیاندن بەگشتی و بواری ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی هەیە.

٢- لەماوەی ڕامان و وردبوونەوە لەو پێناسانەی کە بۆ چەمکەکانی (تەکنەلۆژیای گەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری) کراوە، توێژەر دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە کارێکی گران و ئەستەمە کە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا بکرێت، چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکدین، بەهۆی ئەوەی پێناسەی تەکنەلۆژیای زانیاری بنیاتنراوە لەسەر تەکنەلۆژیای گەیاندن.

٣- گاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن بەگشتی کاریگەرێتییەکی تاك ئاراستە نین، بەڵکو دوو جەمسەرن بەئاڕاستەکانی ( ئەرێنی و نەرێنی)دا.

٤- ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەچەندین تایبەتمەندیدا هاوشێوەی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای کۆنن، لەهەمان کاتیشدا لەکۆمەڵێك تایبەتمەندیی دیکەشدا جیاوازن، بەڕادەیەك کە شێوازی هەڵسوکەوتکردن، و هەروەها ڕادەی کاریگەرێتیی چاوەڕوانکراولێیان لەگەڵیاندا دەگۆڕێت.

٥- تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ ڕۆڵێکی کارا و گرنگی هەیە لەسەرجەم هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەدا بەگشتی و هەنگاوەکانی سازاندنی ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی هەر لە کۆکردنەوە و چارەسەرکردن و بەرهەمهێنان و گێڕانەوە و گواستنەوە و پیشاندانی زانیارییەکان و سازاندنی ئەلیکترۆنی تادەگاتە پۆلێنکردنی مادده ڕۆژنامەوانییەکان و دەرهێنانیان.

٦- تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بووتەهۆی ڕوودانی شۆڕشی پێنجەمی گەیاندن کە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە بواری پەیوەندیکردندا، چونکە دیاردەی دەرپەڕینی زانیارییەکان و پێشکەوتن و جۆراوجۆربوونی هۆ و ئامرازەکانی گەیاندن ئاوێتەی یەکتربوون.

٧- دیارترین سیماکانی دیاردەی شالأوی زانیارییەکان بریتییە لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ هەڵگرتن و گەڕاندنەوەی کۆی بەرهەمەکانی بیری مرۆڤایەتی لە جێگەیەکی بچووکدا و بەخێراییەکی بێسنوور، هەروەها دەرکەوتنی مانگە دەستکردەکان و ئینتەرنێتیش جیهانیان کردە گوندێکی بچووك.

٨- سازندنی ڕۆژنامەنوسی کارێکی جوداو جیاوازە لە نوسین، بەجۆرێك نوسین هەنگاوی یەکەمی سازاندنە و زیاتر کارێکی بابەتیانەیە، چونکە تێڕوانینی نوسەر ڕەنگدەداتەوە تێیدا، بەڵام لە سازاندندا تێڕوانین سازێنەر بەدی ناکرێت و زیاتر کارێکی بابەتیانەیە و سازاندن دوای نوسینەوە دێت.

**٢- ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە:**

١. سازێنەرانی ڕۆژنامە سوودیان لە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ وەرگرتووە بۆ ئاسانی و خێرایی لە دەستکەوتن و بەکارهێنانی زانیارییەکاندا و خێرایی لە پێشکەشکردن و گواستنەوەی زانیارییەکان و کەمکردنەوەی تێچوون و زیادبوونی بەرهەم.

٢. هەمیشە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان دەبێتەهۆی باشترکردن و خێراترکرنی کاری سازاندن و کەمکردنەوەی تێچوون و کات لە ڕۆژنامەدا، هەروەها پێکەوەبەستنی ستافی ڕۆژنامەکە و ئالۆگۆڕکردنی خێرای زانیارییەکان لەکاتی سازاندنی پەیامە ڕۆژنامەوانییەکاندا.

٣. سەرەڕای کاریگەرێتییە ئەرێنییەکانی، تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی ئەرێنیشی لەسەر سازێنەران دروستکردووە، بەجۆرێك بووەتەهۆی ماندوبوونی دەروونی و مێشکی بۆ سازێنەران لەئەنجامی چڕی و بەدواداچوونیان بۆ ڕووداوەکان، هەروەها ماندوکردنی چاو و ئازاری پشت و زۆری پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و پێویستی هەمیشەیی بۆ بەدواداچوونیان.

٤. ئامرازی کۆمپیوتەر زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەلای سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردسانی نوێ) و (ئاوێنە) زۆرینەشیان بۆ گەیشتن بەسەرچاوەکانی هەواڵ و بۆ ئەمبارکردنی دەق و گێڕانەوەی، هەروەها بۆ بەدوایدا بۆ نوسینی دەقەکان و سازاندنیان بەکاریدەهێنن.

٥. بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەرەوە کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەکارێکی میکانیکی دەستییەوە بووەتە کارێکی ئەلیکترۆنی.

٦. ڕێژەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا جیاوازە بەجۆرێك ڕێژەکە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا کەمترە بەراورد بە ئاوێنە.

٧. هەردوو ڕۆژنامەکە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا هەنگاویان ناوە، چونکە توانیویانە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بۆ پێداویستییەکانی ڕۆژانەی سازێنەران دابینبکەن.

٨. بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد) زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا بەراورد بە بەرنامەکانی دیکە کە لە کاری سازاندندا بەکاردێن.

٩. هاوبەشیکردنی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا بەهۆی هێڵی تەلەفۆنی ناوخۆییەوە دەبێت.

١٠. بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەهەردوو ڕۆژنامەکەدا زیاتر بە مەبەستی گەڕانە لەنێو پێگەکان و وەرگرتنی وێنە و زانیاری لێیانەوە.

١١. ئامرازی تەلەفۆن زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە بۆ گواستنەوەی ماددەی ڕۆژنامەوانی بۆ هۆڵی سازاندن.

١٢. تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووك) لەنێو تۆڕەکانی دیکەی پەیوەندیکردندا زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لەلای سازێنەران هەیە.

١٣. ئامرازی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم وەردەگرن، بەڵام لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا کۆمپیوتەر و مۆبایل و تۆڕەکانی پەویەندیکردن هەمان پلە وەردەگرن.

١٤. بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە کامێراکەی زۆرترین ڕێژەی لەلای سازێنەران تۆمارکردووە.

١٥. سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) لە قۆناغی کۆکردنەوەی ماددەی ڕۆژنامەوانیدا (ئاژانسەکانی هەواڵ) و (ئینتەرنێت) بەپلەیەکی زۆر بەکاردەهێنن بەراورد بە سەرچاوەکانی دیکە.

١٦. شێوازەکانی سوودوەرگرتن لە ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن لە ڕۆژنامەکاندا جیاوازە بەجۆرێك ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) پۆستەی ئەلیکترۆنی و ڕۆژنامەی (ئاوێنە)ش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ ئامادەکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان.

١٧. ڕاهێنانی سازێنەران لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان لەپێشەوەی ئەو پێشنیازانەوە دێت کە سازێنەران پێیان وایە دەبێتە هۆی بەرەو پێش چوونی کاری سازاندن.

١٨. هەریەکە لە ئامرازەکانی (تلکس، تیلیتێکست، ڤیدیۆتێکست، تیلی فۆتۆ، تیلی فاکس) کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانیان هەیە لەلای سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە.

١٩. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەوانی دروستکردووە، بەڵام کاریگەرێتیی ئەوتۆی لەسەر سازێنەران دروست نەکردووە.

## ٣. ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەکە:

١. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی جیاوازی لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی و پرۆسەی سازاندن لە ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەجێهێشتووە، بەجۆرێك کە گۆڕانکاری لە پێکهاتە و ڕێکخستنی کارگێڕی و کاری دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەکاندا دروستکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی چۆنیەتی و جۆرایەتییەوە کاری سازاندنی خێرا و باش و ئاسانترکردووە بەکات و تێتچوونێکی کەمترەوە لەجاران.

٢. تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاریگەرێتیی لەسەر سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) دروستنەکردووە، واتە تیۆری هەریەتی تەکنەلۆژیای مارشاڵ ماکلۆهان لەم توێژینەوەیەدا جێبەجێ نەبووە، چونکە بەشێکی زۆری سازێنەرانی هەردوو ڕۆژنامەکە پێیان وایە کە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ کاری نەکردۆتە سەر بیرکردنەوە و ڕەفتاریان، بەڵکو کاریکردۆتە سەر شێوازی کارکردنیان، لەکاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێدا تەنها یەك هەستەوەر بەکاردەهێنن و پێویستییان بەبڕێکی زۆر لەخەیاڵ نییە، هەمیشە ئامرازی میدیای ئەلکترۆنی نوێ کارناکات بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك جارێکی تر بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکی، هەروەها ئەوەی کە ناتوانێت ڕۆژنامە بخوێنێتەوە بەهۆی تەکنەلۆژیاوە نایبینێت و نایبیستێت، ئەوەی کە ڕۆژنامەی کاغەزی هێشتوەتەوە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ نییە، بەڵکو تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەهای ڕۆژنامەی کاغەزی، ڕۆژنامە بەبێ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ سروشتی و ڕوونتر نییە و ئاستی تاکیەتی بەرزتر نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهۆی بوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێوە دەتوانێت هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانە بێت.

## دووەم: پێشنیازەکان:

لەچوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوەدا توێژەرچەند پێشنیازێك دەخاتەڕوو:

١. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ بەرێوەچوونی کاری سازاندنی ڕۆژنامەوانی لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)دا بەشێوەی سیستەمی تۆڕی کەتێیدا سەرجەم سازێنەران بەهۆی تۆڕێکی ناوەندییەوە ببەبەسترێنەوە بە کۆمپیوتەری ناوەندییەوە، چونکە بەڕێوەبردنی کاری سازاندن بەم شێوەیە برێکی زۆر لە نەرمی و خێرایی و لێهاتوویی تێدایە.

٢. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)، سوود لە ئەزمونی ڕۆژنامە عەرەبی و بیانییەکان لە بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان لەکاری سازاندندا وەربگرن.

٣. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کە سوود لە توانا و ئەزموون و لێهاتوویی سازێنەرە دێرینەکان وەربگیرێت.

٤. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) کەڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوەکانی بواری تەکنەلۆژیا بکەن بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ئەو ئامرازە تەکنەلۆژییانەی کە گونجاون لەگەڵ سروشتی کارکردنی سازێنەراندا لە کوردستاندا، وەك جێگیرکردنی زمانی کوردی هاوشێوەی زمانەکانی دیکەی نێو کۆمپیوتەر تا سازێنەران سوودمەدبن لە بەرنامە تایبەتمەندەکان بەبواری سازاندن، وەك بەرنامەی (سیبویە) و هاوشێوەکانی.

٥. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ سازێنەران لەپێناو سوودمەندبوونی زۆرتر لە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەنێو دەزگاکەیاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیارییەکان بەخێراییەکی زیاتر و گواستنەوەیان بۆ دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان.

٦. توێژەر پێشنیازدەکات بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بۆ ناردنی سازێنەران بۆ خولی تایبەتی بۆ بەهێزکردنی توانیان لەبواری سازاندن و بەکارهێنانی ئامازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان.

## سێیەم: ڕاسپاردەکان

توێژەر لە چوارچێوەی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتەڕوو بۆ توێژەرانی دیکە:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەرئامرازەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی لێرەوە توێژەر چەند پێشنیازێك ڕادەسپێرێت:

أ- کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا.

ب- کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆژنامەوانیدا.

ت- کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندن لەڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا.

٢. ئەنجامدانی هەمان توێژینەوە، بەڵام سامپڵی ڕۆژنامەکانی پارێزگای هەولێر یان دهۆك وەربگیرێت.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان


## یەکەم: قورئانی پیرۆز

## دووەم: فەرهەنگ

١) محمد منير حجاب ،المعجم الاعلامى، (القاهرة: دارالفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤).

٢) محمد فريد محمود عزت، قاموس المصطلحات الأعلامية، ط١، (بيروت لبنان: دار و مكتبة الهلال للطباعة و النشر، ٢٠١٠).

## سێیەم: کتێبی کوردی

١) سامی زوبیان، رۆژنامەنووسی رۆژانە و راگەیاندن، و. لە عەرەبییەوە، مەم بورهان قانع، (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، ٢٠٠٨)

٢) نەوزاد عەلی ئەحمەد، کتێبێکی تر بۆ کوردستانی نوێ ڕابەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ڕاپەڕین، چاپی یەکەم، (سلێمانی: چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢)،

## چوارەم: کتێبی عەرەبی و وەرگێڕراو بۆ زمانی عەرەبی

١) ــــــــــ، التحرير الصحفى في العصر المعلومات ط٢، (العين: دار الكتاب الجامعي، ٢٠٠٤)

٢) ــــــــــ، الصحافة و الأنترنت، (القاهرة: العربي للنشر و التوزيع، بدون سنة طبع)

٣) ــــــــــ، تكنولوجيا المعلومات و صناعة الإتصال الجماهيري،( بدون مكان النشر: العربى للنشر و التوزيع، ١٩٩٠)

٤) ــــــــــ، تكنولوجيا المعلومات و صناعة الإتصال الجماهيري،( بدون مكان النشر: العربى للنشر و التوزيع، ١٩٩٠)

٥) ــــــــــ، تكنولوجيا وسائل الإتصال الجماهيري،( عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤)

٦) ــــــــــ، مدخل لدراسة المكتبات و علم المكتبات، (القاهرة: مكتبة غريب، د.ت)

٧) ابراهيم عبدالفتاح يونس، التعليم بين الفكر و الواقع، (القاهرة: دار قباء، ٢٠٠٣).

٨) احمد العبد ابو السعيد، الكتابة لوسائل الإعلام، ط١، (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، ٢٠١٤)

٩) احمد أنور بدر، مقدمة فى تكنولوجيا المعلومات و اساسيات استرجاع المعلومات،(الاسكندرية: دار الثقافة العلمية، ٢٠٠٣)

١٠) احمد بدر، الصحافة الكونية دراسات في االإعلام و الإتصال الدولي، الطبعة الأولى، (القاهرة: دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠٠٦)

١١) أسماء حسين حافظ، تكنولوجيا الإتصال الإعلامى التفاعلى فى عصر الفضاء الإلكترونى المعلوماتى و الرقمى، (بدون مكان: الدار العربية للنشر و التوزيع، بدون سنة)

١٢) امل محمد خطاب، تكنولوجيا الإتصال الحديثة و دوروها فى تطوير الأداء الصحفى، (القاهرة: دار العالم العربي، ٢٠١٠)

١٣) إياد شاكر البكري، تقنيات الاتصال بين زمنين، ط١، (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)

١٤) بهاء شاهين، الإنترنت و العولمة، ط١، (القاهرة: عالم كتب، ١٩٩٩)

١٥) تيسير ابو عرجة، االإعلام و قضايا المجتمع، ط١، ( عمان: دارمجدلاوي للنشر و التوزيع،٢٠٠٠)

١٦) تيسير احمد ابوعرجة و نسرين رياض عبداللة، الإخراج الصحفي الحديث الأسس العلمية و العملية، (عمان: دار الميسرة للنشر و التوزيع، ٢٠١٤)

١٧) حسن عماد مكاوى و ليلى حسين السيد، الاتصال و نظرياته المعاصرة، ط٦، (بدون مكان النشر: دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٦)

١٨) حسن عماد مكاوى و محمود سليمان علم الدين، تكنولوجيا المعلومات و الإتصال، (بدون مكان طبع، ٢٠٠٠)

١٩) حسنى نصر و سناء عبدالرحمن، التحرير الصحفى فى عصر المعلومات_خبر الصحفى، ط٢، (دولة الإمارات العربية المتحدة: دار الكتاب الجامعى، ٢٠٠٤)

٢٠) حسنين شفيق، االإعلام التفاعلي، (بدون مكان النشر: دار فكر و فن للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠١٠)

٢١) حسين فرحان رمزون، قراءات في اساليب البحث العلمي، (عمان: مكتبة الفلاح للنشر و التوزيع، ١٩٩٥ )

٢٢) حشمت قاسم، الإتصال العلمي في البيئة الإلكترونية، (القاهرة: دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠٠٥)

٢٣) حيدر حسون الفرع، كيف تصبح صحفيا، (بغداد: بدون مكان نشر، ٢٠٠٥)

٢٤) ربحي مصطفى العليان، إدارة المعرفة، ( عمان: دار صفاء للنشر و التوزيع، ٢٠٠٥)

٢٥) رحيمة الطيب عيسانى، مدخل الى الإعلام و الاتصال، (عمان: جدارا للكتاب العالمى للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨)

٢٦) زكي حسين الوردي، المعرفة المعلوماتية،( بغداد: شركة الأنس للطباعة و التوزيع المحدودة، ٢٠١٣)

٢٧) سعيد الغريب النجار، تكنولوجيا الصحافة فى عصر التقنية الرقمية، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)

٢٨) سمية سعدالدين، انت رئيس تحرير، (قاهرة: بدون مكان نشر، ٢٠٠٤)

٢٩) سوزان القليني، الصحافة الإلكترونية المصرية في عصر المعلومات،ط١، (القاهرة: بدون دار نشر،٢٠٠٠).

٣٠) السيد بخيت، الإنترنت:كوسيلة اتصال جديدة، ط٢،(دولة الإمارات العربية المتحدة:دار كتاب الجامعي،٢٠١٢)

٣١) شريف درويش اللبان، الصحافة الالكترونية، (القاهرة: دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٥).

٣٢) صالح خليل ابو اصبع، الاتصال الجماهيرى، (عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع، ١٩٩٩)

٣٣) طلعت همام، مائة سؤال عن الصحافة، ط٢، ( عمان: دار الفرقان للنشر و التوزيع، ١٩٨٨)

٣٤) عبد الجواد سعيد محمدربيع، فن الخبر الصحفى، (القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٥)

٣٥) عبد الحافظ عواجي صلوي، نظريات التاثير الاعلامية، كتابة غير منشورة، ٢٠١٢)

٣٦) عبدالأمير فيصل، الصحافة الإلكترونية في الوطن العربي، ط١، (القاهرة: دار شروق للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦)

٣٧) عبدالرزاق محمد الدليمى، االإعلام الجديد و الصحافة الإلكترونية، ط١، (عمان: دار وائل للنشر والتوزيع، ٢٠١١)

٣٨) عبدالستار جواد، فن كتابة الأخبار،ط٢ ( عمان: دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، ٢٠٠١) وەرگێراوه له : F. J. Mansfield, SubEditing: London: Pitman,١٩٣٩.

٣٩) عبدالعزيز شرف، فن التحرير الإعلامى، (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب)

٤٠) عبدالفتاح ابراهيم عبدالنبي، سوسيولوجيا الخبر الصحفى، (القاهرة: العربى للنشر و التوزيع، ١٩٨٩)

٤١) عبدالملك ردمان الدناني، الوظيفة االإعلامية لشبكة الإنترنت، ط١، (القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)

٤٢) عبير الرحباني، الإعلام الرقمي(الإلكتروني)، ( عمان: دار أسامة للطبع و التوزيع، ٢٠١٢)

٤٣) علاء سالمي، تكنولوجيا المعلومات، طبعة الاولى (عمان: دار مناهج للنشر و التوزيع،٢٠١٠).

٤٤) عماد بشير، تقنيات الكتابة الخبرية فى الصحافة المطبوعة، (بيروت، بدون اسم مطبعة،٢٠٠٩)

٤٥) فاروق ابوزيد، ليلى عبدالمجيد: فن التحرير الصحفى، (القاهرة: بدون مكان النشر، ٢٠٠٠)

٤٦) فارووق على عمر، مفاتيح السلطة الرابعة، (بغداد: بدون اسم مطبعة، ٢٠٠٢)

٤٧) فؤاد أحمد الساري، وسائل الإعلام النشأة و التطور، ط١،( عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع، ٢٠١٠)

٤٨) فؤاد علي احمد، الإتصال السياسي في الأحزاب الكوردية الإتحاد الوطني الكوردستاني إنموذجا، رسالة ماجستير منشورة، (السليمانية: مكتب الفكر و الوعي في الاتحاد الوطنى الكردستانى، بدون سنة طبع)، ل٣٣. وەرگیراوە لە: هالة منصور، الاتصال الفعال، مفاهيمه و اساليبه ومهاراته، (الاسكندرية: المكتبة الجامعية، ٢٠٠٠)

٤٩) قيس الياسري وآخرون، الفنون الصحفية، (بغداد: دار الحكمة للطباعة و النشر، ١٩٩١)

٥٠) كاروان علي، المقال الافتتاحي، دراسة تحليلية لمضمون المقال الافتتاحي في جريدة كوردستانى نوى، ط١، (سليمانية: مطبعة شڤان، ٢٠١٢)

٥١) كارول ريتش، كتابة الأخبار و التقارير الصحفية، ت: عبدالستار جواد، ( العين: دار الكتاب الجامعي، ٢٠٠٢)

٥٢) مارشال ماكلوهان، كيف نفهم وسائل الاتصال، ت:د.خليل صابات، د.السيد محمد الحسين، د.محمد محمود الجوهري، د.سعد لبيب، (القاهرة: المصيفة العربية الحديثة، ١٩٧٥)

٥٣) مجد الهاشمي، الإعلام الدولي و الصحافة عبر الأقمار الصناعية، ط٢، ( عمان: دار المناهج للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣)

٥٤) محمد تيمور عبد الحسيب، الحاسبات الالكترونية و تكنولوجيا الإتصال، (القاهرة:دار الشروق، بدون سنة نشر).

٥٥) محمد شطاح، قضايا االإعلام في زمن العولمة بين التكنولوجيا و الإيدولوجيا،(الجزائر: دار الندي، ٢٠٠٦)

٥٦) محمد عبدالحميد، نظريات االإعلام و اتجاهات التأثير،( القاهرة: عالم الكتب، ٢٠٠٤)

٥٧) محمود ابراهيم خليل و شريف درويش اللبان، اتجاهات حديثة في الانتاج الصحفى، (القاهرة: العربى للنشر و التوزيع، ٢٠٠٠)

٥٨) محمود ادهم، الأسس الفنية للتحرير الصحفى العام، (القاهرة: بدون اسم مطبعة، ١٩٨٤ )

٥٩) محمود خليل، الصحافة الألكترونية، اسس الأنظمة التطبيقية في التحرير الصحفي، ( القاهرة: العربي للنشر و التوزيع، ١٩٩٧)

٦٠) محمود علم الدين، الفن الصحفى، (القاهرة: مطبوعات قطاع الثقافة مؤسسة اخبار اليوم، ٢٠٠٤)

٦١) منال هلال المزاهرة، تكنولوجيا الإتصال و المعلومات، ط١، (عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، ٢٠١٤).

٦٢) موراد رايس، تكنولوجية المعلومات على الموارد البشرية في المؤسسة، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الجزائر: علوم التسيير، فرع ادارة الأعمال، ٢٠٠٥-٢٠٠٦).

٦٣) مي عبداللة سنو، الإتصال في عصر العولمة، الدور و التحديات الجديدة، ط٢،(بيروت: دار النهضة العربية، ٢٠٠١)

٦٤) نبيل حداد، في الكتابة الصحفية، (عمان: دار الكندي، ٢٠٠٢)

٦٥) ياس خضر البياتي، الإتصال الدولي و العربي، ط١،(عمان: دار الشروق للنشر و التوزيع،٢٠٠٦)

## پێنجەم: نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا


١) اديب احمد الشاطري، (تأثير تكنولوجيا الاتصال في الأنواع الصحفية للصحافة الإلكترونية)، رسالة ماجستر غير منشورة، (الجزائر:جامعة الجزائر"بن يوسف بن خده"، كلية علوم السياسة و الإعلام، قسم علوم الإعلام و الاتصال، ٢٠١٠).

٢) اركان رؤوف عزيز، استخدام تكنولوجيا الأتصال الحديثة في إنتاج النشرات الإخبارية التلفزيونية النشرات الإخبارية في قناة(NRT) الفضائية إنموذجاً) ، رسالة ماجستير غير منشورة، ( جامعة السليمانية، كلية علوم الانسانية، قسم الأعلام، ٢٠١٥).

٣) آسيا ابراهيم احمد عبدة، (دور تكنولوجيا الاتصال في تطوير إنتاج البرامج الإخبارية للراديو دراسة تطبيقية على الإذاعة السودانية)، اطروحة دكتؤراه غير منشورة، (خرطوم: جامعة السودان للعلوم و التكنولوجيا، كلية علوم الإتصال قسم الإذاعة، ٢٠١٤).

٤) امل محمد خطاب، تكنولوجيا الإتصال الحديثة و دوروها فى تطوير الأداء الصحفى، دراسة تطبيقية على عينة من الصحف القومية و الحزبية المصرية، اطروحةدكتوراه منشورة، (القاهرة: جامعة بنها، كلية الآداب قسم الإعلام، ٢٠٠٧)

٥) بشير كاوجة، دور تكنولوجيا المعلومات و الإتصال في تحسين الإتصال الداخلي في المؤسسات الاستشفائية العمومية الجزائرية، رسالة ماجستير غير منشورة، (الجزائر:جامعة ورقلة، كلية الحقوق و العلوم الاقتصادية، تخصص نظم المعلومات و مراقبة التسيير، ٢٠١٢-٢٠١٣)

٦) بوعلي فريدة و فوضيل حكيمة، دور تكنولوجيا المعلومات و الإتصال في تحسين الإتصال الداخلي بالمؤسسة، دراسة حالة اتصالات الجزائر"المديرية العملياتية للاتصالات البويرة"، رسالة ماجستير غير منشورة، (جزائر: جامعة أكلي محند أوحاجالبويرة، كلية العلوم الإقتصادية و التجارية و علوم التسيير، ٢٠١٤)

٧) تسعديت قدوار، (اثر اكنولوجيات الاتصال على الإذاعة و جمهورها)، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسة و الإعلام، قسم علوم الإعلام و الإتصال، ٢٠١١).

٨) حكيم عثمان حميد، (دور تكنولوجيا الاتصال فى أتطوير العمل الأعلامى في الوسائل الاعلام الكوردستان)، اطروحة دكتوراه منشورة، (سليمانية: جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية قسم الإعلام، ٢٠١١).

٩) خالد منصر، علاقة استخدام تكنولوجيا الإعلام و الإتصال الحديثة باغتراب الشباب الجامعي دراسة ميدانية على عينة من طلاب جامعة باتنة، رسالة ماجستر غير منشورة،(جامعة الحاج لخضرباتنة، قسم العلوم الإنسانية، شعبة علوم االإعلام و الإتصال، ٢٠١٢)

١٠) رامي حسين حسني الشرافي، دور االإعلام التفاعلي في تشكيل الثقافة السياسية لدى الشباب الفلسطيني، رسالة ماجستير غير منشورة،( جامعة الأزهر: غزة: كلية الآداب و العلوم الإنسانية، ٢٠١١-٢٠١٢)

١١) شذى حمداللة محجوب، البحث بالاتصال المباشر، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الخرطوم: كلية دراسات العليا الآداب، قسم علوم المعلومات و المكتبات، سنة ٢٠٠٢-٢٠٠٣)

١٢) عبداباسط محمد عبدالوهاب الحطامي، (استخدام تكنولوجيا الإتصالات في الإنتاج الإذاعي و التلفزيوني اليمني/ دراسة تطبيقية)، رسالة دكتوراه منشورة، (القاهرة: جامعة الأزهر، ٢٠٠٣).

١٣) فريد بن زايد، واقع استخدام التكنولوجيات الحديثة للاعلام و الاتصال في الصحافة المكتوبة بالجزائر، رسالة ماجستير غير منشورة، (الجزائر: جامعة منتورى قسنطينة، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علوم الاعلام و الاتصال، ٢٠١٠).

١٤) لبنى عبداللة عناوين، (تكنولوجيا الاتصال و علاقتها بأداء المؤسسات الإعلامية مؤسسة الإذاعة و التلفزيون الأردنية أنموذجاً)، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا، كلبة الآداب، قسم الإعلام، ٢٠٠٩).

١٥) محمد اسماعيل ياسين، استخدامات تكنولوجيا الإتصال فى تطوير شكل و مضمون الصحف الفلسطينية اليومية، دراسة ميدانية، رسالة ماجستير غير منشورة، (غزة: جامعة الإسلامية غزة، كلية الآداب، قسم الصحافة، ٢٠١٥)

## شەشەم: توێژینەوەکان

١) جمال عسكر مضحي، تكنولوجيا الأتصال الحديثة و دورها في تطور الصحافة، (مجلة آداب الفراهيدي العدد(٤) أيلول ٢٠١٠)

٢) بداني فؤاد، حتمية ماكلوهان لفهم قيمية عزي عبد الرحمان، (مجلة الدراسات و البحوث الاجتماعية جامعة الوادي العدد الرابع جانفي، ٢٠١٤)

٣) بدون اسم الكاتب، التحرير الصحفي، المفهوم و الجوانب العلمية، مجلة الدراسات الإعلامية، العدد٧٤، اوكتوبر، ديسمبر، ١٩٩٤.

٤) محمود علم الدين، تكنولوجيا الاتصال في الوطن العربي، ( مجلة عالم الفكر المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب، المجلد ٢٣، العدد ١ يونيو/ النوفمبر، اكويت، ١٩٩٤)

٥) محمود خليل، الاتجاهات الحديثة في استخدام الحاسب الآلي في التحرير الصحفي، مجلة المصرية لبحوث الإعلام، العدد السادس، ( القاهرة: كلية الإعلام جامعة القاهرة، ١٩٩٩)

٦) محمد شومان، عولمة االإعلام و مستقبل النظام االإعلامي العربي، (الكويت: مجلة عالم الفكر، المجلد(٢٨)، العدد(٢)، اوكتوبرديسمبر، ١٩٩٩.

٧) صلاح محمد ابو صلاح، اثر تطور التكنولوجى على التحرير الصحفي، بحث علمي غير منشور، (الجامعة الاسلامية غزة: قسم الصحافة و الإعلام، الفصل الاول، ٢٠١١-٢٠١٢)

٨) سميرة شيخانى، الاعلام الجديد في عصر المعلومات، ( مجلة جامعة دمشق، المجلد٢٦، العدد الاول +الثاني، ٢٠١٠).

٩) زاهر احمد، وەرگێراوە لە:حديد يوسف و براهمة نصيرة، تكنولوجيا الإتصال و اختراق الخصوصية الثقافية للأسرة الحضرية الجزائرية، ( مجلة علوم الأنسانية و الأجتماعية، العدد١٧، ديسمبر، ٢٠١٤)

١٠) توانى نورالدين، ماكلوهان مارشال.. قراءة في نظرياته بين الأمس و اليوم، مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد العاشر/ مارس، ٢٠١٣.

## حەوتەم: پێگەی ئەلیکترۆنی

١)......الإنترنت وسائل الإتصال جديدة، (دبي: مركز دراسات الأقتصاد الرقمى(مدار)، متاح على موقع العراق اليوم www.Iraq.net، کاتی سەردان: (٢٠١٥/١٢/١٦).

٢) نسرين محمد عبدة، اثر التطور التكنولوجى على فن التحرير الصحفي، (http://www.alukah.com)، (کاتی سەردان: ٢٠١٥/١٢/١٥).

٣) ماهر احمد محمود غنيم، الإتصال و الشبكات(http://www.aoacademy.org/ar/library) (کاتی سەردان: ٢٠١٥/١٢/٥).

٤) ايمن عبداللة، كشف حساب ٢٠١٠ التقني، الآيباد أكبر إنتصار للتكنولوجيا للعالم الحالي، مقال منشور بموقع سوالف سوفت، http://goo.gl/yCcOqt، (کاتی سەردان: ٢٠١٥/١٢/١٥).

٥) بورغ برونسمان و وفاق بنكيران، ابل تطلق جهازا يجمع بين الهاتف الذكي و الكومبيوتر المحمول، موقع مركز DWالإعلامي، http://goo.gl/plOnZ، (كاتى سەردان: ١٥/١٢/٢٠١٥).

٦)جرشيد الربيش، التحرير الأدبي العربي، http://www.squ.comlforumluploadedl.doc (كاتى سەردان: ١٩/٢/٢٠١٦).

٧) مجدي الداغر، مقدمة في فنون التحرير الصحفي، http://www.siironline.org/alabwab/alhodaculture، (كاتى سەردان: ١٩/٢/٢٠١٦).

٨) بەبێ بوونی ناوی نوسەر، التحريرالصحفي، http://sic_mostaowno.com/montada_f٧/topic_t١١(كاتى سەردان: ١/٢/٢٠١٦).

٩) بەبێ ناوی نووسەر، مفهوم تحريرالصحفى، http://www.aljazeeratalk.net،(كاتى سەردان:١٥/٢/٢٠١٦).

١٠) بەبێ ناوی نووسەر، http://www.writing forword.com the impact and important of editing، (كاتى سەردان:١٥/٢/٢٠١٦).

١١)بەبێ ناوی نووسەر، http:// www.writing forword.com/ polished writing proofredingand editing/the impact، (كاتى سەردان:١٥/٢/٢٠١٦).

١٢) عمار القيسى، مفهوم التحرير الصحفى، http ://www.fnrtop.com/vb/showthread.php?t=٥٥٢٠٣٥، (كاتى سەردان: ١٣/٢/٢٠١٦).

١٣) Esraa Hussein علوم الاعلام و الاتصالات، منتدى الصحافة و الاعلام و تكنولوجيا الاتصالات http://www.esraahalamowhbjuntada.com/t٤٨٩٢t٠pic، (كاتى سەردان:١٨/٢/٢٠١٦).

١٤) بەبێ ناوی نووسەر، مفهوم التحرير الصحفى، (كاتى سەردان: ١٥/٢/٢٠١٦).

15) Kevin J. Anderson ،writingproductivitytip٧knowthedifference betweenwritingediting_http://kjablog.com m/٢p=١٣٤٣ (كاتى سەردان: ١٥/٢/٢٠١٦)

١٦) بەبێ ناوی نووسەر، الكتابة و التحرير الصحفى، http://www. Muslm.net/vb/ showthread.php?t=٣٥٣٢٠٠،(كاتى سەردان: ١٥/٢/٢٠١٦).

١٧) زاهر زكار، مصادر التحرير، http://minshawi.com/vb/showthread.php?t=٦٩٥٥،(كاتى سەردان: ١٩/٢/٢١٠٦).

١٨) بەبێ ناوی نووسەر، definition laptop ، http:// www. Businessdictionary.com ، (كاتى سەردان: ٢٥/٢/٢٠١٦).

١٨) https://en.wikipedia.org/wiki/Modem

١٩) نبذة عن ماكلوهان https://ar.wikipedia.org،(كاتى سەردان:٣/٧/٢٠١٦).

٢٠) محمد البخاري، نظرية مارشال ماكلوهان http://bukharimailru.blogspot.com، (كاتى سەردان: ٣٠/٥/٢٠١٦).

٢١) محمد جاسم فلحي الموسوي، تكنولوجية وسائل الاعلام و تاثيرها على المجتمعات، http://masscomm.kenanaonline.net، (كاتى سەردان: ٣٠/٥/٢٠١٦).

٢٢) بودربالة الطيب، سيمائية وسائل الاعلام مارشال ماكلوهان نموذجا،
http://lab.univbiskra.dz/lla/images/pdf/sem /bouderbaala pdf٣(كاتى سەردان:
٢٠١٦/٥/٣٠). ،
٢٣) ألبرت_أينشتاينhttps://ar.wikipedia.org/wiki.
٢٤) ارنولد_توينبى https://ar.wikipedia.org/wiki.
٢٥) ويّب سايتى ئاويّنە،http://www.awene.com/derbare/، (بەروارى سەردانكردن:٢٠١٦/٩/٣).
٢٦) محمد جاسم فلحي الموسوي، تكنولوجية وسائل الاعلام و تاثيرها على المجتمعات،
http://masscomm.kenanaonline.net/post١٤٢٦٦١، (كاتى سەردان: ٢٠١٦/٥/٣٠).
٢٧) ابو عبد الشريف، https://hrdiscussion.com/hr٤٨٤٦٥.htm

## هەشتەم: چاوپێکەوتن

١) محمد حمەکریم، سکرتێری نووسین لە رۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، (چاوپێکەوتنی کەسی)، (سلێمانی: بارەگای رۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، کاتژمێر(١٠:٠٠)، بەرواری(٢٠١٦/٨/٢٨).

٢) سەردار محمد، سەرنوو سەری رۆژنامەی(ئاوێنە)، (چاوپێکەوتنی کەسی)، (سلێمانی: بارەگای رۆژنامەی(ئاوێنە)، کاتژمێر(٥:٠٠)، بەرواری(٢٠١٦/٩/٤)

٣) ئەندامانی دەستەی نوسەران لە رۆژنامەی(کوردستانی نوێ) بەشێوازی(فۆکەس گرووپ)، (سلێمانی: بارەگای رۆژنامەی(کوردستانی نوێ، کاتژمێر(١١:٠٠)، لەبەرواری (٢٠١٦/٨/٢٩).

٤) ئەندامانی دەستەی نوسەران لە رۆژنامەی(ئاوێنە) بەشێوازی(فۆکەس گرووپ)، (سلێمانی: بارەگای رۆژنامەی(ئاوێنە)، کاتژمێر(١٠:٣٠)، لەبەرواری(٢٠١٦/٩/٤).

# پاشکۆکان

- فۆڕمی سەرەتایی زانیاری کۆکردنەوە.
- فۆڕمی ڕاپرسی لەشێوەی سەرەتاییدا.
- فۆڕمی ڕاپرسی لەشێوەی کۆتایدا.
- ناوی سازێنەرانی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)
- نووسراوی فەرمی ئاراستەکراو بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)
- نووسراوی فەرمی ئاراستەکراو بۆ ڕۆژنامەی (ئاوێنە)

b

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان

بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە

## پاشکۆی (١)

## فۆڕمی سەرەتایی زانیاری کۆکردنەوە (الاستطلاعی)

## ناونیشانی توێژینەوە

## کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

**ڕۆژنامەنووسی بەڕێز:**

**سڵاو**

ئەم فۆڕمەی لەبەردەستدایە، کۆمەڵێك پرسیاری لەخۆگرتووە وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی، دەمانەوێ لەدیدی سازێنەرانی ڕۆژنامەوانییەوە ئاگاداری بۆچوونەکانیان بین سەبارەت بە **(کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی)** کە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نامەی ماستەرە کە پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەکرێت، بەئومێدین زانیاری و بۆچوونی وردو دروست لەوەڵامدانەوەدا ڕەچاو بکەن.

سوپاس بۆ هاریکاریتان

**سەرپەرشتیار** — **توێژەر**

**پ.ی.د. فؤاد علی** — **سومەیە فاضل**

c

١. ئەو گۆڕانكارییانە چین كە لە ئەنجامی بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای نوێدا ڕوویانداوە لە ڕۆژنامەكەتاندا بە بەراورد بە پێشتر؟

٢. ڕۆڵی تەكنەلۆژیای نوێی گەیاندن و ڕەنگدانەوەی لە قۆناغەكانی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا چییە؟

٣. لە ئێستادا ڕۆژنامەكەتان چۆن دەتوانێت لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای نوێی گەیاندن هەنگاو بنێت؟

٤. ڕۆڵی ئامرازەكانی تەكنەلۆژیای نوێی گەیاندن لە پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

٥. گرنگترین ئەو ئاستانگانە چین كە ڕێگرن لەبەردەم بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای نوێی گەیاندن لە ڕۆژنامەكەتاندا؟

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان
خوێندنی باڵا
بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە

# پاشکۆی (٢)

## فۆرمی ڕاپرسی پێش ناردنی بۆ شارەزایان

## کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بە نمونە

(توێژینەوەیەکی وەسفی بەراوردکارییە)

خوێندکاری ماستەر
سومەیە فاضل

سەرپەرشتیار
پ.ی.د.فؤاد علی

٢٧١٦ ك ٢٠١٦ز

## فۆڕمی ڕاپرسی بۆ سازێنەرانی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە)

**<u>ڕۆژنامەنووسی بەڕێز</u>**

**<u>سڵاو و ڕێز:</u>**

ئەم فۆڕمەی لەبەردەستتدایە کۆمەڵێك پرس و پرسیاری لەخۆگرتووە دەربارەی **(کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی)** داواکارین لەئێوەی ئازیز بەڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی و وردبینی، وەڵام بۆ هەریەك لەپرس و پرسیارەکان دەستنیشان بکەن تاکو توێژینەوەیەکی ڕاست بەرهەم بهێنینن ئەو زانیاریانەی لەم فۆڕمەوە دەستمان دەکەون، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی نامەی ماستەرە کە پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەکرێت.
تکایە هیچ پرس و پرسیارێك بەبێ وەڵام بەجێ مەهێڵە

سوپاس بۆ هاوکاری کردنت.

تێبینی: نیشانەی (√) لەبەردەم وەڵامی گونجاو لەناو چوارگۆشەکان دابنێ

خوێندکاری ماستەر
سومەیە فاضل

سەرپەرشتیار
پ.ی.د. فؤاد علی

f

g

h

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان
خوێندنی باڵا
بەشی ڕاگەیاندن/ ڕۆژنامە

## پاشکۆی (٣)

## فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەی کۆتایی

## کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی

**ڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ) و (ئاوێنە) بە نمونە**

**(توێژینەوەیەکی وەسفی بەراوردکارییە)**

خوێندکاری ماستەر
سومەیە فاضل

سەرپەرشتیار
پ.ی.د. فؤاد علی

٢٧١٦ ک
٢٠١٦ز

j

## فۆڕمی ڕاپرسی بۆ سازێنەرانی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نویٚ) و (ئاوێنە)

**ڕۆژنامەنووسی بەڕێز**

**سلاّو و ڕێز:**

ئەم فۆڕمەی لەبەردەستتدایە کۆمەڵێك پرس و پرسیاری لەخۆگرتووە دەربارەی **(کاریگەرێتیی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نویٚ لەسەر سازاندنی ڕۆژنامەنووسی)** داواکارین لەئێوەی ئازیز بەڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی و وردبینی، وەلاّم بۆ هەریەك لەپرس و پرسیارەکان دەستنیشان بکەن تاکو توێژینەوەیەکی ڕاست بەرهەم بهێنین ئەو زانیاریانەی لەم فۆرمەوە دەستمان دەکەون، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی نامەی ماستەرە کە پێشکەشی بەشی راگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەکرێت.
تکایە هیچ پرس و پرسیارێك بەبیٚ وەلاّم بەجیٚ مەهێڵە

سوپاس بۆ هاوکاری کردنت.

تێبینی: نیشانەی (√) لەبەردەم وەلاّمی گونجاو لەناو چوارگۆشەکان دابنیٚ

خوێندکاری ماستەر
سومەیە فاضل

سەرپەرشتیار
پ.ی.د. فؤاد علی

k

**تەوەری یەکەم: خاسیەتی دیمۆگرافی و تایبەتمەندی کەسیی**

**١) توخم:**

نێر: ☐ مێ: ☐

**١-٢ تەمەن:**

١٨-٢٢ ساڵ ☐ ٢٣-٢٧ساڵ ☐

٢٨-٣٢ ساڵ ☐ ٣٣ساڵ و زیاتر ☐

**١- ٣ ئاستی زانستی:**

هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتی ☐ هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی ☐

هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس ☐ هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا یان ماستەر یان دکتۆرا ☐

**١-٤ ساڵەکانی ئەزموون:**

کەمتر لە ٥ ساڵ ☐ لە ٥ ساڵ بۆ کەمتر لە ١٠ساڵ ☐

لە ١٠ساڵ بۆ کەمتر لە ١٥ساڵ ☐ ١٥ساڵ و زیاتر ☐

**١-٥ پۆلێنی پیشەیی:**

سازێنەر ☐ بەرپرسی لاپەڕە ☐ بەرپرسی سازاندن (رئیس تحریر) ☐

بەڕێوەبەری سازاندن (مدیر تحریر) ☐ سکرتێری سازاندن (سکرتیر تحریر) ☐

## تەوەری دووەم: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ(*)

**١-٢ ئایا تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ بەکاردەهێنیت؟**

**بەردەوام** ☐ **هەندێ جار** ☐ **بەدەگمەن** ☐

**٢-٢ ڕادەی بەکارهێنانت بۆ ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاری سازاندنی ڕۆژنامەوانیدا چەندە؟**

| ژ | دەستەواژەکان | بەردەوام | هەندێکجار | بەدەگمەن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئامێری کۆمپیوتەر | | | |
| ٢ | مۆبایلی زیرەك | | | |
| ٣ | تەلەفۆن | | | |
| ٤ | یادگەی ئەلیکترۆنی (فلاش میمۆری میمۆری کارد) | | | |
| ٥ | لاپتۆپ | | | |
| | کامێرا | | | |
| | ئایپاد | | | |
| ٦ | تیلیکس[١] | | | |
| ٧ | تیلیتیکست[٢] | | | |
| ٨ | تیلی فۆتۆ[٣] | | | |
| ٩ | تیلی فاکس[٤] | | | |
| ١١ | ڤیدیۆ تیکست[٥] | | | |
| ١٣ | ئینتەرنێت | | | |
| ١٥ | تۆڕەکانی پەیوەندیکردن ( یوتیوب، سکایب، تویتەر،فەیس بووک، ڤایبەر، تێلیگرام) | | | |

---

(*) **تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ:** گوزارشتە لە هەر کەرەستە و ئامێرێك یان هۆکارێکی تەکنیکی کە بتوانرێت بەکاربهێنرێت لە بەرهەمهێنان، پێشوازیکرد، هەلگرتن، دابەشکردن و پەخش و بلأوکردنەوی داتاکان، ئەمەش لە مەودایەکی فراوان لە تەکنیك و سیستەمی ژمارەیی دەبێت لەنێویشیاندا سیستەمی پەیوەندی نوێ ( ئینتەرنێت) وە سیستەمی پێشوازیکردن لە پەیامی مانگە دەستکردەکان و پەیوەندیکردنی دوور مەودا، ( چینەکانی وەرگرتن و تەلەفۆن) وە ئامێرەکانی تۆمارکردنی نوێ، وەکو( ئامێری فاکس و ڕووکارە تیشکییەکان) هەروەها پێکدێت لە تەکنیکەکانی تری وەکو تۆمارکەری ڤیدیۆ و کاسێت و کامێرا.

(١) **تلکس**: بریتییە لە ناردنی زانیارییەکان لە ڕێگەی هێڵی تلکسەوە پاش نوسینیان بە ئامێری (تیلی تایب) و تۆمارکردنی لەسەر شریتێکی کاغەزی و خوێندنەوەی زانیارییە نوسراوەکان لە ئامێری خوێندنەوەی (تیلی تایب رایتەر).

(٢) **تیلیتێکست:**خزمەتگوزارییەکی ناسەنتەرییە ( غیرمرکزیە) کە سازێنەری ڕۆژنامە یان جێگرەکەی یان پەیامنێر دەتوانن لەڕێگەیەوە پەیامەکانیان بنووسن و بینێرن لەڕێگەی دەروازەیەك کە گەیەنەر و وەرگر پێکەوە دەبەستێتەوە کە خاوەنی سیستەمێکی بۆ هێماکراوی یەکخراوە کە توانای کۆکردنەوە و هەلگرتنی دەقەکانی هەیە لەڕێگەی سیستەمی تیلیتێکست و پیشاندانی کاتی پێویست بۆی.

(٣) **تیلی فۆتۆ:**ئامێرێکی ئۆتۆماتیکییە بۆ گواستنەوەی وێنە لەنێو سیستەمێکی تەواکاریدا لە ڕێگای پەخشی ڕاستەوخۆ بەهۆی مانگی دەستکردەوە بەکاردەهێنرێت، وە وێنەی ئەلیکترۆنی وەردەگرێت بەبێ بەشداریکردنی ڕەگەزی مرۆیی

(٤) **تیلی فاکس:**بریتییە لە بلأوکردنەوەی ژمارە لەیەکچووەکان لەڕێگەی کۆپیکردن لە دوورەوە یان دووبارە دروستکردنەوەی وێنە ڕەسەنەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دوورتر بۆ لەبەرگرتنەوەی کاغەزی لەڕێگەی هێڵەکانی تەلەفۆنەوە کە چەند هاوواتایەکی تریشی هەیە ئەوانیش (فاکس مەیل و تیلی فاکس مەیل)ن کە هەریەکەیان واتە گواستنەوەی وێنەی کاغەزی دۆکیۆمێنتێکی دیاریکراو لەسەرچاوە ڕەسەنەکەیەوە بۆ لایەکی تر

(٥) **ڤیدیۆتیکستی تەلدار:** بریتییە لە سیستەمێکی کارلێکی بەکاردێت بۆ پیشاندانی وێنە و دەق

m

**٣-٢ بۆچوونی خۆت دەربارەی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دیاریبکە پەیوەست بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکەتدا؟**

| ژ | دەستەواژەکان | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گرنگیدانی دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکە بە تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ | | | |
| ٢ | ڕادەی بەردەست بوونی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ لەکاری ڕۆژانەدا وەك (کۆمپیوتەر- هاوبەشی ئینتەرنێت- کامێرا- میمۆری) | | | |
| ٣ | هاندانی کارگێڕی دامەزراوەکە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ | | | |
| ٤ | تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێی بەکارهێنراو لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکەدا لە ئاستی پێداویستییەکانی ڕۆژانەدایە | | | |
| ٦ | تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ هاوکاری باشترکردنی پرۆسەی گەیاندن دەدات لە ناوخۆ و دەرەوەی دامەزراوەکەدا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی سازاندنی ڕۆژنامەنووسی | | | |
| ٧ | توانای سازێنەرانی ڕۆژنامەکە گونجاوە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندنی نوێ | | | |

**٤-٢ پلە و ئاستی بەکارهێنانت بۆ ئەم ئامرازە تەکنەلۆژیانە چەندە؟ مۆبایلی زیرەك زیادناکرێت چونکە مەبەست لێی جۆرەکانی کۆمپیوتەرە!**

| ژ | ئامرازەکان | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکی کەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دیسکتۆب | | | |
| ٢ | لاپتۆب | | | |
| ٣ | ئایپاد | | | |
| ٤ | هیتر وەك: | | | |

**٥-٢ هۆکارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە بواری سازاندنی ڕۆژنامەنووسیدا دیاریبکە:**

| ژ | هۆکارەکان | بە پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مام ناوەند | پلەیەکەی کەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ | | | |
| ٢ | بۆ ئەمبارکردنی دەق و گێڕانەوەی | | | |
| ٣ | چارەسەرکردنی وشەکان | | | |
| ٤ | بلاْوکراوەی مەکتەبی | | | |
| ٥ | دیزاین و گۆڕانکاری وێنەکان و هێڵکاری و بڕگەکانی ڕوونکردنەوە | | | |
| ٦ | پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بە بنکەی زانیارییەکان | | | |
| ٧ | بۆ نووسینی دەقەکان و سازاندنیان | | | |
| ٨ | بۆ پاڵپشتی لە ڕوومالّی ڕۆژنامەدا | | | |
| ٩ | بەکارهێنانی بەرنامەی لێهاتوویی لە سازاندنی بابەتەکانی ڕۆژنامەدا | | | |

n

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | بۆ كارپێكردنی ئینتەرنێت و پەیوەندیكردنی بە سەنتەرەكانی زانیاری یان ئامرازە جیاوازەكانی ڕاگەیاندن | | | |
| ١١ | بۆ پەیوەستكردنی بە تەواوی ئامێرە بەكارهاتووەكانی دیكە لە پرۆسەی سازاندندا | | | |

**٦-٢ پلەی بەكارهێنانت بۆ ئەم بەرنامانەی كۆمپیوتەر لە سازاندنی دەقی ڕۆژنامەوانیدا چەندە؟**

| ژ | دەستەواژەكان | پلەیەكی زۆر | پلەیەكی مامناوەند | پلەیەكەی كەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرنامەی چارەسەركردنی وشەكان (Microsoft word) | | | |
| ٢ | بەرنامەی هەڵەچنی ڕێنووسی (Spelling checker) | | | |
| ٣ | بەرنامەی هەڵەچنی زمانەوانی (سیبویە) | | | |
| ٤ | بەرنامەی (Adobe reader) بۆ خوێندنەوەی مەلەفەكان بە شێوازی (Pdf) | | | |
| ٥ | بەرنامەكانی چارەسەری وێنەكان (الیستریتور (picasa-lightroom- Adob- Photoshop | | | |
| ٦ | بەرنامەی بەڕێوەبردنی كاری سازاندن | | | |
| ٧ | بەرنامەی ڕۆژنامەوانی بۆ پیشاندان و پەیوەندی لەنێوان دەرهێنەر و ڕۆژنامەنووسدا | | | |
| ٨ | هیتر وەك: | | | |

**٧-٢ ئەم ئامراز و شێوازانەی پەیوەندیكردن بەپێی پلەی گرنگیان لەكاری سازاندندا لە ژمارە (١)ەوە تا كۆتایی ڕیزبەندی بكە:**

| ژ | ئامرازە تەكنەلۆژییەكان | ڕیزبەندی |
|---|---|---|
| ١ | دیسكتۆب و لاپتۆب | |
| ٢ | ئایپاد | |
| ٣ | مۆبایلی زیرەك | |
| ٤ | ئامرازەكانی گواستنەوە و ئەمباركردنی فایلەكان وەك فلاش میمۆری | |
| ٥ | كامێرا | |
| ٦ | تەلەفۆن | |
| ٧ | تلكس | |
| ٨ | تیلیتێكست | |
| ٩ | تیلی فۆتۆ | |
| ١٠ | تیلی فاكس | |
| ١١ | ڤیدیۆ تێكست | |
| ١٢ | فاكس مەیل | |
| ١٣ | تۆڕە كانی پەیوەندیكردن (یوتیوب، سكایپ، تویتەر، فەیس بووك، ڤایبەر،تێلیگرام) | |

o

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | ئینتەرنێت | | |
| ١٦ | هیتر....وەك: | | |

**٢-٨ پلەی سوودوەرگرتنت بۆ مۆبایلی زیرەك لەکاری سازاندندا چەندە؟**

| ژ | شێوازەکانی سودوەرگرتن | پلەیەکی زۆر | پلەیەکی مامناوەند | پلەیەکەی کەم |
|---|---|---|---|---|
